

شاری دڵ

دیوانی باوات

سەید کامیلی ئیمام زەنبیلی (کامیل شا)

شاری دڵ

نشر آنا

۱۳۹۲

شاری دڵ

دیوانی سەید کامیلی ئیمامزەنبیلی (ئاوات)

(کامیل‌شا)

ئامادەکار:

سەید جەعفەر ئیمامزەنبیلی

٢٠١٣ /١٣٩٢

سرشناسه	امامی زنبیلی، کامل
عنوان و نام پدیدآور	شاری دل : دیوانی سەید کامیلی ئیمام زەنبیلی (ئاوات) (کامیل‌شا)/ ئامادەکار سەید جعفر ئیمام زەنبیلی.
مشخصات نشر	تهران: آنا، ۱۳۹۲.
مشخصات ظاهری	۴۶۳ ص.
شابک	۹۷۸-۶۰۰-۶۲۹۲-۲۰-۵
وضعیت فهرست‌نویسی	فیپا
یادداشت	کردی.
موضوع	شعر کردی -- قرن ۱۴
شناسه افزوده	امام زنبیلی، سیدجعفر، گردآورنده
رده بندی کنگره	۳۲۵۶PIR س‌۷۴۳الف ۷۳ ۱۳۹۲
رده بندی دیویی	۸فا۹/۲۱
شماره کتابشناسی ملی	۳۳۹۶۹۶۷

شاری دڵ

شاعیر: سەید کامیل ئیمامزەنبیلی (کامیل‌شا)

ئامادەکار: سەید جەعفەر ئیمامزەنبیلی

پێداچوونەوە: ئەحمەد مەولانی و سەلاحەددین ئاشتی

پیتچن: محەمەدئەمین شاسەنەم

رووبەرگ: مەسعوود نیکخاهـ

سەرپەرشتی چاپ: شوانە تاهیری

بڵاوکەرەوە: ئانا ـ تاران

نۆرەی چاپ: ئەوەڵی ئانا، ۲۰۱۳/۱۳۹۲

تەژمار: ۳۰۰۰ دانە

نرخ: ۱۸۰۰۰ تمەن

ناوەندی بڵاو کردنەوە: سنە ـ کتێبی کانی ـ ۲۲۲۵۲۵۹_۰۸۷۱

سەقز ـ فەرهەنگ‌سەرای هونەر و ئەندیشە ـ ۰۹۱۸۷۷۷۱۵۸۵

نشر ئانا

نێوەرۆک

(بەپێی ناوی شێعرەکان)

پێنج‌خشتەکی......٢٦١

تەرجیع‌بەند، تەرکیب‌بەند......٢٧٥

مەسنەوی......٢٩١

بەشی فارسی.........٣٥٣

نێوەرۆک

(بەپێی میسرەعی یەکەمی شێعرەکان)

غەزەل.........٥٧

پێشەکی

کورتە مێژووی بنەماڵەی شێخانی زەنبیل

سەید عەبدولکەریم، کوڕی سەید عەبدوڕڕەحمانی «کانی‌توو»، کوڕی سەید محەمەدی تەڕەتەوەن، بەپێی بۆچوون دەبێ ساڵی ١٢١٧ ـــ ١٢١٨ی هەتاوی (١٨٣٨- ١٨٣٩ی زایینی) لە یەکێک لە گوندەکانی «کانی‌توو، بێژاوا یا بێ‌لەنگە»ی سەر بە شاری "هەڵەبجە" لە دایک بووبێ، کە شێخ عەبدوڕڕەحمان لەو سێ دێیە نیشتەجێ بووە و بە یازدە پشت دەچێتەوە سەر مەلا ئەبووبەکری «موسەننیف»ی چۆڕی و زەمانی خۆی لە لایەن «شێخ عەبدوڕڕەحمانی تاڵەبانی»یەوە کە لە شێخانی تەریقەتی قادری بووە دەکرێتە خەلیفە.

بەپێی ئاژوانی ڕۆژگار، سەید عەبدوڕڕەحمان ناو و ناوبانگی بە «شێخ» دەڕوا و وەکوو پیاوماقووڵێکی ئایینی دەناسرێ. لەو هەل و هات و کاتەدا شێخ عوسمانی تەوێڵە، ناسراو بە شێخی سیراجەددین، سەیدزادە «تەیبە»ی کچی شێخ عەبدوڕڕەحمان دەخوازێ بۆ شێخ محەمەد بەهائەددینی کوڕە گەورەی خۆی.

تێکەڵاوی و خزمایەتی لەگەڵ شێخانی تەوێڵە هەل بۆ سەید عەبدولکەریم دەڕەخسێنێ هەتا بۆ خوێندن ڕوو بکاتە خانەقا و حوجرەی تەوێڵە و لەوێ دەگیرسێتەوە و هەتا دەبێتە «موستەعید» لەوێ دەخوێنێ. هەر لەو سەردەمەش‌دا دەستووری تەریقەت لە خزمەت شێخی سیراجەددین وەردەگرێ و ئەویش دەیکاتە زاوای خۆی و شێخزادە «ئامینە»ی کچی دەداتێ.

پاش تێپەڕبوونی ئەم قۆناخەی ژیان، ساڵی ١٢٣٧ یا ١٢٣٨ی هەتاوی (١٨٥٨- ١٨٥٩ی.ز) بۆ درێژەی خوێندن دەینێرێتە گوندی «تورجان» لە ناوچەی موکریان.

تورجان لەو سەردەمەدا لەبەر وجوودی عەلـلامە مەلا عەلی قزڵجیی تورجانی (١٢٢٥ – ١٢٩٥ی کۆچی= ١٨١٠- ١٨٧٨ی.ز) ناوبانگی بە «دارولعیلم» ڕۆیشتووە و لە کوردستان بە یەکێک لە ناوەندە گرینگەکانی زانست و خوێندن داندراوە. وەک دەڵێن ئەگەرچی خواڵێخۆشبوو قزڵجی نەچۆتە سوێی دەرس و دەوری فەقێی بەرەژێر، بەڵام چونکە سەید عەبدولکەریم هەڵگری نامە و ڕاسپاردەی شێخی سیراجەددین بووە، لە حەوتوودا دوو یا سێ دەرسی پێ کوتووە.

حاجی سەید عەبدولکەریم پاش وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی دەگەڕێتەوە بۆ هەورامان و گوندی تەوێڵە، بەڵام هەتا دەگاتەوە، ئامینە خاتوونی خێزانی بە سەر منداڵێکەوە دەچێ، بە ناوی «عەبدولحەکیم». پاش نەمانی ئامینە خاتوون، هەر لەو بنەماڵەیە کچێکی دیکە دەدەن بە سەید عەبدولکەریم بە ناوی شێخزادە «حەبیبە» کە هەر کچی شێخی سیراجەددین بووە. ئەم ژنەش لە تەمەنی لاوی‌دا لە سەر کچێک دەچێ بە ناوی سەیدزادە «مەهتاب». لە مەودای تێپەڕینی زەمان‌دا سەید عەبدولحەکیم و سەیدزادە مەهتاب کە هەم خوشک و برا بوون و هەم پوورزا، لە هەورامان خڕەکە دەبن. لە جەنگەی گەڕانەوەی باوکیان‌دا بۆ موکریان، ئەوانیش دێن و دەبنە هاوسەفەری.

دوای ماوەیەک ئەوجار شێخ محەمەد بەهائەددین، شێخزادە «حەلیمە»ی کچی خۆی دەدا بە سەید عەبدولکەریم. لە درێژەی ڕۆژگاردا سێ کوڕ لە داوێنی ئەم شێخزادەیە بەر دەبنەوە کە بریتین لە: عەبدورڕەحمان (حاجی بابەشێخ)، حوسێن و موئمین. پاش ئەم

کوڕانە هێندەی پێناچێ کە شێخزادە «حەلیمە»ش بەرەو بارەگای خودا دەگەڕێتەوە و لە «مەرقەدان»[1]ی دێی زەنبیل دەنێژرێ.

دواتر حاجی سەید عەبدولکەریم کچی شێخولئیسلامی سەردەشت دەخوازێ و دوو کوڕ و دوو کچی لێی دەبێ کە بریتین لە عەبدوسسەلام، حەمەدەمین، خاسان و ئافتاب. سەیدزادە خاسان دەدرێ بە برا چکۆلەی شێخ عەلی حیسامەددین بە ناوی «کاکەشێخ» کە جوانەمەرگ بووە و سەیدزادەی خێزانی هەتا ئاخری تەمەنی شوو ناکاتەوە و هەر لە تەوێڵە دەمێنێتەوە و پاشەواری لە پاش بەجێ نامێنێ و هەر لەوێش دەنێژرێ. سەیدزادە ئافتاب دەدرێ بە شێخی تەوێڵە واتە شێخ عەلی حیسامەددین و ئەویش بەبێ منداڵ لە تەمەنی گەنجیدا بەرەو خەزێنەی خوایی دەگەڕێتەوە و لە تەوێڵە دەنێژرێ.

حاجی سەید عەبدولکەریم لە مەودای ساڵانی ١٢٤١-١٢٤٢ی هەتاوی (١٨٦٢-١٨٦٣ی.ز) لە لایەن شێخی سیراجەددینەوە دەکرێتە خەلیفە و دێ لە گوندی «تورجان»ی ناوچەی موکریان بنەی دادەمەزرێنێ و دەبێتە پێشەنگی ئیرشادی «تەریقەتی نەقشبەندی». لە سەرەتاوە وەکوو دەروێشێک لە مووچەی «گوێزان»ی پشت ماڵی

---

[1] مەرقەدان یان حەوتمەرقەدانی زەنبیل، لەگەڵ وەفاتی سەرجەلە و بناغەدارێژی بنەماڵەی شێخانی زەنبیل واتە خوالێخۆشبوو حاجی سەید عەبدولکەریم هاتۆتە دی. ئەو حەوت کەسەی دوابەدوای یەکتر لەوێ نێژراون بریتین لە: ١. حاجی سەید عەبدولکەریم ٢. سەید عەبدولحەکیم (شای‌حەکیم) ٣. شێخزادە «حەلیمە»ی کچی شێخ محەمەد بەهائەددین و خێزانی سەید عەبدولکەریم ٤. دایە «خاتوون»ەی خێزانی حاجی سەید عەبدولکەریم و کچی «شێخولئیسلامی سەردەشت» ٥. حاجی سەید حەمەدەمینی کوڕی حاجی سەید عەبدولکەریم ٦. سەیدزادە تووبا کچی شای‌حەکیم ٧. سەید مونمین کوڕی سەید عەبدولکەریم. ئەم حەوت کەسە قسنێکیان لە دەورەی دەکێشرێ و بە «حەوتمەرقەدان» ناودێر دەکرێ.

تورجان خانووچکە و ساباتێک پێکەوە دەنێ و دەست دەکا بە ئیرشاد و بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی عیرفانی.

خاوەن‌موڵکی «تورجان» و دەوروبەرەکەی یانی ئاغا حەمەدەمین‌بەگی گەورە لە پیاوچاکانی زەمانی خۆی بووە و کوڕی ئاغا «قۆچ‌بەگ»ی گەورە و «نوورنیساخانم» بووە کە هەر بە بنەماڵە بە خێرۆمەند و چاودێری مەلا و فەقێ ناوبانگیان ڕۆیشتووە، مەزرای «زەنبیل» باربووی حاجی سەید عەبدولکەریم دەکەن و دەبنە دەسگیرۆی سازکردنی خانەقا لە «جەمیان».

حاجی سەید دوای چەند ساڵێکی دیکە، مەزرای زەنبیلیش ئاوەدان دەکاتەوە و خانەقایەکی لێ دروست‌دەکا و «شای‌حەکیم»ی کوڕە گەورە و جێنشینی خۆی لێ‌دادەنێ. سەرەنجام ساڵی ١٢٩١ی هەتاوی (١٩١٢ی.ز) دەستی لە داوێنی ژیانی نەمێن بەردەدا و بەرەو هەوارگەی یارانی ڕابردووی دەگەڕێتەوە.

پاش نەمانی سەید عەبدولکەریم، ماڵ و خانەقا لە گوندی جەمیان کۆدەبێتەوە و گوندی زەنبیل دەبێتە ناوەندی خانەقا و عیرفان. بەم شێوەیە بناغەی بنەماڵەی زەنبیل لە ناوچەی موکریان دادەڕێژرێ.

سەید عەبدولحەکیم لە زەمانی باوکی‌دا دەبێتە زاوای حاجی ئەحمەدبەگی «کەندەسوورە»ی بانە و فاتمە خانمی کچی دەخوازێ. ئەم بەگزادەیە چوار منداڵی دەبێ کە دەبنە محەمەد، کامیل، تووبا و ئامینە.

پاش ئەوەی کچەکان ڕەسیدە دەبن، سەیدزادە تووبا دەدەن بە شێخ عوسمانی برا چکۆلەی شێخ عەلی حیسامەددین (شێخی حیسامەددین)، بەڵام شێخ جوانەمەرگ دەبێ و سەیدزادەش مێرد ناکاتەوە هەتا تەمەنی دەبڕێتەوە. ئامینە خاتوون دەدەن بە شێخ «موعتەسەم»ی کوڕی شێخی حیسامەددین، بەڵام پاشان تووشی

تەلاق دەبێ و ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥ی.ز) لە شاری مەهاباد ئەمری خودا بەجێ دێنێ و هەر لەو شارە دەنێژرێ.

حاجی سەید محەممەد نوورانی کوڕی گەورە و جێنشینی سەید عەبدولحەکیم، شێخی ئیرشاد و خواناس و پیاوێکی هەرە باش و نەتەوەدۆستی سەردمی خۆی بووە. شێخ کە لە مەیدانی دین و عیرفاندا توانیویەتی ئەسپی فام و زانینی تاوبدا، لە بوار و بەستێنی شێعر و ئەدەبیاتیش‌دا کەم‌وکورتی نەهێناوە و دەستی خۆی ڕەپێش داوە و بە کوردی و فارسی و عەرەبی شێعری هۆنیوەتەوە. نامەوێ بە هێنانە بەر باسی ئەو بەستێنە بەرین و بێ‌سنوورە بابەتەکە بەرەو بوارگەی دیکە باڵ بنگێوێ، هەر بۆیە بە هێنانی پارچە شێعرێک لە کۆمەڵە شێعرەکانی حاجی سەید محەممەد (شای‌نوورانی = غالیب)، ئەم بەشە دادەکووژێنم. ئەم غەزەلە بە پیرەوەچوونی غەزەلە مەشهوورەکەی سەید کامیلی برا چووکەیەتی کە ئاوا دەست پێ‌دەکا:

نووری ڕوخسارت وەدەرخە، دەردی بێ‌دەرمانە شەو
زوڵمەتی زولفت لە سەر ڕووتە، لە ڕۆژ میوانە شەو

سوبح

تەلعەتت بادەرکەوێ، بێ‌تاقەتی هیجرانە سوبح
ئاهـ سەرد و نائومێد و هەمدەمی حیرمانە سوبح
خوێن لە داوێنی فەلەک نیشت و گەواهی دا شەفەق
یەعنی بۆ شەمسی جەماڵت، کوشتە و قوربانە سوبح
گوڵ دوڕئەفشانی دەکا بەو قەترەقەترە شەونمە
تاوەکوو ڕووی تۆ دەبینێ، کاری هەر گریانە سوبح
گەر دەم‌وچاو و قەدی ڕەعنای دڵارامی نەدی
چۆن بە خونچە و نەرگس و سەروی سەهی خەندانە سوبح؟

گوێ لە بولبول بگرە سبحەینان بە سۆزی دڵ دەڵێ
مووسمی ئاه و فوغانی دڵبریندارانە سوبح
هەستە «غالیب» بەستە خەو، وەختە بینایيت کوێر بکا
سەیقەڵی ژەنگی گلێنەی چاوی بێدارانە سوبح

ژیاننامەی سەید کامیل (ئاوات)

سەید کامیل لە ژیاننامەیەکدا کە بە قەڵەمی خۆی نووسیویەتی دەڵێ:

له ڕابردووی ژیانم گەر دەپرسن
ئەگەر بیڵێم، دەترسم لێم بترسن
بڵێن چۆن بەو هەموو دەردانە هەر ما
مەگەر دێو و درنج بێ کابرای وا!

سەید کامیل (کامیل‌شا)[1] کوڕی سەید عەبدولحەکیم (شای‌حەکیم یا شاحەکیم)، ساڵی ١٢٨٢ی هەتاوی (١٩٠٣ی. ز) لە دێی زەنبیل لە دایک بووە و لە تەمەنی ٩ ساڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن. سەرەتا لە

[1] ڕەنگە گەورەترین و بەرچاوترین خاڵی درەوشاوەی بنەماڵەی شێخانی زەنبیل، ئەوە بێ کە زیاتر لە هەموو هاوشانەکانی خۆیان لە تەریقەتدا، چوونە نێو دڵی خەڵک و تێکەڵاویان بوون و خۆیان لێ هەڵنەبواردوون. ئەو سەردەمە کە ئاغا و خان و بەگ بە خەڵکدا ڕاشکاون، شێخ ئەگەرچی بۆ پلەی دنیایی نەگەیشتوونە شانی ئەوان، بەڵام خانەدانێکی وەکوو شێخانی زەنبیل ئەوەندە خۆشەویست و جێگای ڕێز بوون کە بە بەرچاوی خەڵکەوە بەرز ڕێستاون و لەم سۆنگەیەوە بە «شا» ناودێر کراون. ئەم سەرناوەش لە سەید عەبدولحەکیمەوە داکەوتووە و بۆتەی «شای‌حەکیم یان شاحەکیم»؛ پاشان ئەم سەرناوە گوێزراوەتەوە و لەگەڵ ناوی چەند کەسی دیکەیان تێکەڵاو بووە، وەکوو: حاجی سەید محەمەد نووڕانی «شای‌نووڕانی»، سەید کامیل ئیمامی «کامیل‌شا» و سەید عەلی کوڕی گەورە و جێگرەوەی سەیدی زەنبیل کە بە «عەلی‌شا» ناسراوە.

خزمەت «مەلا مەحموود»ی ناسراو بە «مەلاڕەشە» سیپارە و دەرسە فارسی و عەرەبییەکانی ئەو سەردەمەی لە زەنبیل خوێندووە. دوای دوو ساڵ لەگەڵ کاکی (سەید محەمەد نوورانی)، چوونە دێی جەمیان و بوونە فەقێی حوجرەی مەرحوومی حاجی بابەشێخی مامیان و دوو ساڵێک لەوێ ماونەوە. ئەمجار چوونە ئاوایی تورجان و لە لای خوداڵێخۆشبوو مامۆستا مەلا سادقی «واسیقوبیللا» درێژەیان بە خوێندن داوە و ساڵ و نیوێکیش لەوێ بوون. پاش بڕینی ئەم قۆناخە، سەید کامیل لە خزمەت مامۆستا مەلا عەوڵای فەهیمی، ناسراو بە «مەلای دەرزیوەلی= خەلیفەی کانیسێو» درێژە بە خوێندن دەدا؛ بەڵام هێندەی پێناچێ کە مامۆستا کۆچوباری تێکدەنێ و لە زەنبیل دەڕوا و سەید کامیلیش بۆ ماوەی ساڵێک بێ دەرس و دەور دەمێنێتەوە.

لە گەرمەی تێپەڕینی ڕۆژگاردا، سەید کامیل لەگەڵ کاک هەباسی حەقیقی دەبێتە دۆست و ئاشنا و ئەو کاتەی کە حەقیقی لە «قوڵقوڵە» و «ئیسکیبەغدا» فەقێ دەبێ، وای دادەنێن کە زۆربەی ڕۆژانی سێشەممە و هەینی کە جەنگەی پشوودانی فەقێیان بووە، چاویان بە یەکتری بکەوێ. بەکورتی حەقیقی و سەید کامیل بۆ دیدارتازەکردنەوەیان گونداوگوند ڕۆیشتوون و زەنبیل و جەمیان و قوڵقوڵە و ئیسکیبەغدای دراوسێیان بە گەوی زنجیری خۆشەویستی تێکخستۆتەوە.

شەو دێ و ڕۆژ دەبێتەوە و چەرخی زەمانە وا دەسووڕێ کە ساڵی ١٣٠٧ی هەتاوی (١٩٢٨ی. ز)، کامیل و حەقیقی پێکەوە بارگەوبنەیان دەگوێزنەوە و دەچنە گەورەدێی «باخچە»ی سەر بە شاری مەهاباد و لە خزمەت مامۆستا مەلا سەید عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، شان لە خوێندن شل دەکەنەوە. ئاوا ئاواتی سەید کامیل وەدیدێ کە خوداخودای بوو، ڕۆژێک هەلێکی وای بۆ بڕەخسێ و

له شوێنێک بتوانێ شان به شانی حەقیقی بڕوا و سەر وەبەر پەسارێکی حەسانەوە بێنێ.

وەکوو ئاشکرایە گەڕای شێعر لە دەروونی ئەم دوو ئاوالەدا وا دەگووڕێ کە دەبێتە هەوێنی ژیان و پێکەوەمانیان. ورتەورتی فەقێیان و زەنازەنای دەروونی خۆیان و بەرچاوی ڕوونیان بە ڕاوکەی شێعر دادەنێن و هەل و هاتی مەیدانی کەلام لە کیس نادەن. ئەوەندەی بۆیان کراوە شێعریان گوتووە و بۆ یەکتریان خوێندۆتەوە و بە دەستەواش لە تاریف و پێداهەڵدانی یەکتر ڕانەوەستاون. سەید کامیل دەڵێ: «مەگەر لە خەودا، دەنا هەر مووشەرعێن و شەڕەشێعر و گاڵتە و گۆرانی و شادمانی بوو. دڵمان ئەوەندە خۆش بوو هەر دەرسێکی دەمانخوێند، خێرایەکی لە بەرمان دەکرد و مامۆستا زۆرمان لێ‌ڕازی‌بوو؛ هەروەها ئێمەش بە تەواوی لەو ژیان و پێکەوە بوونەمان ڕازی بووین. کورد گوتەنی سەد بریا هەر ئەودەم مردبام، چونکە نە لە پێش‌دا خۆشیی وام دیبوو، نە لە دواییش‌دا تووشی هاتمەوە؛ بەڵام ئەو سەردەمە خۆشە تەنیا ساڵێک بوو، وەک باخچەیەکی پڕ گوڵ لە مەزرای کەس‌نەکێڵ و بەردەڕەقی ژیانم‌دا.»

پاش تێپەڕینی ئەم ماوەیە و داهاتنی ساڵی ١٣٠٩ی.هـ (١٩٣٠ی.ز)، سەید کامیل لە بەر نەخۆشی و بناوبێربوونی باوکی، دەست لە خوێندن هەڵدەگرێ و بەرەو باو دەبێتەوە. ساڵی ١٣١٠ دەبێتە زاوای خەلیفە مەلا عەلی عایلی و هاجەرە خاتوونی کچی ئەم خواناسە عالم و عارفەی بۆ دەخوازن. خەلیفە مەلا عەلی یەکێک بووە لە خەلیفە دیار و ناوبەدەرەوەکانی حاجی سەید عەبدولکەریم و وەک شەنگەسوارێکی بواری شێعر و ئەدەبی سەردەمی خۆشی ناسراوە و خەڵکی دێی «چاخلوو» یا «چاغرلوو»ی بەشی بەگزادەی سەقز بووە. ساڵی ١٣١١ (١٩٣٢) یەکەم بەرهەمی

ئەم زەماوەندە پێ‌دەنێتە جەغزی ژیان و بە «زبێدە» نـاودێر دەکـرێ. ئەم زبێدە خـاتوونە سـاڵی ١٣٣٦ (١٩٥٧) دەدرێ بە حەسـەن‌ئاغای کوڕی شێخ ئەحمەدی «حیسام‌قـازی»ی «سـریلاوا» و سـەرەنجام لە ڕێکەوتی ١٣٨٩/١/٢٢ لە شاری بۆکان دەچێتەوە بەر دڵۆوانی خودا.

ساڵی ١٣١٤ (١٩٣٥) خودا کۆرپەیەکی دیـکە بە کامیل‌شـا عەتـا دەکا و ناوی دەنێ «تاهیر». سەید تاهیر پاش ئەوەی بووژەڵە دەبێ و دەخوێنێ و پێ‌دەگا، لە هەموو بـابەتێکەوە بە پیـاوێکی هەڵکەوتـوو دادەندرێ. لە کـۆڕی ڕوون و چراخـانی بنەمـاڵەی‌دا دەکەوێـتە نێـو مەیدانی ئەدەب و عیرفـان و بە بـاری ئەخـلاق و ئاکـاری لەبـاری پیـــاوانە و نیشـــتمان‌پەروەری و گەل‌خۆشەویســـتی‌دا دەکەوێ و هەنگاوی پتەو دادەنێ. هەر لە تەمەنی لاوەتی‌دا بازی نێو بـازوبردی ئاڵقەی عیرفان لە سەر شانی دەنیشێ و لای ئوستاد و مـامی خـۆی حاجی سەید محەمەد نـوورانی (سـەیدی زەنبیـل) دەبێـتە تۆبەکـار. هاوکات لەگەڵ ئەو سەردەمە دەچێتە نێو کۆڕی یارانی سوێندخۆری ڕێگای ڕزگاربوونی گەلەکەی و دواتر ماوەی پتـر لە سـاڵێک دەڕوا بۆ کوردستانی گەرمێن و پاش گەڕانەوەی چەند مانگێـک دەگیـرێ. بەپێی تێپەڕینی زەمان و بەرنەدانی ڕێبـازی نەتەوەیـی، سـاڵی ١٣٥٠ (١٩٧١) بۆ ماوەی ساڵێک تووشی زیندان دەبێـتەوە. ئەوجـار مـامی مورشیدی دەیکاتە خەلیفە و دەینێرێتە گونـدی «وەڵیـو»ی نـاوچەی گـەورکی سەردەشـت. پـاش چەنـد سـاڵێک ڕوودەکـاتە شـاردەێی ڕەبەت و بە کاروبـاری خانەقـا و تەریـقەتەوە سـەرگەرم دەبـێ و سەرەنجام ڕێکەوتـی ١٣٨١/٧/١٧ (٢٠٠٢ ی.ز) لەو شـوێنە وەفـات دەکا و هەر لەوێش دەنێژرێ.

ساڵی ١٣١٨ (١٩٣٩) خودا کـوڕێکی دیـکەش بە سـەید کامیـل دەبەخشێ، بەڵام پێنج ساڵێکی پتر پێ‌ناچێ کە خودا ئەو کوڕەی بـۆ

خـۆی دەبـاتەوە. پـاش قەدەرعەیـامێکی دوور سـەرلەنوێ هـاجەرە خـاتوونی خێزانـی، کـوڕێکی دیـکە لە داوێنـی بەر دەبێـتەوە و بە «جەعــفەر» نــاودێر دەکــرێ. ئەو توولەنەمــامەی دوێنــێ و ئەم سەختەدارەی ئەمڕۆ، منـی نووسـەرەوەی ئەم پێشـەکییەم کە پێـی‌دا دەڕۆنە خـوار و ڕەنـگە تێـی‌دا تووشـی پـێچ و گەوەی نـاخۆش و تاقەت‌پڕووکێنیش ببن. جا ئێستا دەبێ بڵێم سـاڵی ١٣٣٢ خـودا دوو کچی دووانە بە سەید کامیل دەبەخشـێ، بەڵام سـاڵانی ٣٤ و ٣٥ بە نەخۆشیی کەوتوویی دەمردن و دەبـنە پێشـباری قیـامەتی دایـک و بابیان.

ساڵی ١٣١٢، سەید کامیل لە سەر دەستووری باوکی دەبێتە زاوای سەیدانی «ماوەڵۆ»یە و سـەیدزادە مەنـیج دەخـوازێ و سـاڵی ١٣١٥ کچێکی لێی دەبێ بە ناوی «ئایشێ» خوشکە گەورەی مـنە و ئێسـتا کە ئەم دێڕانە دەنووسم، هەر مـاوە و لە شـاری سـەقز سـەرمان بە سەری یەکەوە ناوە و وەک دایک، منی ژێـر بـاڵی خـۆی گرتـووە. سەیدزادە مەنیج ساڵی ١٣٦٣ وەفاتی کردووە و هەتا لە بیرمە با بڵێم کە سەیدزادە ئایشـێی خوشـکم، خێزانـی حـاجی کـاکە مـحەمەدی عایلی، کوڕی خەلیفە مەلا عەلیی خەزووری ئاوات بوو، کە ئەویش چەند ساڵێکە بەرەو دەرگانەی هەق گەڕاوەتەوە.

ساڵی ١٣٢٣ (١٩٤٤) سەید کامیل خەجیجە خاتوونی کچی مـام عەزیزی حاجی، خەڵکی دێی گەردیگلان مارە دەکا و لە جەنـگەی ڕۆژانی گواستنەوەی‌دا ڕووداوێک دەقەومێ کە گێـڕانەوەکەی جێـی سەرنج و سەرسووڕمانە. سەید کامیل قەولی داوە و قەراری دانـاوە ڕۆژێکی دیاری‌کراو وەکوو «سێ‌شەممە» بووک بگوێزێتەوە، بەڵام بە هــۆی پەیــدا بــوونی ڕەشــبگیریی ســەربازی، وڵات تەقوڕەوی

تێدەکەوێ و پیاوانی حکوومەت هەر کەسێکی وەبەردەستیان دەکەوێ، دەیگرن و ڕاپێچی دەدەن و دەیانبەن. سەید کامیل هەودای کارانی لێهاڵۆز دەبێ و دەکەویتە پێوشوێنی گیراوەکان و دەرباز کردنیان. ئەم هەرا و هاوارە زۆری پێدەچێ و سەید کامیل ناتوانێ ڕۆژی دیاریکراوی ژنهێنانی بگەڕیتەوە ماڵ. لەو کاتەدا هاجەرە خاتوونی خێزانی دەکەویتە دەستوپێی کەیخوداکان و خەڵکی نێو دێ کۆ دەکاتەوە و نان و چێشتی زەماوەند دەڕازێنێتەوە و پاش نان خواردنی شەوێ، بڕازاوا دەنێرێ و بە ئاویتە و چراتۆڕ بووک دەگوێزیتەوە. خەڵک لێی دەپرسن هاجەرە خاتوون بۆ وا دەکەی؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: «سەید کامیل پیاوێکی ماقووڵە و قەولی دابوو ئەوشۆ بووکەکەی بگوێزیتەوە و ئێستاش کە کاروباری لە شاری تەواو نەبووە و نەیتوانیوە بێتەوە و قەولەکەی بەریتە سەرێ، من ناهێڵم وەعدەبەخیلافدەرچێ...» وەختایەک دوای چەند ڕۆژان کاروباری ڕادەپەڕێنێ و دیتەوە گەردیگلان، تەماشا دەکا ئەوە بووکی بۆ دابەزیوە و پڵاویش خوراوە. هەم زۆری پێ ڕووداوێکی سەیر و بێوێنە دەبێ و هەم زۆریش لای هاجەرە خاتوونی خێزانی کۆنی بە خۆیدا دەشکێتەوە کە ژنی بە سەر هێناوە. سێ مانگێکی پتر پێناچێ کە لەو خاتوونە جیا دەبێتەوە و ئاو بە ئاگردا دەکرێ. ماوەیەکی دیکەی وای پێناچێ کە دیسان سەید کامیل تێهەڵدەچێتەوە و ئایشێ خاتوونی کچی سۆقی «حەبیب»ی گەردیگلان دەخوازێ و هێندە لەگەڵ ئەویش ناسازێ و ژنەی چوارەمی بەرەو ماڵی باوان دەبێتەوە.

پێویست بە وەبیر هێنانەوەیە کە سەید کامیل پاش وەفاتی باوکی، ساڵی ١٣١٣ (١٩٣٤) دەچێتە ئاشی چۆمی زەنبیل[1] و ساڵێک لەوێ نیشتەجێ دەبێ. پاشان بە شێوەیەکی ڕەسمی لەگەڵ کاکی، یانی سەیدی زەنبیل، ماڵ جودا دەکەنەوە. حاجی سەیدی کاکی زۆر دەست‌ودڵاوا بووە و لە ملک‌وماڵ دابەش‌کردندا دێیەکی کەم‌داهاتی وەک زەنبیل و خانەقایەکی ڕەق‌وڕووت بۆ خۆی دادەنێ و سێ دانگەی گەردیگلانی دراوسێی زەنبیل کە مولکێکی ئاوەدان و بەداهات و زەوی‌وزار بووە، دەدا بە سەید کامیل و لە ساڵی ١٣١٥ بەولاوە لەوێ بنەگردەبێ.

ئاوات و سیاسەت

دەڵێن هەر لە منداڵییەوە هەستی بە کۆیلەتی و ژێردەستیی گەلەکەی و پێخوست‌کرانی نیشتمانەکەی کردووە و ئەوەی بۆ بۆتە هەوێنی ژیان و سەربەند و بن‌بەندی شێعرەکانی. هەر لەو سەردەمانەوە بە زمان و قەڵەم و هەڵوێست، وەک مرۆیەکی سیاسی خەریکی کاروباری نهێنی و هاندان و ڕوون‌کردنەوەی خەڵک و

---

[1] گوندی زەنبیل مەزرا و قوپی و مێشەیەکی هەیە کە بەشێکە لە مولکی ئەو دێیە. لە بەرەوەی لە سەر چۆمە، لە زۆر زووەوە بەنداوی بۆ هەڵبەستراوە و جێگایەکی بەراو و خاوەن داهات بووە و لەبەر بەشێک لەو ئاوەش‌دا، جۆگەیەکی ئاشگێر هەڵبەستراوە و ئاشێکی لێ سازکراوە. ئەم کارە وای کردووە کە ئاشی چۆمی زەنبیل ناوبانگی بڕوا. هەر لە کۆنیشەوە کوورەخانەیەکی لێ‌دروست‌کراوە کە خشتی کاڵی لێ سوورکراوەتەوە و گردی سەرووی بەنداوەکە پێی دەڵێن تەپکی کوورەخانە. لەو سەردەمانەدا کە ئاو زۆر بووە، برینجیان لێ‌کردووە و وەک دەڵێن هەم برینجەکەی زۆر باش بووە و هەم زۆریشی بریوە و برشتی چاک بووە. دیارە لە بەر ئاش و کوورەخانە و کشت‌وکاڵ جێگایەکی ئاوەدان بووە و سەید کامیلیش لە پەنا ماڵان چەند چاوە خانوویەکی پێکەوە ناوە و ماوەی ساڵێکی لێ ژیاوە.

دەوروبەر و بـاوەڕپێکراوانی خـۆی بـووە و هەمیشـە بە پیـاوێکی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەر ناسراوە.

ساڵانی ٢١-٢٤ی هەتاوی (١٩٤٢-١٩٤٥ی.ز) لەگەڵ گـوورانی و سـەرهەڵدان و تەنیـنەوەی «کـۆمەڵەی ژ.ک»، دەبێـتە ئەنـدام و سوێندخۆری ڕێگای ڕزگاریی گەلەکەی و بە ئاشکرا و نهێنـی وەک چالاک و هەڵسووڕاوی ئەم ڕێبازە، هەنگاو دەنێ. زۆر وێـدەچێ کە نازناوی «زرنگ» لە چەند شێعرێکی‌دا ناوی نهێنـی و بـاربووکراوی کۆمەڵەی ژ.ک بێ، چونکە هەرکـام لە ئەنـدامانی چـالاکی کـۆمەڵە دەبـوو بـۆ شـوێنەونکە، خـاوەنی نـاوێکی نهێنـی بووبـان.[1] دوای کـوێرکرانەوەی کـۆمەڵەی ژ.ک، سـەید کامیـل دەسـت لە خەبـات هەڵناگرێ و ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥) پێشـەوا قـازی مـحەمەد دەیکـاتە بەرپرسـی سیاسـی و نیزامـی و "سـەدری کـومیتەی گەردیگـلان و ناوچە". ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی، پـاش جـوانەمەرگبـوونی کۆمـار، وەک تەواوی تێکۆشـەران و خەباتکـارانی ئەو ڕێگـایە دەگیـرێ و ماوەی دوو ساڵێک لە زیندانەکانی بۆکان، سەقز، مەهابـاد، ورمـێ و قەزوێـن‌دا دەمێنێـتەوە. دوای ئـازار و دەرد و مەرەدێکـی زۆر و قوتـاربوون لە کـوژران و خنکـان، سـاڵی ١٣٢٧ (١٩٤٨) ئـازاد دەکرێ و دێتەوە ماڵێکی ساردوسڕ و بێ‌نان و ئاو. دیـارە لە مـاوەی گیرانەکەی‌دا بەخێوکرانی ماڵ و منداڵی، دەکەوێتە سەر شانی حاجی سەید محەممەد نوورانیی کاکی و ناهێڵێ کەمایەسی ببینن.

ئەم هەل‌ومەرجە نالەبارەی ژیان وا دەکـا کە ئیتـر سـەید کامیـل خۆی بۆ ناگیرێتەوە و دەکەوێتە کۆچاوکۆچ و گەرمـێن و کوێسـتان

---

[1] سێبەری ئازادی، هەوراز و نشێوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ژ.ک، ١٣٢١-١٣٢٤، کەمال عەبدوڵلاهی، سلێمانی، بنکەی ژین، لاپەڕەی ٢٤١. (کاک کەمـال نووسـیویەتی «زرینگ»، بەلام بەپێی شێعرێکی کە لێرەدا هاتووە «زرنگ»ە)

کــــردن، بەڵام لە بــــاری بیـــر و بــــاوەڕەوە نــــاگۆڕێ و هـــیچ چاوســــــوورکردنەوەیەک نایشــــەمزێنێ و دەســــت لە ڕێبــــازی ئازادیخوازانەی هەڵناگرێ. جا هەربۆیە ســاواک چــاوی دووســەری پێی هەڵنایە و هەمیشە گوێقوڵاغی وەدووەدەخا. هەرکــات شـێعرێکی نیشــتمانی و بەرچاوڕوونــانەی لــێ بڵاودەبــۆوە و دەکەوتە زار و زمانان، خێرایەکی دەگەیشتنە سەری و هەڵیاندەپێچا و ئەویش دەبوو بە پینەوپەڕۆ و هێنانەوەی شێروڕێوی، خۆی دەرباز بکا یــان دەبــوو ماوەیەکی زۆر قاچاغ و لەخۆوریا و شەوبەکێو بووبا.

گومانم نییە کە سەید کامیل وەکــوو زۆربەی ئــاواڵە پتەوەکــانی، هەتا ئەو ڕۆژەی ژیا، لە سەر سوێندەکەی کۆمەڵەی ژ.ک ڕۆیشت و وەفادار بوو بە ئامــانجە بەرزەکــانی. هەرگیــز کــۆڵی‌نەدا و بە پیــری دەیگوت:

تەمەنی من لە ســاڵی ســی و دوو بــوو[1]
ئــــاگری ســــەربەخۆیی گەل هەڵبــــوو
نەکــــوژاوە گەیشــــتە حەفتــــا ســــاڵ
تەمەنــم، ئەی عەزیــزی کیــژ و کــاڵ
ئێســـــــتەکەش وا دەزانــــــم هەر لاوم
هەر لە ســــەر بیــــر و بــــاوەڕم مــــاوم
یــــا بە ئــــاواتی خــــۆمەوە دەمــــرم
یــــا نە، ئــــاوات لە باوەشــــم دەگــــرم

---

[1] بەم پێیە دەبێ مەبەستی سەید کامیل بۆ چەند ســاڵێک بەر لە دامەزرانــی کــۆمەڵەی ژ.ک و کۆمار بێ.

هەڵکرانی ئاڵا لە گەردیگلان

بەپێــی دەقــی ژمــارە ٥٥ی ڕۆژنــامەی کوردســتان، لاپەڕە ٣-٤ (١٣٢٥/٣/١٨ ـ ١٩٤٦/٦/٩)، بە بۆنەی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە گەردیگــلان، ڕێوڕەســمێک بەڕێــوەدەچێ کە ئــێمەش دەقەکەی کوردستان بڵاو دەکەینەوە. هەرچی لە دەقەکە زیاد کرابێ خــراوەتە نێو قولاپەوە و تەنیا بە باری ڕێنووس‌دا گۆڕانی بە سـەردا هـاتووە. تێبینی لە سەر شێعرەکە کراوەتە پەراوێز.

هەڵکردنی ئاڵای موقەددەس لە کومیتەی محەللیی گەردیگلان

ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٩ لە حوزووری ژمارێکی زۆر لە مـالکین و زانایـان و سادات و موحتەرەمین و جووتێر و زەحمەت‌کێشان کە ژمارەیـان بە ٦٠٠ کەس گەیشتبوو، ئاڵای موقەددەسـی کوردسـتان کە لە لایەن حەزرەتــی پێشــەواڕا بــۆ کــومیتەی نــاوبراو بە خەڵات نــاردرابوو، پێشــوازییەکی یـــــەکجار شــایان کــراوە و بە ســروودی میللــی خوێندنەوە و دەسڕێژی تفەنگان و گــاوگەردوون ئــاڵای مـوقەددەس وارید و لە سەربانی کومیتەی محەللیی گەردیگلان چەقێنـدراوە. لە کاتی ڕووبەڕوو بوون بە ئاڵای موقەددەس، سەدری کومیتەی نێوبراو ئاغای سەید کامیل لە ئەسپ دابەزی و بەم جۆرەی خەتاب بە ئاڵای موقەددەس کرد: بەخێر بێی ئەی سەمەری زەحمەت‌کێشانی ڕێگای ئازادی! بەخێر بێی ئەی مایەی سەربەرزیی نەتەوەی کـورد! بەخێــر بێی ئەی گوڵی باغی کوردستان و چقڵی چاوی دوژمنان! [پاشان] لە لایەن ئاغــای ســەید عەبــدولعەزیز ســەیادەت، مەلا عەبدولمەجیـد مودەڕڕسی تورجان، مەلا سەید عەزیزی شیلاناوی [و] خەلـیفە مەلا عەلــی [عــایلی]، چەنــد وتــارێکی گەرم‌وگــوڕ خوێنــدرایەوە و ئەم شــێعرانەی ژێــرەوەش لە لایەن ئاغــای ســەید کامیــل، ســەدری کومیتەی [گەردیگلانەوە] ئیراد کرا:

لەو پارچە سێ ڕەنگەی وەک باڵی هومای ئاڵا
هەودایەکی لێ بۆوە، فەوری لە ملم ئاڵا[١]
ئەو ڕشتەیە تا مەحشەر، مەحکەم لە ملمدایە
کێشامیە ژێر سایەی، ئێستێکە بەبێ پەروا[٢]
پەروام نییە تا مردن، لەو وەختەوە دیتوومە
گرتوومەتە ئامێزم، هەر زاڵەیەتی بەدخوا
ئەو دارە چ دارێکە؟ تیری جگەری دوژمن
بڕوانە بە شاباڵی، چەن زاڵە بە سەر زاڵا
ئەو حاسڵە پێم وایە، گەنمم یەک و سەد دەبڕێ
بەو دوو گوڵە گەنمانە، وا دیارە لە ڕووی ئاڵا[٣]
نووکی قەڵەمی یەعنی، بینووسە لەبۆ دوژمن
بەو ڕۆژە لە ڕووی ئاڵا، مەعلوومە کە لێت قەوما[٤]
تەعریفی نییە ئاڵا، ئاڵایەکی ڕەنگینە
سوور و سپیی و سەوزە، ڕۆح حازرە بۆ سەودا
کاڵایەکی پڕ قیمەت، بۆ میللەتی کوردستان
نرخی بەدەر و زیادە، ئەمڕۆ لە سەر و ماڵا

---

[١] لە دەقە سەرەکییەکەدا بە هەڵە نووسراوە: هەودایکی لێ بوو....

[٢] لە دەقەکەدا نووسراوە: کێشامییە ژێر سایەی ئێستا بەبێ پەروا. ئەمەش هەڵەی تێدا نییە، بەڵام دواتر شاعیر خۆی گۆڕیویەتی.

[٣] لە دەقەکەدا هاتووە:

ئەم حاسڵە پێموایە یەک سەد دەبڕێ گەنمم
ئەو دوو گوڵە گەنمانەی وا دیارە لە ڕووی ئاڵا

میسرەعی یەکەم مانای تەواوە، بەڵام دواتر سەید کامیل ڕێکتری کردووە. میسرەعی دووەم، هەڵەی چاپی تێدایە و «بەو» دروستە نەک «ئەو».

[٤] لە دەقەکەدا نووسراوە: بۆ ڕۆژی لە ڕووی ئاڵا مەعلوومە کە لێت قەوما
بێگومان هەڵەی چاپە و «بەو» دروستە نەک «بۆ».

هەر جێگەیێ ڕووی تێکا، دەیکا بە گوڵ و گوڵشـەن
دوژمن کە ئەوەی بینی، وەک جوو خمی لـێ شـێوا
ئەمـــڕۆکە لە گەردیگـــلان ڕۆژێـــکە کە کوردســـتان
نەیـــدیوە هەتـــا ئیســـتا حاســـڵ لە ســـەری ســـاڵا
ئەی کاکی "زرنگ" شێعرت، پاکی وەکوو قەنـد وایە
تیفلـــی دڵـــی کوردســـتان، بـــۆی هەر لە گوڕوگـــاڵا
تـــۆ هـــاتی بە ســـەر هـــاتم، بـــۆ زیـــارەتی بـــاڵاکەت
وا نـــــووکی قەڵەم نووســـــی، تـــــاریفی قەد و بـــــاڵا

کۆچاوکۆچ

هەروەک پێشتر باس‌کرا، سەید کامیل پاش دوو ساڵێک زیندانی، ســاڵی ١٣٢٧ی هەتــاوی ئــازاددەکرێ، بەڵام کە دێــتەوە بە ســەر خەزنەی بەتاڵ و هەواری خاڵی‌دا دەکەوێ و مــاڵێکی ڕەق‌وڕووتــی بۆ دەمێنێتەوە. بۆ ئەوەی دەستی بکرێتەوە، ئەو ســێ دانــگە ملــکەی گەردیگلان کە بوویەتی دەیــدا بە گونــدی جەمیــان و لەگەڵ مــامی دەیگۆڕێتەوە و لە بــاقی‌دا مێگەلەمەڕێکــیش وەردەگــرێتەوە و مــاڵی دەچــێ بــۆ وێ. بە کــورتی و کــوردی، پــاش ئەوەی ســەوداکەی سەردەگرێ و کاروباری تەواو دەبێ و دەکەویتە پێ‌وشوێنی سەنەدی دێــی جەمیــان، بــۆی جێ‌بەجــێ نــابێ و لەبەر ئــابڕووی خــۆی و بنەماڵەی دەنگ ناکا و بە داری دەستی دەچێتەوە زەنبیــل و لە مــاڵی کاکی پەنادەگرێ. دوای ساڵێک بەشــێک لە مەڕەکــانی دەفرۆشــی و گوندی «کانی‌بەن»ی سەر بە گەورکی میرەدێی سەقز دەکڕێ و ماڵی دەگوێزێتەوە بۆ ئەو شوێنە. ســاڵێک دواتــر «کــانی‌بەن» دەگــۆڕێتەوە لەگەڵ دێــی «شــێخ‌چۆپان» هەر لەو نــاوچەیە و هەتــا ســاڵی ١٣٣٣ (١٩٥٤) کە دەیفرۆشێ لەوێ دەبێ. پاش فرۆشتنی شێخ‌چۆپان، سێ

دانگی دیی «قاقڵاوا»ی دراوسێی زەنبیل لە کەسێکی خۆی دەکڕێ و بارگەوبنەی دەبا و هەتـا ئـاخری تەمەنـی لەوێ دەمێنێتەوە. سـەید کامیل ئەمجارەشیان سەوداکەی چـاک دەرنـاچێ و پـاش مـاوەیەک بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەوەی کرێـویەتی مـوڵکی ئەوقـافە و ئـاوا، دەسـتی لە بنـی هەنبـانەوە دێـتەدەر. ئەمجـارەش لەبەر پاراسـتنی حـــورمەتی بنەمـاڵە، بێـدەنگەی لـێ‌دەکـا. ئیتـر بە هەژاری و کەموکـــووڕی و دەســـکورتی و کشـــتوکاڵێکی نەمـــرنەژی دەیگوزەرێنێ و لە هەوراز و لێژەکانی ژیانی‌دا خۆی نادۆڕێنێ.

کامیل‌شا هەتا ساڵی ١٣٦٨ لە قاقڵاوا دەبێ، بەڵام نەخۆشی تینـی بۆ دێنێ و دێتە ماڵی سەید تاهیری کوڕە گەورەی لە شاری سەقز و بە داودەرمـــان و پزیشـــکەوە دەخـــافڵێ. نەخۆشـــی و مـــانەوەی گرێ‌وگۆڵەکـانی دەروونـی و وەدی نەهـاتنی ئاواتەکـانی سـایە بە سایەی دین و سەرەنجام ڕۆژی ١٣٦٨/٦/٥ (١٩٨٩) لە شاری سەقز دڵی پڕ تین و تاوی لە لێدان دەکەوێ. کۆچی سەید کامیلی نـامراد، حەشـــیمەتێکی بـێ‌وێنە وەجـۆش دێنـێ و وەک شـەپۆل تەرمـی تـامەزرۆی عیشـق و ئـاواتی کـوردایەتی بەرەو زەنبیـل دەبەن و لە «مەرقەدان» ئەسپاردەی خودا و خاکی نیشتمانەکەی دەکەن.

تایبەتمەندییەکانی دیکەی سەید کامیل

ئاواتی شاعیر، پیـاوێکی میـوانگر، سـەرووڕووخۆش، سـوارچاک، ڕاوچی و ئەنگێوە بوو. ئەوەنـدە میـوانگر و نـان و مـاڵ خـۆش و بەخوڵک و دەرگاکراوە بوو، کە ئەگەر ڕۆژێکی میـوانی نەبووبـا، بە ژیانی دانەدەنا و وەڕەز دەبوو. هێنـدەی پـێ تێکـدەچوو کە مـاڵ و منـداڵ خۆیـان لێ‌کەنـاردەگرت و وەپەنایـان دەکەوتـن. ئەگەر هەر نەبووبا، مەلای ئاوەدانی و چەند کەسێکی دیـکەی بانـگ‌دەکـردن و نانی لەگەڵ دەخواردن و ئۆخژنی دەگەیشتە دڵ و دەروونی. هەمیشە

کوتــوویەتی: «ماڵێــک میــوان ڕووی تێنەکــا یــا خــوا بە ســەر خاوەنەکەیدا وێران بێ.»

بـۆ سەرورووخۆشــی و ڕەزاســووکی، بە قەولــی کــوردی کەس تایнەدەکرد و لە پیر، پیر و لە جەوان، جەوان بـوو. بە ئـادەمیزادی مرچومۆن و ڕەزاتاڵەوە کەیفی دەژاکا و هەوڵـیدەدا نـوقڵی کـۆڕ و کۆبوونەوان بێ.

وەختایەک باسی یەکسم و چارەوێ و سواری و سوارچاکی دێتە گۆڕێ، پێش هەموو کەس لە موکریان سەید کامیل دێتە بەر زەین و نەزەری هاوچەرخەکانی. ئەم شۆڕەسـوارە تاقـانەیەی ئەو مەڵبەنـدە، بەمجۆرەی لێ دەگێڕنەوە، لە شـوێنی دوور و نیـزیکەوە چارەوێیـان هێناوە بۆ لای، هەتا ڕایـانبێنێ و فێـری غـار و قـۆرتە و وێـرغە و قەدەم و مقەستەیان بکا بۆ ئەوەی سوار بتـوانێ تەقـڵە و جلیـت و ڕمبازییانپێبکا. ئەوەندەی ژیاوە، هەمیشە ئەسپ و ماینی ڕەســەن و باشی بووە و هەلــی ڕاو و ڕکێـف و مامزەکوتـانی لە کـیس نەداوە. سەبارەت بە سەردەمی تینوگوڕی دەورانی پێشووی دەڵێ:

ئەو کــاتە جحێڵــی تونــدوتۆڵ بــووم
ڕاوچی کەوی کێو و شیو و دۆڵ بـووم
ســــوارچاکی ولاتــــی کــــوردەواری
مـن بـووم بە تەنـێ، لە دێ، لە شـاری
سوارێک نەبوو بـێ و بڵـێ منـیش هەم
ســــوارچاکم و تەقڵەبــــاز و بــــێخەم
هەرخۆم بە تەنێ جلیت بە دەس بـووم
خاوەن گوڕوتین و هێـز و هەس بـووم

لە ئەنگێوەییشدا ئەوەندە دەستڕاست و بڕوابەخۆ بووە کە زۆر جاران گرەوی بردۆتەوە و دەنگی داوەتەوە.

ئاوات لە بواری ئایین و خواپەرستیش‌دا هەرچەنـد زۆر ویشـک نەبـوو، بەڵام هەم ئەهلـی دیـن بـوو، هەم ئەهلـی عیرفـان. بـە پارێزگاری و لەخواترسـی دەژیـا و خـۆی لە هەڵە و پەڵەی زەمـانە دەپاراست. وەک موسوڵمانێکی بێ گـرێ و سەرڕاسـت و سروشـتی هەرگیز خۆی بە دینەوە نەدەنـواند و لە دەرگـای کەرەمـی خـودا، خـۆی بە کەتـرەخەم و دەردەدار دەزانـی و هانـای بـۆ دەبـرد و دەیکوت:

خـودا! بـۆچی منـی بێچـارە بـێ‌دەرد و بەڵا نـاکەی؟
ئیلاهی! بۆچی دەردی من بە ڕەحمی خۆت دەوا ناکەی؟
شـەوێ تـا بەربەیـان یـاڕەب، تەمـادارم لـە دەرکـی تـۆ
لەبەرچـی مـن بـە خاسـانت شـەوێکی ئاشـنا نـاکەی؟
ئەگەرچـی زۆر گوناکـار و هەڵەم، ئەممـا ئەتـۆ یـاڕەب
کەریمـــی و جەزام لێ‌ناســـتێنی، کـــاری وا نـــاکەی!
فەقیـر و دەسـتەوئەژنۆم و ئەتـۆ کـانی کەرەم، ڕەببـی!
دەزانم فەرقـی خـاوەن تـاج و تەختێـک و گەدا نـاکەی
دڵی هەر بۆیە خۆشە "کامیلی" بێ‌دەسـت و پـێ، ئێسـتێ
کە فەرقی ڕۆسـتەم و پیـاوێکی وا بێ‌دەسـتوپا نـاکەی

بەڵام وەکـوو پێشـتریش باسـی کـرا، هەسـتی کـوردایەتی و ئازادیخوازییەکەی بە سەر هەموو لایەنێکی‌دا سواربووە و هاوسەنگی هەموو تایبەتمەندییەکانی هاتۆتەوە و بە پێویستی نازانم چی دیکەی درێژە بدەمێ، چونکە لە خودی شێعرەکانی‌دا تەواو ڕەنگی داوەتەوە. ئەوەی ڕاستی بێ، خـۆ دەکـرا بەر لەوەی بچـمە نێـو بەشـێک لەو بابەتانەی پێشوو، زووتر باسی هەست و هونەر و هۆنراوەکانی بێنمە گۆڕ، بەڵام وام بە باش زانی سەرەتا ڕابردووی سـەرلەبەری ژیـانی بە کورتی و لە نووکەوە بێـنم و هەمـووی یەکلایـی بـکەمەوە، جـا پاشان بابدەمەوە سەر ئەوۆ خاڵە درەوشاوەی کە زیاتری پێوە ناسراوە.

سەید کامیل و سەرەتای گۆڕانی بیری شاعیرانەی

بۆخۆی دەڵێ هەرکە سەوادم پەیداکرد یا سەوادمبۆوە، شێعرم پێخۆش بوو. لە سەرەتاوە لە دانیشتنی خۆمانە و نێو حوجرەی فەقێیان و کۆڕی شێعر و ئەدەبدا، باب و مام و کەس‌وکارە خوێندەوارەکەم، کە هەموویان ئەهلی شێعر و ئەدەبیات بوون، چونکە دەمتوانی شێعری شاعیرە فارس و کوردەکان بە ڕێک‌وپێکی بخوێنمەوە، ئەگەر لەوێش نەبووبام، بەدوایانداد‌ەناردم و شێعریان پێدەخوێندمەوە و دەیانگوت تێکی‌نادا و باشی دەخوێنێتەوە. هەر ئەودەم هەر شێعرێکم پێخۆش‌بووبا، بە باشی دەمنووسییەوە و زوو لە بەرم دەکرد. دایم‌ودەرهەم هەوا و سەودای وەزن و قافیە و ئاهەنگی شێعرم لە دڵدا دەگەڕا. دواتر وا دیارە هەر بەوانەوە ڕانەوەستام و ڕازی نەبووم و لاقم لە بەڕەی خۆم پتر ڕاکێشا و هەڵمکوتایە سەر شێعر کوتن. هەر لەو سەردەمانەوە ئیتر نەمپساندۆتەوە و دەستم لێ هەڵنەگرتووە.

کەوایە سەید کامیل نەمامی شێعرەکانی لە نێو جەغزی دین و ئەوین و تافی لاوی‌دا دەگووڕێ و دەکەوێتە ڕێزەی شاعیرانی سەردەمی خۆی لە موکریان. کامیل لە شێعرەکانی‌دا چەند نازناوێکی هێناون کە بریتین لە «زرنگ، ئاوات، ئیمامی و کامیل» وەکوو پێشتریش باسم‌کرد واویدەچێ کە «زرنگ» نازناوی «کۆمەڵەی ژ.ک»ی بووبێ و کەوتبێتە نێو شێعرەکانی.

شێوازی شێعریی سەید کامیل (ئاوات)

ئاوات لە هەموو قالب و چوارچێوەیەکی وەکوو غەزەل، قەسیدە، مەسنەوی، دووبەیتی و چی‌وچی‌دا شێعری هۆنیوەتەوە؛ بەڵام وەکوو ئاشکرایە تای تەرازووی غەزەلەکانی سەنگینترن و دەکرێ بڵێی غەزەل‌بێژ بووە.

شێوەی کارەکانیشی ڕەنگ و بۆنی نالی و مەحوییان پێوەیە و سێبەری کەلامی حاجی قادری کۆیی و دواتر مەلا مارف و سەیفولقوزات کاریان تێ‌کردووە. ئەگەر کەسێک سەرگوریشتەشی نەزانێ، بە خوێندنەوەی شێعرەکانی دەزانێ کێیە و دەکەوێتە پاڵ کام پۆلە شاعیری نیشتمانەوە.

ئاوات بابەتی شێعری زۆرن، بەڵام ئەوانەی دیار و بەرچاون، هەم ڕەخنەی کۆمەڵایەتین و هەم بە هەوێنی بیری ئازادیخوازانە دەستاودراونەوە. ڕاستە سروشت‌پەسندی و لاڵانەوەی ئەویندارانە و ئایینی دەبنە بەشی زۆری شێعرەکانی، بەڵام کامیل کاتێک گوڵ‌دەکا کە دەمی وەکوو گوڵ دەپشکوێ بۆ پێداهەڵدانی وڵاتەکەی و کەلامی دەبێتە پۆلووی ئاگر بۆ گیانی خەنیمانی نیشتمانی.

ئاوات لە دەربڕینی هەست و سۆزی ڕزگاریخوازانەی‌دا زۆر جاران لە جەنگەی تاریکی و نووتەکیی سەردەمی ڕەشی پاشایەتیدا، پەنای بردۆتە بەر سەمبولەکان و بۆ نموونە، گەلی بە مەلێکی وەکوو کەو شوبهاندووە یان وشەیەکی وەکوو «شەو»ی بە تێل و بەندی دەسەڵات داناوە.

ئاوات لە زمان‌دا شاعیرێکی ڕەوانبێژە و هەتەڵۆکە و مەتەڵۆکەی لە خەڵک دانەهێناوە و هەر ئەوەش وای کردووە کە لەچاو شاعیرانی هاوتەمەنی، زۆرترین شێعری بکرێتە بەستە و گۆرانی.

فەوتانی زۆربەی شێعرەکانی

وەکوو ئاشکرایە و پێویستە باسی بکرێ، لە زەمانی دەسەڵاتی پێشووش‌دا خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی قەدەغە بوو؛ ئەگەر کتێب یا نووسراوەیەک ـ جا با سیاسیش نەبوایە ـ بەڵام مادام ئەوەی کە کوردی بوو، دەرکەوتن و ئاشکرا بوونی، گیران و لێدان و تەنانەت کوژرانیشی بە دواوە بوو.

ئەم هەڵومەرجە تاڵ و دژوارە وای کردبوو کە ئاواتیش وەکـوو هاوبیرانی دیکەی ئەوەندەی بۆی کرابا بەرهەمەکـانی دەشـاردەوە و بـن‌عەرزی‌دەکـردن. جـا لەبەروەی عـادەتی وا بـوو کە بە جەوهەر دەینووسی، ئەوانەی بن گڵ کرابوون یا کەلێناوکەلێنیان پێ‌کرابوو، وا پاک ببوونەوە کە ساغ نەبنەوە و بۆمان نەچنەوە سەر یەک. بەڕاستی ئەگەر هۆنراوەکانی بنێینـە تـای تەرازوو، تـا قورسـەکەی نەمـاوە و سەری تێداچووە. ئێستاش جاروبار و لێرولەوێ هێنـدێک بەرهەمـی لە کەسانێکی دڵسۆزەوە دەکەونە دەست کە لای بنەماڵە نەماون.

دەردی سـەرباری هەمـوو دەردان و ڕزیـن و فەوتـانی زۆربەی هۆنراوەکانی، ڕووداوێکـی دڵتەزێـنە لە سـاڵی ١٣٤٦دا. ڕۆژێـک کە سـەید کامیـل و هیچ‌کـام لە ئـێمە کوڕەکـانی لە مـاڵەوە نەبـووین، پیاوەکـانی سـاواک دەچـن و دەوری مـاڵەکەی دەگـرن. پیـاوێکی بەوەفای سەید کامیل کە دەزانێ گەلەکەی ناسکە و ڕەنگە کتێـب و دەفتەر و نووسراوەکانی ببنە خەنیمی گیانی خاوەن‌مـاڵ، خێرایەکـی خۆ بە ژوورەکەی سەید کامیل‌دا دەکا و گـورجێکی هەموویـان کـۆ دەکاتەوە. لەو کاتەدا تەنـدوور گڕەمشـقەڵانی دەبـێ و ئەویـش لەو جەنگە تەنگەتاوییەدا چی پێ‌شک‌نایە غەیری ئەوەی بیانبا و بیانکاتە دەستەچیلەی ئاگر و ئاوا ویشک و تەڕی پێکەوە دەسووتێ. ئەمەش خەسارێکی گەورەی بێ‌گەڕانەوە بوو کە تازە ماریجەی نەدەهـات و نەشهات. ئاوات دوای ئەوەی دەگاتەوە و بە ڕووداوەکە دەزانێ، چی پێ‌نامێنێ غەیـری ئەوەی بڵـێ هەی دەسـتی شـکاوم و تـازە هەزار هاواریش بە پووڵێکە.

ئاوات و شاعیرانی هاوچەرخی

ئاوات لەگەڵ تێکڕای شاعیرانی هاوچەرخی خـۆی لە موکریـان نێوانی زۆر خۆش بووە و لەگەڵ زۆر کەسیان شـێعری گۆڕیـوەتەو، بەڵام بەداخەوە زۆربەیـــان نەمـــاون. مامۆســـتایانی گەورەی وەک

هـــێمن و هەژار بە مامۆستا ناویان بردووە، ئەگەرچی ڕەنگە لە بەر ئەوەش بــووبێ کە لەوان بەتەمەنتــر بــووە و ویـّـدەچێ پتــر ڕەنگــی خۆشەویستیی لێ نیشتبێ. مامهەژار کورتەوتـارێکی لە ســەر چـاپی هەوەڵی دیـوانەکەی نووسـیوە کە بە دوای ئەم پێشــەکییەدا هـاتووە. لەگەڵ مامۆستایان خاڵەمین، هێدی و میرزا محەمەدی نووری نامەی شێعرییان پێکەوە ئاڵوگۆڕ کردوون. لەگەڵ خوالێخۆشــبوو مامۆســتا مەلا غەفووری دەبباغی زۆر دۆست بووە؛ پێی وا بوو ئەگەر چاوی بووبا، ڕەنگە کەس بە شێعر دەرەقەتی نەهاتبـا و تـۆزی نەشـکاندبا. دۆستایەتی لەگەڵ مامۆستا مەلا کەریمـی ساردەکۆسـتانی (ڕاوچـی) یەکێکی دیـکە لەو پەیوەنـدییانە بــوو کە خـۆی بە دۆسـتایەتییەکی ڕاستەقینە و نەپساوەی دادەنا.

لەوانە بتــرازێ، ســەید کامیــل لە هەمــوو کەس زیـاتر هـۆگری مامۆستا حەقیقی بوو، چونکە لە هەڕەتی مێرمنـداڵی و باوخۆشـیڕا پێکەوە ببوونە ئاواڵەفەقێ و ئـاواڵشـاعیر و یەکجـار گەرموگـوڕ و یەکدڵ و یەکزمان بـوون. نـامەگۆڕینەوەی مـابەینی ئەم دووانە لە هەمــوو شــاعیرانی دیــکەی هاوســەردەمی زیـاترە. چەن نـامەیەکی شاعیرانەی لەگەڵ ئاغا سەید قادری سەیادەتی ئامۆزای گۆڕیـوەتەوە کە نیشانەی خۆشەویستییان پێوە دیارە.

سەید کامیل نێوانی لەگەڵ شاعیران و نووسەرانی کەمتەمەنتــر لە خۆشی یەکجار خۆش بووە و هەودای درێژی تەمەن ئەم ڕێگـایەی لێ نەتەنیوە و دەتـوانین باســی کـاک ســەلاحەددین ئاشــتی، کـاک ئەحمەد مەولانی، کاک سەعید نەججاڕی (ئاسۆ) و کاک ڕەســووڵی کەریمی (سووتاو) بکەین. ئەم کەسانە بەپێی پلەی خۆشەویســتی و نیزیکایەتیی ڕوحی، هەرکام سەریان داوە و ئەوەندەی بۆیـان کـراوە پێیانلێنەبڕیوە. بەتایبەت کاک سەلاحەددینی ئاشتی هەر ئەوەنـدەی هەلێکی بۆ هەڵکەوتبا، لە دێی قاقلاوا یان لە هەر شارێک کە ســەید کامیــل ســـەفەری بــۆ دەکــرد، خــۆی دەگەیانــدە لای و ڕادەی

نێوانخۆشــییان لە شــێعرگۆڕینەوەیاندا چــاکی ڕەنــگ داوەتەوە و پێویست بە شیکردنەوەی من ناکا. لەگەڵ کاک «سوارە»ش نێوانیــان وەک مام و برازایەک زۆر خۆش بــووە و شــێعریان گۆڕیــوەتەوە و هەمیشە دەیگوت هەر بە تەنیا سوارە جوانەمەرگە و کەسی تر.

چاپی دیوانی ئاوات

ســاڵی ١٣٦٥ی هەتــاوی (١٩٨٦)، دیــوانی ئــاوات بە هەوڵ و تێکۆشانی کاک سەید نەجمەددینی ئەنیسی، لە چاپخانەی مەهارەتی تاران چاپکرا، بەڵام بەڕاستی لە بــاری ڕێنــووس و هەڵەبڕکــرانەوە یەکجار کۆڵەوار بوو. هەر ئەوەندە بوو چاپ کرابوو، دەنــا هیچکــام لەو کارانەی کە دەبێ لەگەڵ چــاپی بەرهەمێــک بکــرێ، وەبەرچــاو نەگیرابوو؛ کەچی دیسانیش ماڵی ئــاوا بــێ کە تــوانی ئەم هەنگــاوە باوێ و ئاوات چاوی بە دیوانە چاپکراوەکەی ڕوون بێتەوە.

کاک نەجمەددین جارێکی دیکە و ساڵی ١٣٨١ ســەرلەنوێ هەر بەو شکڵ و شێوەیەی پێشــوو دیــوانەکە چــاپ دەکــاتەوە کە تەنیــا ڕووبەرگەکەی دەگۆڕێ و بەڕاستی ئەمجارەیــان جێگــای ڕەخــنە و هەڵبەزینەوەیە، چونکە زۆر جاران گرێوگۆڵ و گرفتەکانی خرابوونە بەرچــاو و بە گــوێیدا درابــۆوە. ئەم جــارەی دووهەم ڕەهــرەو لە مەهاباد چاپی کردووە. جاری سێهەمیش ساڵی ١٣٨٧ ڕەهرەو چــاپی کردۆتەوە و هەر کاری کاک نەجمەددینە و وەک جارەکانی پێشــوو هەر بە ناپوختی بڵاوکراوەتەوە.

خوێنەری خۆشەویست! ئەوەی ڕاستی بــێ مــن وەکــوو کــوڕی سەید کامیل هێندەم گلە و گازندە هاتەوە سەرێ و گــوێم پڕکــرا لە پرتەوبۆڵەی هەق و بەجێ، کە سەبارەت بە چاپی دیوانەکەی، قــۆڵم هەڵماڵی و وێکەوتم و ئەوەندەی بۆم کــرا کەوتــمە گــوڵچنینەوە و دۆزیــنەوە و کۆکردنەوە و کرۆکاشــی شــێعرەکانی. پــاش ئەم کــارە هاتم و لەم ڕێگا سەختە و هەڵەمووتەدا، بەرۆکی کاک «حەمەدەمینی شاسەنەم»م گرت و ئەویش بەوپەڕی لەسەرەخۆیی و ڕۆحســووکی

ئەرکی نووسینەوە و دیسان و دیسان نووسینەوە و بەسەردادانەوە و ڕاستکردنەوەی وەئەستۆ گرت و پرتەوبۆڵە و بڕوبیانووی هەڵەگرانی بە ڕووخۆشی وەرگرت و ڕەچاوی کردن. لەگەڵ سپاس و پێزانینی زۆر لە خودا دەخوازم بۆ خزمەت بە فەرهەنگ و زمانەکەمان هەر ساغ و تەمەندرێژ بێ. دواتر هانام بردە بەر دوو خۆشەویستی باوەڕپێکراوی ئاوات، زانا و کارزان و کارناس و کارجوان و وردبین و نەوەستاو و دایمەکار و جێیمتمانەی هەمووان: بەڕێزان کاک «ئەحمەدی مەولانی» و کاک «سەلاحەددینی ئاشتی» کە هەردووکیان زۆر بە خۆشی و خۆشحاڵییەوە ئەرکەکانیان وەئەستۆگرت و لە هەوەڵەوە تا ئاخر بەبێ وەڕەزی و ماندووبوون و وەستان لە سڕینەوە و ساغکردنەوەی هەڵەوپەڵەکانی چاپەکانی پێشوورا بگرە (کە ئەو بەشە پڕزەحمەتترین و دەستگرترین بەش بوو؛ لەوانەیە بڵێم نزیکەی ساڵێکی خایاند) تا ڕێکوپێککردن و هەڵەگرتن و چەند جاران بەوردی پێداچوونەوە و دەرخستنی بناغەی زۆر بابەت و ڕازاندنەوە و هەموو لایەنی کاروبارەکە بە سەر شانی ئەوانەوە بووە. دەستیان خۆش بێ و کوڕیان نەمرێ و خودا ڕاوەستاویان کا.

جا بۆیە هەر جێگایەکتان پێ باش بوو ڕەحمەتبووی ئەوان بکەن و لە هەر کوێش تووشی هەڵەوپەڵە و گنجولۆچ و خواروخێچی هاتن، ئەوە لە سەر شانی منی بنووسن، چونکی لە هەموو بێنەوبەرە و خواروژووری کارەکاندا گوێی منیش بە دەست ئەو دوو بەڕێزەوە بووە و تەمەنیشم لە هەردووکیان زیاترە و دیارە خەتی خوار دەبێ لە ژێر سەری کێدا بێ!

سەید جەعفەری ئیمامزەنبیلی
(٢٠١٣/٧/٢٨) ١٣٩٢/٥/٦

بۆچوونی مامۆستا هەژار

برای هونەردۆست و خـاوەنمرخ کـاکە نەجمەددیـن ئەنیسـی ـ خوا بە ئەدەبیاتی کوردی بهێڵێ ـ ڕۆژێک وەک فریشتەی بەخـت و هات لە کەرەج کە بۆ من وەک چزیرگەیەکی چۆڵوهۆل وایە پەیدا بوو، دیوانی شێعری کاکە سەید «کامیلی» لە بن باخەڵدا بوو، کە لێی بڕوانم و بیروڕای خۆمی لە سەر دەربڕم، قسێکی سـەیر بـوو، منـی هەژار بیر و بڕوام لە سەر چاکی و خراپی شـێعری سـەید «کامیـل» دەربڕم، چی بە سەر چییەوە؟

باوەڕ کە وەک بە شوانێکی شارەزووی دنیا نەدیو بڵێی دا تۆخـوا دەربارەی نالی و مەولەوی تاوەگۆزی، بیروڕای خۆت دەربڕە. بەڵام چۆن دەڵێم نـا؟ هەلێکـی وا باشـم بـۆ هەڵکەوێ کە مـن کـۆمەڵە هەڵبەستی «کامیلشا» کە عومرێکە بە ئاواتی دیتنیانم، دەستی داوە و دەتوانم بە ڕاشکاوی بیانخوێنمەوە، چۆن لە دەست خۆمی ئەدەم ... مەسەلی کوردییە دەڵێن «تـا نەسـیمێک نەبـێ هەژارێـک بە ئـاوات ناگات.»

سەرت نەیەشێنم، ئەو بۆی جێهێشتم و من شانم لێداخسـت و سەرلەبەرم خوێندەوە، یان دەبێ بڵێم شەو و ڕۆژێکی ڕەبەق لە نـاو بەهەشتێکدا ژیام کە سۆفی و دەروێشـیش هەر بە ئـاواتی شـتێکی وان و نایگەنێ.

شێعر و هەڵبەستی «کامیلشا» نیازیان بەوە نییە من و سەد مـن و نیومنی وەک من بڵێن باشە، نەخێر عەتر خۆی دەردەخا و پێی ناوێ عەتار بە تەڵاق و سوێندانەوە ڕەش بێتەوە کە عەتری چاکە.

هەرکەس هەروا تۆزقاڵێک بە قەد چاوی مێروولە، مرخی شێعری هەبێ و ئەدەبناس بێ، دەزانێ سەید «کامیل» چۆن پەڕیوەتە سـەر

چڵەپۆپە و لە گـۆمی ئەدەبیـاتی زمـانی کـورددا چـۆن مەلەوانێکـی تاقانەیە، بەڵام فزوولی هەڵمدەگرێ لە نـاو هەڵبەسـتەکانی‌دا دەمەوێ بەرانبەرییەک بکەم و بڵێم بەرانبەر بە بیروڕای خۆم فلانەم لە فـلانە پێ جوانترە کەچی هەمووشیان لە جوانیدا بێوێنەن.

بە بیروڕای من هیچ بوێژێکی کورد وەک کـاک کامیـل نـاتوانێ بەهاری کوردەواری وێنە بگرێ، سەیریش نیـیە؛ ئەو پیـاوە هەمـوو تەمەنـی لە لادێ و لە کوێسـتانی کوردسـتان ژیـاوە و زەینـی زۆر ڕوونە و هەرچـی دەیبینـێ دەتـوانێ لە مێشـکیدا بـێکەموکەسـری، عەنباری بکا و زۆر بە ئامانوزامان نیشانمانی بداتەوە.

واتە ئەگەر دەسەڵاتم بوایە، حوکمم لێ دەکرد بە لانیکەم هەموو بەهاران سەفەرێکی ناو هەوارچییان بکا و وەکوو مێشەنگوین شـیرە لە گوڵان هەڵمژێ و بە هەنگوینی بماندداتەوە، بەڕاسـتی کەس وای لێ نازانێ؛ ئەمما ئەگەر دەڵێم لەو بارەوە زۆر زەبر بەدەسـتە، مانـای وای نییە کە لە غەزەل و شێعری نیشتمانی‌دا بەجێماوە، ماڵم قەبـرە هەرچـــی گوتـــوویە مەحشـــەری کـــردووە و خوێنـــدەوارانی ئەدەبپەروەر و دورناس دەزانن کە سەید «کامیل» زۆر شـاعیرێکی کەموێنەیە و ئیحتیاجی بە پێداهەڵدانی من نییە ... .

لە خـوام تەڵەبە مەرگـی نەبیـنم و لە خـوام تەڵەبە بتـوانێ پتـر ئەدەبیاتی کورد گەشە پێ بدا. ئامین یا ڕەببەلعالەمین.

شاگردێکی بچووکی سەید کامیل
عەبدوڕڕەحمان «هەژار»
کەرەج ١٣٦٤/٩/١٨

غـەزەل

پاڕانەوە

ڕووڕەشـی دەرگـای خـودام و سـەرفکەندەی موسـتەفا
شەرمەسـاری ڕۆژی حەشـر و مـلکەچی ئـالی عەبـا

چـارەڕەش، شـەو تـا بەیـانی هەر ئەموئەولا دەکەم
هەروەکـوو مـاری برینـدار هەڵدەسـووڕێم بێسـەدا

ڕوو لە کوێ کەم یارەبی، چ بکەم لە دەس عیسیانی زۆر
غەیری دەرگای تـۆ نییـە دەرکـێ کـە ڕەحمـم پـێ بکـا

دێمـە دەرگـاکەت کـە بـۆ چـاک و خـراپ ئـاواڵەیە
کەوڵ و پێسـتم ڕادەخەم تـا هەم لـە دنیـای بێوەفـا

هەر ئەوەندەم بەس کـە تـۆم ناسـی و لە تـۆ داوا دەکەم
لـێم ببـووری و خـۆش ببـی لـێم و نەسـێنی لـێم جەزا

ڕووم ڕەشە، ئەمما سـەر و ڕیشـم وەکـوو بەفـری سـپی
بەو سەر و ڕیشەم ببەخشـە! نەک بـە ڕووی هێنـدە سـیا

"کامیـــل"ە نێـــوم، بەڵام نـــاقیس لـــە دونیـــا مـــامەوە
چونکە بێمەیلـی ئەتـۆم زۆر کـرد، هەتـا تـوانیم خـودا!

قاقڵاوا، ١٣٦٢ی هەتاوی

بحر: رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

جەژنی ئێمە*

وەک دەڵێن ئازاد بـووە سـەد شـوکر کـاک سـەید مسـتەفا
بـــۆیە دنیـــا پڕبـــووە ئەورۆ لە دڵخۆشـــی و ســـەفا

جەژنـــی ئـــێمە بـــوو بە دوو ئەوســـاڵ بە لـــوتفی کردگـــار
با لە دڵ دەرکەین خەم و حەسرەت هەموو جەور و جەفـا

بـــا وەخـــرِبین شـــوکری یەزدانـــی مەزن بێنیـــنە جـــێ
بـــوغز و کیـــنە لابەریـــن و بێیـــنە ســـەر ســـیدق و ســـەفا

هەر شـــەو و ڕۆژێـــک هەزار شـــوکری خـــودا هێشـــتا کەمە
چـــۆن بکەیـــن ئـــێمە بە جارێـــک و بە ســـەد جـــار ئیکتیفـــا

هەر لە ئێســـتاوە هەتـــا دەمـــرین بڵێـــین یـــاڕەب شـــوکور
هەر ئەوە ئەو، خـــاوەنی لوتـــف و عەتـــا، میهـــر و وەفـــا

قاقلاوا، ۱۳۶۴ی هەتاوی

* بۆ ئازادبوونی حاجی سەید مستەفا سەیادەت، ئامۆزای ئاوات لە زیندان
بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

هات بەهار

هات بەهار، هێنـای بە بـار تـۆوی گـوڵ و موشـکی خەتـا
سەوز و سوور بوو، خوار و ژوور و چیمەن و دەشت و چیا

دوورزەنـــی هەوری بەهـــار و ڕنـــوە بەفـــری بەنـــدەنێ
لێـک بەرانـبەر بـوون وەکـوو لەشـکر لە عەرزی تـا سـەما

دای بە سەر بەفـرا شـەبەیخوون، بـوو بە ئـاردی نێـو دڕوو
داینەوانـــد پشـــتی کلـــیلە، ڕایڕفانـــد مەئمـــووری بـــا

هەر هەرەس بـوو، لەشـکری زسـتان لە ترسـان هەڵـوەری
دیـارە قەڵغـانی سـەهۆڵ بـوو، دوێ ئەویـش پشـتی شـکا

تـــاوڵی ســـەوزی لە جێـــی بەفـــری ســـپی هەڵـــدا بەهـــار
چـــوونە پێشـــوازی، گرووهـــی سوێســـنە و هەڵـــز و کەمـــا

چەهـچەهەی بولبـول وەکـوو مـووزیکە بـۆ سـانی گـوڵان
فیتەفیتـــی شـــوانە، ســـووتی ئەفســـەری تیـــپ و ســـوپا

لەم ســـوپا و تیـــپ و قشـــوونەی شـــای بەهـــار هێنـــاویە
شـــۆقی ڕۆژ نـــوورئەفکەنە جارجـــار لە نـــاو هەورەهەڵا

سوێســـن و شـــەوبۆ و نێـــرگس، شەشـــپەڕ و گوڵئاتەشـــی
پـــاکی پشـــکووتن، بـــووە دونیـــا بە یەک حەشـــروحەلا

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

بولبـــوله زاوا و گـــوڵ وەک بـــووک و دڵ هەروەک دەڵاڵ
دێ و دەچـــێ بۆیـــان، بەخـــۆڕایی، بەبـــێ مـــاف و بەهـــا

کورکەکـــورکی تەیـــره دێ شـــەو، یـــانە ســـۆزی ســـینەمە؟!
ئەم هەرا و بەزمە بەهـــــارە، یـــــانە پەردەی ســــــینەما؟!

وا ڕەقیبـــــیش دەرپەڕی، جـــووتەی لە بـــا دا، تـــا بڵـــێن
ئەی لە بەر ئەم خۆشـــییە، حەتتـــا کەریـــش ترســـی نەمـــا

حەقیەتـــــــی ئەو گوێـــــــدرێژە هەڵپەڕێـــــــت و دەرپەڕێ
هەر لە ئینســـــان تـــا جەنـــابی کەر یەکـــێ برســـی نەمـــا

هەرکەســـێ خـــاوەن دڵ و گـــوڵ بـــوو ئەوا چـــوو بـــۆ گەڕان
کەس نەمـــا، پیـــر و جەوان، چـــاک و خـــراپ، شـــێخ و مەلا

ئەی ســـەبا! خـــۆ تـــۆ دەڵـــێن پەیکێکـــی تونـــد و خۆشـــڕەوی
هەســـــتە، پیـــــاوانە بـــــڕۆ لای یـــــاری بێمیهـــــر و وەفـــــا

پێـــی بڵـــێ هەســـتێ لە خەو، خـــونچە هەمـــوو پشـــکووتووە
بێتە دەر، تـا ســـەر لە بەر خـــۆی نـــێ وەکـــوو چـاوی حەیـا

بولبـــول و دڵ بـــۆ گـــوڵان، ئەو هەڵفـــڕی، ئەم دەرپەڕی
هەڵفـــــــڕینە، دەرپەڕیـــــــنە، پێکەنیـــــــنە، "کـــــــامیلا"

گەردیگلان،١٣٢٩ی هەتاوی

بەهار هاتەوە

بەهـــار هـــاتەوە، گـــوڵ دەبـــن پەیـــدا
چـــیمەن، ســـەوزایی، ئەو بـــڕوا پێیـــدا

تـــۆوی دڵەکەی خـــۆم هەڵگـــرت بـــۆ ئەو
لـــە مەڵبەنـــدی وی چانـــدم لـــە ڕێـــدا

گوڵاڵەســـــووره بێتـــــە پێشـــــوازی
بـــا لێـــی بپرســـێ مەیلـــی بـــە کـــێ دا؟

هەروەک دڵ دەچـــێ: ســـوور و خوێنـــاوی
بـــۆ پێشـــواز باشـــە، بـــۆی بـــووە شـــەیدا

زەنبیل، ١٣١٢ی هەتاوی

بحر متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

زستانی شێخ چۆپان

زمهه‌ریرێــک بــوو بــه نێــو زســتان و هــات و ڕابــرا
عــاله‌مێکی بــرد له‌گه‌ڵ خــۆی، تــا چــووه چــاڵی فه‌نــا

کـــرده‌وه و پاشـــماوه‌که‌ی ئه‌و، بـــۆگه‌نی لاشـــه‌ی وڵاخ
شـــوێن و ئاســـاری گـــڵاوی هـــیچ لـــه مـــاڵێ‌دا نه‌مـــا

خیگـه هه‌ڵچـۆڕا لـه چه‌وری، ئـارد لـه که‌نـدوو بۆتـه تـۆز
ماســت و دۆ، که‌شــک و په‌نیــر، تــۆزێ نه‌مــابوو بــۆ ده‌وا

قووتی دا زستان هه‌چـی بـوو، قـووتی حه‌یـوان و به‌شـه‌ر
کـا لـه کـادێن بـوو قوتـار و گیـا لـه قۆریـه و گیشـه‌دا

جه‌رگ و دڵ ڕه‌ش بـوو له‌تـاو بێ‌سـوختیی و دار و ڕه‌ژی
بوو سپی چاومان لـه حه‌سـره‌ت تـام و بـۆنی قه‌نـد و چـا

خش‌خشه‌ی گرت که‌ل له سه‌رمان، مرد له برسان بزن و کار
لاڕه‌شـــه گه‌یـــه وڵاغ و گـــوێڕه‌په‌ی گـــرت جوانه‌گـــا

که‌ر لـــه ســـه‌رمانا هه‌ڵیکێشـــاوه گـــوێی و هـــاته ده‌ر
چوو ده‌گه‌ڵ گوێ‌کورتی ئه‌حمه‌ق که‌وت و لێک بوونـه بـرا

هـــاته ده‌ر لاشـــه‌ی مه‌ڕومـــاڵ، بێ‌ژومـــار و بێ‌حیســـاب
ســه‌گ لـه خۆشی‌خۆشـییا ڕێـک که‌وتنـه خۆشـی و ســه‌ما

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

گۆشـــــتیان نەخـــــورا لە بەر لاوازی و ئەســــپێ و گەنە
پێســـــتیان نەکـــرا بـــە وەســـڵە، دەســـتی وێـــکەوت و دڕا

"لالەشوان" لاڵ بوو لە کێو و "کاکەریم" کوێر بـوو لـە مـاڵ
ئـەو لـە تەنـدوور بۆتـە تـاجۆ، ئەو لـە کەژ هـاوار ئەکـا

هـات بەهـار، ئەممـا لـە پـاش بارانـە بۆچیمـە کەپەنـک!
یـا لە پـاش مـردن چ سـوودێکی هەیـە ئـاوی بەقـا؟

هـات بەهـار، ئەممـا بەهـاری هێنـدە پـڕ سـەیر و سـەفا
نەبـــوە قەت، نەیـــدیوە کەس لەم دەورەدا، نەشبیســـترا

شێخچۆڕیان، ١٣٣٢ی هەتاوی

بای وادە

ئەی شنەی خۆشـی بەهـار، بـای وادە! هەر تـۆی شـارەزا
بـۆ کەژ و کۆسـار و دەشـت و لـووتکەیی بەرزی چیـا

چـاوەڕێ بـووم زوو نەهـاتی، بـۆ نەهـاتیم بـوو مەگەر؟
لارەمـل بـووم وەک وەنەوشـە، ئـاخری ئەسـتۆم شـکا

چـاوی خـۆم هێنـدە بڕیبـوو مـن لە ڕێگـای هاتنـت
هەروەکـوو نێـرگس لـە بـاغ و گوڵشـەنا چـاوم ڕوا

گیانەکەم! چابوو کـە هـاتی، وەک هەناسـەی مـن نەبـووی
ساردوسـڕ، بێخێـر و بێقـازانج و ئامـانج و سـەفا

وا شـوکور ئەوڕۆ شـنەت هـات و گەشـاوە مێرغـوزار
داغـدارە بەفـر و لێـی قەومـا هەرەس، پشـتی شـکا

ئەی نەسـیمی بەربەیانانـت وشـەی ژینـی نـوێ!
ئەی کـزەی خۆشـت حەکیمـی حـازیقی دەرد و بەڵا!

بـۆ گـوڵ و گـوڵزار و بـاغ و چـیمەن و دەشـتی وڵات
تـۆی دەبەخشـی دیـمەن و تـۆی مـایەیی نەشـوونوما

داری گـوڵ، سـەرو و چنـار و لالەزار و نـارەوەن
ڕێـک لـە خۆشـی تـۆ ئەوا کەوتوونـە هەڵپەڕکێ و سـەما

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

لالـە و نەسـرین و گـوڵ، سـونبول، وەنەوشـە و یاسـەمەن
نێـرگس و شـەوبۆ هەمـوو پـڕ غونچـە و بەرگ و گەڵا

کوندەبوو خوێندی لـە شـاخ و بولبـول و قـومری لـە بـاخ
هەریەکـێ هـاوار ئەکـا: وا بـا خەڵات پەخشـان ئەکـا

کانیـاو تـۆقین لـە بـن‌بەرد و خـڕیش پڕ بـوون لـە ئـاو
مێـرگ و دەشـتودەر ژیـاوە، بۆتـە یەک حەشـروحەلا

ڕێـک وەدەرکەوتـن کوڕوکـاڵ، کیـژ و لاو، پیـر و جـوان
دەس لە نـاو دەسـتان، بـە هەڵپەڕکـێ ڕەفیـق و ئاشـنا

کەس نەمـا ئەمـڕۆ لـە شـار و دێ، هەمـوو چوونـە دەرێ
هەر "ئیمـامی" مـا لـە مـاڵێ بێ‌سـەڵا وو بێ‌سـەدا

قاقڵاوا، ١٣٥٠ی هەتاوی

ئامۆژگاری

تــۆ لەگەڵ هــاواڵ بەمــۆڵەت بــە، هەتــا بــتکەن بــە شــا
زەڕڕەپەروەر بــە، هەتــا بــتکەن بــە ڕۆژی ڕووی ســەما

عەیبی خەڵکی قەت مەبینە، هەر سەرنج دە عەیبی خۆت
تــاوەکوو عەیبــت بپۆشــن، گیانــە غەیــرە و ئاشــنا

ئەرخەیــان بــە، غەیبەتــی تــۆش هەر دەکــا لێــرولەوێ
غەیبەتــی هەرکەس لە لای تــۆ هەر کەســێ بێتــوو بکــا

باســی ناموســی کەســێ ناکــا بــە مەعلــوومی ئەوەی
گەر بەنــاموس بــێ، لـــە دونیــادا مرۆیانــە ژیــا

هەرکەســت دی کەوتــووە، دەســتی‌گرە هەســتێتەوە
تــاوەکوو پاشـــان ببێتـــە پشـــتیوانی وەک بـــرا

هەرکەسێ لێــت قەڵســە، چــاوم! پێکەنــە، ئــابڕووی بەرە
تـــووڕەیی لەم عەســـرەدا هەمبانەیێکـــە پــڕ لـــە بــا

وەک "ئیمــامی" بــە، کــە غەیــر و ئاشــنا لێــی ڕازیــیە
چونکە قەت نەیکرد بە عومری سیڕڕی خەڵکی ئاشکرا

گەردیگلان، ۱۳۲۲ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

نێرگسی مەست*

نێرگسی مەستی ئەو کە وا سەیری گـوڵ و چەمەن دەکـا
کایە بە سوێسـن و گـوڵ و شـۆخی بـە یاسـەمەن دەکـا

دڵ لـە شـکەنجی زولفـی ئەو لانەیـی کـردووە قەدیـم
مەنعـی مەکـە شـەوانە گەر مەیلـی وەلای وەتەن دەکـا

چونکـە شـکاوە شووشـەکەی، پـاکی ڕژاوە ئـابڕووی
بۆیە موشەووەشـە و قسـەی زولفـی شکەنشـکەن دەکـا

قەددی بڵند و شووشی ئەو تەعنـە لـە سـەروی بـاغ ئەدا
جیلـوەیی پڕجەمـاڵی ئەو ڕەخنـە لـە ڕۆح و تەن دەکـا

تەبعی مەلـوولی "کامیـل"ت، کاکـە چلۆن دەگـا بـە تـۆ
شەشـدەری بەسـتراوە ئەو، ئـارەزوویی کەفەن دەکـا

شێخچۆپان، ١٣٣٢ی هەتاوی

---

* نامە بۆ خزمەت کاکی، "حاجی سەید موحەممەد نوورانی"
بحر رجز مثمن مطوی مخبون: مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن

ئاڵا

لەو پـارچە سـێ ڕەنـگەی وەک بـاڵی هومـای ئـاڵا
هەودایەکـــی لـــێ بـــۆوە، فەوری لە ملـــم ئـــاڵا

ئەو ڕشـــتەیە تـــا مەحشـــەر، مەحـــکەم لە ملـــمدایە
کێشـــامیە ژێـــر ســـایەی، ئێســـتێکە بەبـــێ پەروا

پەروام نیـــیە تـــا مـــردن، لەو وەخـــتەوە دیتـــوومە
گرتـــــوومەتە ئـــــامێزم، هەر زاڵەیەتـــــی بەدخـــــوا

ئەو دارە چ دارێـــکە؟ تیـــری جـــگەری دوژمـــن
بـــــڕوانە بە شـــــاباڵی، چەن زاڵە بە ســـــەر زاڵا

ئەو حاسـڵە پـێم وایە، گەنمـم یەک و سـەد دەبـڕێ
بەو دوو گـــوڵە گەنمـــانە، وا دیـــارە لە ڕووی ئـــاڵا

نـــووکی قەڵەمـــی یەعنـــی، بینووســـە لەبـــۆ دوژمـــن
بەو ڕۆژە لە ڕووی ئـاڵا، مەعلـوومە کە لێـت قەومـا

تەعریفـــــی نیـــــیە ئـــــاڵا، ئـــــاڵایەکی ڕەنگیـــــنە
ســوور و ســپیی و ســەوزە، ڕۆح حــازرە بــۆ ســەودا

کـــاڵایەکی پـــڕ قـــیمەت، بـــۆ میللەتـــی کوردســـتان
نرخـــی بەدەر و زیـــادە، ئەمـــڕۆ لە ســـەر و مـــاڵا

بحر هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

هەر جێگەیێ ڕووی تێکا دەیکـا بە گـوڵ و گوڵشـەن
دوژمن کە ئەوەی بینی، وەک جـوو خمـی لـێ شـێوا

ئەمـــڕۆکە لە گەردیگـــلان ڕۆژێـــکە کە کوردســـتان
نەیـــدیوە هەتـــا ئێســـتا حاســـڵ لە ســـەری ســـاڵا

ئەی کاکی "زرنگ"![1] شێعرت، پاکی وەکوو قەنـد وایە
تیفلـــی دڵـــی کوردســـتان، بـــۆی هەر لە گوڕوگـــاڵا

تـــۆ هـــاتی بە ســـەر هـــاتم، بـــۆ زیـــارەتی بـــاڵاکەت
وا نـــووکی قەڵەم نووســـــی، تـــــاریفی قەد و بـــــاڵا

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە٥٥، ١٣٢٤ی هەتاوی،
بە بۆنەی هەڵکردنی ئاڵا/ گەردیگلان

---

١ زرنگ، نازناوی هۆنەر بووە لەو سەردەمەدا.

بولبولی گوڵزاری ئەدەب*

کـــۆچی‌کـــرد بولبـــولی گـــوڵزاری ئەدەب
دەرکـــی بەســـراوە هەمـــوو شـــاری ئەدەب

ڕەونەقـــی هـــۆنەری کـــوردان ڕۆیـــی
لەبرەوکەوتـــــــووە بـــــــازاڕی ئەدەب

کەی بەهـــار وا بـــوو کە گـــوڵ پێنەکەنـــێ!
گـــوڵ و گیـــا بگـــری بە ئـــازاری ئەدەب

ڕۆیـــــی ئەو هێمنـــــی زانـــــا و بەڕێـــــز
مـــانگە ئـــاوا بـــوو لە گۆڤـــاری ئەدەب

پیـــر و لاو ڕێکـــی بە گریـــان و دەڵـــێن:
داخەکەم ون بـــــووە ئاســـــاری ئەدەب

خۆشەویســـــتی گەل و مامۆســـــتا بـــــوو
پـــاکی ڕەش‌پۆشـــە ســـەر و خـــواری ئەدەب

ڕێ‌کەوت قـــــافڵەیی شـــێعر و هـــــونەر
وەک دەڵـــێن کەوت و نەهـــات بـــاری ئەدەب

مەنزڵـــــی شـــــاعیرەکان تاریـــــک بـــــوو
دەرکـــــی بەســـــراوە بە بزمـــــاری ئەدەب

چـــاوی "ئـــاوات"ە وەکـــوو گـــۆمی خـــوێن
بـــۆ لە قـــیس چـــوونی کەس‌وکـــاری ئەدەب

قاقڵاوا، ١٣٦٥ی هەتاوی

---

* شینی مامۆستا هێمن

بحر رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

گیانەکەم*

گیانەکەم! چت لێ‌بکەم؟ داخت لە دڵ بۆتە قەڵات
باری خۆی داوە بە عەرزا مەینەت و شادی هەڵات

تۆ دەزانی چم بە سەر هات بەو هەموو دەردانەوە؟
مەنزڵم کوێیە؟ دەبا عەرزت بکەم شوێن بێ لە لات

یا گوزەرگەی عاشقان، یا گیانە مەنزڵگەی دڵان
یا دەنا باخی گوڵان، یاخۆ چیای بەرزی وڵات

لەو چوار جێگایە ڕەنگە شوێنی من باش هەڵگری
چەشنی کەروێشکێ هەزارەم کرد لە ترسی موشکیلات

یار ئەگەر پرسی لە کوێیە "کامیلی" بێ‌چارەکەم؟
پێی بفەرموو: کەس‌نەکێڵ و بەردەڕەق، بێ‌حاسڵات

قاقڵاوا، ١٣٥٠ی هەتاوی

---

* بۆ کاکی، "حاجی سەید محەمەد نوورانی"

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

قەزات لە من کەوێ*

دوێ نەخـۆش بـووی کـە ئەمـن هاتمـە لات
ئەی قەزای تـۆ لـە منـی تاقـەبرات!

بـە شـەو و ڕۆژ لـە خـودا دەخـوازم
لـە منـی غەمـزەدە بـێ، دەرد و بەڵات

ون نەبـێ نـووری جەماڵـت یـاخوا!
لـە مـن و مەمـلەکەت و خەڵکـی وڵات

سـەروی قەددت کـە لـە بۆسـتانی وەفـا
ئـاو درا، دوور بـێ لـە دەرد و ئافـات

مەجلیسـت گەرموگـوڕ و ڕوونـاک بـێ
قەت نەکـووژێتەوە یـارەبی چـرات!

وەکـوو پەروانـە لـە تـۆ هـاڵاوین
هەر ئەتـۆی خـاوەنی فەیـز و بەرەکـات

کاکـە، برژۆڵـی منـە بۆتـە گەسـک
پێـی دەمـاڵم هەمـوو خـاکی دەرگـات

چونکـە بۆتـە کلـە بـۆ چـاوی مـن
دیـدە وو مـاڵ و سـەرم بـێ بە فیـدات

"کامیـل"ت شـێت بـوو کـە تـۆی ناسـاز دی
سـەری خـۆی نـاوە، بـە بێهۆشـی هەڵات

قاقڵاوا، ١٣٣٥ی هەتاوی

---

* دیسان بۆ کاکی

بحر رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

نەسیمی نەوبەهار

بــە تەرِدەســتی نەســیمی نەوبەهــار هــات
بــە گــورجیش رۆیەوە، مــن مــام و ئــاوات

ئەرێ ئەی ســەروی بــاڵابەرزی خۆشــرەنگ!
ئەونـــدە بـــۆ لەبـــارە بەژن و بـــاڵات؟!

لە بەر بەرزی، وەبـــــاڵی عاشـــــقانت
نەگەییـــە گەردنـــت، هەیهاتـــە هەیهـــات!

بــە دڵســەردی بەجێمــاوم لــە هــاواڵ
چ ســەرگەرمم بــە عەشــقی ئــاڵوواڵات

دەمــێ دڵســەرد و گــا ســەرگەرمی تــۆم مــن
کەچـــی تۆشـــی دەگەڵ مـــن بێموبـــالات!

لــە دووری تــۆ وەکــوو بولبــول دەنــاڵم
بــە هەڵبەســت و وتەی خــۆش و مەقــالات

لــە شــەترەنجی خەیاڵــت بــازیگەر بــووم
بــە دەس فیلــی فیراقــت بــووم کــش و مــات

بــە قوربــانی وەفــات بــێ، گەرچــی نیــتە
"ئیمــامی" هەر دەڵــێ دوور بــی لــە ئافــات

گەردیگلان، ١٣٢٠ی هەتاوی

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

خەڵات

بــۆ گەلــی تێکۆشــەرە ئەوڕۆکــە هــات
هــــاتی هەمـــوو کۆمەڵــــە وا ڕۆژ هەڵات

تینــــی ئەوا دا بــــە هەمـــوو نیشـــتمان
چاکـــە دەبـــووژێتەوە بـــۆ کارەســـات

ســوێند بــە کەســێ هەر بــووە، قەت نــامرێ
هەر ئەوە بێوێنـــە بـــە زات و ســـیفات

مـــوژدە دەبەم بـــۆ گەلـــی ئـــازا و نەبەز
گەل لــــە پەت و بەنـــد و قەنـــارە دەرات

یـــاخۆ ئەگەر پیـــر و لەکارکەوتـــە بـــووی
کــوا دەس و گۆچانــت و شــان و عەبــات؟

پیـــری، جحێڵـــی، بـــە جەهەنـــنەم! وەرە
بمـــرە لە ڕێـــی پـــڕ دڕوداڵـــی وڵات

یانـــە خەڵاتـــت دەدەنـــێ بێتـــوو مـــاێ
یــا کــە شــەهید بــووی، ئەوە چــاتر خەڵات

قاقڵاوا، ١٣٤٠ی هەتاوی

بحر سریع مسدس مطوی مکشوف: مفتعلن مفعتلن فاعلن

شاری موحەببەت

باش خەستە وو بێچارە وو ئاوارەیە بابت
چاک شێتی قەد و زولفییە، پەتیارەیە بابت

ترساوە لە ڕەشمەاری وەکوو زولفی درێژی
داییم کە بە فکر و غەمی ئەو مارەیە بابت

نەردی دەگەڵی کرد، لە ئەو ماچ و لەمیش ڕۆح
دۆڕاندی، ئەوا ڕۆحی چوو، بێچارەیە بابت

دایناوە سەری، ڕۆیوە بۆ شاری موحەببەت
چونکە بە خودا شۆهرەیی ئەو شارەیە بابت

کانیبەن، ١٣٣١ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن

تەشریفی دێ یار

فەلەک ناڵێم دەگەڵ من ڕاست بە، هەر کەچڕۆیینە کارت!
بەڵام ئەوشۆ سەبرکە، پێم دەڵێن تەشریفی دێ یارت

ئەگەر مانگ تۆش لە کەل سەر بێنیە دەر تا ڕۆژێ، یارەببی!
بە ڕووزەردی هەڵێی، شۆقی نەمێنێ نووری ڕوخسارت

نەسیمی شەو، ئەتۆش دەنگت نەیێ ئەوشۆکە تا ڕۆژێ!
ئەجەل بگرێ هەناسەت، هەر نەمێنێ شوێن و ئاسارت

کەڵەشێر، تۆش مەخوێنە، بێ‌هەرا و بێ‌دەنگ‌بە ئەوشۆکە!
سەروماڵ پێشکەشی باڵت دەکەم، ڕۆحم فیدای زارت

چرا، تۆش هەڵنەبی، بشکێی و نەوتت لێ‌بڕێ یاخوا!
بەجارێ تێک‌بچی، وا گەر بە سەد وەستا نەکەن چارت

خروس بێ‌دەنگ، نەسیم بێ‌هەست، چرا کووژاوە، مانگ خۆی گرت
کەچی تۆ ئەی فەلەک سەبرت نەکرد، هەر بەد بوو ڕەفتارت!

گەردیگلان، ١٣٢٢ی هەتاوی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

بە سەرت

گیانە، شمشیری برۆت خوێن دەڕژێنێ، بە سەرت!
ڕۆژی ڕووشت بە خودا، دڵ دەچزێنێ، بە سەرت!

من بە هۆی ڕووتەوە هاتم، کەچی شمشیری برۆت
کوشتمی بێخەبەر و کردوویە خوێنێ، بە سەرت!

خوێنی من سوورە، لە سەر کوڵمەتە، مەیشارەوە لێم
لەگەڵ ئەو شیری برۆت کێشە بوو دوێنێ، بە سەرت!

یانی کوڵمت وەکوو ڕۆژە کە بە زولفی ڕەشی خۆت
داینەپۆشی دڵ و جەرگم دەکوڵێنێ، بە سەرت!

بەو هەموو سوێندە کەسی من، بە سەری تۆ، هۆنەر
ئارەزووی بوو کە موحەببەت بنوێنێ، بە سەرت!

گەر دەکێشێ لە منی غەمزەدە شیر، ڕۆژی ڕووت
ونکە، با ئاسوودە بم تاکوو سبەینێ، بە سەرت!

"کامیل" ئەورۆ بەکوڵ و جۆشە لە سایەی گوڵی ڕووت
وەکوو بولبول بە خرۆش خۆش دەخوێنێ، بە سەرت!

قاقلاوا، ١٣٣٥ی هەتاوی

بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

سەمای سەر

شـــێواو و پەرێشـــانم، وەک زولفـــی پەرێشـــانت
خەم بوو بە خەمت هەروەک ئەگریجەیی گۆچانـت

بیخـە ملـم و ببیـە، ئەم کەللـە بـە شـەق وەک گـۆ
بـا بێتـە سـەما بـۆ تـۆ، هەڵسـووڕێ لـە مەیـدانت

بۆچیمە سـەری بـێلەش، بۆچیمـە لەشـی بێسـەر
هەردووک بە فیدای تۆ بن، هەردووکی بە قوربانـت

زەنبیل، ١٣٣٠ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// **مفعول مفاعیلن**

پاڕانەوە

ڕووم لــە دەرگاتــە وەکــوو ســائیلی ڕووت
ســـائیلێکم بــە خــودا ڕووت‌وقــووت

مــن و دڵ نیوەشــەو و کــاتی بەیــان
دێینــە بەردەرکــی ئەتــۆ هەردوو بــە جــووت

بــە هومێــدی کەڕەمێکــی زۆریــن
لــە خــودای وا بــە جەلال و جەبەڕووت

بــە نەســیمی کەڕەمــت کۆلکەدرەخــت
تــازە بــوو، خــونچەیی کــرد و پشــکووت

پشــتی مــن ئاســنە، پۆلایــە مەگەر؟!
کــە لــە ژێــر بــاری گوناهــا نەبــزووت

ئیتتیکــام ئــایەتی «لا تەقنەتــوو»ە
ناهومێــدم مەکــە بۆخــۆت فەرمــووت

ئــاهی مــن وەک نەفەســی ســوبحدەمە
کەچی هەر هــات و لــە هــیچ کــوێ نەنگــووت

شــاهیدی حــاڵی منــە خــوێنی دڵــم
کــە بە عەینــی دەتکــێ وەک یــاقووت

غەیــری لای تــۆ نەبــێ، ئەم قوربەســەرە
هــیچ پەنــای دی نییــە، مــات و مەبهــووت

قاقڵاوا، ١٣٣٤ی هەتاوی

بحر رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

پیری لە ناکاو

لەناکـــــاو پیـــــریم لــــێ وەدەرکەوت
بەختـــیش هەروەکخــۆم هــات و لێــی خەوت

دەرکــــی نەجـــاتم لــــێ داخـــراوە
ڕێـــگەی ڕزگـــاریم ڕێــک خـــوار و چەوت

ڕۆژی ڕوونـــاکم تاریـــک بـــوو وەک شـــەو
چـــرای ژیـــانم مـــاوە بـــێ نەوت

فتـــیلەی حەیـــات بەحـــاڵ ڕوونـــاکە
هەربینـــا ئەویـــش لـــە ســـووتان کەوت

جێگـــای گەڕانـــم تـــا ســـەر چـــۆمییە
جێـــی دانیشـــتنم دەرگـــای مـــزگەوت

هەیهەی لەم ژینـــــە لەم بەرێچـــــوونە
کەچـــی بەو حـــاڵەش دڵ هەر نەســـرەوت

ئەســـپی تەبـــیعەت هێشـــتا هەر ســـوارە
هەروا بەکـــارە، بەجـــڵەو، خۆشـــڕەوت

چوارینـــە و هەڵبەســـت، قەســـیدە و غەزەل
یەک لە دووی یەک دێن، پێنج و شـەش، حەوت

ئەو تەبعـــە ســـوارە، تونـــد و ڕەوانە
بـــۆ تـــۆ "ئیمـــامی"! زەحـــمەت بـــێ زەوت

قاقڵاوا، ١٣٤٠ی هەتاوی

بحر متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

ئێشی حاجی بابەشێخ

هەر بەناسۆرە هەمیشە ئێشی حاجی بابەشێخ
قورِ دەپێون پاکی قەوم و خوێشی حاجی بابەشێخ

ئێشی زۆرە نێشی دووری، ئەرخەیانم پێی‌دەچن
قەوم و خوێش و سۆفیی و دەروێشی حاجی بابەشێخ

ئەو شەوی ئەو وا بەجێی‌هێشتین بە دەستی جەم، وەلی
هاتنە پێشواز و کەوتنە پێشی حاجی بابەشێخ

وا فەلەک نالّی و مەلەک فرمێسکی سووری دارژاند
عەرز و دار و بەردیش ئاخ‌هەڵکێشی حاجی بابەشێخ!

قورِ بپێون هەروەکوو "کامیل" لە قیس پاکوو چووە
فکر و تەدبیر و سەلاح‌ئەندێشی حاجی بابەشێخ

قاقلاوا، ۱۳۳۸ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

بەیداغ

هـاتەدەر ئەورۆ لە میحـنەت میللەتـی مەغـدووریٚ کـورد
گەیـنە ئـاوات و مەرامـی خـۆ هەمـوو ڕەنجـووری کـورد

بـیٚ‌کەس و بـیٚ‌دەر بـوو ئەممـا تـۆ گەیشـتی بـوویە کەس
هەر بـژی بـو لاگریـی مە، ئەی ڕەئیس‌جمهـووری کـورد

زۆر لەمێـژ بـوو کـورد دەڕۆیشـتن، نەگەیـنە ئـارەزوو
تـۆ نزیکـت کـردەوە بـۆ ئـێمە ڕێـگەی دووری کـورد

مـوڵکی کوردسـتان بە دەسـت بێگـانە پـاک وێـرانە بـوو
تۆ لە دەسـتت سـەند و بـوویە ئـامیری مەعمـووری کـورد

ئـــاوەدانی و گوڵســـتان و بیٚ‌خەزانـــت کـــردووە
بەو چـلەی زسـتان و ڕێبەنـدانە خـوار و ژووری کـورد

هیممەتـی تـۆ بـوو لە سـەر هەر هەرد و بەرزایـی وڵات
دەیشەکێنیٚ بـای فەرەح بەیـداغی سـەوز و سووری کـورد

هێـزی کوردسـتان دەلەرزێنـیٚ هەمـوو شـێری ژیـان
عەرز ئەلەرزیٚ وا لە بەر پێـی ئەفسـەر و مەئمـووری کـورد

ئەی "زرنگ" تۆش ڕۆح و گیانی خۆت فیدای ئەو زاتە کە!
تـا بڵـێن پێـت ئـافەرین ئەی ڕۆڵەیـی مەشـهووری کـورد

سەرچاوە، ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٨، ١٣٢٤ی هەتاوی، بۆ هەڵکردنی ئاڵا

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

پەیوەند

ئەی زیبـــی گوڵســـتانم، تەشـــریفی قەدت دڵبەنـــد!
تەعریفی بەچیکەم من؟ سەروە و گـوڵی لـێ پەیوەنـد

موددێکـــە گرفتـــاری، ڕەفتـــاری بەد و چـــاکم
جارێ درۆ، جارێ ڕاست، عاشق بە چ بێ خورسـەند؟

ئەو قـامەتە ڕەعنایــە، بــۆ مــن کــە لــە دەس نـایە
جێگەی مـن و دڵ ناکـا، سـەدها دڵـی لـێ بـوو بەنـد

خاکی بەری پێـت، چـاوم! سـورمەی بەسـەری کـوێرە
تیـری مـوژەکەت فێـرە، کـوێر کـا بەسـەرم هەرچەنـد

فەرمایشـــی تـــۆ چـــا بـــوو، شـــیرین و دڵارا بـــوو
بەو لێـوە جنێـو شـەکرە، بەو شـێوە کەلامـت قەنـد

بێچـــارە دڵـــی "کامیـــل" گیرۆدەیـــی خاڵـــت بـــوو
بـــۆ دانە فـــڕی، زولفـــت کـــردی لەپـــڕا دەربەنـــد

چۆمی زەنبیل،١٣١٤ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

سکاڵا

بــۆچی لــێم تــۆرای شــۆخی جەرگبــڕ؟!
بــۆ لەگەڵ مــن بــووی هێنــدە ساردوســڕ؟

مـــاوێکی زۆر بـــوو ئەوینـــدارت بـــووم
تــۆ ساردوســڕ بــووی، ئەمــن گەرموگــوڕ

جــوابی خۆشــی تــۆ هەر پێکەنــین بــوو
منــیش بــە چــاوی فرمێســکی بەخــوڕ

هەر ســـــکاڵام کــــرد، لێت‌پـــــاڕامەوە
لە ســـەر مـــن کەچـــی لێـــت‌دا قرﻭفـــڕ

تۆخـــوا ئـــازیز گیـــان وایـــە دڵـــداری؟!
تـــۆ بـــێ‌بەینەت و "ئیمـــامی" دڵپـــڕ؟!

قاقلاوا، ۱۳۴۲ی هەتاوی

بحر متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

بەهارستان

ئەورۆ بەهــارە، ســەیری چەمەن خۆشــە، خــوار و ژوور
ڕازاوە بـــاغ بـــە ســـەرو و چنـــار و گـــوڵ و چنـــوور

گیا سەوز و جۆگە ســەوز و گەڵا ســەوز و بێشــە ســەوز
دار سوور و لالە سوور و چەمەن سوور و خونچە سوور

بەم ســەوز و ســوورە بــوو دڵــی عاشــق کــە هەڵکــزا
پشــکۆی لــە دڵ خــراوە، دەســووتێ وەکــوو تەنــوور

نـــاڵینی بەربەیـــانی کەو و کـــۆتری شـــاخوداخ
دەنگـــی ژیانـــە، گیانـــە بـــە دڵدا دەکـــا عوبـــوور

شمشـــاڵە، تـــارە، پیـــانووە، گەر بیـــانوو نـــاگری
ســـاقی کەرمکـــە پیاڵـــە، مەترســـە (هـــو الغفـــور)

هـــاتوونەوە بـــە جەم، کـــوڕ و کیژانـــی دڵـــڕفێن
هەرکەس کـــە بێ گـــوڵ و دڵـــە لاچـــێ، بچێتـــە ژوور

زاوایـــە ئێســـتە بولبـــول و گوڵخونچـــە بـــووکییە
خـــاوەن ســـلووکە، کەوتـــووە لەولا، قونـــەوتلوور

کوێســـتانە پـــڕ لـــە ڕاز و نیـــاز و زمـــانی حـــاڵ
جێگـــە و هیـــوای حـــوزووری دڵـــە بۆتـــە کێـــوی تـــوور

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

لەم کاتــە هەرکەســێ بــە خەیــاڵ و بــە بیــری ژیــن
هەر بولبولــە لــە گــوڵ بەکوڵــە، مــاوە بێمشــوور

هەر چاوەڕێیــە بەڵکــە دەمــێ خونچــە پێکەنــێ
هەڵنیشــتووە لــە بــاغ و دەکــا زیکــری (یــا صــبور)!

"ئــاوات"ی داخــۆ کەنگــێ بەجــێدێ لــە گوڵشــەنا
ئەو شــێتوپێتی دڵبــەکوڵی مەســت و بێشــعوور[1]

قاقڵاوا، ١٣٤٢ی هەتاوی

[1] سەید کامیل وێنەی لە نامەکەی نالی هەڵگرتۆتەوە کە ناردوویەتی بۆ سالم و ئاوا دەست پێدەکا:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور!
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

لە غەزەلی یەکەمدا تەنانەت قفڵبەندی جەمسەری شێعر و هێندێک زاراوەش هەر لە نالی خوازراوەتەوە.

سروەی سەحەر

قوربـــانی تـــۆزی ڕێگەتـــم ئەی ســـروەکەی ســـەحەر!
ئەی شـــارەزا و بەڵەد بـــە هەمـــوو کێـــو و دەشـــتودەر!

کـــاتی گزنـــگ چیـــا بـــە نەســـیمت مـــونەووەرە
ڕەنگـــین دەبـــێ لـــە تـــۆقی ســـەری‌ڕا هەتـــا کەمەر

ئەم ڕەنگی زەرد و سوورە لـە سـەرڕا بـە لـوتفی خـۆت
دێنـــی بـــە هەدیـــە بـــۆ دەرودەشـــت کـــاتی گەشـــتوگەڕ

چەشـــنی کـــزەی شـــەماڵ بـــە، وەرە لام بـــە گەرموگـــوڕ
وەک ئـــاهی مـــن مەبـــە، کەســـەکەم! هێنـــدە ساردوســـڕ

بـــاش بـــۆم بگێـــڕەوە: چییـــە بـــاس و خەبەر لەوێ؟
لێـــرە بـــە مەرگـــی تـــۆ خەمـــە بـــاس و خەمە خەبەر!

ئێمـــە هەمـــوو پەرۆش و پەرێشـــان و هەڵـــوەدا
وەک تـــۆ هەناســـەســـەرد و ســـەحەرخێز و دەربەدەر

ئاهەنـــگ و کەیـــف و شـــایی و جێـــژن و ســـروورمان
نـــاڵین و ئـــاخ و حەســـرەت و خوێن‌خـــواردنی جـــگەر

بحر مضارع مثمن اخرب مكفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعيل فاعلن
بڕوانە ژێرنووسی پێشوو.

ڕۆژێ کــه جێژنــه، کــاتی ســروووره، کەچــی لەپــڕ
دەگــرێ بەبــێ موحاســەبە، دەرگــا بــە ئێمــە شــەڕ

پیــاوی جحێــڵ و پیــره لە پــێش تیــری دوژمنــان
وێســتاوه بێپەنــا و پەســیو، بــێزرێ و ســوپەر

خێــزان و مــاڵی دوژمنــی مــە، گــوڵ دەکەن لە بەر
خێــزان و خــاوی ئێمــە کەچــی گــڵ دەکەن وەســەر

بەرمــوور و خشــڵ و زێــوەری مــاڵی مــە، مــوورووه
یــاقووت و لەعلــە، خشــڵی ژنــی وان و زێــو و و زەڕ

هەریەک بــە ئــێش و ئــۆف و بــە دەردێــکەوه تلایــن
هەریەک لە بەر خەمێکــە کــز و مــات و لاڵ و کەڕ

چــاوی تەڕی گەلــە کــە دەبــارێنێ خــوێنی گەرم
فرمێســکی ســوورییانە لە جــێگەی دوڕ و گــوهەر

یــاڕەبی! چــاوەڕێی کزەبــای ڕەحمەتــین هەمــوو
ڕەحمــێ بــە ئــاگر و کــوڵی دل کــە و بــە چــاوی تەڕ

بەڵکــوو چــرۆ وەدەرکەنەوه بــاغی لاوەکــان
بێســایەبان و بــێبەر و بــێبەرگ و بێســەمەر

"کامیل" خــودات دەگەڵ بــێ بــە ئــاواتی خــۆت دەگەی
ئەمجــار بــە ڕەحــم و لــوتفی خــودای خــاوەنی هــونەر

گەردیگلان، ١٣٢٠ی هەتاوی

ئەمە ژینە؟

تۆخـوا ئەمـە ژینـە کـە وەهـا کەوتمـە شەشـدەر؟
ڕێـی چـوونەدەرم هەر بـە خەویـش نـایەتەوە بەر

هەرکەس بـە هەواڵێـک و بـە سـازێ لـە سـەمایە
ئەمنـیش نـە هەوام مـاوە، نـە سـاز و نـە هەمئـاوەر

خـوایە چ تەلەسـمێکە کـە مـن کەوتمـە نێـوی!
چەند مەحکەم و بێڕێگەیـە وەک سـەددی سـکەندەر

ئەعـزام کـە بـە قـوڕدا چـووە، زینـدانی بەلایە
ئەم مەسـکەنە جێـی بـێکەس و مسـکینە سەراسـەر

هەر چوومـە دەرێ، خۆزگـە بـە ناومـاڵێ دەخـوازم
گەر دێـمەوە ژووری، کەچـی ئاواتمـە بـۆ دەر

زوو سـەڵتەنەتم بـوو، کەچـی ئێسـتا ئەوە سـەڵتم
جـاران وەکـوو شـا بـووم و ئەوێسـتاکە قەلەنـدەر

مەنفـوور و سـەگ و بـێئەدەب و شـەرم و حەیـایە
هەرکەس بگـرم مـن، چ بـە نـۆکەر، چ بـە سـەروەر

وەختـە وەکـوو دێوانـە وە کێـوی بـدەم ئەوڕۆ
غەم قووتمـە، غەم بەرگمـە، غەم هەمـدەم و یـاوەر

قاقلاوا، ١٣٣٧ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

شاری مەستان

ئێــره وشــکارۆی هەمــوو جێگــه و وڵاتانــه مەگەر؟
وەک دڵی من تەنـگ و تاریـک، بـۆچی غەمدانـه مەگەر؟

وا شــپرزه و تێکچــووه، چێشــتی مجێــور باشــتره
بــێکەس و بــێدەر، هەتیــوی دەرکوبانانــه مەگەر؟

باسـی نانـت کـرد لـه هەرجـێ، سـەد نەفەر ئەستۆکەچه
ئەم وڵاتــه قــاقڕە جێــی قــووتی لاتانــه مەگەر؟

چەرخی گەردوون بۆ له سەر من جارێ خول نادا، چییـه؟
بۆچی نەگبەت هەر بەشی من؟ هەر له من جوانـه مەگەر؟

مەسـکەنی جـنن و پەری هەرکەس دەبینـێ شـێت دەبـێ
ئەم بەقــوڕگیراوه بــۆ جێــی غەیــره ئینســانه مەگەر؟

لائوبــاڵی و بــێخەبەر، لاقەیــد و بێتەدبیــر و ڕا
کەس له کەس گوێ نـاگرێ، بـۆ شـاری مەستانه مەگەر؟

قاقڵاوا، ١٣٣٤ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

ئاڵای پیرۆز*

لە هەمـــوو کـــوردی وڵات بـــێ پیـــرۆز
خاســـــە بـــۆ وانە لەگەڵ مەن دڵســـۆز

بـــۆ ئەوانەی کە بە پێشـــواز هـــاتن
فیرقەیـــی پیـــادە و چەنـــد ســـواری قـــۆز

هەر بـــژین میللەتـــی کـــوردی بەئەبەد
هەر بە شـــان هەڵگـــرن ئـــاڵای پیـــرۆز

دوژمنـــی کـــوردی هەڵات بـــۆی دەرچـــوو
ڕێـــوییە و کلکـــی ئەوا گـــرتە گەڵـــۆز

گەردیگلان، ١٣٢٤ی هەتاوی

---

* کاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شاری بۆکان، مام هەژار ئەم شیعرانەی "ئاوات"ی خوێندۆتەوە.

بحر رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

لەشکری ئەگریجە

دەستەدەستە بە سەفی لەشکری ئەگریجە بە ڕیز
عیشق و عەقڵم لەگەڵ ئەو دەستە دەکەن جەنگ و گوریز

قەدی ئاڵایە کە هاڵاوەتە ڕوخسار و برۆ
شێر و خورشیدە عەلامەت، چ جوانە، چ بەڕێز

ئەفسەری لەشکری ئەگریجە دوو چاوی جەنگین
هەر دەوەنگێوێ بە تیری موژە، هەردوو خوێنڕێژ

سەنگەری غەمزە دەبەستن لە کەمینگای چاوان
وەکوو ڕاوچین و دەبەن بۆ دڵی زارم پاریز

خوسرەوی سەڵتەنەتی ملکی وجوودە عیشقی
عەقڵەکەم مەرکەبی خۆشڕۆیەتی چەشنی شەودیز

گەردیگلان، ۱۳۲۰ی هەتاوی

بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

سەروی نەورەس

بــە ئــاگری دووری تۆیــە بوومــە قەقــنەس
نەمــاوە گیــانەکەم، هیــوام بــە هــیچ‌کەس!

ئەگەرچـــی پیـــرم، ئەممـــا وەک منـــاڵان
دڵـــم دەشـــنێ لـــەبۆ ســـەروێکی نەورەس

ئەتـــۆ ســـەر تـــا بە پــێ گـــوڵزارە بـــاڵات
منـــیش ســـەر تـــا بە پـێم یـــا خــارە یـــا خەس

دڵـــــم دەڕوا بەرەو بـــــاغی جوانیـــــت
ئەگەر پەیـــدا بکـــا ڕۆژێکـــی دەســـڕەس

بەرەو ڕووی گــۆڕ ئەچــم هەرهاکــە زانیــت
لە ســـەر تەرمـــم بنیشـــن داڵ و کەرکەس

بـــە نـــاڵین و ســـکاڵا و شـــین و گریـــان
لە قیســـی چـــوو "ئیمـــامی" ژیـــن، ئیتـــر بەس

قاقڵاوا، ١٣٣٤ی هەتاوی

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

سکاڵا

ڕووڕەشی دەرگای خوداوەنـدم لە بەر نەفسـی خەبـیس
سـەیری ئامـالی گـڵاوم کەن دەگەڵ ئاکـاری پـیس

نەفسەکەی ئەممارەکەم وەک مارە، چۆن بۆم دەسـرەوێ؟
ڕەنگ‌وڕووشم هەروەکوو دارێکە پیر و وشـک و سـیس

کاکـە دونیـا خـۆی گـڵاوە، هەرکەسـێکیش وێـیکەوێ!
تێکەڵـە بێ‌شـک دەگەڵ خاشـاک و ئەشـیایی نەجـیس

مـن قەرارم وایـە ئەوجـار تەرکـی خۆشـی‌کەم بـە دڵ
خـواردنم نـانێکی ڕەق بـێ، بەرگ و پۆشـاکم تەلـیس

عـومری بەدبەختـیش ئەوەنـد تووڵانییـە نـابڕێتەوە
هێنـد درێـژ و نالەبـار و خـوار و خێچـە وەک گـوریس

دەک بەڵای لـێدا ژیـانی وا بـە نەنـگ و عـارەوە
نەسـرەوێ عـومری ئەوەنـد تـاڵ و ژیـانی وا خەسـیس

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

دەخولێمەوە

هەروا بە داخــی خــونچەوە دەخــولێمەوە لــە بــاغ
هەرواش کەچــی بە داخەوە نەمــدی لەوی ســۆراغ

لالەم دەدی لــە بــاغ وەکــوو ســاقی لــە مەجلیســا
دێــت و دەچــێ بە بــاوە، بــە دەســتی هەبــوو ئەیــاغ

چــاوی ڕوابــوو نێرگســی بێچــارە بــۆ گــوڵی
ئێشــا دڵــی کــە خونچەگــوڵی جەرگــی کربــوو داغ

شــەوبۆ و هەڵاڵــە، لالــە وو نەســرین لــە ڕۆژپەڕا
جوان بوون لە گوڵشەنا، هەموو بووبوون بە شەوچراغ

تــۆرا، لــە بــاغ و گوڵشــەن "ئیمــامی" وەدەرکەوت
ڕووی کردە چــۆڵ و بەنــدەن و ســارا و شــاخ و داغ

گەردیگلان، ١٣٢٨ی هەتاوی

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

نامەی بانگهێشتن*

قەدەم هەڵبێنــــە خۆشکــــە خـــاتری تەنـــگ
بەپێی خۆت بێنە شـادی و کەیـف و ئاهەنـگ

خەریکـــــی ڕشـــتنی ڕەنگـــی عەرووســـــین
بەبـــێ تـــۆ ڕیســـی ئێمـــە نـــاگرێ ڕەنـــگ

ئەتـــــۆ ســــــەرقافڵەی ڕێــــگەی مـــــرادی
منـــیش کوێســـتانە ڕێـــگەم، قـــافیەم تەنـــگ

ئەوا چـــاوم لە ســـەر ڕێتـــە بەبـــێ هەســـت
ئەوا ڕۆحـــــم لە بەر پێتـــــە، بـــــەبێ دەنـــــگ

دڵـــــی بێچـــــارە بـــــۆ تـــــۆ وەک کەبـــــابە
نییـــە بێتـــۆ، شـــەڕابی نـــاب و گوڵڕەنـــگ

هەمـــــوو ئەســـــپابی شـــــادی، گردوکـــــۆیە
کەچـــی بـــێ تـــۆ تەرازووی عەیشـــە لاســـەنگ

وەرە تـــۆ ســـــەیقەڵی بـــۆ قەڵبـــی "کامیـــڵ"
بـــە لوتفـــت لابەرە گیانـــە لـــە دڵ ژەنـــگ

گوندی شێخچۆپان، ١٣٣١ی هەتاوی

---

* دەعوەت بۆ شایی کوری گەورەی، خوالێخۆشبوو سەید تاهیری ئیمامی
بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

کەرەی کرد بە زەنگ؟

ئەوشـــۆ لـــە بەزمـــی یـــاری شـــوخ و شـــەنگ
عـــــالەم خرۆشـــــا، تێکـــــرا بێدرەنـــــگ

چ بەزمێـــک؟ بەزمـــی کەی و کەیخوســـرەو
چ شـــۆخێک؟ شـــۆخی بێعـــار و بێنەنـــگ

وا کـــــــۆڕ ڕازاوە بێئەغیـــــــار، ئەوچەل
بـــۆم تێکـــە مەیگێـــڕ، شـــەرابی گوڵڕەنـــگ

زڕە و خـــــڕەی دڵ، ئـــــاهـ و نـــــاڵەی نەی
چـــریکەی تـــار و زرمـــە و گـــرمەی چەنـــگ

گیـــانم ســـەودا کـــرد بـــە پیاڵێـــک، ســـاقی
مـــــاچێکی بـــــاقی دامەوە، بێدەنـــــگ

لەم ساتوســـــەودا، لەم ســـــاقی و بـــــاقی
یـــاران دڵخۆشـــن، دوژمنـــان دڵتەنـــگ

پەری چۆتـــە بـــاغ، گـــوڵ بێبـــرەو مـــا
بێشـــەوق و زەوق، بێبـــۆن و بێڕەنـــگ

بـــــاخەوان ڕووتەڵ، بـــــۆی وەدەرکەوت
وەک دەڵـێن: بولبـول مـایەی بـوو بـە سـەنگ

بحر متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

لەم گێـــرە و کێشـــەی عیشـــق و دڵـــداری
لەم هەرا و بەزمـــی یـــاری شـــۆخ و شـــەنگ

داخـــۆ ئەوینـــدار چـــی وە چەنـــگ کەوت؟
یـــا خـــۆ "ئیمـــامی" کەرەی کـــرد بـــە زەنـــگ؟

قاقڵاوا، ١٣٤٧ی هەتاوی

زستان

زســـتانە، بەفـــرە، حەشـــرە، وڵات پـــڕ لە ناڵەنـــاڵ
دێـــوی ســـپی بە قیـــنەوە هـــات، بـــۆتە پیـــرەزاڵ

هێنـــد قورســـە، هێنـــد گـــرانە، هەڵســـتانی حەســـتەمە
وەک مۆتەکە لە سەر ســەر و ســینگانە مانــگ و ســاڵ

ســـەر ســـینگی گرتـــووین و هەناســـە نەمـــا بە کەس
کەوتـــووینە ژێـــر کلـــیلەوە، دەبـــزووینەوە بە حـــاڵ

ئینســـــان لە ژووریێ مـــــاونەوە، وەک کەوی قەفەس
وەک مەیـــــتە پیرەڵـــــۆکێ لە عەرزا بـــــبن شـــــەلاڵ

مـــاوین؛ بەڵام چ مـــان؟ بە خـــودا مەرگ خۆشـــترە
مەرگـێکە نێـوی ژیـنە، چ ژیـن؟ ژینـی تـرش و تـاڵ

بـــێبـــاڵ نەمـــاوە گەر دەرەتـــانی، تەنـــانەتیش
باڵـدارەکان ـ فەقیـرە! ــ هەمـوو کەوتـوون لە بـاڵ!

هەر پێکەنـین بـوو کـاتی بەهـاران دەهـاتە گـوێ
هەر زیرەزیـــــڕە ئێســـــتە لە ســـــەرمان و زاڵەزاڵ

کیژان بە توێی کراسێ لە گەشت بـوون و گـوڵچنـین
ئێسـتێ لە خـۆ وەکـۆوە دەکەن سـەت سـڕ و سـیپاڵ

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

هێنــدەم تەمەن ببــایە کە دەمــدی بە چــاوی خــۆم
ئەو کــاتە خۆشــە دێــنەوە سیســارک و پیــرەداڵ

یــادی بەخێــرێ کــاتی بەهــار و کــزەی شــەماڵ
ســەیران و شــایی گرتنــی لاوان و کیژوکــاڵ

چەند شۆخ و شەنگ و جوان و لەبەردڵ دەچوونە باغ
بەرز و بڵنــد و دڵــبەر و لێوئــاڵ و چــاوکەژاڵ

یــادی بەخێــرێ ئەو دەمە قاســپەی کەوان دەهــات
جوانیــان دەرشــت نێــرە و مــێ ڕیــزە وردەخــاڵ

ئەو کــاتە، ئەو دەمــانە کە خێــڵ دەچــنە بەنــدەنێ
یادیــان بەخێــرێ بێریــی و کابــانی گەورەمــاڵ

جــێژوان بەتــاڵە، داخــۆ کــوڕ و کیــژی نیشــتمان
هێشــــتا لە بیریــــانە؟ لە دڵدا دەکەن خەیــــاڵ؟!

داخــوا دووبــارە دێــتەوە گوێمــان و دێ بەهــار
دەنگــی شــوان و تــووڕەیی بلــوێر لە هەرد و یــاڵ؟

داخــوا دەگەیــنە فەســلی بەهــار و دەژیــنەوە؟
وەک گیــا و گــوڵ لە ژێــر زەوییــا دێــنەدەر منــاڵ؟

کــاکی "ئیمــامی" تــۆ تەمەنــت زۆرە، حەســتەمە!
بــووژانەوەت بە تــاوی بەهــار، موشــکیلە و مەحــاڵ

قاقڵاوا، ١٣٥٠ی هەتاوی

بە ناوی تۆ

بــە یــادی تۆیــە دەچــنم خــونچە وو گــوڵ!
بــە تیــری تۆیــە کــون بــوو دڵ، دەدا چــڵ

بـە بـۆی شـەوبۆی گـوڵی کوڵمـت دەسـوورێم
دەڕۆم ئەم دار و ئەو دار، ئەم چــڵ، ئەو چــڵ

لــە نێــو زولفــی ڕەشــتدا هەر دەخــوێنێ
شــەوێ تــا ڕۆژ دڵــم وەک پیرەبولبــول

لە زولف و خەتت و خاڵی تۆ دروسـت بـوون
وەنەوشــە و ســوورەگوڵ، شــەبۆ و ســونبول

بەخێریــی نێرگســی شــەهلا، لــە باخــان
چراخانــە لــە خۆشــی تــۆ لە نێــو گــوڵ

ئەوا بــۆنی گــوڵی تــۆی کــرد "ئیمــامی"
بـە بـێهۆشـی لـە خۆشـیان هەر دەدا خـول

کانیبەن، ۱۳۳۰ی هەتاوی

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

بێچارەیە کامیل

بڕوانــە چ بەدبەخـــت و چ بێچارەیـــە کامیـــل!
چەنـد دەربەدەر و بـێکەس و ئاوارەیـە کامیـل!

چەنـد دڵبەغەم و مـات و پەرێشـان و بـڵاوە
چەنـدە لـەکوڵ و زار و جگەرپارەیـە کامیـل!

ئەی خالیقی مـن، ڕازیقـی مـن، دافیعـی دەردم
ڕەحمێ، کە کوژەی حەسرەتی ئەمجارەیە کامیل

سەیری جـگەرم، لەتلەتـە، زووخـاو دەدەڵێنـێ
یەک کـالبەدی کەوتـوو و بێکارەیـە کامیـل

مەیلت کە لە سـەر دەربەدەری و قوڕبەسـەریمە
یـاڕەببی چ کـارێکی بەم ئەسـرارەیە کامیـل؟!

هەرچـی کـە ئەتـۆ مەیلتـە، پێمخۆشـە خـودایە
بێدەنگ و سـەدا و قاڕەیـە، بێباڕەیـە "کامیـل"

قاقڵاوا، ١٣٥٦ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

ساتوسەودا

عاشـــقی ڕووی دڵـــبەری بـــێ‌گەردی وەک مینایـــە دڵ
دای لە دەس هەرچی کە بووی بەو سات و بەم سەودایە دڵ

عەقـــڵ و فکـــر و بیـــروڕای تێکـــڕا لەقیس‌چـــوو ئەوکەڕەت
مـــاوە ئەو بێ‌چـــارە، ئەو دێوانـــە، بێ‌ســـەرمایە دڵ

وا مەزانـــە پارچەگۆشـــتێکی ڕەشـــی بێ‌کـــارەیە
زۆر بەشـــان و شـــەوکەت و جـــوان و سەروســـیمایە دڵ

جەمیان، ١٣٢٩ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

بەفری خەم

بەفری خەم دیسان لە سـەر کوێستانی دڵ
کەوتـــووە، ڕووخـــاوە دەرکـوبـــانی دڵ

بـاری خەم دایگرتـووە، قـورس و گـران
بـوو جـدەو بەو کۆڵـە، کـۆڵ و شـانی دڵ

بێسەروسامانی خۆم سەد چەل بـە تـوون!
داخەکەم بـــۆ بـــێ سەروســـامانی دڵ

هەر بـــەناســـۆرە، برینـــی کـــارییە
ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زۆرە ئـــێش و ژانـــی دڵ

وەک دەڵـــێن میـــری ئەوینـــی پێـــوە دێ
زۆر بەڕێـــز و گەورەیـــە میـــوانی دڵ

ئـــاوری عیشـــقی هەڵیقرچانـــدووە
جەرگ و دڵ بۆتـــە کەبـــابی خـــوانی دڵ

ڕێگەیـــی هـــات و نەهاتـــت دیتـــە بەر
بیبـــڕە "کامیـــل" بـــە پشـــتیوانی دڵ!

قاقڵاوا، ١٣٥٤ی هەتاوی

بحر رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

زمانی دڵ

موددێکە نووکی خامە لە وەسفی جەماڵی دڵ
دەدوێ، بەڵام زمانی لەتە، بێویساڵی دڵ

ئەو ڕۆییوە، کەچی منیش هەڵبەستی بۆ دەڵێم
قاسید! هەڵێ هەتا دەگەیە دەرکی ماڵی دڵ

نامێکی ڕێکی خامە بدە دەستی دڵ، بڵێ
دەیگوت چلۆنە داخۆ برا ماڵوحاڵی دڵ؟!

عەرزت دەکا: زەمانە سیاکاری خۆش دەوێ
بۆیە لە مل منی بەگوناهە وەباڵی دڵ

ئەی ئافەرین قەڵەم! بە زمانی شڕ و لەتیش
تاریف دەکەی لە دڵ، بە زمانی زوڵاڵی دڵ

گەردیگلان، ١٣١٩ی هەتاوی

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

دێوی سپی

خێڵـی جحێڵـی ڕۆیـوە، پیـری گەیشـتە لام
ناچـار ئەبـێ بـە پیـریەوە بـێم و بڵـێم سـەلام

میوان دەڵـێن عەزیـزە، دەبـێ ڕێـزی لـێ گـری
جا چۆن ئەمن لە دێـوی سـپی بگـرم ئیحتـرام!

ئەو زۆر نەمـاوە لام و بەجێـیهێشـتم و هەڵات
نـازانم ئەم چلـۆن دەبـێ، میـوانی وا بەسـام!

میـوانی دوایی‌یـە ئەمـە، پـێم وایـە مـاوەیەک
لای من دەبێ مولازیمی ڕۆحە بە سوبح و شـام

تا مـن نەبـا لەگەڵ خـۆ، بەجـێم نـایەڵێ دەمـێ
یاخوا بە خێرێ، مـۆری سـپی مەرگـی پێوەنـام

سـەرچاوەکەی ژیـانمی کـرد تـاڵ بـە هـاتنی
بەفری سەرانە هاتووە، یا مووی سپی بوو؟ کام؟

هەرچی کە بـوو، گرانـە "ئیمـامی" لـە بەر دڵان
بۆیە بە جارێ وەک فەنەری تەخت، تێکشـکام

قاقڵاوا، ١٣٤٠ی هەتاوی

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

مەجنوون وەرە

مەجنوون، وەرە قوربانی سیفاتی حەسەنت بم!
حەیرانی سەفای نەجد و ولآتی یەمەنت بم!

کـــوژراوی بیابـــانگەڕیـــی و دەربەدریـــتم
شەیدایی هەموو چۆلگە و دار و دەونت بم!

هەرجێگە گەیشتی، وەتەنت بوو لە زەعیفی
قوربانی هەموو گەرد و غوباری وەتەنت بم!

چاوت بووە ئاوپاشی چەمەنزار و گوڵستان
شەیدایی گوڵستان و بیساتی چەمەنت بم!

مردوویی قسەی خۆشم و لەهجەی نمەکینت
ئاوبردەیی نوتقی خۆشی شەککەرشکەنت بم!

بۆ هاودەمی تۆ قابیلە "کامیل" بە شەو و ڕۆژ
قوربانی ڕەش‌وڕووتی و زەعفی بەدەنت بم!

زەنبیل، ١٣١٥ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

مافی خۆمە

مـافی خۆمــە لـێم گەڕێــن بــا هەر وەهــا بێچــارە بــم
مەخسەرەی دوم و دوراجی ئەم سـەر و ئەو خـوارە بـم

با وەکوو کـوێر و شـەل و نوقسـان و بـێچـارە و هەژار
تــاکوو دەمـرم چـاوەڕێی ئیحسـان و پـوول و پـارە بـم

بەو هەمـوو بـاری گوناهــە بـوو جـدەو پشـتم خـودا
تاوەکوو کەی دەست لە ئەستۆی پیسی ئەو کـردارە بـم؟

کەی خەبەردارم دەکەی یا ڕەب بە زەنگـی مەرحەمەت؟!
بــا بەس ئــاخر مـوبتەلای ئەو شـوێنە، ئەو ئاکــارە بـم

بەم هەمـــوو تەبعـــە ڕەوانـــە، بەو هەمـــوو هـــۆنراوەوە
چاکـــە نەبمـــە شـــوهرەیی ئافـــاق، هەر ئـــاوارە بـــم

عــاقڵی و ژیــری و زرنگــی ئێســتە بــێمــۆدن لە لام
باشە وەک مەجنـوونی سـەرگەردان و ویـڵ، پەتیـارە بـم

مەمکەنـە بەرمـوور لە بەرچـاوان بـە دەنـگ و باسـەوە
با وەپشت گوێم خەن جوانان، لـێمگەڕێن بـا گـوارە بـم

نەچمە سەر چاو وەک برۆ، وا چاکـە مـن بـۆ مـاوەیەک
هەروەکوو ڕیشێکی بێئیش، جوانـە هەر لەو خـوارە بـم

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

شــەرتە ڕازی عیشــقی خــۆم هەر هەڵگــرم تــا مــردنم
بــا لــە قەبــریش‌دا ئەمــن ســندووقی ئەو ئەســراره بــم

تۆ کە گــۆت بردۆتــە دەر "کامیــل" لــە گــوڵزاری ئەدەب!
حەقتە فەرمووی: هەر ئەمــن بــا شــێتی ئەو گــوڵزاره بــم

قاقڵاوا، ١٣٥٠ی هەتاوی

پاڕانەوە

مەن سەگێکم، سەگێکی دەرگاتم
گەرچی بێ‌فکر و بێ موبالاتم

گەرچی برسی و فەقیر و بێ‌هێزم
وا بە هیوا و هومێدی تۆ هاتم

کەسەل و بێ‌وەڕ و لە پاس کەوتوو
نانی شوانم دەخوارد و هەر لاتم

پیر و بێ‌کەڵپە مام و لێ‌قەوماو
بۆیە ڕووزەردم و کز و ماتم

لوقمەنانێ لە دەرکی تۆم بدەنێ
وەدەزانم ئەمیری شاماتم

ناهومێدم مەکە لە ڕەحمەتی خۆت
بێنەجێ ئارەزووم و ئاواتم

وا "ئیمامی" دەڵێ: بڕا لە خەمان
شێعر و هۆنراوە و مەقالاتم

قاقڵاوا، ١٣٥٢ی هەتاوی

بحر خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعلن فعلن

قوربانی وەفاتم

غەرقم لە غەمی هیجری تۆ، بۆیە کز و ماتم
زولفی وەکوو زنجیرتە ئەسپابی نەجاتم

بیخە ملم و بمخە قەراغێ بە سەری خۆت
ئەی سەروی بڵندقامەتی شیرین‌حەرەکاتم!

لەو ڕۆژەوە من کەوتمە نێو بەحری غەمی تۆ
ڕۆشن بووە لای ئەهلی وەفا عەهد و سوباتم

هەرچی لە دڵتدایە بەبێ ترس و خەم و بیم
بیکە لەگەڵم، گیانە بە قوربانی وەفاتم

مەعلوومە کە تۆ خاوەنی جوانیی و جەماڵی
هەرچەندە نییە ماچێ لە لێوت بە زەکاتم

وەک لێوی بەدەخشانتە گوڵ، خەندە سیفاتە
بۆیە وەکوو بولبول بە هومێد و بە تەماتم

"کامیل" کە وەها غەرقە لە گێژاوی غەمی تۆ
تۆ خوا بگرە دەستی، عەزیزم بە فیداتم

گەردیگلان، ۱۳۳۰ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

بێ‌هەستم

لەمێژە من کە زەدەی غەمزەیی دوو نێرگسی مەستم
وەداوی زولفی کە کەوتم، بە شێتی چا بوو خەلەستم

دڵی پساندم و ڕۆیی، بەڵام بەوەم چا بوو
گەڕاوە لام و بە تاڵێکی بسکی وی بەستم

هەڵاوەساوە دڵ و من لە دووی لە پێ‌کەوتم
مەگەر بە ڕەورەوە، گاگۆڵکەکەم، لە پێی خستم

بە پیری سەیرە چلۆن بوومە پەندی پیر و جحێڵ
وەکوو هەڵاڵە لە دەشتی گوڵام و بێ‌پەستم

کە دیتە باغ بە خەیاڵم لە دەست و پێی هاڵێم
کەچی بە داخەوە خۆ بەند نەبوو لەوێش دەستم

جنێوی دابوو بە من یار بە لێوی شیرینی
منیش شەوێکی بە بێ‌دەنگی چوومە لای گەستم

لەوێ شەوێ دەم و لێوی "ئیمامی" چەسپاوە
وتەی نەماوە، ئەوا بۆیە ئێستە بێ‌هەستم

ئاقڵاوا، ١٣٤٥ی هەتاوی

بحر مجتث مثمن مخبون محذوف: مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن

ئەسپی نەگبەت

مــــن ئەوا غەرقـــی گونـــاه و قەســـوەتم
غەرقـی بەحـری پیسـی قـووڵی شـەهوەتم

خۆ بە چابوکسواری مەشهوور بووم، کەچی
چونکە زۆر سەرکێش بـوو ئەسـپی نەگـبەتم

وا هەڵیگـــرتم لە ڕێـــی هـــات و نەهـــات
چـــوو ســـەر و مـــاڵ و ژیـــان و ســـەروەتم

هێنـــد لـــە دار و بەردی دام، کەللـــەڕەقە
هەر نەمـــا لام کاکـــە، شـــان و شـــەوکەتم

بەو هەمـــوو بـــاری گونـــاهەم خـــۆ خـــودا!!
چـــاوەڕێی دەرکـــی هەراوی ڕەحمەتـــم

مـــن وەکـــوو شـــێری ژیـــان بـــووم، ئێســـتەکە
مامــــەڕێوییێکی کـــــز و بـــــێهەیبەتم

هەروەکـــوو ڕێـــویم، ئەوا لێـــرە و لەوێ
ئەی "ئیمـــامی"، هەر خەریکـــی فرســـەتم

قاقڵاوا، ١٣٣٧ی هەتاوی

بحر رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

لە قەڵەم کەوتووم

ڕەحمـــێ بـــە دڵـــی شـــێتم، بێتـــاقەت و خەمبـــارم
هەر ڕەعیەتـــــی بەرپێــــتم، بێکـــــارم و پاکـــــارم

مالیک نییـە غەیـری تـۆ، مڵکیش هەمـوو هەر هـی تـۆن
ڕێـــگەم بـــدە یـــا ڕەببـــی، بـــێمەلجەء و ناچـــارم!

ئەی خـالیقی ڕۆژ و شـەو، ڕۆژم ڕەشـە هەروەک شـەو!
دووركەوتـــوو لـــە یـــارانم، هەمســـایەیی ئەغیـــارم

جاران وەکوو شـا وا بـووم، شـای دوورەخەم و دڵخـۆش
ئێســـتا کـــز و سیســـی خەم، بەر تـــانە وو پلـــلارم

ئەو دوژمنـــی ئەمڕۆکـــە، دوێنێکـــە ڕەفـــیقم بـــوون
وا مـــامەوە تەنیـــا مـــن، بـــێهەمـــدەم و بێیـــارم

جـاران وەکـوو بولبـول بـووم، بـۆ مەدحـی گوڵسـتانم
ئێســـتا لـــە قەڵەم کەوتـــووم، بێســـەوزە و گـــوڵزارم

شـــێواو و پەرێشـــانم، بـــێدەنگم و دەشـــناڵم
گریـــانم و خەنـــدانم، خۆشـــنوودم و بێـــزارم

تۆ مالیک و من مەملـووک، تـۆ خـالیق و مـن مەخلـووق
موســـتەوجبی ڕەحمـــی تـــۆم، یـــا ڕەببـــی گونەهـــبـــارم!

بحر هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

مەخدووشــە لەف و نەشــرم، مەغشووشــە هەمــوو فکــرم
تێــکچوون بــە غەم و غوســـە، ئەفکــارم و ئەشــعارم

ئەممــا بە خوداوەنــدیت، ئەم عەبــدە زەلــیلەی خــۆت
ئەمجـــارە نەجـــاتی دەی، هەرچەنـــدە گرانبـــارم

بــاری گــونەه و عیســیان، وا پشــتی جــدەو کــردم
ڕەوتــم هەمــوو لێتێــکچوو، وا هێنــدە بەئــازارم

"کامیل" وەرە ســەیری دڵ، خــۆشنەغمەیــە وەک بولبــول!
خۆشڕەنگ و جوان وەک گوڵ، هەرچەند بە مەسەل خارم

قاقڵاوا، ١٣٤٥ی هەتاوی

تەختەی سەرئاو

ســازام بە خــودا چــابوو لەگەڵ هەر خەم و دەردم
وێســتام لــە بەرابەر هەمــوو ســەختیم، کــە مەردم

دانیشــتوو بــە هەر دەشــت و بیابــان وەکــوو تــۆزم
جارێک کــە لە دووی قافڵــە هەستم وەکــوو گەردم

گــا تــۆزم و گــا گەردم و گــا دەردم و گــا مەرد
بڕوانـــــە لەگەڵ حادیســـــە مەردم، بـــــە نەبەردم

بەســراوە هەمــوو شەشــدەری دونیــا لــە منــی زار
لەم تەختەیـــی ســـەر ئـــاوە نەمـــا مـــۆرەیی نەردم

سەد چەل دڵی "کامیل" چەڵەمە و تەنگی وەبەر هات
بەو حـــاڵەوە هەر مـــاوە، تەماشـــا دڵـــی بەردم

زەنبیل، ۱۳۱۵ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

پێ پەستم

وەک قەڵەم دایـــــیمەن ســـــیاکارم
بۆیـــە بەو زولفـــی تـــۆوە دڵ بەســـتم

گەرچـی پیـرم بـە عیشـقی تـۆ، سـەیرە
کەچـــی جوانـــە کەلام و هەڵبەســـتم

چـــاوەکەم، چـــاوی تـــۆ بـــە وشـــیاری
دەڕفێنـــێ دڵـــم، دەڵـــێ: مەســـتم

چوومـــە بـــاغی گـــوڵان و لێـــی کەوتـــم
وەک جلـــە، بێ‌ســـەدا و پێ‌پەســـتم

بەڵکـوو تـۆ بێتـە بـاغ بـە سـەر مـن‌دا
ڕابـــری؛ بۆیـــە مـــات و بێ‌هەســـتم

بـــە ڕەقیبـــی ســـەگم بڵـــێ بەس بـــێ؛
هێندە هـات ئەو لـە دووم، لـە پێـی خستم

دەچمـــە کێـــوان دەڵـــێم مـــنم مەجنـــوون
وێڵـــی مەعشـــووقەیێکی ژێردەســـتم

وەکـوو چـۆن "قەیـس"ی کـردە مـاڵوێران
ئەمنـی خسـت لـە پـێ کـە هەڵنەستم

بمکـوژێ و بمبـڕێ بـە خەنـجەر و شـیر
وەک "ئیمـــامی" لـــە پێشـــی ڕاوەســـتم

گەردیگلان، ١٣١٧ی هەتاوی

بحر خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعلن فعلن

دەوای دڵی زارم

بــە گــوێی زەمانــە بگــا گیانــە ئــاخۆ هــاوارم؟
وەڕەز لـــە ژیـــنم و بـــوونم، هەراس و بێـــزارم

تەمەن تەواو بووە، ئەمما تەمەع وەکوو خـۆی مـا
لــە بەژنــی بەرز و لــە ئاکــاری جــوانی دڵــدارم

کەسێ کە پرسی لە من، پێی بڵێن: وەکوو مەجنوون
لــە زەرد و ماهــە، لــە هەرد و تەلانــە ئاســارم

ڕەفیقــی جــانەوەرانم، ئەســیری بەنــدی ئەویــن
هەمیشــە ڕووتەڵــی نێــو بــاغ و دەشــت و کۆســارم

نەخۆشــی دەردی ئەویــن بــێعیلاج و دەرمــانە
بەداخەوە نییـــە چـــارە و دەوای دڵـــی زارم

دوو مــاچی لێــوە، ئەویــش پێــوە دەمــرم و نــابێ
نەســیبی ئەو دڵــی وا پــڕ لــە دەرد و ئــازارم

"ئیمامی" هەروەکوو کوێر چاوەڕێیــە چــاوی هەبــێ
کەچــی بەداخەوە هەر کــوێرە چــاوی بیمــارم

قاقڵاوا، ١٣٥١ی هەتاوی

بحر مجتث مثمن مخبون محذوف: (مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن

حەسرەتی دڵ

لــە ئـێش و حەســرەتی دڵ وەختــە بمــرم
پەڕ و بـــاڵ ڕەنگـــە بەم ڕۆژانـــە بگـــرم

لــــە هەرجـــێ دادەنیشـــم چـــۆڵوهـــۆڵە
مەگەر کونـــدم، کـــە وا ویرانـــە قەبـــرم؟

لە نێـــو کـــۆڕی ئەدیبـــان ئەفســـەحێ بـــووم
کەچـــی ئێســـتاکە وا بـــێنەزم و نەســـرم

وەکـــوو کەرویشـــکی لانـــەوخوارم، ئەممـــا
لــە پـێش چـاوان بەلاّن وەک شـێر و بەبـرم

بـە حیلـە و فێـڵ و نەیرەنـگ بـووم، ئەوێستێ
چ بەســـــتەزمان و بێئەفســـــوون و مەکـــرم

ڕەئیســـــی خێڵـــی بێچارانـــــە "کامیـــــل"
ئەنیســـی میحـــنەت و ئەنـــدووە و فەقـــرم

شـوکور زەیـقەت هوجـوومی کـردە لای مـن
حەدیســـی ئەحـــمەدە (ئەلفەقـــرو فەخـــر)م

مەڵـێن بـێ هیممەتـە؛ ڕیشـەم لە بـن هـات
زەعیفـــــە تـــــاقەتم، بێتینـــــە ســـــەبرم

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

بەڵای لـــــیدا ژیـــــانی وا بـــــەزیلـــــەت
چ تـــاڵوتوونـــە چـــاوم، عـــومری خـــدرم

بـــە زینـــدوویی بـــە کـــاری مـــن نەهـــاتن
ڕەفیقـــــانم؛ مەگەر بمنێنـــــە قەبـــــرم

قاقڵاوا، ١٣٥٠ی هەتاوی

زیارەتی سەروەر

ڕۆح ئەوا کەوتۆتـــە پەرواز بـــۆ حـــوزووری دڵـــبەرم
بێنەجـــێ ئەســـبابی پەروازم، کـــە بێبـــاڵ و پەڕم

بـــۆ مەدینـــە بـــاڵی لێـــکدا تەیـــری دل، ڕۆیـــی کـــوتی:
گەر قەبـــووڵم کـــا، بـــە ئـــاڵاکەی ســـەگی پێغەمـــبەرم

هەر خەیـــاڵم کـــرد بچـــم بـــۆ زیـــارەتی ئەو ســـەروەرە
هـــات نەســـیمی ڕۆحپەروەر، عەتـــری عـــوود و عەنـــبەرم

گەر لە ژێر چەتری شەفاعەت ڕێمنەکەی چ بکەم ئەمن؟
کـــوێ بچـــم کـــوێر و فەقیـــر، ناشـــارەزایی مەحشـــەرم

نـــامەیی ئەعمـــالی مـــن مەخـــوێنەوە، تێـــیدا نیـــیە
یەک کەلـــیمەی چاکـــە، ســـەرتاپا ڕەشـــە خـــۆ دەفـــتەرم

نیمـــە غەیـــری حـــوببی ئـــالی تـــۆ، بە ئـــالی تـــۆ قەســـەم
چـــاوەڕێی ڕەحمـــە "شـــفیع المـــذنبین"! چـــاوی تەڕم

وا گەرووم وشـــکە لە تـــاوی حەســـرەتی ڕۆژی جەزا
موســـتەحەققی قەتـــرە ئـــاوی زەمـــزەمم یـــا کەوســـەرم

قاقڵاوا، ١٣٥٢ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

بەرز و نەوی

ئەوینم خـۆش دەویَ چـونکی بـە هـۆی تـۆ هاتـە ئـامێزم
وەکــوو تاقانــە کــۆرپەی خۆشەویســت باشــی دەپــارێزم

ئەوە ڕۆژ و شـــەوی تەنیـــایی هـــاوالٌی دڵـــی زارم
بـــە یـــادی تـــۆ، ئەوە مـــایەی ژیـــان و تیـــنم و هێـــزم

هەموو گۆشت و ڕەگ و پێستم ئەوین شێلای بە مل یەکدا
هەویـــری خـــۆتم و بمشـــێلە شلْشـــل، گەرچـــی بێ‌پێـــزم

خەیـــاڵی خـــاوە گەر مـــن زولفـــی شـــێتوپێتی تـــۆ بێـــنم
بڵـــێم ڕامـــی دەکەم بـــۆ گەردنـــم، نایێتـــە پـــارێزم

"ئیمـامی" خـۆ لـە ڕیـزی دڵـبەران بـاڵای بـە بـاڵا گـرت
بەڵام بەرز و نەوی کەوتـــووین و هەرگیـــز نایەتـــە ڕێـــزم

قاقڵاوا، ١٣٣٧ی هەتاوی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

یاران ڕۆیشتن

فکری چ بکەم ئێستە لە پاش عـومری درێـژم؟
بڕوانە لـە دەسـت و سـەری لەرزۆکـم و گێـژم

ئەو ئارەقی دەڕژێ لە سەر و ڕووم بە حەقیقەت
دوای ڕۆیینـی یـاران هەمـوو جوانـاوە دەڕێـژم

یـاران کـە هەمـوو ڕۆیـن و مـن مـامەوە تەنیـا
جەرگ و دڵەکەم کونکونە، زووخـاوێ دەڕێـژم

بەو عومرەوە هەر قیبلەمی؛ گەر ڕوو نەکەمە تـۆ
بەو تـاقی دوو ئەبرۆیـە قەسـەم، باتڵـە نـوێژم

جێم لێژ بووە، پیـری لە سـەرم خێـوەتی هەڵـدا
هەرکـاتێ کـە بەربـوومەوە بڕوانـە لـە لێـژم

قاقڵاوا، ۱۳۴۷ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

تەرازووی خێر و شەڕ

حیسابی خۆم دەکرد ئەمڕۆ لەگەڵ ئیحسان و عیسیانم
کەچی ئەم گەیبە ئاسمان، ئەو لە عەرزە، ماڵی وێرانم

تەرازووی خێر و شەڕ ئێستا کەوایە ئەی خودا ڕەحمێ!
لە عیسیانم کەسر کە، بیخە تای خێرات و ئیحسانم

بەبێ تاعات و خێر و زیکر و فیکر و چاکە سەرشۆڕم
لە نێو عالەم چلۆن تا ئێستە ماوم، چۆن بوو، نازانم؟!

بەشەر میوانە یا ڕەب تۆی کە خاوەن سفرە وو خوانی!
بەڕێز گیراوە میوان و لەسەر ئەو سفرە میوانم

ئەگەر فەرمووت بڕۆ لەم سەرزەمینە، دەچمە ژێر عەرزی
بەڵام لەو ژێرزەمینەش‌دا تەوفەیلی خوانی سوڵتانم

بە ڕەحم و لوتفی تۆوە گەر بڕۆم باکم نییە هەرگیز
ئەگەرچی جێم لە ژێر عەرزە، لە سەر تەختی سولەیمانم

سەراپا نوورم و ڕووناک، ئەگەر لوتفت لەگەڵ من بێ
بە شەوق و زەوقەوە دەمرم، شەمی شامی غەریبانم

ئەگەر لوتفت نەبێ دوور بێ لە تاریکیی و تەنیایی
قڕم دێت و دەڵێم: کوا یارەکانی جاری‌جارانم؟

لە ژێر باری گرانی مەعسیەت لەو گۆڕەدا "کامیل"
دەڵێ: ئەی خاک‌بەسەر خۆم! کوا ئەمن ئەو کۆڵە دەتوانم؟

زەنبیل، ۱۳۳۰ی هەتاوی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

چرای خانەدان*

ئەوەند سەرگەرمی دەرد و میحنەت و ئەندووە و حیرمانم
نەپەرژام هەر لە لات بم، هەر فیداکەم ڕۆحم و گیانم

بە قوربانت بم و ڕۆحم فیدات بێ، گیانی شیرینم!
لە دەوریشت گەڕێم بۆ دەردی من تۆی مامە! دەرمانم

چرای بۆ خانەدان و جێگەیی فەخر و موباهاتی
خودا حیفزت بکا، مامە ئەمن بۆت قۆچی قوربانم!

وەرە سەرچاوەکەی چاوم، وەکوو جەیحوونی ماڵکاول
لە سەد جێ ناخودا خنکا بە گێژی وەختی گریانم

"ئیمامی" هەروەکوو دێوانە ڕێگەی چۆڵوهۆڵی گرت
لە تاو تۆ ئەی بە قوربانت دەبم، من خانەوێرانم!

شێخچۆپان، بەهاری ١٣٣٣ی هەتاوی

---

* بۆ خوالێخۆشبوو حاجی بابەشێخی مامی
بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

شەونم*

لە عومری کورتی خۆی چاوم گلە تا سەر دەکا شەونم
بە لێوی پێکەنینی خونچە چاوی تەڕ دەکا شەونم

مەکە تۆخوا دەگەڵ وی باسی عومری زۆر درێژ ئەی گوڵ
دڵی سافە، وتەی وا گیانە زوو باوەڕ دەکا شەونم

فریوی هەر هەوەسبازێ مەخۆ ئەی تازەگوڵ ئامان!
سبەینان ئارەزووی یارێکی دی و هاوسەر دەکا شەونم

دەماخی بەرزە گەرچی قەترەیێکی نێو گوڵووکانە
شەو و ڕۆژ ڕوو لە ڕۆژ و مانگ و لای ئەختەر دەکا شەونم

ئەسیری ڕەنگ و بۆ نابن ئەوانەی پاک و دڵسافن
شەوانە تا بەیانی تاق و تەنیا سەر دەکا شەونم

لە گوڵزارێ کە "کامیل" خونچەیی بیر و خەیاڵ ئەچنێ
لەسەر گوڵ هەر شەرابی ساف و ڕوحپەروەر دەکا شەونم

بۆکان، ١٣٤٩ی هەتاوی

---

* وەرگێڕاوی شێعری پەرتەوی کرماشانی
بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

وەکوو فەرهاد

بــە وتــاری وەکــوو قەنــد تــووتیی شەککەرشــکەنم
بە چپەی خۆش و ورنگ، بولبـولی بـاغ و چەمەنــم

بێموحابانـــــە و پەروا دەگەڕێـــــم و دەگـــــریم
شـــەمی هەر کـــۆڕم و پەروانەیـــی هەر ئەنجـــومەنم

گەنجـی تەبعـم کـە لە نێـو کـونجی دڵا دیـوەتەوە
هەمــە ســـەرمایە، شـــوکور خـــاوەنی بەیتـــولحەزەنم

لــە ژیــان گەر نییــە بەنــد دەســتی شــکاوم، چــاوم!
چـــاوەڕێی خوێنـــدنی یاســـین و بڕینـــی کەفەنـــم

وەکوو فەرهادی بە بـا چـوو هەمـوو ڕەنـج و کـارم
بێســـتوونی خەمـــی دڵ هەر بـــە مـــوژان هەڵـــدەقەنم

سەری خۆی ناوە "ئیمامی" وەکوو مەجنـوونی هەژار
هەر دەڵـــێ شـــێتم و ئـــاوبردەیی دار و دەوەنـــم

کانی‌بەن ١٣٣١ی هەتاوی

بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

لە دەرکی مەیکەدە

لــە دەرکــی مەیــکەدە کەوڵــم بــە عەرزا داوە ئەی چــاوم!
دەســا ســاقی دەخیلــتبم، کەرەمکــە پیاڵــە تــا مــاوم

بــە بــۆنەی پیــری مەیخانــە منــیش پیــر بــووم و لــێکەوتم
کەچـــی هەر جـــوانەمەرگیم پێدەمێنـــێ وەک دڵـــی لاوم

بە ئاوری دووری یارەب جەرگ و دڵ سووتاوە یەکجاری!
نەیـــاری بەدمەســـەب پێیوایـــە هێشـــتا مـــن نەبـــرژاوم

کــوتم ســەد جــار شــوکور بوومــە بەڵاگەردانــی بــاڵاکەی
وەکوو زەینــیش دەدەم هێشــتا، کــەچی ئەی داخەکەم مــاوم

لە بەحری سوێری فرمێسکی، "ئیمامی" بانــگ دەکــا: یــاران!
وەرن بــۆ یـــارمەتی، ئێـــوە و خوداتـــان، تـــا نەخنکـــاوم

قاقڵاوا، ١٣٥٠ی هەتاوی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

مافی گەل

لـــــە قـــــازانی خەمـــــتدا هەڵکـــــزاوم
وەکـــــوو قاورمـــــە بـــــرژاوم، خـــــوراوم

لەبەر ئەو بەختـــــی سەرســـــەختی کڵـــــۆڵم
لـــــە یـــــار و ئاشـــــنایان هەڵبـــــڕاوم

بـــە ئـــاوری دووری ئـــاخر بوومـــە قەقـــنەس
ئەگەر ڕاســـــتت دەوێ هێـــــز و هەنـــــاوم!

بـــــە زینـــــدوویی دەبیـــــنم حـــــاڵی مـــــردوو
بـــــە گۆڕەوشـــــاری دووریـــــت هەر نەمـــــاوم

وەرن ئەی ئاشـــــنا بـــــۆ دڵنەوایـــــیم!
هەژارێکـــــی کـــــزۆڵەی دڵشـــــکاوم

ئەرێ ئەی تـــــاوی هـــــاوینی هەژاران!
بکـــــە ڕەحمـــــێ بـــــە ســـــەربەرگی دڕاوم

ئەگەر ســـەد چەل بـــە دووریشـــت بســـووتێم
لـــە دەس نـــادەم حەقـــی داگیـــر کـــراوم

دەڵـــێم هەر مـــافی گەل دەرمـــانی دەردە
ئەگەر چـــی مـــن بـــە جـــارێکی نەمـــاوم

قاقڵاوا، ١٣٥١ی هەتاوی

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

چی بدرووم؟

مەزرەعەی خاڵیی خۆم دیوە من و داسی کول
ئەی خودایا بە چ دروێنە بکەم، چی بدرووم؟!

من لەبەر نانی بەهاریٚ نییە ترس و لەرزم
هەر لە ئێستاوە لە تاو حاسڵی پاییز مردووم

فەسڵی هاوین و بەهار فەرقی نییە بۆ منی زار
هەموو کاتیٚ کە لە زاد خاڵییە ماڵ و کەندووم

هەرکەسێکە بە هیوای حاسڵیٚ کەیفی خۆشە
من کە نیمە بە هیوای مەرحەمەتی تۆ زیندووم

تۆی کە ئاودێری هەموو دێمیی و ڕەززاقی هەموو
مار و مووریکی، بدە رزقی منیش تا زیندووم

با ئەوەند لێر و لەویٚ سەر نەکوتم ڕۆژ و شەویٚ
قورِ لە دەرکت بە سەرا کەم، بکەوم، زۆر ماندووم

قاقڵاوا، ۱۳۴۳ی هەتاوی

بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

بۆ هاوڵی ڕۆیشتوو

لەو وەخـــتەوە ڕۆیشـــتووە لام هێــزی دوو ئەژنـــۆم
هــاوڕەنگی گــوڵی زەردم و هــاودەنگی کــزەی خــۆم

پەروانەم و ئەممـــا نییـــە شـــەمعێ کـــە بســـووتێم
خەم بوو، کە وەراندوویە لــە مــن هەرچــی پەڕوپــۆم

یــا بولبـــولم و نیمـــە گـــوڵی بـــاخ و لە داخـــان
لەم قـــــۆنجرە هێلانــــەیە ویرانەیـــــە نــــاڕۆم

هەســـــتە وەرەوە ڕۆحـــــی ڕەوان، مـــایەیی ژیـــنم!
هەرچێکــی خەتــای تۆیــە، ئەمــن دەیخەمــە ئەســتۆم

"کامیـــل" بە تەنـــێ مـــایەوە، ئەژنـــۆیەتی هـــاواڵ
بۆیـــە بـــە خەم و دەردەوە ئێســـتێ دەســـەوئەژنۆم

قاقڵاوا، ١٣٤١ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

بێ‌پەڕ و باڵ

قەت بـــە غەمـــی کـــۆنەوە وەرنـــاکەوم
ڕۆژ و شـــەو و لەیـــل و نەهـــار ناســـرەوم

غوسسە لە سـەر غوسسـە دەخـۆم بێ‌وچـان
گەرچـــی لە ژێـــر بـــاری گـــران نـــانەوم

ڕەحمـــی خـــودا زۆرە بـــە ئومێـــدی ئەو
ڕادەبـــــوێرم بەڵـــــێ ڕۆژ و شـــــەوم

غەم وەکـوو شـاهین بەرەوڕووم دێ بە قـین
ئەمنـــی هەژاریـــش بە خـــودا وەک کەوم

بـــێ‌پەڕ و بـــاڵ هاتمـــە بەردەســـتی ئەو
تـــاکوو بـــە یەکجـــاری بە لادا کەوم

جەمیان، ١٣٣٠ی هەتاوی

بحر سریع مسدس مطوی مکشوف: مفتعلن مفتعلن فاعلن

دووریی یاران

ڕووڕەشــی دەرگــای خــودا و ئەحــمەدی موختــار خــۆم
هەر بــە تەنیــا موونســی نــاڵەی دڵــی پــڕزار خــۆم

پیاوی چاک دڵیان لـە شـوێنە و مـن بە دووی دڵدا دەچـم
شــێت و ماخوولیــا وو ســەرگەردان و بەدکــردار خــۆم

دڵ لــە ســەد جێگــە منــی بەرداوە، ڕەببــی بەرووبــێ
پـێچ و جینگڵمـە، کـوژاوی زەخـم و ژەهـری مـار خـۆم

یارەکــانی لــێ وەدوور خســتووم و ئێســتا پــڕ بــە دڵ
دێــم دەگەڵ دوژمــن کەوم، بێهــاودەم و بێیــار خــۆم

هەر تەریقێکــــی تەریــــقەت نــــایەوێ دەمبــــاتە وێ
ئەو وەبەر خەنــجەر کەوێ یــاڕەب، منـیش بیمـار خـۆم

قاقڵاوا، ۱۳۴۶ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

ڕەش و سپی

ڕووم ڕەش بووە بە مەعسیەت و مووم سپی بە خەم
چارەی ڕەش و سپی بکە، ئەی خاوەنی کەرەم!

لێبوردنە لە ڕووڕەشی وەک من، بە هۆی ئەوە
پیرێکی ڕیش سپیی و فەقیر، ڕوو لە تۆ دەکەم

دەرگات کراوە بۆ هەموو چاک و خراپەیەک
ڕێم لێ مەبەستە، تۆبی خوداییت، هەرچی هەم!

هێند شەرمەسار و چارەڕەشم، ڕۆژ و شەو خودا
هەروا دەسووتێ جەرگ و دڵی من بە چەشنی شەم

"کامیل" بیساتی جوان و جحێڵی بپێچەوە
کاتی سەفەر گەیشت و بڵێ تێشوویەک دەبەم

قاقڵاوا، ١٣٥٥ی هەتاوی

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

پاڕانەوە

یــاخوا! خــودایی عەززەوەجەل، بێــە ســەر کەرەم
سەر لوتف و عەفوو و مەرحەمەت ئەی ساحێبی نیعەم!

ئەو عالەمــــە بە تــــۆوە دەنــــازن لە ســــەر زەوی
ســــەربەرز و ســــەرفیرازن و وا هەڵــــدەدەن عەلەم

دوورن لە ڕەحم و عەفووی تـۆ وانەی کـە سـەرنەوین
شــێواو و شــێت و پەرت و پەرێشــان و دڵبەغەم

هەردەم بە فکــرێ ڕوو لــە دەری ڕەحمەتــی ئەتــۆم
ڕەحمــێ بە حــاڵی ئەمنــی فەقیــر کــە نەمــاوە دەم

هەر چــاوەڕێم هەمــوو دەم و ژەم لــوقمەیەک بەرم
تێـرم شــوکور بــە نیعمەتــی تــۆ، مــن لە کـاتی ژەم

شــــەرتە کــــولێرەیێکی ئەتــــۆ گەورە بــــێ لە لام
هێنــدە کــە ئەو نواڵــە نەدەم مــن بــە مڵکــی جەم

"کامیــل" ببەخشــە تــۆ بــە کەرەم چونکــە هەر دەڵــێ
چـاوم لـە ڕەحـم و مەرحەمەتـی تۆیـە هەرچـی هەم

گەردیگلان، ١٣١٨ی هەتاوی

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

تاڵ و سوێری

کــوتم بــا ڕوو لـــه یـــار و ئاشـــنا کەم
کـــه بەشـــکم دەردی دڵ تـــۆزێ دەوا کەم

بەڵام یـــــارم نەیـــــار بـــــوو، ئاشناشـــــم
دەڵـــێ نەمـــدیوی، ناتناســـم بـــراکەم

کـــه تەوفیریـــان نییـــه چ بـــکەم خودایـــا
لەگەڵ بێگانـــه، یـــاران چـــۆن جیـــا کەم؟!

کــه ڕوونــاکی نییــه بــۆ مــن لــه هــیچ لا
لــه هەر شــوێنێ، دەبــێ هەر بــێم و ڕا کەم

ئەمـــن هەر تـــاڵ و ســـوێریم دی لـــه دنیـــا
دەبـــێ کەی بـــێ خـــودا ڕۆژی جەزاکەم؟

کـــه جەرگـــم کونکونـــه، ئەوچەڵ لەوێ‌ڕا
دەبــێ زووخــاوی چەنــد ســاڵەم ڕەهــا کەم

"ئیمـــامی" پاشـــی ئەنـــدامی له قیس‌چـــووی
دەڵـــێ هەر گیانـــه مـــاوە، بـــا فیـــدا کەم

قاقڵاوا، ١٣٣٥ی هەتاوی

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

ئازارەکەم*

کــوێ چــووە ئەمســاڵ بــرا خەمخــوارەکەم؟
ســەدهەزار خــۆزگەم بــە ســاڵی پــارەکەم!

چــۆنی خــۆش‌کەم دڵ، دەوای دەردم نیــیە
کــــۆڵەوارە خـــۆ دڵـــە زامـــدارەکەم!

ســەد حەکــیم چــووم و دەوای دەردم نەبــوو
بــێ‌دەوا مــا کــاکی مــن ئــازارەکەم

خەڵفــی هیــوام بــێ لق‌وپــۆپ مــایەوە
وشــک و بێ‌ئــاوە گــوڵ و گــوڵزارەکەم

بــا "ئیمــامی" ڕەق‌هەڵــێ، بمــرێ لــە کێــو
بــــا نەمێنــــێ تەرمەکەم، ئاســــارەکەم

قاقڵاوا، ١٣٥٣ی هەتاوی

---

* بۆ وەفاتی کاکی

بحر رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

چ بکەم؟

به یادی شـەمعی ڕوخسـاریکی، دڵ ئیحیـا نەکەم چ بـکەم؟
بـە شـەوقێکی وەهـا چـاری شـەوی یەڵـدا نەکەم چ بـکەم؟

وەکوو مەجنوونی ماڵکـاول دەرودەشـت بۆتـە مەئـوای مـن
لە حەیفی عاقڵان خوم شـێتی ڕووی لەیـلا نەکەم چ بـکەم؟

لـــە کـــۆڕی عیشـــقبازانا نەمـــاوە قەدری ڕۆح و ســـەر
وەکوو پەروانە بۆ ڕووی ئەو بە ڕۆح سەودا نەکەم چ بـکەم؟

دەڵـێن یـار خـاکی بەرپێـی سـورمەیە، بـۆ چـاومی دێـنم
بـــە کـــوێرایی ڕەقیبـــی لامەزەب، ئەی وا نەکەم چ بـــکەم؟

بـە شـەرتێ بێتـە لام، شـەرتە سـەرم دانـێم لـە پێنـاوی
ئەگەر بۆ گاوگەردوون، ڕۆح و سەر ژێر پـا نەکەم چ بـکەم؟

لـە دووری وی گەدام و دێتـە لام وەک شـا دەبیـنم خـۆم
لە چوون و هاتنی، خۆم وەک گەدا، وەک شا نەکەم چ بکەم؟

ئەگەر بـا بـۆنی تـۆ بێنـێ "ئیمـامی" وا دەڵـێ گیـانە
کە من ڕۆح و سـەرم قوربـانی ڕێـگەی بـا نەکەم چ بـکەم؟

گەردیگلان، ۱۳۲۰ی هەتاوی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

عەزیزی میسری دڵ*

دەڵێن گیراوە ئەورۆکە عەزیزی میسری دڵ، چ بکەم؟
لە پاش ئەو من لەگەڵ دڵ، شێتوپێتی وا بەکوڵ چ بکەم؟

ئەوە جوان و جحێڵ و پاک و خاوێن، بۆچی گیراوە!
منی پیر و پەشیمان و گونەهکار و خەجڵ چ بکەم؟

نەماوە باغ و ڕاغ و ڕەونەقی سەحرا، خودا مەرگێ
گوڵووکات چوو لەبەر ئەو، من لە دەشتی پڕ چقڵ چ بکەم،

لە باغێکدا کە گوڵ ڕۆیی بە تاراجی خەزان، جا من
وەکوو بولبول نەسووڕێم دار بە دار و چڵ بە چڵ چ بکەم؟

دەسم هێندە هەڵێنا بۆ تەمەننا، وشک و ڕەق ماوە
لەمەولا تاکوو ماوەی ژینمە بێدەست و پل چ بکەم؟

گرانە دەردی دووری، بەم لەشە چۆن هەڵگرم باری
زەعیف و پیر و بێهێز و قەوەت، بێشان و مل چ بکەم؟

"ئیمامی" هێندی خەم خوارد، عادەتی پێ گرتووە یارەب!
دەسووڕێ بێوچان، گێژە و لە دەردی چەرخوخول چ بکەم؟

قاقلاوا، ۱۳۴۷ـ۴۸ی هەتاوی

---

* گیرانی حاجی سەید عومەری برازای
بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

دەروێشم و دڵڕێشم

دەروێشـــم و دڵڕێشـــم، دێـــوانەم و بـــێ‌لانەم
وەک کونـدم و هەڵنیشـتووی، کاولاشـم و وێـرانەم

بـــێ‌دایکم و بێ‌بـــابم، بێ‌مـــام و بـــرا مـــاوم
لەم ئـــاخری عـــومرەمدا، وا دیـــارە کـــە تاقـــانەم

جێ و مەوتەنی من پرسن: هەر چـۆلگە وو سـارایە
مەجنـوونم و سـەرگەردان، لەو بەنـدەن و شـاخانەم

بێ‌چـــارە و دامـــاوم، خەمبـــار و پەرێشـــانم
وەک بســکی پەرێشـانم، هەروا بـە تەمـای شـانەم

تـا باشـی بلاوکـا لێـک، ئەنـدامی لەکـارکەوتووم
بـــابردەیی ئەو دەشـــت و ســـارا و بیابـــانەم

وەک بولبـولی نەسـرەوتوو، هەر تـاوە لـە دارێکـم
هەر کاتـــە لـــە بـــارێکم، بـــۆ ئەو دڵە بریـــانەم

کەوتوومە نەفەس‌تەنگی، وەک کەو لە قەفەس‌دا بـێ
لەشـــمە قەفەســـم ئەممـــا، بێ‌ئـــاوم و بـــێ‌دانەم

بەو حـــاڵەتەوە ســـەیرە، عاشـــق بـــە قەد و بـــاڵام
کـــوژراوی بەر و بەرمـــوور، گیرۆدەیـــی لەرزانەم

بحر هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

بەو بەندی ئەوینستاکەم، مەعلـووم بـووە لای عـالەم
نێــو تــاقمەیی هــۆنەر، تەنیــا کــورِ و تاقــانەم

لای جــانەوەران ئەمــڕۆ، قەدرم فرەیــە چــونکە
وەک کــاکی "ئیمــامی" خــۆم، لەو کیــو و نــزارانەم

قاقلاوا، ۱۳۵۴ی هەتاوی

دەستی ماندوو و زگی برسی

دەبـــێ بگـــریم، بنـــاڵێنم، هەتـــا هەم
بــە دڵ بکــوڵێم و بگــریم هەروەکــوو شــەم
ببـــارێنم لـــە چـــاو فرمێســـکی گەرمـــم
لـــە داوێـــنم بـــکەم کۆشـــێ خەم و نەم

لە ســەر زگ چــۆنی دانــێم دەســتی مانــدوو!
زگـــی تێـــرم نییـــە، برســـیم هەمـــوو دەم

دەم و ژەم خەم دەخـــۆم و خەم دەنۆشـــم
بـــە خـــۆراک و بە خەو دڵخۆشـــی نـــاکەم

بەڵای لێـــدا لـــە خـــورد و خـــواردنی وا
وەڕەز بـــووم مـــن لـــە ژینـــی هێنـــدە حەســتەم

چلـــۆن بفـــڕم، پەڕوپـــۆم هەڵوەریـــوە!
چلۆن خـۆڵ کەم بـە سـەردا، دەستە بەستەم!

بــە دەســتی کــێ بــکەم خــاکێ بــە ســەردا!
لـــە دەورەم جەغـــزی کێشـــاوە مـــژ و تەم

خودایـــە! تـــۆ حەکیمـــی بـــۆم بنێـــرە
دەوای دەردم، لـــە زۆر زۆر و لـــە کەم کەم

کەم و زۆرت لـــە لایـــە و زۆر و چـــاکە
هەموو ڕەحمــە و کەرەم، هەر لوتفــە ســەرجەم

قاقڵاوا، ١٣٤٧ی هەتاوی

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

با بسووتێم*

خۆشە پێم شەم بم، لە نێو جەرگ و دڵی شەودا بسووتێم
ببمە ڕووناکی ڕەفیقان، خۆشم هەر تەنیا بسووتێم

یا وەکوو مەجنوون بە ئاوری عیشقی لەیلا بێوەفاکەم
لەو کەژ و کێوانە وەک دێوانە وو شەیدا بسووتێم

زۆر لەمێژە ئارەزوومە شەوچرای من دەرکەوێ، تا
من وەکوو پەروانە خێرا بێم و بێپەروا بسووتێم

بۆم بدا دەست ساعەتێ لەیلا بگرمە باوەشی خۆم
پاش نەمانم با لە نێو ئاوری جەهەننەمدا بسووتێم

هەر لە تاوکەوتن هەتا ڕۆژپەڕ، شەوێ تاکوو بەیانی
وەک کەباب هەر قرچەقرچم بێ، بڵا هەروا بسووتێم

با لە نێو بۆتەی ئەوینDا قاڵ ببم، بتوێمەوە باش
لێم گەڕێن تۆخوا، جەهەننەم! با ببرژێم یا بسووتێم

نەک بڵێن ناقیس بوو، خاو بوو، هۆنەرێکی "کامیل"م من
با بەرابەر کا لەگەڵ ئیسمم موسەمما، با بسووتێم

قاقڵاوا، ١٣٣٣ی هەتاوی

---

* وەرگێڕاوی شێعری «عەلیئەکبەر دولەفی»یە:

دوست دارم شمع باشم در دل شب‌ها بسوزم
روشنی بخشم میان جمع و خود تنها بسوزم

شمع باشم اشک بر خاکستر پروانه ریزم
یا سمندر گردم و در شعله بی‌پروا بسوزم

لاله‌ای تنها شوم در دامن صحرا برویم
کوه آتش گردم و در حسرت دریا بسوزم

اشک شبنم باشم و بر گونه‌ی گلها بلغزم
برق لبخندی شوم در غنچه‌ی لبها بسوزم

یا ز همت پر بسابم بر ثریا همچو عنقا
یا بسازم آن‌قدر با آتش دل تا بسوزم

ماه گردم در شب تار سیه‌روزان بتابم
شعله‌ی آهی شوم خود را ز سر تا پا بسوزم

بحر رمل مثمن سالم: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

من و شادی

فکر و حەواس و هۆش و عەقڵ، ڕێک بڕاوە لێم
ڕێـگەی هومێـد و سـەبر و قەرار بەسـتراوە لـێم

چـت‌کرد خـودا! لەگەڵ منـی پیرەگەمـاڵی خـۆت؟
شووشـەی دڵـم بـە تیشـەیی ئـاهم شـکاوە لـێم

وەی‌وەی چ ئاورێکـە کـە بەربۆتـە جەرگ و دڵ
هەر خـاتراتی تۆیـە دڵـم وا شـکاوە لـێم

خۆشـی مەگەر بە خەو بـە دڵـمدا بکـا عبـوور
ڕیشـەی برایەتـی مـن و شـادی پساوە لـێم

"کامیـل"! مەکـە ئەوەنـدە سـکاڵا و دەردی دڵ
هەرگیـز مەڵـێ کـە دەرکـی خـودا داخـراوە لـێم

ڕەنبیل، ١٣٣٠ی هەتاوی

بحر مضارع مثمن اخرب مكفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعيل فاعلن

یا کەریم

هەرچەند نەخۆشی عیشق و زەدەی پەنجەیـی پەریـم
هەرچەنـــدە بێمشـــوورم و هەرچەنـــدە سەرســـەریم

چونکــە لــە حــاڵی خــۆم وەڕەزم، مــات و عــاجزم
ماوم عەجەب لە ڕەحمی خـودا، بـۆچی مـن بەریـم؟

یـــارەب بە خـــاتری دڵـــی خاســـانی بێڕیـــات!
ڕەحمـــێ بـــە حـــاڵی زارم و وەزعـــی قەلەنـــدەریم

چونکی بە غەیری تۆ نییە کەس بگـرێ دەسـتی کەس
دەســـتی شـــکاو لەگەڵ دڵەکەم بگـــرە یـــاکەریم!

بمهێـــنە دەر لـــە گێژوخـــولی چەرخـــی چەپڕەوت
عـــاجز مەبـــە لـــە دڵپـــڕی ئەمـــن و لـــە زۆروەرپـــم

گەردیگلان، ۱۳۱۹ی هەتاوی

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

ڕێبەری سیادەت*

بڕوانــــە کاروبـــاری خوداوەنـــدی ئیـــنس و جـــان
قودرەتنـــــــوێنی بەرز و نەوی، عەرز و ئاســـــــمان

چی‌کــرد قەزا کــە ئێمــە سەراســیمە بــووین هەمــوو
بــۆ ئەم دڵــە پەرۆشــە هەمــوو بووینــە شــەمعدان

بــاکەی خەزان درەخـــت و گـــوڵی داڕنـــی هەمـــوو
ســەد بــاغەوان بــە پــووڵێ، نەمــا شــۆقی گوڵســتان

دار و چنـــار و عەرعەڕ و کـــاجیش کـــز و کوڵـــۆڵ
سەرویش وەلەرزە کەوت و لە خـاکی چەمەن چەمـان

یـــانی خەزانــــی هەردوو گـــول و دڵ دەگەڵ یەکە
بۆتــە ڕەقیبـــی بولبـــول و کەوتوونــە ســەر فوغــان

ئـــاه و فوغـــان و ناڵەیـــــە، هــــاوارە، نەوحەیە
شـــینە، گرینــــە، ســـۆز و گـــودازە لــــە چیمەنـــان

ئەو زیبـــی گوڵســـتانی ئیـــرەم بـــۆچی ڕۆیـــوە؟
ئەو ڕێـــبەری ســـەیادەتە بـــۆچی بـــووە نیهـــان؟

* بۆ وەفاتی خوالێخۆشبوو حاجی بابەشێخ
بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

مزگەوت و حەوش و مەدرەسە چۆڵ بوو، نەما کەسی
بێشـــەوق و زەوق و زەمزەمەیـــە ئێســـتە حوجرەکـــان

دەوری فەقـــێ بـــە ناڵەیـــە، دەرســـی بـــە شـــیوەنە
ئەمـــڕۆ مەلاش بـــە لارەملـــی بـــۆی دەکـــا بەیـــان

"کامیـــل" فیراقـــی مامتـــە تـــۆی کـــردە کـــۆی زوخـــاڵ!
"اللـــە معـــک" وەدووی کەوە، بمـــرە بـــە ئـــێش و ژان

قاقڵاوا، ١٣٣٨ی هەتاوی

پاییز

ماوم عەجەب لـە سـونعی خوداوەنـدی ئینس و جـان
قودرەتنـــــویێنی بەرز و نەوی، عەرز و ئاســـــمان

جـــارێ زەمـــین دەکاتـــە ســـەما، مەوقیعـــی خەزان
بەرگـــی گوڵاڵـــەســـووره دەگاتـــە ســـتارەگان

گاهێ بە هەوری سوور و سپی و کەسک و ئاڵ و شـین
ڕەنگـــین دەکـــا میســـالی زەوی ڕوویـــی ئاســـمان

هێنـــدێ کـــە شـــاعیرن بـــە بەهـــارن عەلاقەمەنـــد
مـــن عاشـــقی خەزانـــم و مەفتـــوونی تێخـــزان

ئەو بەرگـــی وا بـــە دارەوە هاتۆتـــە خـــوارەوە
تۆمـــاری تێگەیشـــتنە بـــۆ پیاوعـــاقڵان

نووســـراوە هەروەهـــا لە ســـەرەنجامی ژینتـــان
تـــا پیـــر نەبـــوون، بە دڵ بگـــرن قەدری خـــۆ، جەوان!

ئەو بەرگـــی دێتـــە خـــوارەوە خێـــرا بە بـــا دەچـــێ
یـــانی هەدەر دەبـــێ هەمـــوو عـــومرێ، وەکـــوو خەزان

دەنگـــی گەڵارژانـــە بـــە دەم بـــای خەزانەوە
بەو ڕازە باغەوانـــە کەوا بۆتـــە تەرجومـــان

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

حـــاڵی دەکـــا بـــە ناڵـــە کـــە وەختـــی نەمـــاوە بـــاغ
ســـەبریکی پێـــی دەڵـــێ کـــە نەمـــا قەدری بـــاغەوان

هەرواش بـــە ســـەبرە بولبـــولی بـــێدڵ دەکـــا خەبەر
خاکـــت بە ســـەر بـــێ! هەســـتە بـــڕۆ تێکـــدە ئاشـــیان

عەتـــری نەمـــاوە ســـونبول و ڕەنگـــی نەمـــا چەمەن
سەروی سەهی بە جارێ لـە حەسرەت چەمەن، چەمـان

ســـەرو و چنـــاری باغـــە بە دەم بـــای بەیـــانەوە
یەکتـــر دەگرنـــە باوەشـــێ وەک یـــاری میهرەبـــان

دەســـتی خەزان درەختـــی ڕنـــی و ڕووتـــی کـــردەوە
وەک ڕووی نیگـــاری ئێمـــە ســـپی و ســـافە، بێگومـــان

دڵـــبەر کـــە دیتـــە بـــاغ و چەمەن، گـــوڵ لـــە خۆشـــییا
بەو بەرگـــە ســـەوز و ســـوورەوە دەیکاتـــە دوڕفشـــان

گـــوڵ، مووســـمی خەزانـــێ ــ ئەگەر تـــێبگەی ـ دەڵـــێ:
مەعلـــوومی خـــاس و عامـــە: لە پـــاش مەنـــفەعەت، زیـــان

"کامیـــل" دڵـــی چ خۆشـــە لـــە فەســـڵی خەزانـــی گـــوڵ
چـــونکی گـــوڵیش وەکـــوو دڵـــە، بـــێبەرگ و بێنیشـــان

گەردیگلان، ۱۳۱۹ی هەتاوی

غەریبی خۆشەویست*

ئەی غەریبی خۆشەویست، ئەی دەربەدەر بۆ نیشتمان!
تۆ شەهیدی غوربەتی، ئەی کۆڵنەدەر بۆ نیشتمان

مەحشەرت هێنا بە مەرگی دڵتەزێنت، موهتەدی!
ماوەیێکی زۆر ئەتۆ مای بێخەبەر بۆ نیشتمان

ساڵی شەست و شەش بوو کۆچی ئاخرت کرد گیانەکەم!
ئاخری کۆڵت نەدا، بوویە سپەر بۆ نیشتمان

کەس نەما، ڕۆین هەموو، ئێمەش بە دووتاندا دەڕۆین
با بسووتێین بەو مەرامە، وشک و تەڕ بۆ نیشتمان

سەر لە سەر "ئاوات"ی خۆمان دادەنێین، پێمان دەڵێن:
ئافەرین، داتان لە دەست ڕێک ماڵ و سەر بۆ نیشتمان

قاقڵاوا، ١٣٦٦ی هەتاوی

---

* شینی کاک سەعدی موهتەدی لە دووروڵات
بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

باسی سەر*

مەمکـی خـڕ کـردووە یـارم، دوو هەنـاری سـاوان
بـێ ئەوەی کەس دەسـی لـێدا، گەیـون بێتـاوان

کەس نەڵـێ دەسزەدەیـە بۆیـە وەهـا گەورە بـووە
ئەو وتە لای کوڕ و کیژ باسی سـەرە، ئەی ئامـان!

سـەروباڵان هەمـوو کیژانـی وڵات و سـەیرە
بەو هەمـوو بـاری دڵانـە کـە هەیانـە نەچەمـان!

سەروە بـاڵای گـوڵی مـن گەرچـی هەنـاری پێـوە
مەڵـێ پەیوەنـدە، تـکەی ماچـە لەوێدا، وا مـان

بۆ هەناوی منـی پـڕ مەینـەت و خەم، دەرد و بەڵا
بـۆنی ئەو جووتـە هەنارانەیـە بوونـە دەرمـان

سـاز و ئامـادە، وەکـوو نـۆکەری گـوێڕادێرم
چاومە بەندی ئیشـارەی ئەوە، گـوێش بـۆ فەرمـان

چـاو لـە چـاوی دەبـڕم بەڵکـوو وەڵامـم داتـێ
گەرچی هەڵنایە ئەویش ئێستە لە ترس و شـەرمان

گەرچی شـەرمێونە، چـاوی لـە "ئیمـامی" داگـرت
کوتی هەڵنایە لە حانـد غەیـرە لـە ترسـی خزمـان

قاقڵاوا، ۱۳۵۱ی هەتاوی

---

* نالی: نەخل و ڕوممان پێکەوەن، یان باغەوان وەی کردووە
سەروی هێناوە لە سینو و بەی موتوربەی کردووە
بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

دەردی کورد

دەردی کـــوردم گرتـــووە، چ بـــکەم ئەمـــن؟!
تەیـــری بەخـــتم مـــردووە، چ بـــکەم ئەمـــن؟!

یەکنەبـــوون و ڕێـــکنەبوون و لێکپســـان
ژەهری دووریم چێشـــتووە، چ بـــکەم ئەمـــن؟!

بـــاری یەکجـــار زۆر گرانـــی قەومەکەم
ئەمنـــی یەکجـــار خســـتووە، چ بـــکەم ئەمـــن؟!

ڕیســـی چەنـــد ساڵەم، تەشیڕیســـی زەمـــان
پـــێچەوانەی ڕســـتووە، چ بـــکەم ئەمـــن؟!

یەکنەبـــوونی دوو بـــرای ئـــازا و نەبەز
ڕێـــی نەجـــاتی بەســـتووە، چ بـــکەم ئەمـــن؟!

وا نەیـــاری بەدمەســـەب بـــۆ ئەو دووە
ســـەد پلانـــی ڕشـــتووە، چ بـــکەم ئەمـــن؟!

هـــۆنەری چەنـــد ساڵەیی پیـــر، بەخـــتەکەی
هـــاتووە و لێـــی نوســـتووە، چ بـــکەم ئەمـــن؟!

قاقڵاوا، ۱۳۵۸ی هەتاوی

بحر رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

ئیمامیش دێتن

وەرە نێــو بــاغ و نێــو گــوڵزار و چــیمەن وا لە ســەر ڕێــتن
هەڵاڵە و نێــرگس و شــەوبۆ و سوێســـنە خــاکی بەر پێــتن

هەواخــوای بەژن و بــاڵات هەر بە تەنیــا مــن نەبــووم، تەنیــا
گەلـــێ لاوانـــی تـــازە پێگەیشـــتوو وەک ئەمـــن شـــێتن

هەزاران شێخ و شاب و شێت و ژیر، چاک و خراپ، ڕێکـی
هەموویـــان کوشـــتەیی لەرزانەکـــان و گـــوارەیی گـــوێتن

دەلەرزن هەروەکـــوو لەرزانە، بەنـــدن هەروەکـــوو گـــوارە
بە بـــۆنەی بەژن و بـــاڵات دیـــارە هـــاواڵی بەڕێوجێـــتن

هەمــوو هــاتوونە ســەیری قیت‌وقۆزیــت، پیــر و لاو، ئەوڕۆ
بە قەولـــی ســـابڵاغی: وا "ئیمـــامی"ش حـــازرە و دێـــتن

قاقڵاوا، ۱۳۵۲ی هەتاوی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

حاسڵی من

وەی کــە هەر کــاتێ شــین ببــێ گــوڵی مــن
کــە بپشــکوێ، چ خــۆش دەبــێ دڵــی مــن

ڕابوەســـــتن هەتـــــا دەگاتـــــە بەهـــــار
جــا دەبیــنن گــوڵیش لــە ســەر گڵــی مــن

ئەوکەڕەت کیژوکـــاڵ لـــە مـــن پرســـن
تێــدەگەن بــاش کــە قەبــرە مەنزڵــی مــن

مەنزڵـــی چـــی؟ پـــڕە لـــە خیـــز و بەرد
پـــاکی هەر دڕکودالـــە بـــاخەڵی مـــن

کەســێ بچنــێ گوڵێــک لــە ســەر گــۆڕم
هەڵــدەچێ زوو لــە دەســتی پێکــوڵی مــن

بەرهەمـــــی ســـــاڵیانەکەم پرســـــن
ســەری خەرمــان جەفایــە حاســڵی مــن

مــن بــە "ئــاوات"ی خــۆمەوە ســووتام
داخــۆ کەنگــێ بلنــد بــێ مەشــقەڵی مــن

قاقڵاوا، ١٣٦٣ی هەتاوی

بحر خفیف مسدس مخبوب محذوف: فاعلاتن مفاعلن فعلن

تینووی شەواو

خزمینـــــەوە! وەکـــۆبن کـــە ئەگەر عاقـــڵ و پیـــاون
بیـــرێ لـــە کەس‌وکـــاروو کـــە مـــردوون و نەمـــاون

کـــوا یـــار و ڕەفیـــق و کەس‌وکـــار، دایـــک و بـــابوو
چۆن ڕۆیین و کوێ چـوون و چ بـوو پـرش و بـڵاون؟

ئێـــوەش وەکـــوو ئەو عالەمـــە ڕۆیـــن لـــە ســـەفەردان
هەرکـــاتێکوو زانـــی کـــە لە نـــاو جەنگەیـــی داون

ئێســـتەش کـــە خەیـــاڵوو لـــە ســـەروپرچی بـــڵاوە
بـــاش تـــێ‌بگەن ئەو بیـــر و خەیاڵـــە هەمـــوو خـــاون

هەر گیـــا و گوڵووکـــاتێکی دەبیـــنن، هەمـــوو ئەعـــزان
دەســـت و ســـەر و پـــێ و چـــانەگە وو زارە شـــکاون

شین بوون لە زەوی و باغ و چەمەن، جـۆگە وو جۆبـار
ڕێـــک داغ لـــە دڵـــن، چونکـــە لـــە هـــاواڵی بـــڕاون

ئەو نێرگســـی بۆنخـــۆش کـــە ڕواون لـــە دەرودەشـــت
نێـــرگس نییـــە، بڕوانـــە؛ بـــە دیـــتن وەکـــوو چـــاون

چـــاوێ دەخشـــێنن لـــە کوڕوکـــاڵی وڵاتـــێ
یـــانی هەمـــوو پەتیـــارە وەکـــوو بلقـــی ســـەرئاون

بحر هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

ئەو سوورەگوڵی گەش کە دیارن لە کەژ و کۆ
گوڵ نین و هەموو خوێنی گەشی لاوە، ڕژاون

سوێسن کە لە پێش چاو گوڵی سەرسەوز و جوان بوو
زارێک و زمانێکی جوان بوون و دواون

ئەو سەروە بەژنبەرزە و سەرسەوزە جوانە
بەژن و قەد و باڵان و بە ڕووسووری ژیاون

ئەو بەژنە بڵندانە بە هۆی ئاوی ئەوین بوو
چەند ماوە لە باغ مان و کەچی هەر نەچەماون

بڕوانە وەنەوشە دەدرەوشێ بە دروشمێ
بسکێکی پەرێشانە کە زۆر شانە کراون

بولبول! من و تۆ عاشقی خونچەی وەکوو زارین
پێناکەنێ بۆمان کە شەوێ ئاو نەدراون

ئەوشۆ وەرە با پێکەوە بگرین لە گوڵووکات
چونکە گوڵی باغی هەموو تینوویی شەواون

قاقڵاوا، ١٣٤٢ی هەتاوی

بای وادە

ئەوا بـــای وادە هـــات و ســـەوزە چـــیمەن
بەهەشـــتە گوڵشـــەن و ســـەحرا بـــە دیـــمەن

بەڵام بـــۆ مـــن چ بـــای وادە، چ پـــاییز
ڕەفیقـــان بـــانگی کـــاروانی هیـــوا کەن!

بەبـــێ ئـــازیزی دڵ خێـــڵ ڕەنـــجەڕۆیە
کەژاوەی ژینـــی تـــاڵ ناگاتـــە مەعـــدەن

بە خـۆی مـا دڵ، کـە دی نێـرگس لـە باخـان
بـــە چـــاوی جـــوانی دەڕوانێتـــە گوڵشـــەن

دڵـــم مـــا هەڵـــوەدا و مـــوبتەلای ئەو
چ بـێ مەڵبەنـد و جێگـا، مـاڵ و مەسـکەن

دڵـــم دۆش‌مـــا بە لای خەرمـــانی مەیـــنەت
بەبـــێ هـــاواڵ و داوەڵ، بـــێ‌کەس و شـــەن

بەبـــێ ئـــازیزی دڵ مەرگـــی "ئیمـــامی"
نزیکـــە، دا بڵـــێ بـــێن گـــۆڕهەڵکەن

قاقڵاوا، ١٣٦٠ی هەتاوی

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

ئاخ و سکاڵا

مـــن و بســکی لــه بەژنــی بەرزی هــاڵاین
وەکــــوو یەک، دەردەداری بەژن و بـــاڵاین

مەکەن لـــۆمەی مـــن و کەزیەی بـــڵاوی
کـــە ئـــاوبردەی جـــوانی و ئـــاڵوواڵاین

دەم و چـــاوی ئەگەر ســـوغرا وو کـــوبڕان
لەگەڵ دڵ بۆیـــە ســـەرگەرمی موتـــاڵاین

لەگەڵ بولبـول بـە جـۆش و کـوڵ لـە بـاغی
بـــە ڕۆح وا موشـــتەری بـــازاڕی کـــاڵاین

مـــن و کەزیەی وەکـــوو مـــاری برینـــدار
"ئیمـــامی" خـــاوەنی ئـــاخ و ســـکاڵاین!

قاقلاوا، ١٣۵٢ی هەتاوی

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

یەکیەتی

کارگەر و ڕەنجبەر و وەرزێر و هەموو چین و دەچین
بـــۆ بەدەس‌گرتنـــی مـــافی گەلەکەم یەک‌دەکەویـــن

شـــەوی نەگـــبەت چـــووە، ڕۆژمـــان لـــە کەلـــی ئـــازادی
هـــاتەدەر، خاڵـــە دەســـا هەســـتە لـــە خەو، لابـــە ســـەرین

ســـەر لە ســـەر ڕێگەیـــی ئـــازادی نەچـــێ بـــاری لەشـــە
وەکـــوو گـــۆ بەر شـــەقی دەن چاکـــە، کوڕوکـــاڵی بەتـــین

دەس دەنـــە دەســـت و وەرن ئەی گەلـــی ئـــازا و نەبەزا!
دەرفەتـــە، ئێســـتە لە نێـــو ئێمـــە نـــە ڕق مـــاوە نـــە قـــین

ژێرچەپۆکەی ئەم و ئەو هەر بەشـــی ئـــێمەی مەرد بـــوو
بـــا لەمەولاوە بـــە ئـــازادیی و سەربەســـتی بـــژین

یەکیەتـــی پـــێ‌دەوێ هەر میللەتـــێ هەســـتی ژین‌کـــا
وەرن ئەی کـــارگەر و وەرزێـــر و هەژار و مســـکین!

"کامیـــل" ئەمڕۆکـــە دەڵـــێ ڕۆژی هەڵـــە، دەس دەگـــرین
شـــایی ئازادییـــە، بێ‌تـــرس و خەفەت هەڵـــدەپەڕین

قاقلاوا، ١٣٤١ی هەتاوی

بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن ○

پەروین*

ئەوی وا خـــاکی ڕەشـــی بۆتـــە ســـەرین
ئەوە ئەســـتێرەیی ئاســـمان "پەرویـــن"

گەرچـــی هەر تـــاڵی لـــە ڕۆژگـــاری چێشـــت
خـــۆ بەڵام هەرچـــی وتەی بـــوو شـــیرین

خـــــاوەنی ئەم هەمـــــوو هـــــۆنراوانە
ســـوالْکەرە ئێســـتە لەبـــۆ یەک یاســـین

چاکـــە هـــاواڵی لـــەوی یـــادێ بـــکەن
دڵـــی بێ‌یـــارە، هەمیشـــە خەمگـــین

---

* شێعری پەروین ئیعتیسامییە:

اینکـه خـاک سـیهش بـالین اسـت / اختـر چـرخ ادب، پـروین اسـت
گرچـه جـز تلخـی از ایـام ندیـد / هرچه خـواهی، سـخنش شـیرین است
صـاحب آنهمـه گفتـار، امـروز / سـائل فاتحـه و یاسـین اسـت
دوسـتان بـه کـه ز وی یـاد کننـد / دل بی‌دوسـت دلـی غمگـین اسـت
خـاک در دیـده بسـی جان‌فرساسـت / سـنگ بـر سـینه بسـی سـنگین است
بینـد ایـن بسـتر و عبـرت گیـرد / هرکـه را چشـم حقیقـت‌بین اسـت
هرکـه باشـی و ز هرجـا برسـی / آخـرین منـزل هسـتی ایـن اسـت
آدمـی هرچـه تـوانگر باشـد / چو بـدین نقطـه رسـد، مسـکین است
انـدر آنجـا کـه قضـا حملـه کنـد / چـاره تسـلیم و ادب تمکـین اسـت
زادن و کشـتن و پنهـان کـردن / دهـر را رسـم و ره دیـرین اسـت
خـرم آن‌کـس کـه در ایـن محنت‌گـاه / خـاطری را سـبب تسـکین اسـت

بحر رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

خــــۆڵ لە ســــەر چــــاو بە خــــودا ناخۆشــــە
بەردی ســــەر ســــنگی گرنگــــە و ســــەنگین

هەرکەســــــی گەورە وو خــــــاوەن مــــــاڵە
هاتــــە ئەم جێگــــە فەقیــــرە و مســــکین

هەردەمــــی هــــات و ئەجەل هێرشــــی کــــرد
چــــارەیی دی نییــــە غەیــــری تەمکــــین

قاقڵاوا، ١٣٣٩ی هەتاوی

وەعز و تەڵقین

مـــن و دڵ عاشـــقی هەر زەرق و بەرقـــین
بـــە پیـــریش گـــوێم نەدایـــە وەعـــز و تەڵقـــین

مەکـــە تـــۆ باســـی تۆبـــە، واعیـــزی پیـــر!
مـــن و دڵ خـــۆ لـــە ترســـی تـــۆ دەتـــۆقین

مـــن و یـــار هـــێن بـــە ســـەرگەرمی ژیـــاوین
لـــە خۆشـــی یەکتـــری پـــڕ شـــەوق و زەوقـــین

شـــوکور زســـتانی ئەمســـاڵ وەک بەهـــار بـــوو
هەمـــــوو کانیاوەکـــــانی کێـــــوی تـــــۆقین

بـــە کـــوێری دوژمـــنم، ڕێوبـــان کـــراوە
هەمـــوو جێژوانەکـــان هەر مـــان و بـــاقین

کـــە ڕقئەســـتوورە مارزبـــاب، ڕەقیـــبم
بـــڵا هەڵماســـی وەک ماســـی لە بەر قـــین

"ئیمـــامی" ئەوکەرەت ئەو دەســـتە شـــێعرەت!
لە ســـەر وەزن و لە ســـەر شـــێوەی عێـــراقین

گەردیگلان، ١٣٢٩ی هەتاوی

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

یەکگرتن

ڕاپەڕیـن، یەک دەکەویـن، یەک بکەویـن سـەردەکەوین
گەلی ئێمەش هەمـوو خوازیـاری هەوا و ئـاو و زەویـن

کوردە زۆر جـار بـووە کەم زۆری وەسـەر زۆر بـکەوێ
قەت مەڵـێ دوژمنـی مە زۆرە، بەڵام ئـێمە کەمـین

گەر لە سـەر کلـکە لەگەڵ مە، وەکـوو مـاری جەنگـی
لێـی مەترسـە، فڕوفیشـاڵە، لە ڕێـی دانـێ کەمـین

خەوی زۆر بوو گەلی ئێمەی لە قوڕی غەفـڵەت خست
مەرد و مەردانە وەرن، تـۆبی خـودا، بـا نەخەویـن

هەر شـەوە بـۆ مە بـرا، کـاتی گەمـارۆی دوژمـن
تـا بزانـێ نەتەوی، ئـێمە هەمـوو پیـاوی شـەوین

گەرچـی ڕێ ئەسـتەمە، پـڕ دڕکە، ئەگەر تێکـڕا بـین
لەو هەمـوو بەنـدەن و شـاخ و چـڕە زوو تێـدەپەڕین

گەر هەڵـۆیە نەتەوی، بـۆتە کوڵـۆی سـەر ڕێمـان
ئەو کە خاوەن گوڕ و دەنـدووکە، مەگەر ئـێمە کەویـن؟

پەڕوپـۆی هەڵـدەوەرێنێ نەتەوەی کـاوە بـرا!
گەل ئەگەر یەککەوێ، داگیرکەرەکـان نەخشـی زەویـن

شـووڵی باریـک کە هەمـوو پـێکەوە بایـدەن، پـتەون
بـا هەمـوو دەسـت بگـرین پـێکەوە، تـاکوو نەنەویـن

قاقڵاوا، ۱۳۵۵ی هەتاوی

بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

پێشکەی شکاو

مــن فەقیرێکــی ڕەش‌وڕووت و لــە دەرکــان دەرکــراو
تــۆش خـــودایێکی کەریـــم و دەرکـــە ئـــاواڵەکراو

ڕووم لە دەرکی تۆیە ئەی خاوەن کەرەم، سـا لـوقمەیەک
شەرمەســـار و ڕووڕەش و زۆر مـــل‌کەچ و ئابڕووتکــاو

هەرچــی ئەعزامــە لەبەریەک‌چــوو، لە بەر دەرد و غەمــم
دار و پەردووی لێــک‌ترازاوە وەکــوو پێشــکەی شــکاو

ســـیپەلاک و جەرگ و دڵ، هێــز و هەنـــاوم لێ‌بـــڕا
قـــالبێکی چۆڵ‌وهـــۆڵ وەک مـــاڵی هـــیچ تێـــدانەماو

تــۆ عەجایــب مــای "ئیمـــامی" بەو هەمــوو دەردانەوە!
کێیــە ئەمڕۆکــە وەکــوو تــۆ بەنــدی جەرگ و دڵپســـاو؟

قاقڵاوا، ١٣٥٥ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

دوورکەوتنەوە

تــۆ چوویــە وڵاتــێ کــە نەبیــنم ئەســەری تــۆ!
دوور کەوتــی لــە مــن تــاکوو نەبیســتم خەبەری تــۆ

ئەی نــووری دڵ و قــووەتی ئەژنــۆم، بەســە دووری!
ڕۆحـــم وەکـــوو پەروانـــە گەڕا دەوروبەری تـــۆ

ئەو حاڵەت و هۆش و هونەری ئەودەمــە مــن بــووم
ئێســتێ نییــە تــاقی، هەمــوو قوربــانی ســەری تــۆ

دڵ هەروەکــوو عەوداڵــە لــە دووت، تاڵــە ژیــانی
چــاوم وەکــوو ئاوپاشــە لــە ڕێگــە و گــوزەری تــۆ

ڕەحمــێ بکــە بەم ڕیشــە ســپی و چــاوە پــڕ ئــاوە
نەتزانــی لــە دڵ حەســتەمە ئــاخر ســەفەری تــۆ؟

ئەی من بە فیــدای ڕۆیــن و کــۆچ و ســەفەرت بــم!
چــت کردبــوو ئــاخر کــە وەهــا دەربەدەری تــۆ

هەســـتە وەرەوە، گیانـــە وەباڵـــت بـــە ملـــی مـــن
وەســتۆ دەگــرم شــەرتە هەمــوو خێــر و شــەڕی تــۆ

قاقلاوا، ١٣٤٢ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب مكفوف محذوف: مفعول مفاعيل مفاعيل فعولن

تورجانی خرۆشاو*

عــالم و عــامی لە تورجــانێ وەخــرِ بــوون بــێ‌درۆ
کەوتــنە شــادیی و ڕەقــس و هەڵــپەڕین و هــات‌وچۆ

پیــر و جــوان، شــێخ و مەلا هــاتوونە ڕەقســین و ســەما
پاکی لەرزی عەرز و حەوش و بــان و هەیــوان و ســەکۆ

من کوتم: یارەب! مەگەر چی بوو بە دەستی جەم هەموو
تــایفە ڕێکــی لە دارولعیلمــی شــێخا بــوون وەکــۆ

پێــی کــوتم عەقڵــم کە شــەربەت‌خۆری و دڵخۆشــییە
بۆ دەکەویە سەر خەیاڵ و بەحــری فکــر و جوســت‌وجۆ

ئەرشــەدی ئەولاد و ســاحەبکاری پــڕ عەقــڵ و هــونەر
مونتەهــا بــوو، ئێســتە زامــی کــۆنی دوژمــن هــاتە ســۆ

کــاعەزیز! تەنیــا لە نێــو ئــێمە ئەتــۆ گــۆت بــردە دەر
بەو ئیجازەی تۆیە چــا بــوو جەهلــی جەمعــێ بــوو پەڕۆ

ئیرســی بــابی خــۆتە عــیلم و جەوهەر و فەزڵ و هــونەر
بیــرِفێنە زوو بە چــاکی، هەروەکــوو بــاز و هەڵــۆ

---

* بە بۆنەی ئیجازە وەرگرتنی سەید عەزیزی تورجانی
بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

بەم هەرا و جەمعیــیەت و خۆشــیی و بەزم و شــادییە
دوژمنــی ئــێمە تەماشــاکە هەمــوو بــوون ڕەنــجەڕۆ

هەرکەسێ شێخی نەوێ، کۆستی کەوێ، قەت نەسرەوێ
یــا ڕەبــی خــوار و زەلیــل و ڕەنــجەڕۆ بێــت و تــڕۆ

ئەم هەمــوو خۆشــیی و بەزمە، بــۆ ئیجازەنــامە بــوو
یــا خــودا مــامە، موبــارەک بــێ بە دڵخۆشــی لە تــۆ!

هــــۆنەرێکی زۆر زەبەردەســـتە "ئیمـــامی" نـــۆکەرت
بــۆیە ڕیســی ڕێــکوپێکە، قەت نەبــوو بێتــار و پــۆ

چش لەم و لەو

ئەی خــالیقی ڕۆژ و شــەو! ڕۆژم ڕەشــە هەروەک شــەو
شــەو هەر لــە خەیــاڵی ئەم، ڕۆژیــش بــە هومێــدی ئەو

تــا کەی بە هومێــدی ئەو، تــا کەی بــە خەیــاڵی ئەم؟
یاڕەب ئەو و ئەم بەس بێ! هەم چش لەم و هەم چش لەو

ڕۆژ و شــەوی عــومری مــن، پــاکی بــە عەبەس ڕۆیــی
ڕۆژ خواردنــە فکــری مــن، شــەو هەر بــە خەیــاڵی خەو

ئەم عالەمــە فــانی بــوو، ئیتــر بــە خەیــاڵی چــی؟
کــوا شــاه ســولەیمان و ئەســکەندەر و کەیخوســرەو؟

هەســتە بــڕۆ بەردەرکــی خاســانی خــودا "کامیــل"!
بمــرە، کــە لــە پــاش فەوتــت هەر عیشــقە دەدا پــڕتەو

قاقلاوا، ١٣٦٠ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

ئەوشۆ

چ خــۆش بەزمێکــە بەزمــی یــارە ئەوشــۆ
دڵـــــم جێ‌ڕاوگەیـــــی دڵـــــدارە ئەوشـــــۆ

دەڵــێن یــارم لــە شــەودا دێ و لــە خەودا
لـــــە بێـــــداری دڵـــــم بێـــــزارە ئەوشـــــۆ

ســەبا، مــوژدەی بەرە بــۆ شــاری عوششــاق!
کــە مەجلــیس خــۆش و بێ‌ئەغیــارە ئەوشــۆ

لــە نێــو پێچ‌پێچــی زولفــی، بولبــولی دڵ
خەریکــە دێ و دەچــێ، ســەییارە ئەوشــۆ

گــوڵی دڵ ســیس و پەژمــوردە و چەمیبــوو
بــە وەســڵی یــاری شــەونمدارە ئەوشــۆ

وەکــوو یۆســف لــە زینــدانێ وەدەرکەوت
بــە ســەد عیــززەت عەزیــزی شــارە ئەوشــۆ

لـــە ویـــرانەی دڵـــمدا ئێســـتە دڵـــدار
بـــەبێ مینـــنەت شـــوکور میعمـــارە ئەوشـــۆ

تەماشـــا قافیـــە و شـــێعرم لـــە شـــۆقی
چ مەوزوونـــە و چ چابوکســـوارە ئەوشـــۆ

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

لـــە جەولانـــگەی ســـەنا و تـــاریفی یـــارم
قەڵەم ئەســـــپێکی تەعلـــــیمدارە ئەوشـــــۆ

ئەگەر مـــــوو بـــــێ، لغـــاوی ناپســـێنێ
ئەگەرچـــی کـــارەکەی هەر غـــارە ئەوشـــۆ

ڕەقیـــب زانـــی: بـــە کـــار نایـــە "ئیمـــامی"
لـــە خـــۆی بێـــزارە، تارومـــارە ئەوشـــۆ

عەســـەس بێکـــارە مـــا، دەرچـــوو لـــە مەیـــدان
کـــوتی ســـەردەرکە، مـــاڵ بســـیارە ئەوشـــۆ

"ئیمـــامی"ش وا لـــە ســـایەی قەنـــدی لێـــوت
وەکـــوو تـــووتی شـــەکەرگوفتارە ئەوشـــۆ

قاقڵاوا، ١٣٣٥ی هەتاوی

کزەبای شەماڵ

بە سروەت پێ‌دەڵێم چاوم، کزەی دێ بای شەماڵ ئەوشۆ
چزەی دێ جەرگی برژاوم، بەبێ پۆلوو و زوخاڵ ئەوشۆ

ئەوا تیپی بەهاری دەست بە نیزە چوونە سەر بەفرێ
شکا پشتی کلیلەی قوڕبەسەر وەک پیرەزاڵ ئەوشۆ

سەراسەر فەرشە چیمەن بۆ قودوومی بووکی گوڵ، بۆیە
زمانی گرتووە هەر چەشنی تووتی، کوندە لاڵ ئەوشۆ

بە تەشریفی شنە، شەوبۆ و نێرگس پاکی پشکووتن
لە خۆشیان بولبول و قومری دەکەونە قیل‌وقاڵ ئەوشۆ

کوڕوکاڵ دەم‌بەخەندەن، کیژوکاڵ پڕ عیشوە وو نازن
بزەی دێ غەمزە وو ڕەمز و ئیشارەی چاوی کاڵ ئەوشۆ

ئەوا هەر چاوەڕێیە نێرگسی شەهلا بە تەنیایی
بە جارێ بوو سپی چاوی بە ئومێدی ویساڵ ئەوشۆ

بە دەنگی بولبول و قومری، تەماشا دڵ چلۆن دەگری!
دەڵێ بگرن بە دڵ قەدری، جەماڵی کیژوکاڵ ئەوشۆ

"ئیمامی"ش هەروەکوو بولبول بە هیوای پێکەنینی گوڵ
دەناڵێنێ لە سەر هەر چڵ، بە یادی خەت‌وخاڵ ئەوشۆ

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

شەو

نووری ڕوخسارت وەدەرخە، دەردی بێدەرمانە شەو
زوڵمەتی زولفت لە سەر ڕووتە، لە ڕۆژ میوانە شەو

دوێ، شوکور مەردانە من ڕێم بردە ناو زولفی ڕەشی
تا بزانن خەڵکی موڵکی دڵ، قەڵای مێردانە شەو

هەر لە مەغریب تا بەیانی بێوچان دێت و دەچێ
هەر لە دووی خورشیدی خاوەر وێڵ و سەرگەردانە شەو

کوێر و نابینایە ئێستا ئەو لە داخی ڕۆژی ڕووت
بۆیە ڕەشپۆش و فەقیر و مات و بەستەزمانە شەو

قەدری شەو چا بگرە چاوم! شەمع و پەروانە دەڵێن
سۆز و گریەی شەمع هەر شەو، سووتنی پەروانە شەو

عاشق و مەعشووق لە ڕۆژدا خۆ دەپارێزن لە خەڵک
گەر پەنای چاکت دەوێ بۆ ئەو دووە، بڕوانە شەو

هەستە "کامیل"، بەسیە بێداری، بڕۆ لێیوەرکەوە!
تا وڵات بێدەنگ و باسە و تا لە ڕۆژ میوانە شەو

قاقڵاوا، ١٣٤٥ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

سەودا

بە یـــادی دڵـــبەری ســـەوداگەرم ویـــرانە ئـــاوا بـــوو
هەمــوو بــازاڕ و شــاری دڵ کەوا بێ‌شــۆق و ســەودا بــوو

گــلەی پــێم هاتــە ســەر، چونکــە ســەرم دانــا لــە پێنــاوی
بە سەر چووم، ڕاستە ئەم ســەودایە ســەودایێکی بێ‌جــا بــوو

بە ڕەمزی چاوی مەســتی خــۆت ئیشــارێکی لــە دڵ فەرمــوو
بزانـــە بـــۆچی بێ‌بـــادە ئەوەنـــدە شـــێت و شـــەیدا بـــوو

نییانـــە ڕەغبەتـــی شـــیرینی مەســـتان، ڕۆحـــی شـــیرینم
بـــە مـــاچ وەرنـــاگرن لـــێم، بەزمـــی ئێمـــە بۆیـــە ســـا وا بـــوو

کـــە یـــادی دڵـــبەرم تەشـــریفی بـــردە نـــاو دڵـــی زارم
لە بەینی عەقڵ و عیشقمدا لــە ســەر ئەو شــۆخە دەعــوا بــوو

ئەمن کێم؟ دڵ لە قیس‌چوو؛ کوێ دەچم؟ سارای جنوون؛ بۆچی؟
لەگەڵ مەجنوون ڕەفیــق بــم، تــا بــزانم چــۆن لــە لەیــلا بــوو

"ئیمامی" ماوەیەک بوو مەشقی ڕەمــزی چــاوی مەســتی کــرد
لەپڕ مەستی بە سەریا هات و سست و پەست و ڕیســوا بــوو

قاقلاوا، ۱۳۳۵ی هەتاوی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

باڵای مەوزوون

نــە تەنیــا بەنــدەیی بــاڵایی مەوزوونــت ســنەوبەر بــوو
عەلەم بوو، سەرو بوو، هەم نەیشەکەر بوو، نەخلـی نەوبەر بــوو

نە تەنیا گوڵ خەجاڵەت ما، لـە ڕووی وا جـوانی تـۆ چاوم!
کەتــان بــوو، پەڕنیــان بــوو، گیــانەکەم دیبــایی ئەخــزەر بــوو

نە تەنیــا شــۆر و غەوغــا بــوو، کــە دوێ تەشــریفی تــۆ ڕۆیــی
بەڵا بوو، فیتنە بــوو، ئاشــووب بــوو، غەوغــایی مەحشــەر بــوو

نــە تەنیــا یاســەمەن بــوو مەســخەرەی ســیمین بەنــاگوێی تــۆ
سەمەن بوو، نەستەرەن بوو، لالە بوو، نەسرین و شەشــپەڕ بــوو

نــە تەنیــا هەر ڕەقیــب بــوو کــامڕان لەو زولفــە پــڕ چیــنەت
سەبا بــوو، شــانە بــوو، مەششــاتە بــوو، عەنبەرچەیــی زەڕ بــوو

نــە تەنیــا هەر "ئیمــامی" مــات و مەبهــووتی جەماڵــت بــوو
فوغان بوو، ناڵە بــوو، خــوێنی جــگەر بــوو، دیــدەیی تەڕ بــوو

گەردیگلان، ١٣٢٢ی هەتاوی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

غەزەلی ناقیس*

چ شەوێ بوو شەوی جومعە، کـە شـەوی زەلزەلـە بـوو!
شەوی سۆز و شـەوی پڕسـۆز و هەرا و مەشـغەلە بـوو!

چ شەوێ بوو کـە چـرای عەرزی بـە فرمێسـکی فەلەک
هەموو کـووژانەوە، مەجلـیس هەمـوو بێمەشـعەلە بـوو!

مەشـــعەلی ســـوختەدڵان گەییـــە فەلەک، بۆیـــە لەوێـــش
دەستەدەســـتە مەلەکـــیش هاتنـــە عەزا، هەلهەلـــە بـــوو

خـۆم و هەرچـی هەمـە کـردم بـە فیـدای و ئەجەلـیش
کەچی تەئخیـری نەکـرد، سـەیری چ بێحەوسـەلە بـوو!

دڵـی ئێمـە و دڵـی عـالەم وەکـوو یەک ئـاگری گـرت
چاکـــە لەم مەرحەلەدا دڵ لـــە دڵان بێگلـــە بـــوو

هێنـــد پەرێشـــانە دڵـــی خـــانەخرابی "کامیـــل"
غەزەلـــی ناقیســـە، ئەمجـــارە ببـــوورن پەلە بـــوو

قاقلاوا، ۱۳۳۸ی هەتاوی

---

* بۆ کۆچی دوایی حاجی بابەشێخی مامی
بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

کاتی بەهارە

کــاتی بەهــارە چــاوەکەم! بــێ بچینــە بــاغی دووبەدوو
گوڵ بچنین بە هەردوو دەس، بێینە ســەما و جوســتوجوو

ســاقی بــە هەڵپەڕیــنەوە دێــت و دەچــێ لە نێــو چەمەن
خونچــە بــە پێکەنیــنەوە دڵ دەڕفێنــێ زوو بــە زوو

بولبول و قومری هەر تەڕەف سازی تەڕەب دەکەن، کەچی
لــە شــاخی گــوڵ، لــە داخــی دڵ خــۆ دەنــوێنێ کونــدەبوو

عەرعەڕ و ســەرو و نــارەوەن پــاکی بــە دەم نەســیمەوە
بە ڕەقس و شــەوق و زەوقەوە دێــن و دەچــن بــە ئــارەزوو

ئەدەب دڕا دەفــی لەبەر تەرەب لــە بــاخ و گوڵشــەنا
لــە لای بەشــەر لەبــۆ دەوا نەمــا حەیــا وو ئــابڕوو

خۆشــییە، کەیفــە، شــادییە، بەزمــە، هەرایــە، چــۆپییە
بە عەشقی بووکی بولبولە، خونچە کــە بووکــە، دڵ خەســوو

ڕاز و نیــازی دڵ دەکەن بولبــول و قــومری پــێکەوە
هەردوو بە فکری بیکرەوە، خونچە بە یەک دەدەن بــە شــوو

هەر بــەتەنــێ "ئیمــامی"یــە بــێبەش و بەهــرە مــایەوە
خەرمەنی خەم بە بــا دەدا، دەنکــی ئەســەف دەکــا بــە تــوو

بۆکان ١٣٤٦ی هەتاوی

بحر رجز مثمن مطوی مخبون: مفتعلن مفاعلن// مفتعلن مفاعلن

گوڵبەریشم چوو*

هەموو ساڵێ خەزانی گوڵ بوو بۆ من، گوڵبەریشم چوو
گوڵم چوو، سونبولیشم چوو، دڵم چوو، دڵبەریشم چوو

چەمەن تەنیا گوڵی چوو، من بە جارێ ماڵی وێرانم
کەسم چوو، سەروەریشم چوو، مورەببی و ڕێبەریشم چوو

لە باغا بەرگی گوڵ چووبوو بە تاراجی خەزان، بۆ من
قەڵەم چوو، نامە چوو، تەبعی ڕەوان چوو، دەفتەریشم چوو

عەجایب پاییزێ بوو، شەختەکەی جەرگ و دڵی بردم
دڵ و جەرگ و هەناو و ماڵ و حاڵ و هەم سەریشم چوو

خەڵک شووشەی گوڵی دەشکێت و من شووشەی دڵم، چ بکەم
خەڵک سووسەنبەری دەڕژێت و من مووعەنبەریشم چوو

خەڵک خانوێکی دنیایی دەڕووخێ مات و حەیرانە
ئەمن ئەی خاکبەسەر خۆم، مزگەوت، هەم مینبەریشم چوو

قاقڵاوا، پاییزی ١٣٣٨ی هەتاوی

---

* بۆ وەفاتی حاجی بابەشێخی مامی
بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

بەوری بەیان

لەگەڵ دوژمــن "ئیمــامی"! هەروەکــوو شــێری ژیــان وابە
لە پــێش پڕدانیـــان ڕاوەســـتە، وەک بەوری بەیـــان وابە

بە داخ و دەردەوە بــۆچی چەمیــوی؟ ئــاهەکەت تیــرە
لەگەڵ خەڵکــی زەمانــە ڕاســت وەکــوو تیــری کەوان وابە

ئەگەرچی هەروەکوو کیسەڵ لـە قـاپێلکی خەمـا خەوتـووی
لـــە کالانـــا مەوێســـتە هەروەکـــوو تیغـــی دەبـــان وابە

لـــە ڕیـــزی عاشـــقانیش هەروەکـــوو مەجنـــوونی ماڵکـــاول
لە دووی خێــڵ و کەژاوەی لەیلــی هەروەک ســارەوان وابە

لە عیلمی سـێحر و نەیرەنـگ و فسـوون قەیناکـە تێکۆشـە
هەتا پێش چاوی دوژمن وەک شک و وەهم و گومـان وابە

بـــە گەرمـــی ڕابـــوێرە شـــەو بە یـــادی دڵـــبەرت "کامیـــل"!
لەگەڵ ناڕاســـتەکان ســـارد وەک نەســـیمی بەربەیـــان وابە

بۆکان، ١٣٥٠ی هەتاوی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

خەت و خاڵ

خەت و خاڵ و زولف و برژۆڵ لە نزیکی چاوی مەستە
هەموو زار و جەستە خەستە، هەموو شێت و دەستبەستە

یەکێ دوور و یەک نزیکە، یەکێ نزم و یەک بڵندە
هەموو کەوتوو، ڕەوتوو، سەرسام، وەکوو لەشکری شکەستە

چ قەبیلەیێکی شۆخن قوڵەزەنگی خێڵی لەیلی
کە بە هۆی ئەوینی مەجنوون دەخزێن بە دەستەدەستە

دڵی ڕووتوقووتی عاشق بە هومێدی ڕۆژی کوڵمە
کە بزانێ عاشقی ڕووی ئەوە ڕووت و ڕۆژپەرستە

بە دزی دەخاتە ئەستۆ سەری زولفی عاشقی ڕووی
کە دەزانێ خۆشمەرەز بووم، چ جوانی کردە ڕستە

هەموو عاشقانی زاری بە قسێکی خۆش دەڕەقسن
لە دەمی ئەگەر ببیسن، چ گرنگە ئەو مەبەستە

ئەمنیش دڵم لەوێ بوو بە ئیشارەیێکی چاوی
هەڵیگرت و بردی، فەرمووی دە "ئیمامی" هەستە بەستە!

گەردیگلان، ١٣٥٠ی هەتاوی

بحر رمل مثمن مشکول: فعلات فاعلاتن// فعلات فاعلاتن

داخوازی ئیمداد

نــزام بــۆ تۆیــە ڕەببەلبەیــت! دڵــم داخــوازی ئیمــدادە
دەزانـــی عەبــدی خــۆت ئێســـتاکە وا بێتۆشـــە و زادە

لە سەر ڕێگـایەکی پڕتـرس و خەوف و دڕکوداڵـم مـن
بە لوتفی خۆت بفەرمـوو پـێم لە سـەر ئەو جادەیـە لادە

ئەوا پیــر و فەقیــر کەوتوومـــە ئەولای بێتفــاقی خــۆ
ئەمــن کــوردێکی بێفێــڵوفەرەج، مەشــهوورم و ســادە

ئەتۆی خاوەنکەرەم، ئەی سفرەڕەنگین! هەر لە تۆ جوانە
کەرەم، بەخشین و چاوپۆشی لە پیـر و کـوێر و ئوفتـادە

ئەوی تۆی نایەتە بیر پڕخەم و دەرد و مەشـەققەت بـوو
کەسێکیش تۆی لە بیر بێ، تا ئەبەد مەسـروور و دڵشـادە

ئەوی تۆی چوو لە بیر، ڕۆژ و شەوی پڕمەینەت و دەردە
کەسێ وا تۆی لە بیرە، خـۆ شـەوی ڕۆژ، ڕۆژی ئەعیـادە

لەبــۆ ڕاوی نەیــارانی ڕەســـوولی خۆشەویســـتی تــۆ
"ئیمـــامی" کردیـــە ئەســـتۆ قەڵادە، ســـاز و ئامـــادە

قاقڵاوا، ١٣٦٢ی هەتاوی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

پیری

پیـــری وا هـــات و ئەجەل لــێم دیـــارە
ڕەنگـــــە ڕامکێشــــێ بەرەو ئەو خـــــوارە

کوێیـــە ئەو خـــوارە؟ دەڵـــێن جـــێم قەبـــرە
گـــــۆڕە، خۆفناکـــــە، گیـــــان بێـــــزارە

ئەی خودایـــــە! بەتەنـــــێ لەو گـــــۆڕە
چـــــۆن بمێـــــنم، قـــــوڕ و بەردم بـــــارە!

جـاری ئەووەڵ قـوڕ و گـڵ بـووم و خـودا
گیـــانی پـــێدام و کەچـــی ئەمجـــارە

وردەوردە بـــــە خەیاڵـــــە بەدەنـــــم
تێـــکبچێ، بێـــتەوە گـــڵ دووبـــارە

بەدەنـــی ناســـکی نەرم و شـــلی مـــن
خـــۆ لەوێ تـــوعمەیی مشـــک و مـــارە

بـــێکەس و بـــێدەر و ماڵتاریـــک خـــۆم
چـــاو دەگێـــڕم هەر ئەتـــۆم لـــێ دیـــارە

ئەی لـــە هەرجـــێ هەی و نیشـــە جێگـــات!
کـــاتی ڕەحمـــە بـــە منـــی بـــێچـــارە

بحر رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

گەر لەوێ گریـــە نەکـــا شـــەمعی کەرەم
تەنـــگ و تاریـــک دڵەکەم، خەمبـــارە

تـــۆ "ئیمـــامی" کـــە بـــژی یـــا بمـــری!
ئەرخەیـــان بـــە، بەتەنـــێ خـــوا یـــارە

قاقڵاوا، ۱۳۶۰ی هەتاوی

چاوەکانم*

تــۆ نەخــۆش بــی ژیــانی مــن ســوێرە
چاوەکـــانم بـــە لەرزەکەت کـــوێرە

کـــە دەڕۆی بـــۆ موعالەجـــە، ئـــاخر
دڵـــی ئێمـــە بـــە شەخســـێ بســـپێرە

چونکـــە کـــۆرپەی دڵـــی هەموومـــان تـــۆی
بـــانەمەڕ چـــوو، چ وەختـــی هـــاوێرە؟

دوور لە یەک کەوتـــنەوە گرنگـــە، "عـــومەر"!
تونـــد و تیـــژە، بـــە چەشـــنی تـــاوێرە

هەرکەســـــی کەوتـــــە بەر، پەریشـــانە
دەگـــرێ وەک تفەنگچـــی لەو، ســـێرە

وردوپـــــردی دەکـــــا بـــــە شـــــاڵاوێک
بە ســــەریدا دەســــووڕێ وەک گێـــرە

گیـــانەکەم! مـــامەکەت بە قوربانـــت
خەبەرێکـــــی بنێـــــرەوە، خێـــــرە

بۆکان، ١٣٥٣ی هەتاوی

---

* بۆ حاجی سەید عومەری برازای
بحر خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعلن فعلن

کاروانی نەمان*

کـــاروانی نیســـتی! تـــۆزێ ســـەبر تەشـــریف بەرە
نێـــو کەژاوەی دڵڕفێنـــت جـــێخەوی نـــازپەروەرە

بۆ هەموو دەرویش و سۆفی، قەوم و خویش، خەڵکی وڵات
مورشـــیدێکی خۆشەویســـتە، ڕێنمـــا وو ڕێـــبەرە

تۆخـــودا ســـەرقافڵەچی! خێـــرا بـــە ڕێگـــادا مەڕۆ
چـــاڵ و چۆڵـــە ڕێـــگەکەت، مانـــدوو دەبـــێ ئەو دڵـــبەرە

چـــوو، منـــیش وا بێوچـــان دێـــم و دەچـــم، بێئیختیـــار
هەر دەڕۆم پێنـــاگەم و بڕوانـــە بوومـــە مەخســـەرە

هەر بـــە تەنیـــا بـــۆ منـــە ڕۆژی قیـــامەت هـــاتووە
ڕۆژ و شـــەو بـــا هەر بقـــووڕێنم لە دووی ئەو ســـەروەرە

کـــاتی ڕۆینـــی پیـــری مـــە "غفرانـــی ایـــزد" نووســـرا
شـــین و واوەیلایـــە، قورپێوانـــە، ڕۆژی مەحشـــەرە

قاقڵاوا، ١٣٥٣ی هەتاوی

---

* بۆ کۆچی دوایی کاکی
بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

دانەخۆرە

ئـــافەتی گیـــان و دڵ "کامیـــل"! جەمـــاڵی دڵـــبەرە
قـــاتڵی بـــێڕەحم و مەســـتم چـــاوی کـــاڵی دڵـــبەرە

کوشتمی، چابوو بە مـاچی لێـوی زینـدووی کـردمەوە
قـــووتی گیـــانم مشـــتنی دوو لێـــوی ئـــاڵی دڵـــبەرە

زولفـی، داوی عاشـقان و کـوڵمی، جـێڕاوگەی دڵان
دانەخـــۆرەن بولبـــولان لەو جووتـــە خـــاڵی دڵـــبەرە

ســـیپەلاکم ڕەش بـــووە نەمـــدیوە مـــانگی یەکشـــەوە
ڕۆژی جەژنـــم دیتنـــی ئەبـــرۆی هیلالـــی دڵـــبەرە

ئەی "ئیمـــامی" بـــۆ جـــوانی تـــا بڵێـــی بـــێوێنەیە!
عـــاقڵێکی واشـــە، دڵ مـــاتی کەمـــاڵی دڵـــبەرە

قاقڵاوا، ۱۳۵۰ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

ڕێبەری گەورە

ئەو ڕەهــبەرە کــە گەورەیــی ئێمــە و هەمــوو کەســە
عەلـــلامەی لەدوننـــی بەبـــێ چـــوونی مەدرەســـە

عــالم بــە عــیلم، بێ‌ئەمــە کەس دەرســی پــێ بڵــێ
دارایـــی عیلمـــی شـــیمی و فیزیـــک و هەندەســـە

ئەوشۆ عرووجی کرد چووە ســەر، ئەو بــە ســەرووەری
مەحبـــووبی زاتـــی پـــاکی خوداوەنـــدی ئەقدەســـە

حەوت ئاســمان بــە ئــانێ هەمــوو تەی دەکــا بە شــەو
خەڵکــیش بــە ڕۆژ و فێــڵ‌وفەرەج بەرتەری بەســە

شـــێری ژیـــان لـــە عەرســـەیی مەیـــدانی ئەو نەوی
بـــێ‌تین و هەیبەتـــە بە خـــودا وەک موخەننەســـە

ئەم هەڵبەســـانە چەشـــنی وتەی حـــاجی قـــادرن
هەرچەنـــد ئەمانـــە شـــێعرن و ئەو خـــۆ موخەممەســـە

شـــیرین‌زمـــان و ئەفســـەحە ئەو، بۆیـــە "کامیـــل"یـــش
جوانـــە وشـــەی زمـــانی بـــە مەدحـــی مولەبەســـە

بۆکان، ۱۳۳۸ی هەتاوی

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

چ خۆشە

ئەگەر دڵـــبەر دڵئـــارا بـــێ چ خۆشـــە!
بـــەزەوق و ئـــاڵ ووالا بـــێ چ خۆشـــە!

شـــەراب هەرچەنـــدە تـــاڵ وتوونـــە، چـــاوم
کـــە ســـاقی وا دڵئـــاوا بـــێ چ خۆشـــە!

کەوا مەســـتی لـــە نەشـــئەی چـــاوی مەســـتە
بڵـــێ دەی جـــامی مەی بـــا بـــێ چ خۆشـــە!

لـــە کـــاتی مـــردن و دەرچـــوونی گیـــانم
کـــە یـــادی ویـــم لـــە دڵدا بـــێ چ خۆشـــە!

لــــــە گیـــــــروداری ڕۆژی واپەســـــــینم
کـــە ســـینەم لامئەلـــفـلا بـــێ چ خۆشـــە!

ئەگەر فکـــرم لـــە ســـەر "لا" بـــێ چ نـــاخۆش!
کـــە ئیمـــانم بـــە ئەولا بـــێ چ خۆشـــە!

"ئیمـــامی" تـــۆ کـــە لائیللایـــە زیکـــرت
هومێـــدت هەر بـــە ئەڵـــلا بـــێ چ خۆشـــە!

قاقلاوا، ۱۳۵۴ی هەتاوی

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

نان و خوان

دڵـــی مـــن مـــوبتەلای باڵابلنـــدی نۆجـــوانێکە
لـە دەوری دێ و دەچــێ دایـیم، عەجایـب پاسـەوانێکە

بـرۆی چەشــنی کەوان، برژۆڵـی تیـرە، بسـکی زنجیـرە
ئەسـیری تەپکەیـی بسـک و کـوژەی تیـر و کەوانـێکە

لە ئێش و ئـۆف و نـاڵین و هەناسـەی خـۆی هەراسـانە
هەمیشــە گــوێ بــە ئـاوازی شـنەی کـاتی بەیـانێکە

هەموو گیانم وەکوو قـامیش هەڵـۆڵ و کونکونـە کـاکە!
ئەگەر ڕاســتت دەوێ، ئامــادە بــۆ بلـوێری شــوانێکە

کـزەی کـاتی بەیـان هەروەک کـزەی جەرگـی برینـدارە
کەچـی دڵ وا دەزانــێ مەڵحەمــی هەر ئـێش و ژانـێکە

وەریوە مـووی سـەر و ڕیشـم لەبەر پیـری و خەمبـاری
لە بـاغی عەمـری فەوتـاوم، ئەویـش بۆخـۆی خەزانـێکە

"ئیمامی" جەرگی برژاوی، مەزەی فرمێسکی چـاوی بـوو
ئەویش وا خـاوەنی سـفرە و کەبـاب و نـان و خـوانێکە

قاقڵاوا، ١٣٥٩ی هەتاوی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

کاسەی بەتاڵ

سـەرێ شـۆری نەبـێ، کاسـەی بەتـاڵە
دڵـێ عیشـقی نەبـێ، خرچێکـی کـاڵە

نـە ئەو کاسـە دەبـێ پـڕ تـا قیـامەت
نـە ئەو خونچـە دەگـا تـازە، مەحـاڵە

خەزان لەو خونچە دا یـا خـوا بـە بێوەخـت!
سـەگی تـێڕی لـە کاسـەی وا سـواڵە!

سـەرێ بـێ شـۆرە، سەرشـۆڕ و کەسـادە
دڵـی بـێ خۆشەویسـتی بـێ بە کـاڵە

بسـووڕێن پێـی لـە دەشـتێ شـوان و گـاوان!
بـڵا کونکـون ببـێ ئەو تـۆزە خـاڵە!

خەریک بوو دڵ، منیش وەک خـۆی لەگەڵ کـا
وەهـا کـاڵوکـرچ، بەم سـینن و سـاڵە

کەچـی ناگـا گەیشـتم، بوومـە "کامیـل"
لـە نێـو بـۆتەی ئەویـن کەسـبم کەمـاڵە

قاقڵاوا، ١٣٤٠ی هەتاوی

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

نیشتمان

تەماشـــا نیشـــتمان، ڕێـــک جێگـــە مـــۆڵە
چ وێـــــــران و کەلاوە و چۆڵوهـــــــۆڵە!

گەلـــیش هەروا بە فیکرێکـــە لـــە کـــونجێ
کـــە چـــۆن بســـتێنێ لەو بەو فێڵـــە تـــۆڵە

بەڵام دەشـــــتودەری زەنـــویرە هێشـــــتا
لـــــەبۆ ســـــەیرانی گەل زۆر نەرمونـــــۆڵە

هەمـــوو بـــاغ و گـــوڵ و گـــوڵزاری هەروا
لەبـــــــار و دڵڕفـــــــێن و زەردوزۆڵە

لەوێدا مـــــن بە جـــارێ دەســـــتەوئەژنۆم
بە دەســـت شـــەختەی زەمانـــە بـــووم کـــزۆڵە

لە نێـــو ئەو بـــاخەدا بـــێقەدر و بـــایی
"ئیمـــــامی" بـــــاخەوانێکی کلـــــۆڵە

قاقڵاوا، ١٣٤٦ی هەتاوی

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

ڕۆژی هەل

سـەد شـوکر کـوردە! ئەورۆ ڕۆژی هەلە
هەلە هەڵکەوتـووە، فەرمـوو بە پەلە

وەرە مەیـدان و لە خـوێن سـوورکە وڵات
وا کە لەو خـوێنە تەرم بێـنە مەلە

گەرچـی ئێسـتاکە بە چـاو دەیبینـی
دوژمنـت شـیک و جـوان، قیـت و بەلە

دێ زەمـانێکی لە بەر دەسـت و پەلـت
خـۆ بکـا پـان، بـکەوێ چەشـنی سـەلە

ئەو دەمە تـوڵە بە دەسـت بێـنە ئەگەر
پیـاوی، بگـرە نەتەوی خـۆت بە پەلە

ئاقلاوا، ۱۳۴۲ی هەتاوی

بحر رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

ڕۆژ و تەم

پەرچەم و زولفی لـە سـەر ڕوومەتـی وەک ڕۆژ و تەمە
بـــە هەناســـەم مــژ و تەم زوو دەڕەوێ، عـــومری کەمە

ڕۆژی ڕووی دەردەکەوێ، بەرگـــــــــی هەژاری ڕووتە
ئـــاهی مـــن زوو دەبـــڕێ دەســـتی درێـــژی زەڵەمە

هەروەکـــوو بـــاخی بەهەشـــت وایـــە ســـەراپا بەدەنـــی
بەژنـــی بەرزی وەکـــوو تووبایـــە، لـــە بـــاخی ئیـــرەمە

بەشی من چـۆن هەیـە لەو سـێبەر و بەرگ و بەری ئەو
وەکـــوو بیســـتوومە بـــە تەنیـــا بەشـــی خەڵکـــی حەرەمە

چـــاو لـــە مـــن دادەگـــرێ، وەختـــە ملـــم بشـــکێنم
دێمـــە لای تووڕەیـــە لـــێم، کـــوا ئەوە لوتـــف و کەرەمە!

لـــــە منـــــاڵیمەوە تـــــا ئێســـــتە جەفـــــام کێشـــــاوە
بۆیـــە ســـوورماوە ســـەرم، کەللەمـــە وەک جـــامی جەمە

دڵـــی ئـــاوارەیی "کامیـــل" بەکوڵـــە ڕۆژ و شـــەوێ
چـــاوەڕێی مـــاچی لـــە لێوانـــە، چ زۆرە و چ کەمە

ئاشی چۆمی زەنبیل، ١٣١٠ی هەتاوی

بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

پیرەغولام

موددێکــه دڵــم لــێ ونـــه، ئەو شـــێته نەفـــامه
ڕۆیشـــــتووه لای قـــامەتی ئەو تـــازه نەمـــامه

بێشــوێن و ئەســەر مـاوه فەقیــره، بــه ســەری تــۆ
ئەو لێـــره نییـــه، کـــردەوەکەی ئێســـته لـــه لامه

نەســرەوتن و دەرکەوتــن و خــۆ کوشــتن و ســووتان
گریـــان و لـــه قـــوڕ نیشـــتن و خـــۆ کردنـــه عەلامه

جــێم گــرتەوە، هەرچەنــده دەڵــێن خاڵییــه جــێگەی
ئەو عاشـــقی کوڵمانـــه، ئەمـــن مەمکـــی شـــەمامه

مـــن کوشـــتەیی شمشـــیری بـــرۆ و تیـــری کەوانـــم
ئەو بەنـــدی ســـەری زولفـــی ڕەش و دانه وو دامه

وا دیـــاره کـــه خـــاڵی ڕەشـــی دی، بۆیـــه فرپـــوه
تەیرێکـــــی نەزانـــــه، چ فریوخـــــوردە وو خـــــامه

تـــازه نییـــه دڵ عاشـــقی زولـــف و خەتوخـــاڵی
لەو ڕۆژەوه ناســـیویه کـــه ڕاســـت و چەپـــی کـــامه

دێـــوانەگیی و عاشـــقی شـــوغڵێکی عەزیـــزن
لایـــق بـــه هەمـــوو کەس نییـــه ئەو شـــەئن و مەقـــامه

بحر هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

تەنیــا لــە هەمــوو مەملەکەتــی میهــر و مــوحەببەت
مەجنوون بوو کە مەشهووری هەموو خاسە وو عــامە

بەو حاڵـــە پەرێشـــانەوە دووبـــارە "ئیمـــامی"
هـــاتۆتەوە لات، مەنعـــی مەکـــە، پیرەغـــولامە

قاقڵاوا، ١٣٤٠ی هەتاوی

لێبووردن

بێپاس و وەڕ و خوێڕی، وەک سەگ لە قەسابخانە
بێهۆش و سەراسیمە، وەک مەستێ لە مەیخانە

بێمەنزڵ و بێجێگا، شێواو و پەرێشانم
دانیشتوو لە جێگەی چۆڵ، وەک کوندێ لە وێرانە

بێکارە و بێچارە، پەتیارە وو ئاوارەم
هەرتاوە لە لایێکم، بێجێگە و بێلانە

بێزکر و بەبێ تاعەت، بێفکر و خەیاڵم من
دەخولێمەوە ڕۆژ و شەو لەو چۆڵ و بیابانە

بۆ پیری لەکارکەوتوو، لێبووردن و بەخشینە
بۆ "کامیل"ی بێچارە چاوپۆشییە دەرمانە

قاقڵاوا، ١٣٦٠ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

له خەو هەستان

سـەد بەهـار ئێسـتە بە قوربـانی چـلەی زسـتانە
ڕۆژی ئـازادی هەڵات، کـاتی لە خەو هەسـتانە

نیشتمان بۆتە بەهەشت، سەوزە وڵات و دەرودەشت
گەرچـی زسـتانە، بەڵام چەشـنی بەهارسـتانە

دوژمـنن کەوتـووە، هەسـتانی مەحاڵـە و ئەسـتەم
هەروەکـوو پیرەگەمـاڵ کەوت و لە بەر دەسـتانە

دەسـتیان بەسـتن ئەوانەی وەکـوو سـەگ یـانیگرن
بـا لـە چاڵیـان بـخەن ئەو تاقمـە چاوبەسـتانە

کەوتـە دووی تەرمـی ڕەزاخـانی کەسـیفی بـابی
لێـی‌گەڕێن، خـوێنمژە هەر جێگەیـی گۆڕسـتانە

ئەی مەلایـانی بەڕێـز! ئەی گەلـی ئـازا و نەبەز!
بـا لە بیـروو نەچـێ قەت، کـردەوەی ئەو پەسـتانە

قاقلاوا، ١٣٥٧ی هەتاوی

بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

خەوی من

کەســـێ بێتـــە دەرکـوبانـــت، تـــۆ بزانـــە بێئەمـــانە
دەری چۆن دەکەی فەقیرە؟! کـە ئەسـیری دەرکـوبـانە

بە خەیـاڵی بەژن و بـاڵات بـە شـەو و بە ڕۆژ دەنـاڵم
خەوی مـــن خەیـــاڵی تۆیـــە، دزە، دێتـــە لام شـــەوانە

تۆ کە خۆت لە ترسی خەڵکی لە منی فەقیر تەوەلـلای
لـە نەیـاری سـەگ مەترسـە، وەرە لام بـە مەحرەمـانە

خۆ لە ماڵی دڵ بـە تەنیـا، هەر ئەتـۆ و خەیـاڵی تـۆیە
کەسی دی نییە لەبەر تـۆ، لەوێ قـاتی ئیـنس و جـانە

بە دەمی بە پێکەنین و بـە دوو چـاوی پـڕ لـە غەمـزە
ئەمـنم کە مـوبتەلای تـۆم، بە سـەرت قەسـەم، بـزانە

سەری من لە ڕێی سەری تۆ کە نەچێ بەکاری چیدێ
بە بڕین چێ چاکە "کامیل"، کە لە سەر لەشـت گـرانە

گەردیگلان، ١٣٢٩ی هەتاوی

بحر رمل مثمن مشکول: فعلات فاعلاتن فعلات فاعلاتن

مەفەرموو من نەماوم*

لــە خەڵوەتخــانەیی عیــززەت، بــراکەم! جێــت نومایــانە
بەڵام بــۆ هەر وەفــادارێکی تــۆ هەر شــین و گریــانە

سەرم سوڕما، دڵـت چـۆن هـات بەجێمبێڵـی بـە تەنیـایی؟
بـە تەنیـا هەر بـرات مـن بـووم، لە تـاوت بوومـە دێـوانە

دەڕۆم ئەم ماڵ و ئەو ماڵ، دێ بە دێ، ئەم شار و ئەو شارە
دەســـووڕێم لەو بیابانانـــە، دەشـــت و کێـــو و شـــاخانە

دەڵێم کوا کاکی من، کـوا بـابی مـن، کـوا نـووری ئیمـانم؟
بڵـــێم دوای تـــۆ بـــراکەت کـــاری قوڕپێوانـــە، ســـووتانە

ســـڵاوت لـــێ‌دەکەم جـــوابم دەوە، هەر وەختـــە پەڕ دەرکەم
تکاشـــت لـــێ‌دەکەم: تـــۆزێ نەوازش، دڵ هەراســـانە

"محەممەد"! تـۆش بە فریـادم بگـە ئەی شـافیعی مەحشـەر
ئەتۆ بـێ‌و گەورەییـت، نەختـێ سـەبووری، ڕۆژی ئیحسـانە

بـرام! تـۆش تـۆ خـودا چـاوێ هەڵێنـە بـۆ بـرات، خێـرە
مەفەرمـوو مـن نەمـاوم، تـۆ "وەلـی" خـۆ هەر لـە بیرمانـە!

خودا فەرمووی لـە قورئانـا "وەلـی" قەت نـامرن، زینـدوون
ئەوان ڕزقیـــان لە لایەن خـــالیقی بێ‌چـــوون و ســـوبحانە

قاقڵاوا، ١٣٥٣ی هەتاوی

---

* بۆ وەفاتی کاکی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ڕۆژی زەفەر*

وەرن توخـوا، کـە چـاوم وا لـە مەڵبەنـد و گوزەرتـانە!
وەرن، ڕۆحـم وەکـوو پەروانـە دایـیم دەوری سـەرتانە

چران، ئەمما وەکوو خۆر دەوری خۆتان کردووە ڕووناک
شـەمن، ئەممـا لەبـاتی ئێـوە دیـدەم چـاوی تەڕتـانە

مەترسـن گیـانەکەم کـاتی خەتەر تەئمینـوو حاسـڵ بـێ!
کـە مـن گیـانم لـە پێناودایـە، قەڵغـان و سـوپەرتانە

بـلا تیـری بەڵا هەر بـۆ منـی بێچـارە بـێ چـاکە
کـە سـۆز و ناڵەنـاڵم هەمڕەهـی ڕۆژی سـەفەرتانە

وەرن "تورجـانی" و "زەنبیلـی" و "جەمیـانی" خێـرایەک!
موفەڕڕەح کەن دڵـم، هەر چـاوەڕێی بـاس و خەبەرتـانە

مەڵـێن بـاریوە سـەرمایە، ئەویـش نەیمـاوە سـەرمایە
هەمە؛ گەر ئێوە غەوواسـن، ئەشـک بەحـری گوهەرتـانە

لە زەنبیل تاکوو ئێرە نیـو سـەعات نـابێ بـە مەعلـوومی
دەسـا تەیکەن بە غـار ئەو ڕێ نـزیکەی وا لە بەرتـانە

وەرن گیانـە! وەدەرخەن گەوهەرێ لەم بەحـرە تـا مـاوم
نەوەک بمـرم، دەس‌وبـرد کەن کەسـم! ڕۆژی زەفەرتـانە

قاقڵاوا، زستانی ۱۳۳۵ی هەتاوی

---

* بانگی ئامۆزا و برازاکانی دەکا

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

پاشای بەهار

ئەوا کـــــاتی خەبـــــاتی بولبــــــولانە
دەمـــی پشـــکووتنی خـــونچەی گـــوڵانە

نـــە تەنیـــا جۆگـــە وو جۆبـــارە زەنـــوێر
گـــوڵ و لالـــە لـــە ئاســـۆگ و تەلانە

نـــە تەنیـــا هەر مـــرۆ بەشـــدارە ئەمـــڕۆ
دەرودەشـــت مەســـتی بـــۆنی ســـونبولانە

هەموو جێ خـــوار و ژووری زەرد و سوورە
کەســـــێ بێـــت و ســـەرنج دا عـــاقڵانە

دەزانـــێ بەخششـــی پاشـــای بەهـــارە
بەڵـــێ وایـــە عەتـــایی عـــادڵانە

هەچـــی زیـــڕووحە شـــایی کەوتـــە نێـــو دڵ
زەمـــانی خۆشـــیی و چەپڵـــە و پـــلانە

لە ســـەر جۆگانـــە هەڵپەڕکێـــی کوڕوکـــاڵ
کـــە بەزمـــی بولبـــولانیش ســـەر چـــڵانە

هەمـــوو دنیـــا سەراســـەر وەک بەهەشـــتە
نەمـــاوە ڕۆژی مـــاتەی نـــاو کـــولانە

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

کــونەڕەش بــۆ کەســێکە بــێ گــوڵ و دڵ
ئەوا کـــاتی گـــوڵان، جێژنـــــی دڵانە

"ئیمــامی" بانــگ دەکـا: ئەو جێژنــە پیــرۆزا!
لـــە کـــورد و کیژوکـــاڵی ژیـــکەڵانە

ئاشی زەنبیل، ١٣١٥ی هەتاوی

مەحشەر

خاڵی نوستووا هەستە، بەستە؛ ئێستە ڕۆژی مردنە
کاتی لێک جیابوونەوەی چاکە و خراپە کردنە

گوێت لە دەنگی نەفخی سوورە، لێ‌دەدا، ئاگات دەکا
پێت دەڵێ حەشرە، لە ترسان شێری نەڕ هەروەک ژنە

چاوەڕێ بن، وا تەرازووی خێر و شەڕ هاتۆتە گۆڕ
سەگ بە حاڵی ئەو کەسەی خێری بە قەد خێری مـنە!

باڵی ئاڵای کێیە ئەودەم سەدهەزار چاک و خراپ
دەچتە ژێر سایەی، لەوێ‌دا چاوەڕێی لێبووردنە

ئەحمەدی موختارە، شیرین سوارە، ئەو سەردارەیە
ڕووی لە هەرکەس بوو، لەوێ‌دا کاروباری ڕۆشنە

ئەی "شفیع‌المذنبین"! دەستی من و داوێنی تۆ
دێمە ژێر ئاڵات و ڕێم‌کە، گەرچی ئیحسانم ونە

وەک دەڵێن ئەمنیش لە نەسلی پاکی تۆم، ئەمما ئەمن
ڕووڕەش و خاوەن گوناهم، کارم ئارەق‌ڕشتنە

ئاگری دۆزەخ نەبێ، ناتوێتەوە ئەو مارزە
لێی گەڕێ بتوێتەوە، با ساف بێ هەروەک ئاینە

زەنبیل، ١٣١٦ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

نۆرە هەنگاوی منە

تــک‌تکەی بــارانی پــاییز وەک تــکەی چـاوی مــنە
کاتی هەڵقرچـاوی بـاغ وەک جەرگـی بـرژاوی مـنە

هەر خڕ و شیویّ تەماشا کەی، خڕی پڕ بوو لـە ئـاو
هەڵدەچۆڕێ لیّڵ و لـیخن، چەشـنی زووخـاوی مـنە

هەورە، بایــە، بەفــرە، بارانــە، تەمــە، ســەر کێوەکــان
هەردەمەی جۆرێکــە، هەروەک حــاڵی شـێواوی مـنە

ئەمــن و بەفــری ســەر چیاکــان پــێکەوە دەتــوێینەوە
کاکــە! ئەم زســتانە بەفــریش عــومری فەوتــاوی مـنە

ئەی خــودا! بۆچیمــە تــازە ژینــی هێنــدە تــاڵ‌وتــوون
دوو بــرا بــووین، بــازی‌دا ئەو، نــۆرە هەنگــاوی مـنە

قاقلاوا، پاییزی ١٣٥٣ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

زستان

یــاخودا زســتان بەخێــرێ، چــونکە وەک یــاری مــنە
ســارد و ســڕ، بێمیهــر و بــێمەیلە، جەفاکــاری مــنە

ڕووی لە ســەر کوێســتانەکان تــاڵە، بە ڕق هــاتۆتەوە
هەروەکــوو یــار دێــتەوە مــاڵێ بە ئــازاری مــنە

بەرگوبــاری دار و گــوڵزاری بە شــەختە کــرد نەخــۆش
هەروەکــوو جەرگ و دڵ و گیــانی برینــداری مــنە

تــکتکەی گوێســوانەکانی وەک زووخــاوی مــن دەچــێ
ڕەنگــی ســیخواری وەکــوو ڕیشــی ســپیکاری مــنە

بــۆ ســپیکاری عەجەب وەســتایە زســتان، چــاوەکەم!
وەک خەمی مــن مــووی ســپی کــردووم و میعمــاری مــنە

چەرخی گەردوون بۆ لە سەر من، بەختی من، نادا خولێک
هەر لە ســەر یەک لاتەنیشــتە هەروەهــا بــاری مــنە

پێچەوانەی خۆی کە جاران چەرخوخول بــوو کــاری ئەو
هەر دەڵــێ شــان و ملــی "کامیــل" وەفــاداری مــنە

قاقڵاوا، ۱۳۵۶ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

تیر و کەوان

ئەو نێرگســــی پڕفیتنـــــە و شـــۆرە چ بەقیـــنە!
چەنــد مەســت و چ خوممــار و چ عەییــار و بەتیـنە!

ئەبــرۆی کــە لە ســەر چاویــە، بــڕوا بکــە چــاوم!
ئەو هەر لـــە کەوانکێشــیی و ئەم هەر لـــە کەمیـــنە

ئەی مـــن بە فیـــدای خـــاوەنی ئەو تیـــر و کەوانە!
هەرچەنـــد کـــە دڵـــم کـــاری هەمـــوو زام و بـــرینە

ئەی دڵ! مەبـــە دەربەنـــدی غەمـــی نـــاوکی غەمـــزەی
ســـــارێژە بـــــرین، مەوقیعـــــی ئـــــازادیی و ژیـــــنە

یـــانی کـــە لە ژێـــر ســـایەیی زولفـــی شـــەوەزەنگی
ڕۆژ دەردەکەوێ، کـــــاری خـــــودای گەورە ببیـــــنە

لەم کەشمەکەشـــــی تیـــــر و کەوان، چـــــاو و بـــــرۆیە
دیـــم ڕەحمەتـــی حەق نازڵـــە، زانـــیم بـــە قەریـــنە

"کامیــل" وەکــوو تەیرێکــی بەهــار دێــتەوە کوێســتان
هـــــاتۆتەوە ئەم کێـــــو و کەژ و مەزرەعـــــە شـــــینە

ناشی زەنبیل، ۱۳۱۵ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

شووشەی دڵ*

کە هێمن ڕۆیی، شووشەی دڵ شکاوە
نەماوە تاقەتم، هێزم بڕاوە

ئەوینستەش هەر لە بەر چاوانە وێنەت
مەڵێ ئابڕوو لە چاودایە، تکاوە

تکابێتیش، لە بەر پێتە گلێنەم
وڕێنەت بۆدەکا چاوم لە لاوە

نە تەنیا شووشەکەی دڵ کەوت و چڕژا
نەمامی باغی ژینیشم چەماوە

بە مەرگی تۆ پیاڵەی عەیش و نۆشم
لە سەد جێ درزی داوە، لێم ڕژاوە

لە سارا وو کەژ و کۆ شوێنی تۆیە
بەڵام دەرکی هەموو کەس داخراوە

لە هیچ لایەک سەدا نایێتە گوێی من
دەڵێی حەشرە و کەسێ ئیتر نەماوە

---

* بۆ وەفاتی مامۆستا هێمن

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

لە کوێستانیش نەماوە چیغ و چادر
دەڵێی خاوەن پەزیش تاوڵی دڕاوە

بە گریانی سەماش کوێستان خزیوە
لە هەر لایێکی سێلاو تێی‌خزاوە

لە کورد و کوردەواری و نیشتمانم
چ هیوا وو هومێدێکم نەماوە

بە هۆنراوە خەیاڵی تەونی خۆم کرد
کەچی ڕیسم لە سەد جێوە پساوە

تەشی نەخولاوە بەختی من بە لاوی
کە کرژی با بدا، جا بۆیە خاوە

بە مەرگی تۆ بوو «ئاوات» بۆتە پووشێک
لە گۆمیشی بخەی، تەرمی سەرئاوە

مهاباد، ١٣٦٥ی هەتاوی

دەردی دڵ

پشتم بە بـاری مینەتـی خەڵکـی جـدەو بـووە
دەستی قەزاش لە من دەری ئومێدی بەسـتووە

تا کەی برۆمـە ئێـر و ئەوێ، نەسـرەوم دەمـێ؟
تا کەی ئەجەل بە سەبر و مودارایـە، نوسـتووە؟

یـــاخوا ملـــی شـــکێ، وەخەبەر نایـــە مـــارزە!
داخوا بە داخ و دەردەوە کێی دیشـــی خســتووە؟

چەرخـــی فەلەک کـــە پیرەژنێکـــە هەزار ســـاڵ
ڕیســـی هەزار "کامیـــل" و فەرهـــادی ڕســـتووە

قاقڵاوا، ١٣٤٠ی هەتاوی

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

تۆبە

واعیــزێ دەیگــوت کەســێ زانــا بــێ، تــۆبەی کــردووە
دل بــە وەعــزی وا کەچــی، تــۆبەی لــە تــۆبەی کــردووە

ئەو دەڵـێ دوور بـە لـە یـاری شـۆخ و شـەنگ و نـازەنین
دوور لە یار شێتە کەسـێ وەعـزی لـە گـوێچکەی گرتـووە

هەرکەســێ بــۆی دەس بــدا ســاتێ لــە ئــامێزی گــرێ
تــا لــە دونیــادا دەژی، دڵخۆشــە، ئــۆخەی کــردووە

مــن شــەوێکی گرتمــە ئــامێز، کەچــی زەیــنم کە دا
وا ڕەقیبــــی بەدمەزەب لەولاوە کوشــــمەی کــــردووە

تێکــیدا عەیشــم، شــکاندی هەم دڵــم، هەم پیــاڵەکەم
مـاوەیەک بـوو مـاڕزە لـێم ڕوون بـوو، سۆسـەی کـردووە

واعیــز و ســۆفی و ڕەقیــب هەرســێ لەگەڵ مــن دوژمــنن
خاســە مامســۆفی لە کــاری ئێمــە ڕەخــنەی کــردووە

دڵ وەکــوو تەیــرە کــە دیتــە دەرکــی یــار، ســۆفی دەڵــێ
بیکــوژن، وەیشــووم لە ســەر وێرانــە لانەی کــردووە

کونــــدەبوو بۆخــــۆیەتی بەو ڕیشــــەوە، بەو تیشــــەوە
ڕیشــەکەی تیشــەی، هەزار دەســت و پەلــی پەی کــردووە

بحررمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

هەرکەسێکی گەر ئەویندار و برینـدار بـێ دەڵـێ:
سۆفیانی ڕیش‌درێـژ، خوێنیـان لـە کاسـەی کـردووە

بـۆ "ئیمـامی" واعیـز و سـۆفی و ڕەقیـب فەرقـی نیـیە
دڵ بە دەست ئەو سیانەوە گوێت لێیـە، وەی‌وەی کـردووە

قاقڵاوا، ١٣٤٥ی هەتاوی

گوارە

چییە گوارە بە گوێ هەڵتاوەسیوە؟*
سەرەوژێر و موعەللەق لەو نەدیوە

زەعیف و بێکەس و بێیار و هاودەم
بەبێ دەنگ و سەدا هەروەک هەتیوە

بە گوێ گیراوە وا زەرد هەڵگەڕاوە؟
وەیا لەو دەرکوبانە گوێت بڕیوە؟

لە ترسی ماری زولفت هەڵدەلەرزێ
لەبۆیە زەرد و زار و ڕاچەنیوە

عەجایب گیری کرد لەو جێگە سەختە
بەجێماوە بە تەنیا لەو پەسیوە

بە گوێ هەڵتاوەسیوە ئەو نەفامە
کەچی پێی وایە تۆ بۆ گوێت کڕیوە!

گەردیگلان، ١٣١٨ی هەتاوی

---

* نالی دەڵێ: سەراپا زەردیی گوارە ترس و لەرزە دەڵێی عاسی بووە لەو جێگە بەرزە
بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

بەهاری تازە

ئەوا چەمەن بە عیشقی گوڵ، دەری شـەعەف دەکـاتەوە
بە فەڕشـــی بەرگـــی نەســـتەرەن، بیســـاتی ڕادەخـــاتەوە

لە هەر چڵێـک و هەر گـوڵێ، نەوایـی بولبـولی حەزیـن
لە هەر کونێـــک و قـــوژبنێ، ســـەدایی دڵ دەداتەوە

چنـــار و ســـەرو و نـــارەوەن، بە دەم نەســـیمی بەربەیـــان
وەلەرزە کەوتـــن و دەچـــن، بە پیـــر دەمـــی حەیـــاتەوە

دەمی نەسـیمە وا کە دێ، نەسـیمی موشـکبۆیی گـوڵ؟
وەیـــا شـــەمیمی دڵســـتان، بە مـــوژدەیی نەجـــاتەوە؟!

ســـریلە هـــاتوچۆیەتی، بە ســـرتە گفـــتوگۆیەتی
بە ســـروە پـــێم دەڵـــێ ئەوا بەهـــاری تـــازە هـــاتەوە

عەجەب بەهـــاری دلگوشـــا، قەدەم بە خێـــر و جـــانفەزا
چ خۆشـــــە بـــــایە وادەکەی، کە دێـــتە نێـــو وڵاتەوە

ژیـــاوە دڵ بە ســـــروەکەی، گوڵاتەشـــین گەشـــایەوە
هەرەس کشـــاوە ســـەر چیـــا، فەقیـــرە زۆر بە مـــاتەوە

بڵـــێ قشـــوونی گـــوڵ بەدڵ وەدەرخە تـــاکوو فرســـەتە
بە تەپـــڵ و تـــۆپەوە وەرە، بە لەشـــکر و ســـوپاتەوە

بحر هزج مثمن مقبوض: مفاعلن مفاعلن مفاعلن مفاعلن

ئەمــــن لە تـــاليعی ڕەشــــم، جەمـــاڵی ڕووتە ئـــارەزووم
خزابـــــووە هەوری نەگبەتــــی، ئەویـــــش ئەوا هەڵاتەوە

لەبەر کــزەی مــرم ســـەبا، کە خـــونچە هـــاتە پێکەنـــين
خەمـــــی هەزار ســــاڵە ئەو، لە بيـــر بەشــــەر دەبـــاتەوە

"ئيمـــامی" وەک ســـريلەکان لەگەڵ دڵـــی قســـان دەکـــا
ئەويـــش بە ســـرتە پـــێم دەڵـــێ: بەهـــاری تـــازە هـــاتەوە

کانیبەن، ١٣٣٠ی هەتاوی

دزیومەتەوە*

یـــار دڵـــی بردبـــووم شـــەوێک بەدزی
مـــن بە ڕۆژێکـــی ڕوون دزیـــومەتەوە

تـــا قـــڕ و فـــڕ نەکـــا بە فیـــز و بڵـــێ
کـــۆرپەکەی مـــن لە شـــیر بڕیـــومەتەوە

مـــن قەریـــحەم فرۆشـــتبوو هەرزان
بە گرانتـــــــر بەڵام کڕیـــــــومەتەوە

چـــونکی قـــافیەم نەمـــا، بە پاڵەپەســـۆ
هـــاتم و گـــورجێ تێخزیـــومەتەوە

لە هەزار کەنـــد و کۆســـپ و بەرز و نەوی
لە ســـەدان چـــۆم و ئـــاو پەڕیـــومەتەوە

دێـــمە مەیـــدانی هـــونەرانی بەرێـــز
پـــاییزە، وەک گەڵا وەریـــــومەتەوە

گەرد و تـــۆزی گـــوڵم لە گوڵشـــەندا
بە پەڕوپـــۆی دڵـــم ســـڕیومەتەوە

* مامۆستا حەقیقی و ئاغا سەید قادری سەیادەت (سەید) و حاجی سەید جەمیلی هاشمی لە سەر ئەو قافیە و ڕەدیفە هەرسێکیان شیعر و نامەیان گۆڕیبوو. ئیمامیش بزوەی بێبەش نەبێ، ئەم شێعرە دەڵێ.
بحر خفیف مسدس مخبون محذوف: فعلاتن مفاعلن فعلن

که نەخـــۆش بـــووم، بڕابـــوو کفنەکەشـــم
ئەوچەلـــیش خـــۆ شـــوکور دڕیـــومەتەوە

ئەوە "ئـــاوات" بـــوو ون ببـــوو لێمـــان
لە کەژ و کـــۆی ئەویـــن بـــوو، دیـــومەتەوە

قاقڵاوا، ١٣٥٥ی هەتاوی

داخی تۆ سەختە*

داخــی تــۆ ســەختە لە ســەر دڵ، چــڵ دەدا و دەکــوڵێتەوە
مــــامی پیریشـــــت لە تـــاوت گیانــــە هەر دەخــــوڵێتەوە

مــــانگی ڕێبەنـــدانە بـــۆیە بەنـــدی جەرگ و دڵ پســــا
هەرکە بیــــری تـــۆ دەکەم، دەکـــــوڵێتەوە و دەپســــێتەوە

عالەمت سووتاند بە مەرگی خۆت و ئەمنیش جەرگ و دڵ
هەروەکـــوو شـــەم هەڵبـــووە، دەگرێـــت و نـــاکووژێتەوە

ئەو هەمـــوو ئەخـــلاقە شـــیرینەت لەگەڵ پیـــر و جەوان
دەک کـــوتوپڕ بـــم، ئەگەرســـاتێ لە بیـــرم چێـــتەوە

بەفـــر و ســـەرمایە و دڵـــیش ڕێـــگەی بە جـــارێ بەســـترا
بەفـــری خەم کەنگـــێ لە ســـەر بســـتووی دڵان دەتـــوێتەوە؟

تەم وڵاتـــی گـــرت و خەم دایگـــرت هەمـــوو خاوەندڵێـــک
ئەو گرێپـــووچکەی لە ســـەر دڵ، داخـــۆ کەی دەکـــرێتەوە؟

داخـــۆ تـــازە گـــوڵ لە باخـــان شـــین دەبـــێ بـــێ شـــاعەلی؟
داخـــۆ کـــۆرپەی جـــوانی هیـــوای گەل ئەرێ دەشـــنێتەوە؟

---

* بۆ کۆچی‌دوایی برازای خۆشەویستی، خوالێخۆشبوو «عەلی‌شا»
بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

تـــــازە نـــــابینم ئەوانە تـــــاوەکوو ڕۆژی حەشـــــر
ڕۆیـــــین و نابینـــــدرێن، تـــــازە زەمـــــان نـــــاییتەوە

ساڵی پەنجـا و نـۆ بـوو، ڕێبەنـدان بـوو، بەنـدی دڵ پسـا
وا پســـا جەرگ و دڵـــی "کامیـــل" کە یەک نـــاگریتەوە

١٣٥٩/١١/٣ی هەتاوی

شەمعی کامیل*

چۆن دڵت هات تـۆ بەجێـتهێشـتم، بـە تەنیـا مـامەوە؟
نەتـدەزانی دوای نەمانـت شـێت دەبـووم دەخـولامەوە؟

بێخەبەر بووی تۆ مەگەر، پاش تـۆ ئەمـن حـاڵم چیـیە؟
نەتـــدەزانی هەر لە بەردەرکـــت لە قـــورِ دەتـــلامەوە؟

نەتدەزانی تینـی لێجوێبـوونەوەت دەمکـا بـە چێشـت؟
هەر بە چەشنی شەم لە جێی خۆم دەسبەجێ دەتوامەوە؟

قورِبەسـەر خـۆم کاکـە، بێتـۆ دەربەدەر، مـات و هەژار
هەرچی خۆشـیم دی، بـە مەرگـی تـۆ بـە سـاتێ دامەوە

زامـی دڵ دیـوەودەرە، قوربـان! بـە مەرگـی تـۆ قەسـەم
رِەنگـە زوو بمـرم منـیش دوای چـاوی تـۆ بەو زامەوە

وا پرپشکی ئـاوری دووریـت کەسـم! وایکـرد لـە مـن
شۆرِشـــی ئەو ئـــاورە هاتۆتـــە نێـــو ئەعـــزامەوە

شەمعی "کامیل" بووم بە هۆنراوەی جـوان لای هـۆنەران
ئێسـتە کاکەگیـان! لـە تـۆ دوور کەوتـم و کـووژامەوە

قاقلاوا، ١٣٥٣ی هەتاوی

---

* بۆ وەفاتی کاکی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن.

نابووژێمەوە*

تـــۆ بـــە زەخمـــی مەعـــدەوە دەتلێـــیەوە
مـــن بـــە دەردی مەرگەوە دەخـــولێمەوە

جەرگ و دڵ بـــۆ تـــۆ برینـــدارە "عـــومەر"!
هەر ببیســـــم عـــــاجزی، دەکـــــولێمەوە

یـــاخودا دەردت لــــە ڕۆحـــی مـــن کەوێ
گەر قەزای تـــۆم لـــێ‌کەوێ دەژیـــێمەوە

تـــــۆ بمێنـــــی، نـــۆجـــــوانی، چـــــاترە
مـــن کـــە پیـــرم بـــا بـــڕۆم، ببـــڕێمەوە

مـــامەکەت چەنـــد ڕۆژە بـــۆت بۆتـــە کەبـــاب
لـــێم‌گەڕێ یەک‌جـــاری هەڵقـــرچێمەوە

زۆر بەهـــــارێکی سڕوســـــاردە لـــــە مـــــن
وشـــک هەڵاتـــووم، تـــازە نـــابووژێمەوە

جـــا مەگەر تـــۆ بێـــیەوە بۆکـــانێ زوو
بـــا منـــیش بـــۆ لات بە خۆشـــی بـــێمەوە

قاقڵاوا، ۱۳۴۵ی هەتاوی

---

* بۆ نەخۆشیی سەید عومەری برازای

بحر رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

بەختی خەواڵوو

ئەو بەختی خەواڵووی من، تاکەی وەخەبەر نایە؟
من پیــر و لەگورڕکەوتــوو، ئەو کــۆرپە وو ســاوایە

ئەو قەت وەخەبەر نایــە، مــن نایــە بەلامــا خەو
ئاگــان لــە مــن ئەوشــۆکە، ئەســتێرە وو هاوســایە

مــن وا لــە وتــان کەوتــم، ئەو هەر لــە گورڕوگــاڵە
جارجــار لــە خەوا دەیکــا، بــۆ خــاتری لای‌لایە

لای‌لایەیــی ئەو کۆرپــە، نــاڵەی دڵمــە بــۆ وی
شــێتە وەکــوو مەجنوونــە، بــێ‌جێگە وو مەئــوایە

لەیلایــە مەرامــی وی، نــابیبێ هەتــا مــاوە
تا جانەوەران خۆش بن، هەر مەیلی بــە ســەحرایە

ئەم خــانووە پــڕ مەینــەت، ئەم قــۆنجرە ڕووخــاوە
چوارچێــوەیی ناقــاییم، نێــوی چییــە؟ دونیــایە!

ژێــر ئەو کەســەیە دەســتی، هەڵگرتبــێ لەم دونیــا
کاســــێکی بەتاڵــــە ئەو، هەمبــــانەیی پڕبــــایە

وەک هۆنەری زوو فەرمووی: سەرپاکی گڵاون ئەم
ئەولا بگــرە "کامیــل"، دەســت هەڵگــرە لەم لایە!

گەردیگلان، ۱۳۱۷ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

شاباشی بەهار

وەیوەی چ بەهارێکـــــە! وەک جەننەتـــــی مەئـــــوایە
وەک بولبــــولی دڵ عاشـــــق، ئـــــاوبردەیی ســــارایە

نیلـــووپەڕی نێـــو ئـــاوان، هەرچەنـــدە کـــەوا ســـاوان
وەک چی دەچێ ئەو چینچـــین؟ وەک زولفـــی چەلیپـــایە

شاباشـــی بەهـــاری کـــرد، گـــوڵ ڕشـــتی لـــە خـــۆ شـــەونم
پێشـــــوازی دەکـــــا بولبــــول، داخـــــوازی دڵـــــی لایە

زەرد و ســـپیی و شـــینە، چـــیمەن بـــە هەزار ڕەنـــگە
ڕازاوەتەوە وەک بــــــووک، بەو ئەتـــــڵەس و خـــــارایە

کێو و دەرودەشـــت ســـەوزە، خونچـــە هەمـــوو پشـــکووتن
لەم فەســـڵە گـــوڵی نێـــرگس، وەک چـــاوی تەماشـــایە

سوێســـن بـــوو زمـــانی گـــرت، لەو خۆشـــییە وەک شـــاعیر
دەیگـــوت گوڵـــە، گـــوڵ بووکـــە، هەر بولبولـــە زاوایە

لەم کاتـــە نەمـــا کەس کـــز، هەر ســـۆفی و دەروێشـــــن
بێمایـــە و دڵڕێشـــــن، بـــێبەش لـــە هەمـــوو کـــایە

ســـەر هێلکـــە و هێلانـــە، کوڕکـــوڕ کـــر و کەو کەوتـــن
تەنیـــا دڵـــی مـــاڵوێران سەوداســـــەر و شـــــەیدایە

داخـــــوازی دڵ و بولبــــول هاتۆتـــــەدی لەم کـــــاتە
"کامیـــل" کــــە بــــە تەنیــــایە "ئــــاوات"ی بـــەجێنایە

قاقڵاوا، ١٣٤٥ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

هەر درۆیە

سـەراپا هەرچـی فەرمـووت هەر درۆیە
هەمـوو فەرمایشـت بـێ تـار و پـۆیە

وەڕەز بـووم مـن لـە خـوڵفی وەعـدەکانت
نەفەرمـووی عاشـقی مـن هەرزەگـۆیە!

ئەتـۆ فەرمـووت شـەوێ دێمـە کەنـارت
وەرە، ئەسـپابی شـادی گردوکـۆیە

سـەماوەر سـینە، چـا خـوێنی جـگەرمە
کەلامـم نەقڵـی نـوقڵی لەعلـی تـۆیە

ئەگەر ئەمجـارەکەش وادەت درۆ بـێ
بەجـارێکی "ئیمـامی" ڕەنـجەڕۆیە

گەردیگلان، ١٣١٩ی هەتاوی

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

شایی*

یاخودا کاکە! موبارەک بێ لە تۆ ئەم شاییە
ئەم سروور و خۆشییە، لەو خانەقا و ئاواییە

غەم نەما، حەسرەت بە جارێکی کەوت، ئەستۆی شکا
ئاه و ناڵەی دڵ دەگەڵ ئەم داوەتە خۆڕاییە

سفرەکەت ڕازاوە، هەروەک سفرەیی حاتەم دەچێ
فەخرە بۆ دۆستت، بەڵام بۆ دوژمنت ڕیسواییە

گورگی کێوانیش هەموویان تێر کران لەم داوەتە
کاکە ئەنوەر بەزمەکەی، وا دیارە ملوێنباییە

کوا گەڵاڕێزانی پاییز بوو لە حەوشی خانەقا
کاتی شاباشی گوڵانە، چاوەکەم لەم دواییە

خانەقا پڕ بوو لە ئەنواعی بەشەر، کاک ئەنوەریش
هەر خەریکی فیکری بیکر و خەڵوەتی تەنیاییە

زاهیرەن ئازایە، وەک شێری ژیانە خۆ، بەڵام
داخەکەم ـ وەک من بزانم ـ باتینەن مووساییە

جووی جەنابی "حاجی"یە هیچی لە باراندا نییە
گەر لە پەردەش بێتەدەر پیاوانە، ئیستیسناییە

زەنبیل، پاییزی ١٣٣٩ی هەتاوی

---

* بۆ شایی حاجی سەید ئەنوەری برازای

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

بەهاری ناخۆش

وا بەهـــار هـــات و بەڵام بولبـــولی دڵ بێنەشـــەیە
خونچـــە پێنـــاکەنێ، کـــۆرپەی نەتەوە بێگەشـــەیە

کۆتر و قومری، قەل و داڵ، رێکی بە جەم چوونەوە ژوور
ســارد و ســەرمایە وڵات، چۆڵــە جیهــان، بێخشــەیە

کەوی کێـوی وەرەزن، چونکـە نەبـوو شـین کەژ و کـۆ
پێـــی نەمـــاوە گـــورە، بێکەیفـــە، لـــە پاشەکشـــەیە

پیرەگـــامێش لە لەوەڕ کەوتـــووە، هەڵـــدێتەوە ژوور
مـــوبتەلای دەردی گـــران و ســـەدەمەی خشخشـــەیە

هەرکەســێ خۆشــە دڵــی، کــاکی "ئیمــامی"! بە خــودا
پـــاکی فێڵـــە و تەڵەکـــە، رێکـــی درۆیـــە و فشـــەیە

قاقڵاوا، ١٣٤٧ی هەتاوی

بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

بۆ شەهیدانی بانە

نیشـــتمان ئەمڕۆکـــە ڕەش‌پۆشـــی شـــەهیدی بـــانەیە
داغـــداری کـــردەوەی ئەو دەســـتە خـــوێنڕێژانەیە

بـــۆ شـــەهیدی شـــاری بانـــە پیـــر و لاو گریـــانیە
نیشـــتمان ئەمســـاڵەکە بـــۆ لاوەکـــان گۆڕخـــانەیە

کوردەکان! ئەی گوردەکـان! ئەی لاوی پڕهێـز و قەوەت!
ڕۆژی تـۆڵەی خـوێنی ئەو جووتـە شـەهیدە جـوانەیە

نیشـــتمان بـــانگوو دەکـــا: ئەی ڕۆڵەکەی کـــاوەی نەبەز!
وەرنـــە مەیـــدان، کـــاتی پـــڕدان و شـــەڕی پیـــاوانەیە

هەرکەســـێ بـــۆ ســـەندنی تۆڵـــە لـــە مەیـــدان حـــازرە
نێـــوی ئەو هەر قارەمانـــە و مەردی ئەو مەیـــدانەیە

بـــا بـــڕۆین، پێی‌نـــاوێ ئیتـــر بیـــری داهـــاتوو بکەیـــن
تانـــگ و تـــۆپی ڕژێمـــی شـــای بێ‌شـــەرم هەمبـــانەیە

بۆکان، زستانی ١٣٥٧ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

شاباز

ئەی ســەیدی کائینــات و جێــی شــانازی!
زێــدە لــە پەیــامبەران ئەتــۆ شــابازی

ئەم نـۆکەری خـاکی پـاکی بەردەرک و دەرت
پــاڕاوە لە لات، نەهــاتە جــێ داخــوازی

گەپجاڕی هەمـوو کەس و لە بەرچـاو کەوتـوو
فریــای نەکەوی، نەمــاوە پــۆز و نــازی

نــاڵێم منــی شەرمەســار بڵنـدم بــە نەســەب
سەرشــۆڕم ئەمــن، ئەتــۆ بڵنــدپەروازی

بــۆ خـواری دەمـێ نەزەر بفەرمـوو، قوربـان!
تــۆ خــاوەنی شــەققولقەمەر و ئیعجــازی

بــا هەســتمەوە، لە گێــژ و خــول بێمــە دەرێ
ئیعجــازە فەقیــری وەکــوو مــن بنــوازی

نــاڵێم گلەیــیم هەیــە، ئەمــن قــابیلی چــیم؟
نــازی هەیــە "کامیــل"ت، ئەگەر تــۆ ڕازی

قاقڵاوا، ١٣٤٥ی هەتاوی

بحر هزج مثمن اخرب مکفوف مجبوب (وزن رباعی): مفعول مفاعیل مفاعیل فعل

ئاردی نێو دڕوو

نیشتمانی خۆشەویست! بۆ پارەپارە و لەت کرای؟
تۆ مەگەر جەرگ و دڵی ئەمنی، بە حەسرەت دارِزای؟!

هەرچی پارچەپارچە و لەتلەت بی، لای ڕۆڵەی وەتەن
هەر بەڕێز و حورمەتی تۆ، لای گەلت بەرزەقەڵای

تۆ بە دەستی دوژمنانت بوویە ئاردی نێو دڕوو
تۆ بە بای نەگبەت بوو وا هەر ڕۆژە بۆ لایەک برای

کۆچی لێقەوماوەکانت خوار و ژووری گرتووە
دێنەوە بۆ لات، دەزانن ئاخری هەر تۆ پەنای

هەر بە داخ و دەردی تۆوە پیر و لاو دەخولێنەوە
تۆ بە دەستی دوژمنانت گیانەکەم! بەشبەش کرای

سەد کەلاوە و لاڕووخاو و چاڵ و چۆڵ بی، نیشتمان!
بۆ گەلی ماڵکاول و بێچارە هەر جێگەی پەنای

من بە قوربانی کەژ و کۆی جوان و زەنویرت دەبم!
تۆ بەهەشتی سەر زەوی، تۆ لابەری جەور و جەفای

ئەی شنەی خۆشی بەیانانت لە سەر لووتکەی چیا
لابەری دەرد و خەمە، تۆ هێنەری سەیر و سەفای

"کامیل"ی پیرت دەسەودوعایە بۆ ڕزگاریی تۆ
چونکە بۆ هۆز و گەلی ئاوارە هەر تۆ ڕێنومای

قاقلاوا، ١٣٤٧ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

ئاڵووالا

چ شــۆخە بەژنــی بەرز و قەدد و بــاڵای
جوانـــە ڕەوت و ڕۆیـــن و ئـــاڵووالای

حەقت بوو بەختی من، ئەی زولفی ڕەش‌مـار!
کــە ســەرتاپێ لــە بەژنــی بەرزی هــاڵای

ئەگەرچــی هەر دەخــوێنم دەرســی عیشــقی
بەڵام هـــــەروا گرانیشـــــە موتـــاڵای

دڵــم هەر کورکــەکورکی بــوو لــە دووری
بڵێــی جارێــک بگاتــە گــوێی ســکاڵای؟

ســەراپا گەنجــە لەنــجەی موشــتەری خــۆم
بە کێــی داوە "ئیمــامی"! ئــاخۆ کــاڵای؟

گەردیگلان، ۱۳۲۰ی هەتاوی

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

ساقی نەیە نابێ!

هەتاکەی عاشقی بێچارە چاوی هەر لـە دەرگـا بـێ؟
بلێ بەشکەم وەدەربـێ ڕۆژی عاشـق، جـا بلێـی وا بـێ؟

بە سارد و گەرمی مەیلی یاری خۆم من ڕامبوارد عومرێ
لە لای من بایی پوولێکـە، چ سـەرما بـێ، چ گەرمـا بـێ

بەرامبەر شەمعی ڕووی دلداری من با پێـت بلێـم چۆنە
کەسـێ عاشـق دەبـێ، پیاوانـە وەک پەروانـە سـووتابێ

هەژار و دەربەدەر بـۆ کـۆیی دلـبەر سـەر دەبـا پـێ بـێ
بە سەر بـا بێمـە دەرکـوبـانی وی، تـا هێـزی پـێ مـابێ

موهەییا نـابێ بەزمـی عارفـان، پیـری موغـان فەرمـووی
هەزار عاشـق وەخـڕبن، تـاوەکوو سـاقی نەیـێ نـابێ

بە نەزم و نەسری خۆم هەر ڕێزی لێ دەگرم هەتا دەمرم
لە پیـری مەیـکەدە، بەشـکم بفەرمـێ پیـاڵەیێ بـا بـێ

"ئیمامی" مـاڵخراپ، چـاوی لە دەسـتی سـاقییە، تـاکوو
بە خـۆی و پیـاڵەکەی بێـتە پەنـام و مـاڵی ئـاوا بـێ

گەردیگلان، ۱۳۲۸ی هەتاوی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

بەفری خەم

بـا بـە یـادی شـەمعی ڕووت، پەروانـە بـێ
گیـانەکەم، دڵ بـێ دڵـت ویرانـە بـێ!

بەفـری خەم دیسـان لە سـەر کێـو کەوتەوە
ڕەنگـە پەڕ دەرکـات و لـێم دێوانـە بـێ

مـانگی جێـژن بـا ببـێ ئـاوا، بـە تـوون
ڕەببـی ڕۆژی ڕووت لـە مـن ئـاوا نەبـێ

تـۆ کـە لای مـن نـی، نەمـاوە زینـدەگیم
خێـر و خۆشـیم بۆچییـە هەر بـا نەبـێ

بێتـۆ کەی جێژنـە، هەزار مانـگ نوێـوە بـێ!
گەر ئەتـۆش بێـی، ڕۆحەکەم جێژنانـە بـێ

قاقلاوا، ١٣٣٩ی هەتاوی

بحر رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

تۆبە بێ

من سـەگێکی ڕووت‌وقـووتی ڕانەکەی تـۆم، تۆبـە بـێ!
پەت لـە مـل، ئامادەباشـی شـوانەکەی تـۆم، تۆبـە بـێ!

تـــۆ تەبیبـــی حـــازیقی دەرد و بەڵای، مـــن دەردەدار
دڵنەخـۆش و چـاوەڕێی دەرمـانەکەی تـۆم، تۆبـە بـێ!

برسـیی و بـێ‌واز و بێ‌هێـزم، لـە دەرکـت کەوتـووم
چـاوەڕێی لـوقمێکی چەور و نـانەکەی تـۆم، تۆبـە بـێ!

گەر بڵـێم لەو نەسـلە پـاکەم، خـۆ درۆ نـاکەم، بەڵام
ڕووی دەوێ لەو نەسلە بم، گـاوانەکەی تـۆم، تۆبـە بـێ!

نیسـبەتی خاشـاک لەگەڵ گـوڵزاری بـاغی جەننەتـت
چۆن بکەم من؟ خاکی دەرک‌وبـانەکەی تـۆم، تۆبـە بـێ!

تـۆ شەهەنشـاهی جیهـانیی و ئەمیـری ئیـنس و جـان
مـن فەقیـرم خـۆ، گەدای دەربـانەکەی تـۆم، تۆبـە بـێ!

هەستە "کامیل" ڕوو دە دەرکـی سـەییدی سـەروەر بـکە
هەر بڵـێ قوربـان! سـەگی ئاسـانەکەی تـۆم، تۆبـە بـێ!

جەمیان، ١٣٣٠ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

برایەتی

چەنــــدە بەنــــرخ و چاکــــە، بــــراکەم! برایەتــــی
چەنــد پیســە، چەنــد گــڵاوە، کەســی مــن! جیــایەتی

بــۆ کــورد جیــا لــە یەکتــر و تەشــویش و گیــرودار
یەکجـــار لەمێـــژە، دوور و درێـــژە حیکـــایەتی

هەرچەنــد زەمانــە جەوری لــە ســەرمانە، خــول دەدا؛
بــا ئەم خــولەش نەکەیــن لەوی، گیانــە شــکایەتی

سووڕێکی دیش بە سوودی مە دەخـوا، سـەبر گـرە
تـــا ســـەر نییـــە گەدایەتـــی و پادشـــایەتی

جا تۆ کە ڕوونـە لێـت گەڕ و چەرخوخـولی زەمـان
مەنوێنـــــە بێمرووەتیـــــی و بێکیفـــــایەتی

شێخچۆڕیان، ۱۳۳۲ی هەتاوی

بحر مضارع مثمن اخرب مكفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعيل فاعلن

کۆچی خێر *

باری بەست، خێربێ، دەڵـێن بـۆ جەننەتول‌مەئـوا دەچـێ
هەرکەسـێ پیـاوی خـودا بـێ، گیـانەکەم! ئـاوا دەچـێ

شـــێری مەیـــدانی خوداناســـی عەلـــی بـــوو عـــائیلی
توێشـــوویی هەڵگرتـــووە، بێ‌تـــرس و بـــێ‌پەروا دەچـــێ

ئەو لە پێش چاو چوو، بەڵام هەر ماوە وێنەی وی لە دڵ
هەرکەسێ وێنەی ئەوی بـێ، خـۆش سەروسـیما دەچـێ

خەم مەخۆن یاران! مەڵێن ڕۆیـی "عەلـی" شـێری خـودا
پاک و ڕووسوور بۆ حوزووری حەزرەتـی مەولا دەچـێ

هەرکەسـێ ڕووسـوورە وەک ئەو دەچتـە مەیـدانی جەزا
خۆ ئەوەی وەک "کامیـل"یشـە، بێ‌سـەر و بێ‌پـا دەچـێ

سەیدئاوا ، ۱۳۴۷/۱۲/۲۰ی هەتاوی

---

* بۆ وەفاتی حاجی «بابەعەلی عائیلی»، خەزووری "ئاوات"
بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

شاری دڵ

مـن دەڵـێم شـاری دڵـم بـاغ و گوڵسـتانە، کەچـی
عەقـڵ ئەڵـێ نـا، قەسـەبەی شۆرشـی مەسـتانە، نەچـی

مـن دەڵـێم نـوختەیی ئەو ڕەوزەیـی ڕیزوانـە، دەچـم
ئەو دەڵـێ نـا، ڕەشـە، جێڕاوگەیـی شـەیتانە، نەچـی

مـن دەڵـێم مەسـکەن و ئـارامگەیی جانانـە، دەچـم
ئەو دەڵـێ سەربەسـەری تێـکچووە، وێرانـە، نەچـی

مـن دەڵـێم جێگەیـی هەر شـێت و جنوونانـە، دەچـم
ئەو دەڵـێ نـا، زەدەیـی پەنچەیـی پەریانـە، نەچـی

مـن دەڵـێم مەرکەزی ئەسـراری حەریفانـە، دەچـم
ئەو دەڵـێ جـێ تەمەعـی چـاوی حەسـوودانە، نەچـی

مـن دەڵـێم وەختـی خەتەر مەئـمەن و قەڵغانـە، دەچـم
ئەو دەڵـێ کونکونـە، جـێگەی سـەرەپەیکانە، نەچـی

لەو هەموو چـوون و نەچوونـە سـەری سـوڕما "کامیـل"
مـن دەڵـێم جوانـە بچـم، ئەو دەڵـێ وا جوانـە، نەچـی

قاقڵاوا، ۱۳۴۶ی هەتاوی

بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

خەمێکی دی*

وەکوو بیستم خەمت خواردم، ئەویش بۆ من خەمێکی دی
دڵــت بــۆ مــاتەمم ســووتا، ئەویشــم مــاتەمێکی دی

دەمــێ نەمــدی لــە دنیـا هـاودەمێ، غەیـری خەم و دەردم
لـە کـوێ پەیـدا بـکەم یـارەببی! ئـاخر هەمـدەمێکی دی؟

بــە داخ و دەردی تــۆوە شــەرتە ئەی بــاڵابەرز! بمــرم
دەبێ ئەو حەسـرەتەی خـۆم مـن بەرم بـۆ عـالەمێکی دی

بە زولفی خەمبەخەم دونیات وەکوو چێوی خمــێ لێکـرد
کەچی بۆ گەردنـی ئەمنـت دریـغ فەرمـوو خەمێکـی دی

"ئیمامی"ت کوشت بە تیری غەمزە گەرچی چاوتە چارەی
تەماشـای گەر بفەرمـووی نـایەوێ قەت مەڵحەمێکـی دی

گەردیگلان، ۱۳۲۰ی هەتاوی

---

* وەرگێردراوی شێعری ئەبولقاسمی لاهووتی:

شنیدستم غمـم را می‌خـوری، ایـن هـم غـم دیگـر
دلـت بـر مـاتمم می‌سـوزد، ایـن هـم مـاتم دیگـر
به دل هـر راز گفـتم بـر لـب آوردش دم دیگـر
چه سازم تا به دست آرم جز این دل، محـرم دیگـر
مـرا گفتـی دم آخـر ببینـی، دیـر شـد، بـاز آ
که ترسـم حسـرت ایـن دم بـرم در عـالم دیگـر
جهـانی را پریشـان کـرد از آشـفتن یـک مـو
معـاذ اللـه اگـر بگشـاید از گیسـو خـم دیگـر
به جـان دوسـت غیـر از درد دوری از دیـار خـود
دریـن عـالم نـدارد جـان "لاهـوتی" غـم دیگـر

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ناڵەی بێدڵان

دڵێکــی وام ئەمــن نــاوێ بــە نــاڵەی بــێدڵان نەگــری
وەکوو شەونم لە سەر خونچەی گوڵان بـۆ بولبـولان نەگـری

وەکــوو بولبــول نەبێتــە عاشــقی گــوڵ، دڵ بــە کــار نــایە
ئەگەر شــێتانە ســبحەینان نەچێتــە ســەر چــڵان نەگــری

لە بەهرە و شەوق و زەوق و خێر و خۆشی دوورە ماڵکـاول
دڵــی وا بــێئەوین، جارێــک بــە حــاڵی عاشــقان نەگــری

شــەوێ تــا ڕۆژ دەنــاڵێنن، لەگەڵ تەیــری شــەوا جــووتن
دڵــی وام بــۆ چییــە بــۆ وان شــەوێ تـا بەربەیـان نەگـری

شـــــەوانە مەل دەخـــــوێنن بـــــۆ ئەوانەی دڵ برینـــــدارن
دڵم نـاوێ بـە دەنگـی پـڕ لـە سـۆزی وان، شـەوان نەگـری

بــە هــاتوچوونی شــێتوپێتی دڵ بــا پێکەنــین، گەر ئەو
بــــە ئامۆژگــــاری زانایــــانی پیــــر و عــــاقڵان نەگــــری

لــە مــاڵێ قەت شــەوانە ئــۆقرە نــاگرێ، ناســرەوێ تــاوێ
"ئیمــامی" تــا ســبەینێ زوو نەچێتــە نێــو گــوڵان نەگــری

قاقڵاوا، ١٣٤٧ی هەتاوی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

بوڕاقی باڵدار

ئەی سەراپای وجوودت لە هەموو عەیب بەری!
تۆ لە تاریفی من و هۆنەری دیکە بەدەری

تۆ ڕەسوولێکی، زەوی فەخری بە تۆ بوو لە سەما
مانگ بە ئەمرت لەتوپەت بوو، لەتی بۆ لات دەوەری

هێندە گەورە و بەشکۆ هاتی بە ئەمری یەزدان
هەچی پێغەمبەرە ڕاوەستن، ئەتۆیان لە سەری

ڕابەر و گەورە وو خاوەن کەرەم و مەرحەمەتی
سفرەکەت حاتەمی ونکرد و نەماوە ئەسەری

هەرکە هاتی هەموو زاڵم لە نەهاتیدا چوون
زۆری زۆردار بە وجوودی تۆ نەمابوو خەبەری

جوبرەئیل بانگی دەکردی کە لە دەوری مەکە بووی
کوتی: فەرموو بڕۆ، تۆ خاوەنی فەتح و زەفەری

خۆی نەگرت کافر و تەسخیری مەکەت کرد خێرا
سەری شێوا و کونەمشکی بە دل و گیان دەکڕی

ڕێگەکەت دوور بوو، بەڵام سالی بە ساتێکی بڕی
ئەو بوڕاقی کە بە باڵان دەفڕی چوویە سەری

بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

هەچی دووی تۆ نەکەوت بەختی خەوت، ڕۆیی کەوت
تووشی بوو مەخسەرەوو نەگبەت و سەد دەردیسەری

شاسوارێکی وەها بووی هەموو ئاسمانان چووی
هەر مەلایێک بوو بە پێشواز لە سەران دادەوەری

بە سڵاوات و بە تەکریم و بە تەحسین و ئەدەب
ڕادەوەستان و دەیانگوت: کە چ شیرینسەفەری!

چوویە ئەو جێیە کە جوبریلی ئەمین ماتڵ ما
جێی حوزوور بوو، لەوە بەوڵاوە نەمابوو گوزەری

لە مەسافا وەکوو کێویی و لە بەزلا بەحری
ئەی بە قوربانی بوراقت کە سەراپا هونەری!

مۆجیزەت زۆرە، لە ئەژمار بەدەرە بۆ "کامیل"
هەر ئەوەندە بەس کە دەڵێم: خاوەنی "شق‌القمری"

قاقڵاوا، ١٣٦٠ی هەتاوی

بەفری بەران

سـەیری چەنـدە سـەخت و ناخۆشـە بیسـاتی پـاییزی!
سەگ لە سەرمانا تەزی، شێریش لـە حانـد سـەرما بەزی

تەم لەگەڵ بەفـری بەرانـا وا سـەری کوێسـتانی گـرت
سـەر بەرەوژێـر، کەمکەمـە دێـوی سـپی بۆمـان خـزی

هـات گـورەی پیـاوی لەمێژینـە و درا جلکـی هەژار
کـار و مەڕ هەر کارەیانـە، بزنـەڕووتەش هەڵـبەزی

پیر و لاو، شێخ و مەلا، هەر حەز لـە تەنـدووری دەکەن
ملهوڕیش دەڕوا بە ئەستۆی کز، بـە کـووڕی و مـڵکزی

جاروبـاریش خۆزگـە خـۆ دەرخـا لـە نێـو هەور و هەڵا
زۆر بـە تـرس و لەرزەوە، زەردە بـە چاوشـارکێ و دزی

هـات نەسـیمێکی شـەماڵ و تـا وڵات ڕەش کـاتەوە
داوەشـێ! بـێ وادە هـات و وا ئەویـش گیـانی تەزی

قاقڵاوا، ۱۳۵۰ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

ئاخری زەمانە

هەروا خوداخودامە کە ماوێک ببێ، دەمێ
لەو قەبرە پڕ لە ئێشەوە دەرکەم دەمێ خەمێ

ڕۆژم وەکوو شەوانە، بە تاریکی ڕادەبێ
شەو کوتر و کوێرم و نە چراێک و نە شەمێ

ڕۆژم بە ئینتیزارەوە دەڕوا هەتا شەوێ
چ بکەم ئەمن؟ شەویش نە ڕەفیقێ، نە هاودەمێ

سیرڕی دڵم لە بێکەسییا ڕەنگە دەرکەوێ
هەرچی دەکەم نییە، نە ئەنیسێ، نە مەحرەمێ

ڕۆژ و شەوم بە جارێ لەلا وەک جەهەنەمە
قابیز لەبەرچی نایەتە لام ڕۆحمی دەمێ؟

"کامیل"! خەریکی چی؟ مەگە نەتبیستووە دەڵێن:
بۆ ئاخری زەمانە شوکور ماویە دەمێ

ئاشی زەنبیل، ١٣١٥ی هەتاوی

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

دافیعی ئەلەم

ئەتـۆی حەکیمـی هەمـوو دەرد و دافیعـی ئەلەمـی
ئەتـۆی کـە شـافیعی خاوەنگونـاهی زۆر و کەمـی

ئەتـۆی کـە ڕەحـمەتەکەی گرتـی دار و بەردی وڵات
وەخـرِدەکەی بە سـەخا و بەزل سـفرەکەی حەتەمـی

وجـوودی تـۆ بـووە زیبـی گـوڵ و دڵـی بولبـول
بە بۆنی تـۆوە گەیشـت، بـوو بـە نـۆکەر و خەدەمـی

وەنەوشە گەردنـی خـۆی کـرد بڵنـد لـە ڕاسـتت زوو
نەسـیمی سـوبح سـەری کـرد نەوی و دای قەسـەمی

کـە تـا وجـوودی هەیـە سـەرنخوون و مـلکەچ بـێ
سیاهـپەردە بـێ دایـم هـەتاکوو دێ عەدەمـی

کـە سوێسـنیش وەزمانهـات بڵـی منـیش جـوانم
سـەبا بـە ئەمـری جەنابـت شـەپێکی دا لـە دەمـی

تەماشـە نێرگسـی خۆشـبەخت چـۆنی تەرتیـب دا
لە لایـێ حـوققە وو کـاغەز، لە لایەکـیش قەڵەمـی

لەبەر ئەوە کـە بنووسـێ لـە مەدحـی تـۆ دەفـتەر
ببێتـە زیبـی چەمەن، خـۆش بـێ هـاتنی قەدەمـی

گەردیگلان، ۱۳۳۱ی هەتاوی

بحر مجتث مثمن مخبوب محذوف: مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن

سۆزی دڵ*

بــە تەنیــا گیــانەکەم! ســۆزی دڵــم پەروانــە دەیزانــێ
خەمــی دڵ بولبــولێکی بێ گــوڵ و بێ لانــە دەیزانــێ

وەهــا پابەنــدی بســکی شــێتوپێتم، بــێ خەبەر مــاوم
لە خــۆم و حاڵوبــاڵم، حــاڵی مــن دێوانــە دەیزانــێ

لە ڕازی بســکی پــڕ پێچوخەمــی، عــالەم سەراســیمەن
دەزانی ئەو تەلەســمە مووبەمــوو هەر شــانە دەیزانــێ؟

مەپرسن دۆستان! هەرگیز لە حاڵی دەستزەدەم، چــونکە
لە خــۆم مــن بــێ هەواڵم، حــاڵی مــن جانانــە دەیزانــێ

ئیمــامی نــاوی گەورە و شــاری وێرانــە کــە تێفکــری
لــە مەعنــای شــێعرەکانی هەر دڵــی وێرانــە دەیزانــێ

گەردیگلان، ۱۳۲۳ی هەتاوی

---

* وەرگێڕدراوی شێعری ئەبولقاسمی لاهووتی:

فقــط ســوز دلــم را در جهــان پروانــه می‌دانــد
غمــم را بلبلــی کــاواره شــد از لانــه می‌دانــد
به امیــدی نشســتم شــکوه‌ی خــود را بــه دل گفــتم
همی خندد بــه مــن، ایــن هــم مــرا دیوانــه می‌دانــد
تو آگه نیــستی کاندر ســر زلفــت چــه خون‌هــا شــد
ولــیکن مــو بــه مــو ایــن داســتان را شــانه می‌دانــد
نصــیحتگر چــه می‌پرســی عــلاج جــان بیمــارم
اصــول ایــن طبابــت را فقــط جانانــه می‌دانــد
به جان او کــه دردش را ز جــان هــم دوســتتر دارم
ولی می‌ســوزم از ایــن غــم، کــه دانــد یــا نمی‌دانــد

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

بولبولی ئاوارە

ئەی تەیـری دڵـی وەحشـی! تـا کەنگـێ پەرێشـانی؟
تـا کەی بـە هەوەس دەفـڕی؟ مەفتـوونی گوڵسـتانی؟!

هەرچەنـــدە بەهـــارت دی، ئەممـــا چ بەهـــارێکە؟
بێزەمزەمەیـــە بەزمـــی، بێڕەونەقـــە بوســـتانی

گـوڵ کـاتی خەزانـی هـات، بولبـول هەمـوو ئـاوارەن
ئـــاوازی حەزینـــی نەی، گـــوێ بگـــرە لـــە ئینســـانی

شـەو بـۆنی نییـە شـەوبۆ، بولبـول بە تەمـای چـی بـێ؟
هەڵنیشـــێ بـــە ئوممێـــدی خـــونچێکی ســـبەینانی

گـوڵ بۆتـە دڕوو، قەولـیش پـاک بوونـە درۆ ئەمسـاڵ
کـوا یـاری وەفـادارم، دەسـت و دڵـی جـارانی؟

ڕەحـمەت لـە غەم و دەردم، بەو دووانـە ئەمـن ناسـیم
پـاکی کەس‌وکـاری خـۆم، یـاری بـە مەسـەل گیـانی

داخـــۆ لـــە چ لایێکـــە ئەو یـــاری کـــە ڕووخۆشـــە
گوێچکەی فەلەکی کەڕ کرد، کـوا کـۆمەک و ئیحسـانی؟

کـــوا نەعرەیـــی شـــێرانەی لەم کاتـــە کـــە دامـــاوم؟
لەم بەحـــرە کـــە خنکـــاوم کـــوا هیممەتـــی جـــارانی؟

بحر هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

تۆخوا بڵێ بەو شەخسە، جاران کە دەهات دەیکوت:!
مـــن یـــاری وەفـــادارم، دەســـتی مـــن و دامـــانی!

ئەمرۆکـــە گڵـــۆڵەی مـــن کەوتۆتـــە ســـەرەولێژی
هـیچ‌کەس نییـە خـاس بێـژی، تـا خـۆ کەمـە قوربـانی

خێرایەکـــی هەســـتێ بـــێ، پیاوانـــە، مـــن و دڵ زوو
لەم گێـــژ و خـــولی چەرخـــە دەربێنـــێ بە ئاســـانی

هـــیچ‌کەس نییـــە هاوارکـــا "کامیـــل" لە چ لایـــێکە
بـۆ کـوێ چـووە بێ‌چـارە؟ کـوان هەمـدەم و یـارانی؟

جەمیان، ١٣٣٠ی هەتاوی

مەنجەڵی دڵ

وەکوڵ هات مەنجەڵی دڵ، دەس‌بەجێ ئەی دیـدە گریـانێ!
دەبـــێ برژێنـــی ئـــاخر، چـــاوەکەم! دوررێ بـــە دامـــانێ

لـــە ســـایەی ســـۆزی دڵ ئەمرۆکـــە چـــاوم هێنـــد دڵاوایە
لە گەوهەر پڕ دەکا ئەو، دەست و کۆشـی هەر موسـوڵمانێ

ئەمـن خـۆ کۆشـی خـۆم پڕکـردووە، هەڵنـاگرێ چیـدی
جەهەننەم! ئەی ڕەقیبی بەدمەزەب، تۆش کۆشی خۆت دانێ

کە چاوم بۆتە گۆمی خوێن و خوێ، پرسیم لـە هـاودەردێ
لەگەڵ دەریا ـ کوتی ـ بەستوویەتی چـاو مەرج و پەیمـانێ

کە "کامیل" خـوێن دەبـارێنێ لـە چـاو، ئەی بێ‌وەفـا یـارم!
حەکیمی دەردی وی هەر تـۆی؛ کەرەم کـە تـۆزە دەرمـانێ

قاقڵاوا، هاوینی ١٣٥١ی هەتاوی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

کەی بەهار وایە؟

کەی بەهــار وایــە گــوڵم! خونچــە دەمــێ پێنەکەنــێ
بولبــولی دڵ بــە شــنەی خۆشــی بەیانــان نەشــەنێ!

قەت بووە عاشقی وەک وی لە سبەی تـاکوو شـەوێ
بــە تەمـا بێـت و کەچـی مـاچێکی لێـوی نەدەنــێ؟

گــوڵی ئەوســـاڵی وەریــوە، گــوڵی پاریشـــی چـــووە
مەگــە کـای پارەکـە وەک ئێمـە بـە بـا کـا بـە شـەنێ

پەڕوپـۆی پـاکی وەریـوە لـە خەمـان، کـوا مەلـی دی
ببنـە هـاواڵی خەمـی؟ تـازە لـە کـوێ پێـی دەگەنــێ؟

ئەو هەژارە کـــە ئەوەنـــد تـــامەزرۆ مـــاوەتەوە
مەکە لۆمەی کە لە نێـو دڕکـە، بـە دۆش هەر دەژەنــێ

ئەمنـــیش کونـــدم و هەر کوێیـــە دەچـــم وێــرانە
وەکـــوو تاقتـاقکەرە خـــۆم مـــامەوە لێــرە بــە تەنــێ

ڕیشــەکەی خەڵفــی هیــوای کــاکی "ئیمـــامی" پرســن
وا پـــواوە، بـــە ســـەری ئێـــوە، بـــە فـــوو هەڵـــدەکەنێ

قاقڵاوا، ۱۳۴۸ی هەتاوی

بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

وەرەوە گیانە*

کێـیە وەک تـۆ لە مەبەسـت ڕامێنـێ؟
بیـــر و بـــاوەڕ بە گەلـــی بنـــوێنێ

لە قـوڕی نەگـبەت و چـاڵاوی سـتەم
شـــرەکەی خـــۆی و گەلـــی دەربێنـــێ

کێـــیە وەک ئێـــوە بە بیـــروڕا بـــێ
مـــافی کـــوردان بە قەڵەم بســـتێنێ

دڵـــم ئـــاوێنەیە ئەی "گەورەی دیـــن"!
جاروبـــار دیمەنـــی تـــۆ دەنـــوێنێ

وەرەوە بـــۆ وەتەنـــی کوێســـتانت
چ دەکەی تـــۆ لە هەوای گەرمێنـــێ؟

بـــۆ ئەوەی تـــۆزی نەبـــێ ڕێگـــاکەت
چـــاو دەکـــا تـــک‌تکە ئـــاوپڕژێنێ

بـــۆ ســـــڵاوێکی لە هاوڕێکانـــــت
دڵەکەم کـــــوتری هەڵـــــدەفڕێنێ

---

* بۆ دۆستێک کە بە ناچاری چووبووە گەرمێنێ
بحر رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

وەرەوە گیـــــانە، هەواخـــــوات زۆرن
یەک لەوان هـــۆنەرە بـــۆت دەخـــوێنێ

کـوڕی کـورد هەروەکـوو خـۆی مـاوەتەوە
تـــــۆوی داوات لە وڵات دەڕوێنـــــێ

هەر بە ئـــاواتەوە مـــاوم قوربـــان!
تـــاوەکوو بـــاغی هیـــوا بەر دێنـــێ

بولبـــولی بـــاختە ئـــاواتی پیـــر
هەر بە ئـــــاواتەوە دەچریکێنـــــێ

قاقڵاوا، ١٣٦٠ی هەتاوی

ئەی نەمامی تازە

وەرە ئەی نەمــامی تــازە! تــۆ لــە بــاغی کــێ ڕوواوی؟
کــە ئەوەنــد شــۆخ و شــەنگی، لــە چ کــانێ ئــاو دراوی؟

دەم و چاو و بەژن و باڵا، هەمـوو ڕیک‌وپێـک و مەوزوون
هەمـــوو دڵڕفــێن و شــیرین، کــە لــە جوانییــا تەواوی

لــە دڵــی هەژاری عاشــق هەر ئەتــۆی و خۆشەویســتی
چ بکــا لــە پارچــە گۆشــتێ، کــە بــە زۆری تێـی‌خـزاوی

تۆ و ڕۆح و بیر و باوەڕ، تۆ و قەسـت و عیشـق و ئامـانج
چییــە ئەم تەلەســمە ئــازیز، لــە هەمـووی کــە تــێکەڵاوی؟

شەو و ڕۆژ بە یادی ڕووی تۆ، نە خەوم هەیە نـە خـۆراک
بەڵێ، دەستی قودەرتێ بـوو کـە لـە عەیـب و عـار بـڕاوی

دڵــی مــوبتەلایی "کامیــل" کــە ئەتــۆی تێیــا دیــاری
چ جــوان و ڕوون و خۆشــە، تــۆ چــرای و هەڵکــراوی

قاقڵاوا، ١٣٣٣ی هەتاوی

بحر رمل مثمن مشکول: فعلات فاعلاتن// فعلات فاعلاتن

گوڵی هیوا

کــێ دی وەهـــا لەپــڕ گــوڵی هیــوا بپشـــکوێ!
نەورۆز و ڕۆژی خۆشـیی گەلـی کـورد وەدەرکەوێ

ڕۆژی نەجـــاتە، کـــاتی خەبـــاتە، فریشـــتەکەت
کـــوردە! ئەگەر نەترســـی ســـەری نـــاوەتە ســـوێ

هەر چـاوەڕێی خەبـاتی مـن و تـۆیە کـاکی خـۆم!
مـــن حـــازرم ئەگەر کەســـێ بێـــت و ڕەگەڵکەوێ

شــــەرتە نەدەم وچـــان و وەنەوز و خەوم نەبـــێ
هەر نەســـرەوم دەمـــێ، لە بەیـــانی هەتـــا شـــەوێ

تـــا کفنـــی دوژمـــنم نەبـــڕم، نەیـــکەمە بەری
نەینـێمە گـۆڕی پیسـی، نەڵـێم ژینـی خـۆم دەوێ

داری هومێـــدی کـــوردە بە خـــوێنی گەل ئـــاو درا
تـــاکوو جیهـــان جیهـــانە، ســـەری بەرزە، نـــانەوێ

تـــازە چـــرۆ دەکـــات و بەریشـــی بەرێـــوەیە
هەر ســـاڵ بە بـای بەهـار دەشـنێت و دەبـێ نـوێ

تـاکوو تەنـوورەکەت دەگـرێ، کـاری خـۆت بـکە
نەک بێـتە کـۆتی پێـت پـنە، گەر تـۆ هەڵـت دەوێ

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

هەڵکەوتـــووە، لە دەســتی مەدە هەل، هەڵــێ مەڵــێ:
نـــارۆمە پێشــێ، ببـــزوو؛ لە ڕۆحـــی منـــت کەوێ!

هەرگیـــز مەهـــێڵە دامـــرێ تەنـــدوورەکەت لە گـــڕ
بەو تینـــی گەرمـــی وی، دڵـــی دوژمـــن دەبـــێ تـــوێ

پـــێ هەڵگـــرە، درەنـــگە، نەوەک دامـــرێ، بـــڕۆ
کـــاکی "ئیمـــامی"! تـــۆ کە ژیـــانی گەلـــت دەوێ

قاقڵاوا، هاوینی ۱۳۵۶ی هەتاوی

ئاواتی هۆنەر*

هەر کـــاتی نەوبەهـــارە کە دنیـــا دەکـــا نـــوێ
ســـارا دەپۆشـــێ بەرگـــی ســـەوز، گـــوڵ دەپشـــکوێ

شەوبۆ و هەڵاڵە، نەرگس و نەســرین و نەســتەرەن
سوێســـنە زمـــانی گرتـــووە، پـــێم ســـەیرە نـــادوێ

تـــۆوی هەمـــوو شـــتێک لە بەهـــارا ســـەوز دەبـــێ
ئەی تۆوی ئـێمە بـۆچی لە هـیچ فەسـڵێ نـاڕوێ

بـــۆچی لە ئاســـۆ نـــایەتە دەر ڕۆژی مە خـــودا؟
ڕۆژی خەڵـــک کەچـــی ســـەری وا نـــاوەتە ســـوێ

هەرچەنـــد لەمێـــژە خەڵفـــی هیوامـــان چەقانـــدووە
ئـــاوی بە خـــوێن دراوە، کە هەر ســـەوزە، نـــاپوێ

تـــا بەهـــرەوەر نەبـــێن لە بەری، هەر بڵنـــد دەبـــێ
وەک پیـــرەداری دی نیـــیە، هەر خەڵـــفە، نـــانەوێ

هەرکەس هیوای بە خۆی و گەلی ماوە ئێستەکەش
ڕەببـــی قەزای بە تـــاقی تەنـــێ هەر لە مـــن کەوێ

ئـــاواتی بـــۆچی نـــایەتە دی پیـــرە هۆنەرێـــک
هەر ئـــاخ و داخیـــیە لە بەیـــانی هەتـــا شـــەوێ

بەهاری ۱۳۶۸ی هەتاوی

---

* لە سەر جێ‌وبانی مردنی گوتوویەتی.

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

دوعای ڕۆژان*

هەر ڕۆژ هەڵات، دوعا و تەمەننامــە تــا شــەوێ
کاکە! قەزات لە خۆم و لە هەرچی هەمە کەوێ

قوربان! بە زاتــی پــاکی خوداوەنــدی زولــجەلال
گەر بمــدەنێ بەهەشــتی بەریــن، بێ‌تــۆ نــامەوێ

جــاه و جەلال و ژیــن و حەیــاتم بــە تــۆوەیە
بێ‌تۆ وجوودی من چییە؟ کەوتــووم ئەوا لەوێ

کاکــە، هومێــدی مــن بە خــودا وایــە بەو زووە
ســەروی قەدت لــە بــاغی ئەمان‌دایــە، نــانەوێ

ڕەببــی نەوی نەبــی، نەنەوی، ون نەبــی لە چــاو
نەچیە دەرێ لە دڵ، کە دڵــم هەر ئەتــۆی دەوێ

هەرکەس بە تۆ دژە، نەبێ یاڕەب لە سەر زەوی
کوێر و زەلیل و کەڕ بێ، کەسێکی ئەتۆی نەوێ

ڕۆحــی نیســاری خــاکی بەری پێتــە "کامیــل"ت
بۆ چاوەنۆڕی ســەروی قەدت بــۆچی نــاتەوێ؟

قاقڵاوا، ۱۳۵۳ی هەتاوی

---

* بۆ خزمەت «حاجی سەید محەمەد نوورانی»
بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

ڕۆیی*

دەڵـێن یـارم لـە بۆکـانێ بـە سـەد ئـاه و فوغـان ڕۆیـی
زەدەی پەیکانی حەسرەت بـوو، وەکـوو تیـری کەوان ڕۆیـی

بـرام سەردەسـتەیی پـاکی ڕەفیقـانی جەفـاکێش بـوو
نەمـابوو هـاودەمی، بۆیـە لە دووی کـاروانی وان ڕۆیـی

لەگەڵ ئەهلـی وەفـا "سـادق" بـوو، سـەددیق! بـابی ناکامـت
لەبەر نارێـکوپێکی مەوقیـع و کـات و زەمـان ڕۆیـی

لەگەڵ خاوەن‌دڵان هاودەم، لەگەڵ ڕاس، سەروی بوستان بـوو
لەبەر بێ‌بەرگ‌وبـاری و ڕەنـگ و بـۆنی گوڵسـتان ڕۆیـی

مەڵـێن بـێ‌وادە بـوو ڕۆیـی، شـەهیدی عیشـقی جانـان بـوو
بـە دەنگـی بولبـولی بـاغی بەهەشـتی جاویـدان ڕۆیـی

"قزڵجـی" مـاڵی ئـاوا، کـانی فەیـز و عـیلم و زانـین بـوو
لە جێی خۆی "سـادقی" دانـا، ئەویـش زوو، ناگەهـان ڕۆیـی

بە دوای‌دا داغـدارانی مـوحەببەت کـاروان ڕێ‌خەن
بنێـرن بـاری دوعـا، سـەروەری دانیشـوەران ڕۆیـی

---

* بۆ کۆچی‌دوایی خوالێخۆشبوو «قازی کاکەحەمە»
بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

هونەرمەنـــد و ئەدیـــب و فـــازل و دانیشـــوەر و شـــاعیر
ڕەفیقی زۆر لە ســەر شانسـووکی هەر پیـر و جەوان ڕۆیـی

ئەگەر تەوریزە تەبڕیـژ، بـۆ تەبـی وی کەم نەکـرد تـۆزێ؟!
ئەتیبا کـوێر و دەرمـان قـات بـوو، وا ئەو بێوچـان ڕۆیـی؟

کە دی گەردنکەچە بولبول، لـە حەسـرەت ڕۆژگـاری گـوڵ
ئەویش دڵ پڕ لـە کـوڵ خێـرا لە پـێش کـاتی خەزان ڕۆیـی

"ئیمـــامی"ش بـــا بە دوویدا هەر بکـــا زاری هەتـــا مـــاوە
بـــە زاری بـــانگی هـــاوالان بکـــا: ئـــارامی گیـــان ڕۆیـــی

بەهاری ١٣٣٨ی هەتاوی

کاری وا ناکەی

خــودا! بــۆچی منــی بێچــارە بــێدەرد و بەڵا نــاکەی؟
ئیلاهی! بۆچی دەردی من بە ڕەحمی خۆت دەوا ناکەی؟

شــەوێ تــا بەربەیــان یــاڕەب! تەمــادارم لــە دەرکــی تــۆ
لەبەرچــی مــن بــە خاســانت شــەوێکی ئاشــنا نــاکەی؟

ئەگەرچــی زۆر گوناکــار و هەڵەم، ئەممــا ئەتــۆ یــاڕەب!
کەریمـــی و جەزام لێناســـتێنی، کـــاری وا نـــاکەی!

فەقیــر و دەســتەونەژنۆم و ئەتــۆ کــاتی کەڕەم، ڕەببــی!
دەزانم فەرقــی خــاوەن تــاج و تەختێــک و گەدا نــاکەی

دڵی هەر بۆیە خۆشە "کــامیلی" بێدەســت و پــێ ئێســتێ
کە فەرقــی ڕۆســتەم و پیــاوێکی وا بێدەســتوپا نــاکەی

قاقڵاوا، ۱۳۴۰ی هەتاوی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ئەی خودا

دەمکـــوژی بەم دەردەوە یـــا چـــارەیی دەردم دەکەی؟
ئەی خـودا هەر هەڵـوەدا و موحتـاجی نـامەردم دەکەی؟!

هەروەکـوو جـاران لە سـەر تەختـی مـرادم دادەنێـی؟
یا نە، شووم و ماڵخراپ وەک کوندی سەر بەردم دەکەی؟

دەمکەیـە مەجنوونی عـالەم، دڵ بـە دەسـت دێـنم؟ وە یـا
عاشــقی ڕوخســاری لەیــلا، وێڵــی هەر هەردم دەکەی؟

مـن بـە دڵگەرمـی لەمەولا دەچمـە نێـو گـوڵزاری عیشـق
یا نە، مەحرڕوومم لـە گوڵشـەن، مـات و دڵسـەردم دەکەی؟

ئەی خـودا! جـاران بـە لوتفـت هـیچ خەم و دەردم نەبـوو
ئێسـتە بێلـوتفی، کـە تووشـی سـەد خەم و دەردم دەکەی

زوو لە نێــو خۆشــبەختەکان تاقانــە بــووم و بێنیــاز
ئێســـــتە لای پەژموردەکـــــانی دڵبەخەم، فەردم دەکەی

گەردیگلان، ١٣١٩ی هەتاوی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

ڕۆژگاری تاڵ

گـڕی تەنـووری کلـۆڵیم بەتـین بـوو، بوومـە پـنەی
نزیـک بـوو دەرچـێ گیـانم لەبەر گـڕ و گـڕپەی

کەچـی بەداخەوە ترشـا هەویـر و پێـزی نەمـا
منـیش کـە ڕۆییبـوو هێـزم، کـوتم ئەجەل، سا دەی

لـە سـاڵی سـی‌ویەکەوە تـا گەیشـتە پەنجـا و پێـنج
نەبـوو سـەعاتێکی ئاسـوودە بـم، بڵـێم ئـۆخەی!

چ ڕۆژگـارێکی تـاڵ بـوو کـە مـن تێیـا دەژیـام
لـە کـاتی ڕۆژ و شـەوان هەر کـوتم خودایـا وەی

بـە ئـاخ و داخەوە نوسـتم، بـە ئێشـی دڵ هەسـتام
دڵـم ئەوەنـدە زەعیـف بـوو، لەپـڕ دڕا پەردەی

کڵـۆڵی دەوری تەنیبـووم، نەمـابوو ڕێگـە هەڵـێم
نیشـانی‌دا بـە منـی هەڵـوەدا خـودا ڕێـگەی

بە پیـری مەرگەوە ڕۆیـیم، کەچـی بـە لـوتفی خـودا
نەسـیمی ژینـی نـوێ هـات، ژیـاوە دڵ بـە شـنەی

گەڕاوە لام هەمـوو فکـر و خەیـاڵی ڕابـردووم
بە زیکری حەول و قەوەت بۆ خودای باقیی و حەی

بـە پیـری کەوتیـە چـاڵ و نەجـاتی‌دای یەزدان
لە بیـری قەت مەبەوە تـۆ ئیمـامی! تـاکوو هەی

قاقڵاوا، ۱۳۵۵ی هەتاوی

بحر مجتث مثمن مخبون محذوف: مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن

پێنج خشتەکی

پاڕانه‌وه

سـه‌گێکی ده‌مڕه‌شـی بێ‌که‌ڵپـه‌، پیـر و کـوڵکن و نـووزن
ده‌سووڕێ خوێڕییه! کـۆڵان بـه کـۆڵان، سـه‌د کـون و قـوژبن
چڵـێس و گـورگه‌مێش و بـێ‌وه‌ڕ و بـێ‌پاسـی هه‌روه‌ک مـن
به کاری چی دێ یاڕه‌ب! غه‌یری به‌خشـین و قه‌بـووڵ کـردن؟
به‌غه‌یـری په‌ت لـه ئه‌سـتۆ خسـتن و بـۆ ده‌رکـی خـۆ بـردن!

به تـۆ نـازیوه تـا ئێسـتا، په‌تـی له‌سـتۆ خـه‌، ڕایکێشـه
ئه‌گه‌رچـی سـه‌د شـتی منـداری خـوارد وه‌ک پێسـته و پێشـه
به‌ڵام موسـته‌وجبی ڕه‌حـمه دڵـی پـڕده‌رد و پڕئێشـه
بـه سه‌رسـه‌ختی ژیانـدت مـاوه‌یه‌ک، بۆیـه جـگه‌ر ڕیشـه
گلاوه‌، چی ده‌گه‌ڵ دێ؟ غه‌یری به‌خشـین، پیره‌سـه‌ی کـوڵکن!

سـه‌گێکه گه‌رچـی بێ‌پـاس و وه‌ڕه ئه‌ممـا وه‌فـاداره
به دار مـۆخی ده‌رێـنن، دێـته‌وه به‌رده‌رکـی تـۆ دیـاره
لـه ده‌رک‌وبـانه‌که‌ت هه‌ڵنـاگرێ ده‌س، چونکـه ناچـاره
بـه به‌ردی شـوانه‌وێـڵه‌ش گه‌رچـی ئه‌نـدامی برینـداره
کـه خـواردی نـانی شـوانی، دیـاره بـێ‌قه‌دره سـه‌گی نه‌وسـن

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

بچــۆ بەردەرکــی خــاوەن خــوان و بەخشــین، یــانی ئەو زاتە
ئەوەی خــاوەنزەمــان و مانــگ و ســاڵ و کــات و ســاعاتە
نییــە وێــنە و نەزیــری، هەر هەیــە و هەر بووشــە؛ ئیســباتە
بە هیچــێ دایمەنــێ تــا داتنەنــاوە ئەم دەم و ســاتە
کــە تــۆپی، بــێ‌ڕەواجــە کلکەســووتێ، یانــە پــاڵکەوتن

ئەتــۆش "کامیــل"! ســەگی، ئەممــا ســەگی بــێ‌کــار و بێ‌پاســی
بــە گۆشــتی پیســی منــدار خواردنــە تــۆ وا کەڕ و کاســی
بە قوززەڵقــورت و دەردت بــێ، زگــت وەک ماســی هەڵماســی
عەجەب یــــانیگرێکی، خــــاوەن و بێگانــــە ناناســــی
نیشــانەت دەرکەوت، هێنــدەت نەمــاوە بــۆ دەمــی مــردن

قاقڵاوا، ١٣٦٥ی هەتاوی

بەهاری تازە

وا هات بەهاری تازە، شنەی بای شەماڵە دێ
ناقووسی ژینی پڕ لە هیوای کیژۆکاڵە دێ
قاسپەی کەوی بنار و کەژ و کێو و یاڵە دێ
کۆتر لە سەر ڕەوەز بە گمە و ناڵەناڵە دێ
جیکەی مەلە، هەرایە، وشەی باڵی داڵە دێ

شین بوو زەویی و مێگەلەمەڕ ڕۆیی بۆ لەوەڕ
پڕ بوو لە کارەکاڕی مەڕی شیو و دەشتودەر
شوانان کەپەنکی تازەیی خۆیان دەکەن لەبەر
هەڵدێنە نێو هەوارەوە کیژان بە جلکی تەڕ
بارانە، بایە، گوڕەگوڕی هەوری تاڵە دێ

ڕێک چیغ و چادرن دەدرەوشن لە سەر چیا
وەک خاڵی ڕەش دەچن کە لە سەر ڕوومەتێ درا
ڕندوو لە هەرکوێ ما، کوڵی فرمێسکی هەڵڕژا
بەو بۆنە چا بوو خۆ کوڵی دل تۆزێ دامرا
کاتی هەوارە، قیژەیی کابانی ماڵە دێ

دونیا وەکوو بەهەشتە سەراسەر بووە گلووک
خونچە کە دەستنەخوردەیە وا بۆتە تازەبووک
هەرکەس گوڵێک بە ڕۆح نەکرێ پێی دەڵێن چرووک
کاتی نەماوە کاکە! خەم و ئاه و نووکەنووک
کیژان لە گوڵچنین و بزەی چاوی کاڵە دێ

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

تیپـــی گـــوڵان گەیشـــت و وڵات بـــوو بە زێـــو و زەڕ
بولبـــول بە جـــۆش و کـــوڵ لە نێـــوان شـــەو دەبـــاتە ســـەر
شـــەونم لە ســـەر چڵـــۆپی گـــوڵان کەوت و بـــوو بە بەر
نەرگـــــس بە بەرگـــــی زەردەوە هێنـــــاوییە خەبەر
یـــــانی گوڵاڵەســـــوورە لە خـــــوێندا شـــــەڵاڵە دێ

ئەمنـــــیش هەژار و دڵبەخەم و چـــــاوەڕێی پەیـــــام
کـــێهە پەیـــام! پەیـــامی ڕەفیقـــانی وەک بـــرام
پـــــاڕامەوە لە خـــــالیقی بـــــوون و نەبـــــوون، بەڵام
هەروا بە داخەوە گـــــــلەمە، هەر نەبـــــــوو وەڵام
وێـــــرانە ماڵوحـــــاڵ و ســـــەدای کونـــــدەلاڵە دێ

خوێنـــدی لە گوێســـوانەیی تـــالاری ســـەوز و ســـوور
وێرانـــی کـــرد و تێـــکچوو، نەمـــا کۆشـــکی پـــڕ ســـروور
دەگـــــرێ دڵـــــی هەژاری "ئیمـــــامی" وەک تەنـــــوور
دەگـــری، دەڕێـــژێ خـــوێنی گەشـــی دڵ لە خـــوار و ژوور
هەرکـــــوێ دەچـــــی لە دووری ئەوان زاڵەزاڵە دێ

بۆکان، ١٣٤٧ی هەتاوی

شین و پێکەنین

ئەو عالەمە چی لێهات؟! جاران کە ئەمن دەمدین
سەرگەرمی ئەوین، جارێ دڵخۆش و دەمێ غەمگین
گا پێدەکەنین وەک گوڵ، جارێکی دەیانکرد شین
بۆ لەیلی و بۆ مەجنوون، بۆ خوسرەو و بۆ شیرین
هەروەک چووە پێش چاوان کاکەمەم و خاتووزین

هەرکەس بە خەیاڵی خۆی سەرگەرم بە کارێ بوو
گیرۆدەیی میهر و مەیل، ئاشوفتەیی یارێ بوو
عاشق بە سەری زولفی بێتاب و قەرارێ بوو
خاتر لە سەری ڕێگای ئاهوویی تەتارێ بوو
ئێستاش لە فیراقی وان، من ڕۆح و دڵم دەگرین

کوا بولبولی بێچارە تا بێتەوە گوڵزاری؟
گوڵ پێبکەنێ بۆ وی، ئەو ناڵە بکا و زاری
بولبول بە سەناگۆیی، گوڵ هەر بە جەفاکاری
بۆچی؟ ئەوە بوو مایەی شەیدایی و دڵداری
بۆیە لە گوڵ و گوڵزار باڵندە هەموو دەفڕین

بحر هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

ئەو عاشـــــقی بێچـــــارە وا بـــــێپەڕ و بێبـــــاڵە
یـــارەببی! چلـــۆن بفـــڕێ؟ پێبەنـــدی خەت و خـــاڵە
مەجنـــوونســـفەتە و عاشـــق بەو لەیلییـــە ڕەشـــتاڵە
یـــا بـــۆ شـــەکەری لێـــوی عەیـــنەن وەکـــوو منـــداڵە
ڕۆژ و شـــەو و بێوەختـــان ئەو مـــاڕزە دەگـــرێ قـــین

دەرچـــوونی مەحاڵـــە دڵ، لەم گێـــژ و خـــول و چەرخە
چـــون کـــۆزی ئەوە هێشـــتا، ســـاوایە، وەکـــوو بەرخە
یـــارەب! بە کەرەم جـــارێ، لوتـــف و کەرەمـــت دەرخە
لەم سەخت و چڕی چەرخـــە، ئەم عالەمـــە زوو ســـەرخە
ئەی مـــن بە فیـــدای خـــاکی بەردەرکـــی "ئیمـــامی" دیـــن

گەردیگلان، ١٣١٨ی هەتاوی

مەگرە بەهانە

قوربـــانی بـــرۆتم کەســـەکەم! چەشـــنی کەوانە
تیـــری مـــوژەکەت بـــۆچی دڵـــی کـــردە نیشـــانە!
لێـــــتداوە لـــــە دوو لاوە کە وا هێنـــــدە بەژانە
خـــوێنی بـــدە لەو دەســـت و ســـەر و پەنجـــە جـــوانە
بۆچیتـــە خەنـــە؟! تەڵخـــە؛ بەســـە، مەگـــرە بەهـــانە

ســـەیری‌کـــە لـــە پەروانـــە کـــە ڕەفتـــاری دڵـــی دی
بڕوانـــە کـــە پەروای نەبـــوو، ئەســـراری دڵـــی دی
ســـــووتاوە پەڕوبـــاڵی کـــە ئەنـــواری دڵـــی دی
دێـــوانە وو سەرســـامە کـــە ئاســـاری دڵـــی دی
بەو حاڵەشـــــەوە دڵ کەچـــــی مەیلـــــی بە گەڕانە

هەر دێت و دەچێ لێـــر و لەوێ، بـــێ‌کەس و بـــێ‌دەر
عاشـــق بـــە هەمـــوو خـــونچەدەم و قەددی ســـنەوبەر
هەر قـــامەتی ڕەعنایـــە دەبینـــێ، وەکـــوو نـــۆکەر،
دووی‌کەوتـــووە، بێ‌چـــارە وەکـــوو شـــێت و قەلەنـــدەر
دانـــاکەوێ بـــۆم هەرچـــی دەڵـــێم، دەردی گـــرانە

لەم کاتـــە کـــە بـــاری لـــە ســـەما لوئلـــوئی لالا
ســـەرپاکی چیـــا بۆتـــە گـــوڵ و نێرگســـی شـــەهلا
هەرکەس بـــە خەیاڵێـــک و بـــە فکـــرێکەوە هـــاڵا
دڵ هەر لـــە خەیـــاڵی ســـەر و زولـــف و قەد و بـــاڵا
دێوانـــــە ئەوە ئەو؛ دەگەڕێ خانـــــە بـــــە خـــــانە

بحر هزج مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

زســـتان کـــه زەیســـتان بـــوو، بەری خســـتووە ئەمـــڕۆ
هەر لاخـــــڕ و شـــــیوێکی تەماشـــــا بـــــکەن ئەنگـــــۆ
نـــــوتفێکی فـــــڕیداوە فەقیـــــرە بـــــە ســـــەری تـــــۆ
دێ دەنـــــگ و هەرا و شـــــیوەن و نـــــاڵینی بـــــە ڕۆڕۆ
بـــــای وادە دەدا مـــــــوژدە: ئەوا کـــــاتی گـــــوڵانە

تـــاکەی بـــە هومیـــدی مەدەدێکـــی ئەم و ئەو بـــین
دواکەوتـــوو لـــە هەر خێـــڵ و لـــە کوێســـتان و لـــە زەو بـــین
تـــاکەی کەســـەل و تەمـــبەڵ و هێنـــد کوشـــتەیی خەو بـــین
وەک شەمشـــەمەکوێرە بـــە هەوا عاشـــقی شـــەو بـــین
شـــەو ڕۆیـــی، بەســـە؛ هەســـتە ئەوا کـــاتی بەیـــانە

هەرکەس کـــە فکـــر کـــاتەوە لەم مەوقیعـــە خۆشـــە
خـــاوەن دڵ و گـــوڵ بـــێ، وەکـــوو بولبـــول بەخرۆشـــە
هەر ســـــۆفیی بـــــێکارەیـــــە وا ئێســـــتە خەمۆشـــــە
لێـــــی لادە، کـــــە لەم مەوقـــــیعەدا وا بـــــە پەرۆشـــــە
حـــــاڵی بـــــە، مرۆیێکـــــی چ بێکەڵـــــک و نەزانە

بێچـــارە "ئیمـــامی" کـــە گرفتـــاری خەمەســـت بـــوو
شـــێواوی ســـەری زولفـــی ڕەشـــی زۆر و کەمەـــت بـــوو
قوربـــانی تەپوتـــۆزی شـــەقامی قەدەمـــت بـــوو
پەروانەیـــی ڕوخســـاری وەکـــوو تـــازەشـــەمت بـــوو
بۆیـــە وەکـــوو پەروانـــە بـــە پەروازە شـــەوانە

شێخچۆپان، ١٣٣٢ی هەتاوی

یارم تەشی دەڕێسێ

زولفـی ڕەشـی لە سـەر ڕوو، وەک نیلـووپەڕ لە ئـاوا
پەخـش و بـڵاو و ئـاڵۆز، لـوول و درێـژ و تاتـا
هاوریشـمێکی خـاو بـوو، بە نـاز و عیشـوە بـای دا
وەک مـاری زامـدار بـوو، هـاڵا لە بەژن و بـاڵا
کۆشـی دەکـرد بە لادا، یـارم تەشـی دەڕێسـێ

کوانێ خوری شـەکی کـاڵ، بکـڕم بە ڕۆحـی شـیرین؟!
بیـدەم بە دەسـتی یـارم، بایـدا بە نـاز و تەمکـین
شـیکـاتەوە بە شـانە، بە قـامکی نەرم و ڕەنگـین
بیـدا ئەویـش بە نـووکی تەشـی جـوان و نەخشـین
بـۆ پـارچەیەکی پەشـمین، یـارم تەشـی دەڕێسـێ

مەحبـووبی نـازدارم، گرتـی تەشـی بە دەسـتی
ڕیسی موحەببەت و مەیل خـاو بـوو، بە کـرژی ڕسـتی
گرێـی دڵان پسـاندی، بە لێـو و دەسـتی بەسـتی
تـوولی ئەمەل درێـژ بـوو، سـەنگینی کـرد و خسـتی
بـۆی دانەوی بە چوسـتی، یـارم تەشـی دەڕێسـێ

لە بـاغی سـێو و هەرمـێ، قەدەم قەدەم بە نەرمـی
دەچێـتە پـێش لە گـوڵزار بە سـەبرێ، جـوانە شـەرمی
لە باوەشـی بەپیتـی، دەگـرێ دڵان بە گەرمـی
بولبـول دەهـاتە سـەیری، لە کـاتی بەزم و ڕەزمـی
بەو لار و لەنـجە حەتمـی، یـارم تەشـی دەڕێسـێ

بحر مضارع مثمن اخرب: مفعول فاعلاتن// مفعول فاعلاتن

کــــۆڵان و کـــووچەیی دێ، دەڕوا بە نـــاز و عیشـــوە
دەگرێ لە پیر و لە جـوان، ئەو شـۆخە بـاج و ڕیشـوە
جحێـــڵ بە زولفـــی لـــوولی، دەکـــا لغـــاو و ڕەشـــوە
بەو مەکـر و فێـڵ و حـیلە، وەدیـارە مەیلـی بە شـوە
فکرێکـــی بیکـــری کـــردوە، یـــارم تەشـــی دەڕێســـێ

هـــۆنراوەکەی مـــن ئەوچەل، خـــاوێن و بێبنـــووکە
وا ڕیســـەکەی بە دەســـتی مەســـتێکی تـــازەبووکە
ڕازیـــم بە ســـەردڕی وی، دا پێـــی بڵـــێن بە ســـووکە
دەیـکەم بە چـۆغە بـۆ خـۆم، بیرێســە هەسـتە زووکە
تـــۆزێ بە نووکەنـــووکە، یـــارم تەشـــی دەڕێســـێ

کـــاکی "ئیمـــامی"! ڕەنـــگە چـــۆغەت هەمـــوو دڕابـــێ
بە شـــێتی ڕیســـی ڕســـتی، مەعلـــووم دەبـــێ پســـابێ
پرســـە لە کـــاکی جـــۆلا، داخـــۆ لەبـــۆی کرابـــێ؟
دوێنـــێ گـــلەم کە لێکـــرد، ڕەنـــگە دڵـــی شـــکابێ
قەینـــاکە، بـــێبەلا بـــێ، یـــارم تەشـــی دەڕێســـێ

قاقڵاوا، ١٣٣٥ی هەتاوی

بەرخی نێر

نیشتمان! قوربانی کانیاو و زنەی زەنوێرتم
گیان‌فیدای ڕەشماڵ و شوان و مێگەلی سەر بێرتم
کوشتەیی کارەی مەڕ و بەرخ و بنە و هاوێرتم
عاشقی ئاسکی چیای بژوێن و جوان و تێرتم
گیانەکەم! ئەمنیش بە کارت دێم و بەرخی نێرتم

ڕوح فیدای سروەی بەیانانی عەبیرئامێزەکەت
دڵ بە قوربانی سریوەی تەیرە بێ‌پارێزەکەت
گیانەکەم! ڕۆڵەی ئەتۆ ڕێک چاوەڕێی ئاخێزەکەت
بیگرە باوەش لە هەڵدا پێشمەرگەی هێزەکەت
پاسەوانی ناوچەکانی پڕ لە زێو و زێڕتم

هەر لە سەر لووتکەی چیا خەملیوە تا خوارێ بە گول
هەرکەسێکی بەرهەڵستی سەربەخۆییتە بە دل
پێی بڵێ وا مەنجەڵی قینی گەلم هاتۆتە کول
ئەی عەجەم! بۆی دەرکەوە، ئەی لنگ‌ڕەشی ڕووت، لاتەقول
خۆ ئەگەر کوردیشە، فەرموو ناهومێدی خێرتم

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

کـێ بـوو وەک شـێری ژیـان خێـرا لە بێشـەی دەرپەڕی
سـیپەلاکی دوژمنـی کـوردی بە خەنـجەر هەڵـدڕی
ئـارەقی کـاتی خەبـاتی قەت لە ئەسـتۆ نەسـترِی
نیشـتمان بـانگی دەکـا یـا خـوا بـژی، هەر تـۆ کـوڕی
چـاوەڕێی پڕدانـی تونـدوتۆڵ و هەروەک شـێرتم

هەرکەسێ کورد بێ و "زرنـگ" بـێ، چاوەنۆڕی هەل دەبـێ
پێشـەوا و خاوەنشـکۆه و قارەمـانی گەل دەبـێ
جێگەیـی شـانازیی و هیـوای هەمـوو کـۆمەڵ دەبـێ
خـاوەنی کانیـاو و چیمەنـزار و بـاغ و گـوڵ دەبـێ
نیشـتمان ئەمنـیش لە باغـتدا ئەوا ئـاودێرتم!

قاقلاوا، ١٣٤٢ی هەتاوی

تەرجیعبەند، تەرکیببەند

ستایشی پێغەمبەر

ئەی خوداوەنـــدی ئاســـمان و زەمـــین!
ســـانعی ڕۆژ و شـــەو، مەهـ و پەرویـــن!
ڕازقـــی مـــار و مـــوور و چـــاک و خـــراپ!
خـــالیقی ســـونبول و گـــوڵ و نەســـرین!
بـــە نەســـیمی بەهـــاری، مڵکـــی خـــۆت
کردووە سەوز و سوور و کەسک و شین
بـــۆ منـــیش ئەی خـــودای عەززەوەجەل!
ڕەحمەتـــێ؛ زۆر فەقیـــرم و مســـکین
خۆ منیش عەبدی تۆ و لە موڵکی تۆم
موســـتەحەققم بـــە عەفـــوی تـــۆ، بە یەقـــین
هەرچـــی هەم ـ گەرچـــی زۆر خراپیشـــم ـ
ئەم وتـــە خۆشـــەمە دەڵـــێم ئـــامین

ســـەد هەزاران تەحیـــیەت و ســـەڵەوات
بـــۆ محەمـــمەد، شـــەفیعی ڕۆژی نەجـــات

بحر خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعلن فعلن

ئەی (شــفیع الامــم!) چ خــۆش‌لەقەبی!
چ بەعەزم و ویقـــــار و بـــــائەدەبی!
خـاوەنی عـیلم و حـیلم و عەقـڵ و کەمـاڵ
فەخــری عــورب و عەجەم، چ مــونتەخەبی!
هەڵبژێـــــــــراوی ڕاســــــــپاردانی
خۆشەویســـت و لەپێشـــتران لــــە نەبـــی
تــۆ لــە نەسـلی عەرەب زهـــوورت کــرد
ئاشـــکرا بـــوو فەزیلەتــــی عەرەبـــی
هەرکەســــــێکی کەوا ســـــــەناگۆتە
تەڕ و پـــاراوە تەبـــع و زار و لەبـــی
هـــاتیفێ بانـــگ دەکـــا: بنێـــرە بـــە دڵ
تــۆ کــە پیــاوێکی چــاک و دین‌تەڵەبــی

ســـەد هەزاران تەحیـــیەت و ســــەلەوات
بــــۆ محەمــــەد، شــــەفیعی ڕۆژی نەجـــات

ئەی بە نــووری جەمــاڵی ڕووی زیبـــات!
پڕ لـە شـەوق و زەوق، لـە سـەر تـا پـات!
یەک لــــە یەک ڕێـــکوپێکترە بەدەنـــت
یەک لــە یەک بــۆنی خۆشـــترە ئەعــزات
ئەی شەهی موڵکی جــوود و خــوانی کەرەم!
"بەرمەکی" شەرمەسـار لـە بەزل و سـەخات
خۆشەویســـــتی خــــــودای عەززەوەجەل
ڕێنمـــا و دەســـتگیری ڕۆژی مەمـــات

ئەی شـــەفیعی هەمـــوو ســـەغیر و کەبیـــر!
خـــاوەنی فەیـــز و ڕەحـــمەت و بەرەکـــات
قاســـیدیّ بانـــگ دەکـــا: بنێـــرە بـــە دڵ
بـــۆ یەکەســـوارە جـــوانەکەی عەرەســـات

ســـــەد هەزاران تەحیـــــیەت و ســـــەلەوات
بـــــۆ محەمـــــمەد، شـــــەفیعی ڕۆژی نەجـــــات

ئەو شەوی حەو سەمات هەمـوو تەی کـرد
مەرکەبـــی ســـوارەکانی دیـــت پەی کـــرد
چەرخـــی گەردوون هەزار گـــۆنە گەپـــی
بـــە ســـکەندەر، بـــە بەزمەکەی کەی کـــرد
چوویـــە جێـــیەک کـــە جـوبرەئیلی ئەمـــین
کەوتـــە لەرزیـــن، گەڕاوە، تـــۆبەی کـــرد
بـــــۆ پەزیرایـــــی گوڵســـــتانی ئیـــــرەم
ئەمـری بـۆ هـات و پـاکی خـونچەی کـرد
پیـــــــرەداری هەزار ســـــــاڵە و کـــــــۆن
وەک نەمـــام تـــازە بـــوو، شـــکۆفەی کـــرد
دەنگی ئەحســەن سەمای هەمـوو کەڕ کـرد
مەلەکێـــک ئەم قســـەی هەبـــوو دەیکـــرد:

ســـــەد هەزاران تەحیـــــیەت و ســـــەلەوات
بـــــۆ محەمـــــمەد، شـــــەفیعی ڕۆژی نەجـــــات

زەنبیل، ١٣١٣ی هەتاوی

دڵی مەفتوون

دڵبەری من کە ئینقلابی کرد
کوا خەتای کردووە؟ سەوابی کرد
کە نیقابی لە سەر جەبین لابرد
لە دڵی عاشقان کەبابی کرد
کە بە عیشوە هەڵیبڕی چاوی
گۆشمالێکی ئافتابی کرد
بۆیە قەت نەسرەوت بە ڕۆژ و شەو
لە هەموو کار و خورد و خابی کرد
هەر لە مەشریق هەتاکوو ڕۆژئاوا
تووشی سەد مەخسەرە و عەزابی کرد
قاسیدێ هاتە لام و ئەم قەزیەی
پێبوو، چابوو بە دڵ خیتابی کرد!
هەر دڵی من موبتەلا وو مەفتوونە
بە سەعادەت هەمیشە مەقروونە

ئەی جەماڵت کەماڵی کیشوەری عیشق!
قەد و باڵات بەڕاستی مەسدەری عیشق
خەت‌وخاڵی جوان و بێ‌عەیبت
لە سەر و ڕووتە، بۆتە زیوەری عیشق

بحر خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعلن فعلن

ئەی لــە بەحــری سرشــکی دیــدەیی مــن!
یادی ڕووی جوانی تۆیــە گەوهەری عیشــق
بەحســی حوســن و جەمــاڵی تــۆ، چــاوم!
نووســراوە بــە خــوێن لــە دەفــتەری عیشــق
یـــادی ڕووی تـــۆ دەکەم کەوا دەگـــریم
دەڕژێـــنم بـــە عەینـــی جەوهەری عیشـــق
دیتـــە لام دڵـــبەرێ بـــە تەنـــازی
ئەم قســەم پێدەڵــێ لــە مەحــزەری عیشــق:
هەر دڵـــێ مـــوبتەلا وو مەفتـــوونە
بـــە ســـەعادەت هەمیشـــە مەقـــروونە

خوێنــدی تەیــری دڵــم تەرانەیــی عیشــق
زەمــزەمەی دا بـــە داو و دانەیــی عیشــق
هەمهەمێکـــی غەریبـــی بەرپـــا کـــرد
لــە دەروبـــان و کـــونجی لانەیــی عیشــق
بـــێپەڕ و بـــاڵ و لائوبـــالی مـــا
وەکـــوو مـــن هاتـــە گوێســـوانەیی عیشــق
وەختەبـــوو بەروەبـــێ، دڵـــم گرتـــی
بـــردیەوە بـــۆ قومارخـــانەیی عیشـــق
ســـەد کەڕەت مـــاڵی تەیـــری دڵ ئـــاوا!
ئەوە مەحـــرەم بـــە ئاشـــیانەیی عیشـــق
بانــگ دەکــا زۆر بــە ســۆزی دڵ هەرچەنــد
بێنەســـیبم لـــە ئاســـتانەیی عیشـــق
هەر دڵـــێ مـــوبتەلا وو مەفتـــوونە
بـــە ســـەعادەت هەمیشـــە مەقـــروونە

ئەی خەیاڵـــت هەمیشـــە مەحرەمـــی دڵ!
لێـــوی لەعلـــت نگـــین و خـــاتەمی دڵ!
زیکـــری نێـــوت ئەنـــیس و موونســـی ڕۆح
یـــادی ڕووتـــە ڕەفیـــق و هەمـــدەمی دڵ
تـــاری زولفـــت ئەگەر بە دەس بێـــنم
مووبەمـــوو بـــۆت بەیـــان دەکەم خەمـــی دڵ
تـــۆ دەزانـــی چلۆنـــە ئـــاوی حەیـــات؟!
قەترەیێکـــی کەمـــە لـــە شـــەونەمی دڵ
دەردی عیشـــقی تـــۆ عەینـــی دەرمـــانە
زامـــی دووریتـــە ئەســـڵی مەڵحەمـــی دڵ
دڵـــی مـــن گەرچـــی موبتەلایـــە، بەڵام
ئەم قســـە خۆشـــەیە موســـەللەمی دڵ:

هەر دڵـــێ مـــوبتەلا وو مەفتـــوونە
بـــە ســـەعادەت هەمیشـــە مەقـــروونە

ئەشـکەکەم سـوحبەتی بـە جەیحـوون کـرد
عیشـقەکەم ڕەخنەیـی لـە گەردوون کـرد
لەیلیـــیەک لەم زەمانـــە پەیـــدا بـــوو
عـــالەمێکی بـــە غەمـــزە مەجنـــوون کـــرد
لەف و نەشـرم هەمـوو موشـەووەش بـوو
عیشـقی ئەو هـات و تەبعـی مەوزوون کـرد
بـــە خەمـــی تـــوورڕەیی پەریشـــانی
دڵـی جەمعێکـی شـێت و مەفتـوون کـرد
عەقرەبـــی ئەگـــریجەی لە بەر حـــوکمی
هەموو عوششـاقی مـات و مەحـزوون کـرد

هـــاتفێ ئەم قســـەی لـــە دڵدا بـــوو
هات و فەرمـووی و ئەمنـی مەمنـوون کـرد:
هەر دڵـــێ مـــوبتەلا وو مەفتـــوونە
بـــە ســـەعادەت هەمیشـــە مەقـــروونە

لەو دەمەی مـــاچی لێـــوی پەیـــدا بـــوو
تـــوتیی تەبعـــی دڵ شـــەکەرخا بـــوو
تـــۆ دەزانـــی "ئیمـــامی"! دڵـــبەری تـــۆ
وەک دەڵـــێن زۆر بـــە ئـــاڵووالا بـــوو؟!
خەیمـــە و بارەگـــای لـــە مـــولکی دڵ
هەڵـــدەدا، بۆیـــە عەقڵـــی شـــەیدا بـــوو
بۆیـــە قەیســـی فەقیـــر و ماڵکـــاول
دڵپەریشـــان و ڕووی لـــە ســـەحرا بـــوو
کـە لـە نێـرگس دەپرسـی، سـەیری دەکـرد
وەک وەنەوشـــە ملـــی شـــکا، چـــا بـــوو
شـــەو لە کـــاتی بەیـــان، دەمـــی ســـەحەری
ئەم حەدیســـە شـــەریفە ئینشـــا بـــوو:
هەر دڵـــێ مـــوبتەلا وو مەفتـــوونە
بـــە ســـەعادەت هەمیشـــە مەقـــروونە

گەردیگلان، ۱۳۱۷ی هەتاوی

کام خەبات

لەگەڵ یـاری خـۆم بـە جـوانی دەدوێـم
بـە چـرای کوڵمیشـی دەسـووتێم، دەگـرێم

پێـت بڵـێم چۆنـە ئەو یـاری بەڕێـز
خەیـاڵ بـۆ لای دێ، دەکشـێ بـە پـارێز

دڵـڕفێن، چاومەسـت، بەژن و بـاڵا بەرز
کەڵەگەت، باریک، جوانچاک، شـۆخ و تەرز

تۆ بـی و خـودای خـۆت، سـەرێک هەڵێنە
بـە نـووکی غەمـزە دڵەکەم دەربێـنە

ببیـە بـۆ لای خـۆت بیلاوێـنەوە
لـە بـۆتەی عەشـقا بیتـاوێنەوە

بزانـە چـی دەوێ پـاش قـاڵبوون دڵـم؟
دڵەکەم مەشـکێنە، تـۆ خـواکەی گـوڵم

بەزەیەکـت بـێ بـە حاڵوبـاڵی
بـە هـاوار و داد، بـە ناڵەنـاڵی

کـە دەرمـانی کەی بـە پەنـجەی جوانـت
ئـاخری بەکـاردێ، دەسـتم دامانـت

بحر متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

فریـــــای نەکەوی، کـــــاری کـــــراوە
جەرگ و دڵـــی بـــاش بـــۆت هەڵقرچـــاوە

تـــا نەچـــووە لە قـــیس ئەو دڵـــە پـــڕ کـــوڵە
تـــــا نەبۆتـــــە چێشـــــت بەو کوڵەکـــــوڵە

لـــــە بـــــۆتەی عەشـــــقا دەربێنـــــەوە
وەکـــــوو پێمکـــــوتی بیلاوێـــــنەوە

بزانـــە چـــی دەوێ پـــاش قـــاڵبوون دڵـــم؟
دڵەکەم مەشـــکێنە، تـــۆ خـــواکەی گـــوڵم

دڵـــی شـــێتوپێت، ســـەرگەردان و ویـــڵ
مانـــدوو، هەڵـــوەدا و دوورکەوتـــوو لـــە خێـــڵ

کێهـــە خێـــڵ؟ خێڵـــی لاوی نیشـــتمان
ئەوەی بـــە پـــاریز دەچـــوون بـــۆ کوێســـتان

کـــام کوێســـتان؟ کێـــوی زەنـــویری خەبـــات
کـــام خەبـــات؟ ئەوەی گەل دەدا نەجـــات

جێگـــــای بەزەیـــــە ئەو دڵـــــە ویـــــرانە
ئەو شـــــێتوپێتە، ئەو ســـــەرگەردانە

لـــــە بـــــۆتەی عەشـــــقا دەربێنـــــەوە
وەکـــــوو پێمگـــــوتی بیلاوێـــــنەوە
بزانـــە چـــی دەوێ پـــاش قـــاڵبوون دڵـــم؟
دڵەکەم مەشـــکێنە، تـــۆ خـــواکەی گـــوڵم

قاقلاوا، ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی

نیشتمانی کورد

ئەو نیشـــتمانی بەرز و بەرێـــز و جـــوانی کـــورد
جـــێگەی ژیـــانی پـــڕ لە هیـــوای پـــاڵەوانی کـــورد

هۆی بەرزیی هەموو گەل و پیر و جەوانـــی کـــورد
بەو ئـــاو و خـــاکە جـــوانەوە بەنـــدە ژیـــانی کـــورد

ئەی خاکی پـــڕ لە جەوهەر و هەر لە زێـــڕ و زێـــوا!
هـــۆزت بە شـــاخ‌وداختەوە بـــوونە ســـەربزێو

نیلـــووفەری بـــڵاوی لە ســـەر ئـــاوی بـــێ‌قەرار
ئـــاڵۆز و تـــێکەڵ و بەگـــرێ، چەشـــنی زولفـــی یـــار

سووچ و کەناری دەشـــتی هەمـــوو ســـەوز و لالەزار
قـــــۆز و لەبەردڵان و لەبـــــارە بەبـــــێ قومـــــار

بەهـــبەه لە شـــاخ‌وداخی ئەو و خـــاک و ئـــاوی ئەو
چەند خۆشە لە سەر زمـــان، گەلـــی کـــوردە نـــاوی ئەو

لایەک شـــنەی شـــەماڵە کە دەشـــنێ بە حـــاڵی دڵ
لایەک کـــزەی دڵان لە گـــوڵانە بە ســـۆز و کـــوڵ

لایەک لە خۆشـــی بولبـــولە وا پێکەنیـــوە گـــوڵ
لایێکی دیش کە خونچەیە پێچـــرا بە بەرگ و چـــڵ

ئەم بەنـــد و ئەم بیســـاتەیە گیـــانە دڵـــی مـــرۆ
دێنێـــتە جـــۆش و دێـــتە خـــورۆش و دەڵـــێ بـــڕۆ

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

کـــاتی خەبـــاتە هـــۆزی بەجێمـــاوی کوردەکـــان
پـــێ هەڵگـــرن، درەنـــگە، بـــڕۆن ڕێکـــوو بێوچـــان

هیـــوای گرنگـــی، ئێـــوەیە خـــۆ دایکـــی نیشـــتمان
ئەو نیشـــــتمانی هـــــۆزی گەلـــــی کـــــردە قارەمـــــان

ئەو قارەمـــــانی وا لە خەباتـــــایە ڕۆژ و شـــــەو
ئەو پـــاڵەوانی وا کە بەهێـــــزە و ئەوەنـــــد پـــتەو

مـــاوێکی زۆرە مـــات و ئەســـیر و قەلەنـــدەرین
خەمبار و بێکەس و لە هەموو خۆشـــییەک بەریـــن

تا کەی بە پشتی کۆمەوە کۆڵ بـۆ کـێ هەڵگـرین؟
تا کەی بەبێ خەفەت سەرمان نەچتە سەر سەرین؟

بـــا بەس ببیـــنە ئـــالەتی دەســـتان، وەرن! وەرن!
ئەورۆ هەلە، دە هەڵـــپەڕن و دەســـتی یەک گـــرن!

ڕۆیـــی ئەوی کە خـــوێنی مـــژین، ببـــوە پیـــرەزاڵ
ئـــێمە کەلاکـــی کەوتـــوو، ئەو ببـــوە پیـــرەداڵ

خۆراکی جەرگی ئێمە بوو، دەیخوارد قەپاڵ قەپـاڵ
لێی کەوتووە ئەوێسـتە لە بەر زگ وەکـوو گەمـاڵ

چـــونکی کەلاکـــی خـــواردووە، نـــابزوێ کەوتـــووە
ئابڕوو و حەیای بە جـارێ لە نێـو عـالەمێ چـووە

سەیری "ئیمامی"ی پیر کە، کە وا کەوتبـوو لە مـاڵ
خەم دایرزانـــدبوو، ســـەری دەبـــزووتەوە بە حـــاڵ

ئەورۆ کەچی لە خۆشـی، ئەوا کەوتە قیـل و قـاڵ
بانگوو دەکـا و دەڵـی: وەرن، ئەی لاو و کیژۆکـاڵ!

دەست دەینە دەستی یەک، لە خیابان و سەرشـەقام
خۆمان بە کوشت بدەین، نەوەکـوو بیـنەوە غـولام

قاقڵاوا، ١٣٥٧ی هەتاوی

ئەوپەڕی کوردایەتی

دەمێــک بە باســی کــورد نەکــرێتەوە
وتەی خۆشـــــی ئەو نەگێـــــڕێتەوە
سپاســــــی لاوان بەو نەبـــــڕێتەوە
وەڵامــی کــوردی پــێ نەدرێــتەوە

ئەو دەم و لێـــوە یـــارەبی ڕەق بـــێ
پـــووکی دارزێ، ددانـــی لەق بـــێ

چـــاوێ نەڕێـــژێ کلـــی خەمبـــاری
نەژیێنێـــــتەوە کـــــانی بەهـــــاری
فرمێسکی سـووری لـێ نەبـێ جـاری
هەڵنەقــوڵێ خــوێنی دڵــی هەژاری

ئەو چاوە یـاخوا پـڕی کەن لە خـوێ
وەنەوز نەدا، ســـاتێ نەســـرەوێ

دەســتێ نەنووســێ گۆڤــاری مێــژوو
نەنووسێ بە خوێن، زەبروزەنگـی زوو
نەخـــاتەوە بیـــر کـــاتی ڕابـــردوو
زۆرداری دوژمـــن نەخـــاتەوە ڕوو

ئەو پـــیلە یـــاخوا لە بـــنڕا دەرێ
لە نینـــۆکیڕا بـــڕزێ تـــا ســـەرێ

بحر متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

شانێ هەڵنەگرێ چەکی ڕزگاری
شان لە شان نەدا زۆر بە وشیاری
کۆڵەپشتی چەک نەبێتە باری
دەنگی تفەنگی نەگاتە شاری

یاخوا جدەو بێ ئەو شان و مله!
یارەبی کۆڵ بێ ئەو دەست و پلە

ئەو پێیە نەچێ خێرا بەرەو پێش
بەرەو سەندنی تۆڵەی ئۆف و ئێش
ماندوو نەبێت و هەمووی نەبێ ڕیش
لە ڕێی خەباتا نەبێتە دەرویش

با هەر لە کوتدا بڕزێ ئەو پێیە
بوونی پێی بێکار پووچە، بێجێیە

قاقلاوا، ساڵی ۱۳۴۲ی هەتاوی

مەسنەوی

ستایشی خودا

(مرغـــان چمـــن به هـــر صـــباحی
خواننـــد تـــو را بـــه اصـــطلاحی)

ئەمنیش وەکـوو وان بـه ئـاه سـەردی
زیکـرت دەکەم و مەدح بـە کـوردی

ئەی خـــالیقی زولجەلالـــی یەکتـــا
وەی ڕازقـــی خەلقـــی بەڕ و دەریـــا!

بـــۆ خـــاتری ئەم بەری‌بەیـــانە
بـــۆ خـــاتری نـــاڵەیی شـــەوانە

کارم هەموو خـوار و خـێچ و نـاجۆر
زەخمم هەموو کەوتە ئـێش و ناسـۆر

ڕەحمـێ بکـە زوو بـە ئـاهی سـەردم
بینێـــرە خـــودا، دەوایـــی دەردم

لای تـۆ نەبـێ، قاتـە مەرهەمـی دڵ
لوتفـت نەبـێ، ماتـە بەختـی "کامـڵ"

بحر هزج مسدس اخرب مقبوض محذوف: مفعول مفاعلن فعولن

بـــێ هەوری کەرەم چەمەن خەمۆشـــە
بێ بارشـــی ئەو، ســـەمەن نەخۆشـــە

حەل نـــاکرێ موشـــکیلی دڵـــی ئەو
پێنـــاکەنێ خـــونچەیی گـــوڵی ئەو

بـــۆ خـــاتری ئەوکەســـەی کـــە نـــاردت
بۆ دەعـوەتی چاکـە خـۆت سـپاردت

بێـــدار بکـــە تـــالعی خەواڵـــووم
تیمار بکـە قەلبـی پـیس و مەسـمووم

بەحـری کەرەمـت کـە هاتـە جـونبش
تۆفانـــە، نمێکـــی وەختـــی بەخشـــش

سەد نـووح بـە مەوجـێ سـەرنگوونە
ســـەد کەشـــتی ئەوی تێیـــا زەبـــوونە

قەترێکـــی کیفـــایەتی ســـــەغیران
جـــورعێکی بەســـە لەبـــۆ کـــەبیران

قاقڵاوا، ١٣٤٨ی هەتاوی

بۆ خۆشەویستی خوا

ئەی بەدەنــت پاکــە وەکــوو ڕۆحــی پــاک!
ڕۆحـــە ســـەراپا بەدەنـــت؛ ڕۆح فیـــداک!

کێ بوو غەمی ئوممەتی خـۆی خواردبـوو؟
کۆشـــک و قەڵای کـــافری ڕووخانـــدبوو؟

کێ بوو قورەیشـی و مەکەیـی تێکشـکاند؟
داوی لـە ڕێـگەی گەلـی خـۆی هەڵپسـاند؟

کـێ بـوو شـەقی کـرد بـە ئیشـارە قەمەر؟
ســـەجدەیی بـۆ کـرد بە دڵوداو شـــەجەر؟

کـێ بـــوو لە پـــاش ڕێـــبەر و پێغەمـــبەران
هـــات و بـــووە ڕاهنومـــای ڕەهـــبەران؟

کێ بـوو کـە تەی کردبـوو حەوت ئاسـمان
تـــاکوو گەیشـــتە ســـەفی کەڕڕووبیـــان؟

پەیکـــی ئەمـــین بـــوو لەوێ گرتـــی مەقەر
عەرزی دەکـرد: ڕێـم نییـە خەیرولبەشـەر!

تێـپەڕی لەو جێگــە بــە عەزمــی حــوزوور
گەییـە حـوزوور و بـووە کەیـف و سـروور

بحر سریع مسدس مطوی مکشوف: مفتعلن مفتعلن فاعلن

جیـــنن و بەشـــەر کەوتنـــە ڕەقـــس و ســـەما
یەک لـــە عەرز، هێنـــدێ لـــە ئەوجـــی ســـەما

تـــۆی بە خـــودا ئەحـــمەدی موختـــاری مە
بێ‌تـــۆ بـــە ئـــایەت فەشـــەلە کـــاری مە

ئەی بەدەنـــت پاکـــە وەکـــوو گیـــانی پـــاک!
ڕۆحـــە ســـەراپا بەدەنـــت، ڕۆح فیـــداک!

زەنبیل، ۱۳۱۲ی هەتاوی

مەولوودی

بــە دڵێکــی خــاوێن مەولــوودی دەکەم
پــڕ بــە دڵ شــادی و خۆشــنوودی دەکەم

ئەوشـــۆ دوازدەیـــە، شـــەوی وەلادەت
وەلادەتـــی ئەو خەتمـــی ڕەســـالەت

ئەو زاتـــە مـــانگی هەر بـــە ئیشـــارە
لـــە ئاســـمانیڕا کـــرد پارەپـــارە

دوو لەت جـوێ بـۆوە، هاتنـە خـوارەوە
چوونـــە بـــاغەڵی ئەو ســـەردارەوە

هـــاتنەوە دەرێ لـــە هەر دوو قـــۆڵی
بـــە دەســـتوبرد و بـــە تونـــدوتۆڵی

چـــوونەوە ئاســـمان یەکیـــان گـــرتەوە
بـــوونەوە دیســـان بـــە چـــاردە شـــەوە

نـــابێ مـــۆجزەی گەورەتـــر لەوە
یـــانی ڕوونـــاکی و تـــاریکی بەوە

ئەو هاتـــە دونیـــا، تـــاریکی لاچـــوو
چـرا هەڵکـرا، زوڵـمەت بـۆی دەرچـوو

مەلەک لــە فەلەک هاتنــە ســەر زەمــین
بـــۆ پەزیرایـــی مـــوحەممەدئەمین

بحر متقارب مثمن اثلم «هجایی»: فعلن فعولن// فعلن فعولن

میــوەی بەهەشــتیان هێنــا بــە دیــاری
بــۆ شـــادییانەی مەحبـــووبی بـــاری

هەی‌هەی لەو شـەوە، ڕۆژی بـە قوربـان
سـەد مـانگی تابـان هەڵات لـە خۆشیان

لە حەوش و حەسار، لە دەرک و لـە بـان
چەپڵەڕێــزان بــوو، بــوو بــە چراخــان

یـاخوا بەخێـر بێـی شـای بـە تەدارەک!
قەدەمــت بەخێـــرا مەنـــزڵ مەبـــارەک!

گیان با کێشـکچی دەرکـی حەوشـت بـێ
ڕۆحیش بە قوربـان ژێـری کەوشـت بـێ

فەرشـــی حـــاتەمی تـــایی هەڵگیـــرا
دەرگـای سـەخای وی بە جـارێ بەسـرا

قەترێـک لـە دەریـای سـەخای تـۆ بەسـە
بـۆ هەر زیرۆحـێ، بـۆ هەرچـی کەسـە

شـادی و سـروور و فەخـر و موباهـات
حەسـەنات، خێـرات، ئـاوات وەدی‌هـات

وەک سـەگان کەوتـین لەبەر دەرگـاکەت
چـاوەڕێی لـوقمەی خوانـە یەغمـاکەت

"کامیـــل"! نۆرەتـــە لـــە دەرکوبـــانی
خـۆت بـاش حازرکـە بـۆ پاسـەوانی

گەردیگلان،١٣٢٨ی هەتاوی

خاسەکەو (١)

خاســـــەکەوێ لەو کەژە هەڵنیشـــــتووە
خاڵی ڕەش و سووری بـە جـووت ڕشـتووە

ڕاوچـــی هەمـــوو لەو کەوە دەرکەوتـــووە
بـــۆچی دزە؟ جەردەیـــە؟ کێـــی کوشـتووە؟

کێهـــە کەســـی ئەو لـــە ژیـــان خســـتووە؟
مـــاڵ و مەڕ و زێـــوەری کێـــی بـــردووە؟

باعیســـی قەتڵـــی چییـــە؟ بیســـتوویەتی
ژینـــی بـــە سەربەســـتییە، ویســـتوویەتی

پـــاکی گونـــاهی کەوی خۆشخەتوخـــاڵ
ژینـــی بە سەربەســـتە لە نێـــو دڕکوداڵ

داوی چەقانـــــد تـــــاوەکوو ئەو پێـــــوەبێ
چاڵکەنـــە خـــۆی پێـــوە دەبـــێ، جێبەجـــێ

چاکـــە کـــە داودۆزە شـــوکور خاســـەکەو
دیویـــە، وریایـــە، بـــە ڕۆژ و بـــە شـــەو

بـــۆچی کەویـــش مـــافی ژیـــانی نیـــیە؟
حەققـــی کەژ و کێـــوی جـــوانی نییـــە؟

بـــۆچی ئەویـــش بۆتـــە بـــرا کوردەکـــان
نـــابێ هەڵێنـــێ نەفەســـێکی ژیـــان؟

بحر سریع مسدس مطوی مکشوف: مفتعلن مفتعلن فاعلن

بێـــتەوە بەردەســـتوو بەبـــێ بـــاڵ و پەڕ
پێبکەنـــــێ بیبەنـــــە قەســـــری قەجەر؟

دەک نەفەســوو بگــرێ ئەجەل، جێبەجــێ
وا کــە نەتــانبێ قەوەتــی دەســت و پــێ

خـــــاوەنی ئەو کێـــــو و کەژە هەر کەوە
نەزم و نیزامـــــی کەژ و کێـــــو هەر بەوە

لێـــیگەڕێ بــا بــاڵ و پەڕی جــوان بکــا
لەو کەڵــــە بـــا بـــانگی ڕەفیقـــان بکـــا

بێـــنەوە کانیـــاوێ، بخـــۆن ئـــاوی ســـاف
بـــۆ گـــورەیی ســـەربنە بێنـــە مەســـاف

لێـــیگەڕێ دەنـــدووکی بـــە بەرد تیـــژ بکـــا
گـــوڕڕە بکـــا و بـــانگی کـــوڕ و کیـــژ بکـــا

کـــوڕ بـــە گورەگـــوڕ وەکـــوو شـــێر و پڵنـــگ
کـــچ بـــە شنەشـــن بـــە خرینگەخرنـــگ

بـــێن و بڵـــێن: خـــاوەنی کێـــوان ئەمەیـــن
سوورە دەنووکمان، بە دەنووک شەڕ دەکەین

خـــاوەنی ئەم خاســـەکەوەش هەر دەڵـــێ:
ڕاوچـــی دەبـــێ لەم کەژ و کێـــوە هەڵـــێ[1]

قاقڵاوا، ۱۳۴۲ی هەتاوی

---

[1] بەیتی کۆتایی بەم شێوەیەش نووسراوە:
خاوەنی ئەو خاسەکەوەش هەر دەڵێ: ئێمە موقیمین، بڵێ دوژمن هەڵێ

خاسەکەو (۲)

خاســـــــەکەوێ لە بەنـــــــدەنێ
دیـــــتم خۆش‌خـــۆش پێـــدەکەنێ

بە کـــێ، بە چـــی، بە مـــن و بە تـــۆ
بە ژینـــــی وا بـــێ تـــار و پـــۆ

دەیگـــــوت ئێـــوە لە گەرمێـــــنن
لە کوێســــتان‌ڕا بـــۆو دەخـــوێنن

لام وایە مـــــن، بە بیـــــر و ڕام
گەرمـــــێن و کوێســـــتانێ گەڕام

نەمـــدی کەس تەنیـــا ســـەرکەوێ
یـــا بە دڵێکـــی خـــۆش وەرکەوێ

هەرکەس بە تەنیـــــا مـــــایەوە
داویـــــان لە ڕێگـــــا نـــــایەوە

بە دەنـــدووک پێـــوە بـــوو وەک کەو
ڕۆژی ڕوونـــاکی بـــوو بە شـــەو

گـــوێ لە ئامۆژگـــاریم بگـــرن
نەک بـــــکەونە داوێ بمـــــرن

بحر رجز مربع مطوی مخبون: مفتعلن مفاعلن

یەکێ لێرە، یەکێ لەوێ
یەک کەونەوە، لە منوو کەوێ

بەس بەشبەش و لێک پساو بن
بەس بێبیر و بەشخوراو بن

دەستێک تەنیا دەنگی نایە
مناڵێک بۆی ناکرێ کایە

بە دوو دەست چەپڵە لێ دەدرێ
بە دوو مناڵ گەمە دەکرێ

ئەو نیشتمانە پیرۆزە
هەموو کاتێکی نەورۆزە

شەوی ڕۆژە، ڕۆژی نەورۆز
جێی شانازی زۆرە بۆ هۆز

وەک بەهەشت خەملیوە بە گوڵ
نەک دڵێک، بەڵکە هەزار دڵ

ئاوبردەی ئاو و خاکییە
گیرۆدەی خاکی پاکییە

بەڵام بە داخەوە هەروا
لە ژێر دەستی داگیرکەردا

وێرانە و لاڕووخاوە
ڕێک چاڵ و چۆڵە و کەلاوە

شەوی مەینەت، ڕۆژی شەوە
بۆ گەل و هۆز و نەتەوە

هیـــــوا و ئـــــاوات و تاســـــەیە
ئـــــاخ و داخ و هەناســـــــەیە

دەســـــت بە چـــــاوی خەوا بێـــــنن
ڕابـــــن، دوژمـــــن داپەڕێـــــنن

کـــــاتی ڕاپەڕیـــــنە، هەســـــتن
دەســـت و پێـــی بەرهەڵســـت بەســـتن

بـــا بەس بەســـتن دەســـت و پێتـــان
بـــا بەس بگـــرن لێتـــان ڕێتـــان

لێک بن، ڕێک بن، دەست بە دەست دەن
شـــایی بە خـــۆ و حەز لە هەســـت کەن

گەر هەســـت و قەســـت و مەبەســـتتان
ڕێـــک بەخـــتکەن بـــۆ کوردســـتان

ئەوجـــار دەژیـــن بە سەربەســـتی
ســـــەردەکەون بە تەڕدەســـــتی

لە ســـــارای بەرزی ئـــــازادی
دەکەونە خۆشـــــیی و شـــــادی

قاقڵاوا، ١٣٤٥ی هەتاوی

خوشک و براین

ئەی دوژمنی گەلی کوردا!
هەڵێن زوو بە دەستوبرد

پێشمەرگەن لە کێشکێیە
تفەنگی لە سەر پێیە

هەر وێیکەون دەردەچێ
دەوکووژێ زوو جێبەجێ

کەلاکوو جێ دەمێنێ
کوند لە جێگاو دەخوێنێ

تا تێبگرن مەڵبەندیان
دەپارێزن کورد بە گیان

وچان نادەین، ناسرەوین
وەک تەمومژ نارەوین

ئێوە توزن، بە بایەک
هەریەک دەڕۆن بۆ لایەک

ئێمە لە کێوان دەژین
بە هیواین خوێنوو بمژین

بحر مضارع مربع اخرب: مفعول فاعلاتن

ئەوجـــار بە دڵێکـــی بـــێ‌خەم
بە بیـــرورای زۆر مەحـــکەم

دەپـــاریزین نیشـــتمان
نیشـــتمانی بەهەشـــتمان

کیـــژۆڵەی ڕێکـــی حـــۆرین
بە شـــەرتێ دڵ نەگـــۆڕین

هەمـــوو دایـــک و خوشـــکمانن
کیـــژ و کـــوڕ هاوپشـــتمانن

خوشـــک و بـــرای هاوپشـــتن
جێگـــای شـــانازی گشـــتن

قاقڵاوا، ١٣٤٢ی هەتاوی

شنەی بەهار

بەهـــارە و شـــنەی مـــایەی ژیـــانە
بـــە شـــنەی ژیـــاوە ئەم نیشـــتمانە

بەهـــار هێـــنەری مـــوژدەی خەبـــاتە
لابەری مەیـــنەت، هێـــنەری هـــاتە

ئـــاوری نەورۆزی پرشـــنگی ژیـــنە
بـــۆ گەل و بـــۆ هـــۆز گـــڕی بەتینە

گـــڕ و گـــڕپەی ئەو ژینـــی پێـــوەیە
بریســـکەی خەبـــات هەر لەوێـــوەیە

ئـــاگری نەورۆزە یـــا تیشـــکی هیـــوا
ڕوونـــاککەرەوەی تـــاریکی هەوا

گڕپەی خـورپەی دڵ، شـەوقی زەوقـی گەل
لـــە دەوری داڵـــێن لاوان بـــە کـــۆمەڵ

کـــاتێکی خۆشـــە، فەســـڵی نەوبەهـــار
دووری لـــە نەیـــار، نزیکـــی لـــە یـــار

ئەوە ســـەوز ئەکـــا تـــۆوی ڕزگـــاری
بەرهەم دێنـــێ بـــاغ بـــۆ کـــوردەواری

هێنـــدێ دەرزێنـــێ، هێنـــدێ دەڕوێنـــێ
بەو گەرم و ســـاردی لـــە خـــۆی دەنـــوێنێ

بحر متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

دووبەرەکـــی گەل دەڕزێنـــێ ســـەرپاک
تـــۆوی یەکیەتـــی دەڕوێنـــێ لـــە خـــاک

بەهـــار بەخێـــرێ، دنیـــا گرتـــی ڕەنـــگ
ڕۆژی وەدەرخســـت لایبـــرد شـــەوەزەنگ

بـــە تەپـــڵ و تـــۆپ و بـــە زەبـــروزەنگە
دەی، ســـا، نەتەوەی کـــاوە! درەنـــگە

بـــۆ پێشـــواز پـــاکوو بـــڕازێنەوە
شـــنە! تـــۆش کۆرپـــە بلاوێـــنەوە

لـــە بێشـــکەی خەمـــا ڕاپژێنـــە تـــاوێ
بـــۆی دەرخـــە کـــاتێ، هەتـــاوێ، ســـاوێ

ببـــووژێتەوە لە بەر تـــاو و ســـاو
تـــا بێتـــە جـــێگەی شـــانازی تەواو

فتـــیلەی ڕێـــگەی ڕزگـــاری پێـــیە
بەخێـــو کردنـــی یەکجـــار بەجێـــیە

بـــا بێتـــە بەرهەم کـــۆرپەی نەتەوە
هیـــــــوای دواڕۆژی نەتەوە بەوە

بـــۆ نیشـــتمان و بـــۆ گەل دەکۆشـــێ
لـە ڕێـی وان سـەد چەل زووخـاو دەنۆشـێ

ئەوســـا ئـــاواتی "ئـــاوات" دیتـــە جـــێ
شـــین دەبـــێ خەڵفـــی هیـــوای جێبەجـــێ

قاقلاوا، ۱۳۴۳ی هەتاوی

لە بەرچاوان دەکەوم

وردەوردە لە بەر دڵ و چـــــــــاوان
دەکەوم، وا دیـــــــارە بێتـــــــاوان

ســووچ و تـاوانی مـن هەمـوو مـاڵە
نیمــە بیــدەم بە کەس، دەنــا خــاڵە!

هەرچــی پێویســتی پیــاوی وشــیارە
لای منــی چــارەڕەش بــە خەڵــوارە

شــەرتە ئەوچەل لەوانــە خــۆ وەدزم
ئەگــە زانــی ئەزم، دەنــا خــۆ دزم

خــواروخێچی و دزی و درۆ کــردن
بــێ نەخۆشــی بــە ســەکتە زوو مـردن

مــۆدی ئەمڕۆیــە، ڕێــزی لێبگــرە
عەیبوعاریش لە هیچ کەســێ مەگـرە

ئەوی ڕۆژباشــی کـردی، ڕۆژی بــاش
ئەوی نەیکرد، شتێکی سووری بە پاش

بحر خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعل فعلن

کەس بــە هــاواری تــۆ ئەگەر نــایە
تــۆش لەگەڵ ئەو کەســە مەکــە کــایە

ئەو کەســێکیش کــە دێ بــە هــاوارت
بۆتە دۆست و ڕەفیــق و خەمخــوارت

خــۆت بە قوربــانی وی بــکەی چاکــە
بــــە ئیشــــارێکی ئەو هەڵــــێ، ڕاکە

ڕامەوەســــتە، بــــلا ملــــت بشــــکێ
نەکــوو ڕاوەســتی، ئــابڕووت بتکــێ

پێت بڵێن هیچوپووچە، کــاتی خەبــات
ڕادەوەســـتێ، هەتـــا دەبـــێ دەرفـــات

چاکــە گەر پێــت بڵــێن لــە مەیــدانا
هات و نەبــزووت هەتــا ســەری دانــا

ئافەرینــــت بــــکەن، نەوەک نەفــــرین
ژیــن نییــە بــایەخی، هەمــوو دەمــرین

قاقلاوا، ۱۳۵۰ی هەتاوی

شین بۆ خەمین

ڕۆیـــی ئەو بولبـــولی بـــاغی مەلەکـــووت
عـــالم و هـــۆنەر و عـــارف بە ســـبووت

فـــرە کێشـــاوییە مەیـــنەت بـــۆ کـــورد
قەت هەدادانـــی نەبـــوو تـــاکوو مـــرد

ئەی دەمـــم بشـــکێ، کـــوتم مـــرد؟! مـــاوە
خەوتـــــــووە، تـــــــۆزێ وەنەوزی داوە

هەربینـــــا ڕابـــــێ لە خەو دووبـــــارە
تێبکۆشـــــێتەوە بـــــۆ ئەو کـــــارە

یـــانی هەر بـــۆ گەلـــی خـــۆی تێکۆشـــێ
کەموکـــــووڕی گەلەکەی داپۆشـــــێ

نـــامرێ پیـــاوی خـــوداڵێخۆش بـــوو
زاهیـــری ڕۆیـــی، لـــە پـــێش چـــاوان چـــوو

"شـێخ عەلـی" کاکـە، "خەمـین"ی شـۆرەت
تەمەنـــی کەم بـــوو، بەڵام بێمـــۆڵەت

ئەجەلـــی هـــات و گـــوڵی عـــومری ڕفانـــد
عـــالەمێکی بـــە غەم و غوســـە مرانـــد

بحر رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

خــاوەنی ســفرە و خــوان بــوو، ڕۆیــی
هــاودەمی پیــر و جەوان بــوو، ڕۆیــی

ڕەونەقــی هۆنەرەکــان هەر ئەو بــوو
خۆشــی ئــاواتی دڵان هەر ئەو بــوو

ئێســتە "ئــاوات" بە تەنــێ مــاوەتەوە
نەتەوی، داوی لە ڕێــی نــاوەتەوە

هەربینــا پێوەبــوو ئەو بــێچــارە
هاتــە خــزمەت تــۆ "عەلــی" گیــان! دیــارە

چ بکــا؟ نــاژی بەبــێ تــۆ تــازە
دوور لــە تــۆ کەوتــووە، زۆر بێنــازە

ژینی چی، شــاعیری چــی، هــاودەمی چــی؟
عــومر ئەگەر مــابێ لــە زۆر و کەمــی چــی؟

هۆنەرێــک بــووم و لــە شــێعرا زاڵ بــووم
بــێ تــۆ مــات و لــە زمــانم لاڵ بــووم

تــۆ منیشــت وەکــوو خــۆ بــێدەنــگ کــرد
بێوتــە و بێهــونەر و بێڕەنــگ کــرد

لێــرەدا دوایــی دەهێــنم بــە وتــار
کــوا وتــارم هەیــە؟ کــوا ســەبر و قەرار؟

وەک مەسنەوی

ببیــە لەو قامیشــە، چۆنــت پــێ دەڵــێ
پێت دەڵــێ خێــرا بــە ســۆزی مــن هەڵــێ

ســۆزی مــن، ســۆزی دڵێکــە ئــاگرین
ئاگرێکــە زۆر بەتــین، پشــکۆی ئەویــن

هەر پریشــــکێکی دەبرژێنــــێ دڵێـــک
هەر بلێســـێکی دەپشــکوێنێ گوڵێــک

بەندبەنــدە نێــو دەروونــی پــڕ زووخــاو
وشــک و ڕەق، ئەنــدامی دڵ تێــدا نەمــاو

دڵ لەوێ ڕۆیــی بــە یــادی دڵــبەری
دڵبەرێکــی شــۆخوشــەنگی وەک پەری

هەرکەســێ دەردی ئەوینــی چەشــتووە
شــەربەتی مەرگــی بــە لێــوان مشــتووە

هەر بـــە ئـــاخ و داخەوە دەتلێـــتەوە
شــێت و پەتیــارە لــە کێــو دەخــولێتەوە

بحر رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

هەروەکـــوو مەجنـــوونی ماڵوێرانـــە ئەو
ڕۆژ و شـــەو بێچـــارە، ســـەرگەردانە ئەو

هەرکـە بیسـتی دەنگـی بلـوێری شـوان
بەسـتی خێـرایەک کەمەر بـۆ ڕێـی نەمـان

ڕێگە چی؟ پـڕ دڕکوداڵ و بەرد و چێـو
هەر سەرەوژوور و سەرەوژێر، شاخ و کێو

چاڵ و چۆڵ و پڕ مەترسی و موشـکیلات
لابەلا و هەڵـدێر و ڕێـی هـات و نەهـات

تـــۆ "ئیمـــامی"! چاکـــە هەر بخـــولێیەوە
هەروەکـــوو شـــەم هەڵبیـــی و بتـــوێیەوە

قاقلاوا، ١٣٤٥ی هەتاوی

هات و نەهات

بـــانگی خزمـــان و هـــاوالآن دەکەم
هـــات و نەهـــاتی خـــۆم بەیـــان دەکەم

پســـام، هێنـــد گەڕام هەر لێـــر و لەوێ
جـــارێکی بـــە ڕۆژ، کـــاتێ بـــە شـــەوێ

داخـــۆ دۆعـــای کـــێ لـــە مـــن کـــاری کـــرد؟
خێڵـــی هەل و هـــات لای مـــن بـــاری کـــرد

لەم مـــاوەی ژینـــە کـــە مـــن ڕامبـــوارد
هەر خـــۆم بـــە کـــاتی هەل و هـــات سپارد

کەچـــی هەر نەمـــدی کـــاتێ هەل دەهـــات
هەرکـــاتێ هەل هـــات، هـــاتم بـــۆ نەهـــات

ســـەد خەرمـــان گەڕام بـــە دەســـتی خـــاڵی
ســـەد ئاشـــم لێکـــرد، هـــیچم نەمـــاڵی

هێشـــتا جەواڵـــم بـــێ گەنـــم و ئـــاردە
تەنـــووری دڵـــم هێشـــتا هەر ســـاردە

ئـــاخ دەمـــدی دەمێـــک تەنـــدووری گەرم
نـــانێکم دەخـــوارد بێ‌تـــرس و شـــەرم

بحر متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

نـــازانم چەرخـــی زەمـــان هەر بـــۆ مـــن
نەمـــامی ژینـــی کـــردم ســـەرەوبن؟

یـــا کـــار و پیشـــەی ئەو چەرخـــە کـــۆنە
هەر وایـــە؟ چـــونکی وشـــک و بـــێ‌ڕۆنە!

بە ڕۆن چەور ئەبـێ یـا بـە خـوێنی گەل؟
ئەو خوێنەش کەنگێ؟ ڕۆژی خۆشی هەڵ!

یـــاخۆ وەک کـــوتم هەلـــم بـــۆ نـــایە
بۆیـــە گەل بـــۆ هەل هەر هەڵـــوەدایە

بەڵام قەیناکـــــا، مـــــافی خومـــــانە
ئەم دەرکـــــاودەرک و ئەم بانەوبـــــانە

لـــە هـــیچ لایێکـــی "ئـــاوات" پێک‌نـــایە
دڵ هەر نەســـرەوت لـــە هـــیچ جێگـــایە

قاقڵاوا، ١٣٤٨ی هەتاوی

ڕۆژی هەستان

ڕۆژی هەســـــتان و ڕاپەڕیـــــنە وەرن!
مـــافی خۆتـــان بە کـــوردی وەربگـــرن

ئێســـــــتە شـــــاییم ئەوا لە دڵ دەگەڕێ
بە بـــرا کوردەکـــانی خـــوار و ســـەرێ

گیـــانی خۆیـــان بەخـــت دەکەن بەپەلە
بانـــگ دەکەن وەرنە پێشـــێ، ڕۆژی هەلە

خـــاڵە! کێـــوی بلنـــدی ڕزگـــاری
بـــۆت بەیـــان کەم بە کـــوردی ئاســـاری

ســـەخت و هەڵـــدێر و نالەبـــار و چـــڕە
پـــڕ لە هەوراز و چـــاڵ و چـــۆڵ و خـــڕە

کـــوردە گیـــان! ســـەرکەوە بە چنگەکـــرە
ســـەربەخۆیی بە خـــوێنی خـــۆت بکـــڕە

تـــوێخی دەســـتت بـــڵا هەمـــوو لاچـــێ
شـــانەبەرد بـــا نینۆکـــت هەڵپـــاچێ

ئەوکەرەت نێـــوی تـــۆ لە مەیـــدانە
پێـــت دەڵـــێن قارەمـــانی تەنگـــانە

تەمەنـــی مـــن لە ســـاڵی ســـیودوو بـــوو
ئـــاگری ســـەربەخۆیی گەڵ هەڵبـــوو

بحر خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعل فعلن

نەکوژاوە گەیشتە حەفتا ساڵ
تەمەنم ئەی عەزیزی کیژ و کاڵ!

ئێستەکەش وا دەزانم هەر لاوم
هەر لە سەر بیر و باوەڕم ماوم

یا بە ئاواتی خۆمەوە دەمرم
یانە ئاوات لە باوەشم دەگرم

وا مەزانن مرۆیەکی سادەم
بۆ شەڕوشووڕ هەمیشە ئامادەم

من لە ژێر چاوەدێری پیاوێکدا
پێگەیشتووم، دەبێ بڕۆم هەروا

پێی دەفەرمووم: مەترسە بۆ پێشێ
چەکی دوژمن برینی نایێشێ

نابڕێ تیغی کۆڵی دوژمنی گەل
قەت مەترسە و مەدە لە دەس خۆ هەل

ئێستە هەڵکەوتووە، دەڕۆم بە پەلە
دەیکەمە گۆمی خوێن و دێمە مەلە

نابێ ترسم هەبێ لە کوشتنی خۆم
هەر بە ڕێگەی ئەوا دەڕۆم و دەڕۆم

"کامیل"م من لە ڕێی خەباتی کورد
گیانی خۆم بەخت ئەکەم بە دەستوبرد

قاقڵاوا، ١٣٥٢ی هەتاوی

گەسکەکۆڵە

هەرچەنـــدە ڕزیـــو و گەســـکەکۆڵەم
ئامـــادەیی دەســـت و مســـت و تـــۆڵەم

بـــۆو جووتـــە شـــەهیدە نۆجـــوانە*
بـــۆو جووتـــە نەمـــامی نیشـــتمانە

شـــەرتە بـــە دڵ و بـــە ڕۆح بکۆشـــم
بـــاش کـــۆکەمەوە حەواس و هۆشـــم

تـــا تۆڵـــە لـــە دوژمنـــوو نەســـێنم
جەرگ و دڵـــی پیســـی دەرنەهێـــنم،

نـــابێ بـــە ژیـــانی خـــۆم نەشـــەم بـــێ
یانـــە بـــە گـــوڵی بەهـــار گەشـــەم بـــێ

ئەو ژینـــە چ ژینـــە؟ دەستبەســـراو
خەمبـــار و ئەســـیر و ڕۆڵـــەکـــوژراو

ئەو خـــوێنە کەوا ڕژا لـــە بۆکـــان
مـــاوە لـــە خەیـــاڵ و بیـــری هەمـــوان

---

* مەبەست کەماڵ حەمیدی و محەمەد بەهرامی، دوو قوتابیی شاری بۆکانن کە نزیک بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە خۆنیشاندانەکانی بۆکاندا کوژران.
بحر هزج مسدس اخرب مقبوض محذوف: مفعول مفاعلن فعولن

دەســـگایێکە خـــوێنی ئێمـــە دەمـــژێ
ناپیاوێکـــە خـــوێن دەڕێـــژێ، دەکـــوژێ

خـــۆی شـــاردەوە وەک جنۆکـــە لێمـــان
تـــا بگـــرێ دووبـــارە ڕێگـــە پێمـــان

ئەمجـــارە دڵـــی گەلـــە برینـــدار
دەگـــرن هەمـــوو ڕێگـــە لەو بـــە یەکجـــار

هەروەک ســـەگی دز لـــە کـــون خـــزاوە
هەر بێـــتەدەر ئەو ســـەگە گـــلاوە

دەکـــرێ شـــەقوپەق لە ســـەر خیابـــان
دەســـتێننەوە لێـــی جەزایـــی تـــاوان

بـــۆچی بەشـــی ئێمـــە لەم جیهـــانە
لەو پانـــە و بەرینـــە هەر دووانـــە؟

یـــا ڕشـــتنی خوێنمـــان لـــە مەیـــدان
یـــا بردنمـــان بـــە چـــاڵی زینـــدان

شـــیققی ســـێ ئەگەر لـــە ئێمـــە قـــاتە
بۆمـــە ســـێ خەباتـــە ڕێـــی نەجـــاتە

قاقلاوا، ١٣٥٦ی هەتاوی

کاسەی بەتاڵ

ئەی زەمان! ئەی کات! ئەی ڕۆژی ڕەشم!
لـــە ئامـــانج، ئـــاوات، هیـــوا، بێبەشـــم

تەمەن دوایـــی هـــات، هـــات نەهـــاتییە
ئەمـــــانج و تاســـــە هەر ئـــــاواتییە

پیـــری بە جـــاری زۆری ســـەندووە
ســەر بــە لەشــمەوە بە زۆر بەنــد بــووە

هەر هاکــا زانیــت، بەربــۆوە لــە لەش
بــوو بــە گەپجــاڕی منــداڵی ڕووڕەش

بـــا بەر شـــەقی دەن لێـــرە بـــۆ ئەوێ
وچـــانێ نەدەن نـــە ڕۆژ، نـــە شـــەوێ

بڵـــێن بـــا بشـــکێ کاســـەی وا بەتـــاڵ
هەر چاکـــە بێتـــە گەپجـــاڕی منـــاڵ

منـــداڵ! ســـەد ئامـــان! نەهـــێڵن بشـــکێ
لە چاومـا ئـابرووی چەنـد سـاڵەم بتکـێ

دڵۆپەیێکـــــە هەر تکـــــا، تکـــــا
بۆیـــە دەترســـم، لێـــو دەکەم تکـــا

بحر متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

دەڕژێتــە ســەر ڕووی بێ‌ڕەنــگ و زەردم
ئەویـــــش دەبێتـــــە ســـــەرباری دەردم

منـــدال! نەهـــێڵن هێنـــدە دامـــاو بـــم
ئابڕووتکــــاو و زەردهەڵـــگەڕاو بـــــم

ئـــــالای کڵـــــۆلیم گەر بشـــــنێتەوە
بـــا ئـــابڕووم لـــە چـــاو بمێنێـــتەوە

قاقلاوا، ۱۳۴۸ی هەتاوی

سۆزی دەروون

ئەی ســۆزی دەروونــی پــڕ لــە ئێشــم!
نــۆ مانگــە کــە دووری تــۆ دەکێشــم

دەرمـــــانی هەمـــــوو برینەکـــــانی
تیمـــاری دڵـــی بـــەئـــێش و ژانـــی

داغانـــە ،ئەوەنـــدی دیـــوە مەیـــنەت
جەرگیشـــی بـــە ســیخی خەم بـــووە لەت

نــاڵەت کــە نەگــا بــە گــوێچکەیی کەس
قـــازانجی لـــە ڕێ نییـــە، ئیتـــر بەس!

بـــا بەس بـــێ، نەمـــاوە حـــاڵوبـــاڵم
موددێکـــە بـــە ســـۆزی تـــۆ دەنـــاڵم

تـــۆ ئەی دڵـــی لەتلەت و برینـــدارا!
ماڵکـــاول و هەڵـــوەدا و بێـــزارا!

چەنـــدە بـــەپەرۆش و چەنـــد کڵـــۆڵی!
چەنـد مـات و فەقیـر و خەمبـەکـۆڵی!

مـــاوێکی وچـــان بـــدە و بـــزانە
ئەو خـــــالیقی عەرز و ئاســـــمانە

بحر هزج مسدس اخرب مقبوض محذوف: مفعول مفاعلن فعولن

چـۆن دەرکـی ڕەحـم دەکـاتەوە لێـت
چۆن لاشی دەبـا چقـڵ لـە سـەر ڕێت

ئەو کاتـــــە دەزانــــــی زولـــــجەلالە
خـــاوەن دەســــەڵاتی بـــێمیســــالە

پاش ئەو هەموو کۆسپە، جێژنـی نەورۆز
نەورۆزێ کــە بــۆ مــە بێتــە پیــرۆز

دەتـــوانێ لـــە چـــاڵی قـــووڵی زینـــدان
بێنێتــــــە دەرێ گــــــوڵێکی شــــادان

"کامیــل" ئەوە تــۆ و بەهــاری شــادی!
بـــا نەمـــری، نەڕۆی بـــە نـــامرادی

قاقڵاوا، ١٣٥١ی هەتاوی

لافاو

هەســـتا لـــە وڵاتـــی ئێمـــە تۆفـــان
هەڵڵایـــە، هەرایـــە، شـــینە، گریـــان

بێ‌کەشـتیی و نـووح و شـۆرتە مـاوین
ماڵ‌کـــاولی دەم شـــەپۆلەئـــاوین

خێـــزان و منـــاڵ و مـــاڵ و پاتـــاڵ
ون بوون و جیهان لـە ئێمـە بـوو تـاڵ

لافاو هەچی بوو لە ماڵ، هەمـووی بـرد
تـــاڵاوی بـــە زاری ئـــێمەدا کـــرد

چـاڵ پـڕ بـوو لـە ئـاو، گەنـم ڕزیـون
دیـوار هەمـوو تێـک‌تەپی و خزیـون

دەســـت‌وپەلمـــان بـــە ئـــاو تەزیـــوە
دێـــویش لـــە شـــەپۆلە ئـــاو بەزیـــوە

بێ‌تـــاقەت و هێـــز و لارەمـــل مـــاین
ماوێکـــە بەبـــێ‌وچـــان لـــە ئـــاواین

نانووســـــرێ کاکـــــە! کارەســـــاتی
لافـــاوی بەهـــاریی و نەهـــاتی!

بحر هزج مسدس اخرب مقبوض محذوف: مفعول مفاعلن فعولن

ڕووی کـــردە وڵاتـــی کـــوردەواری
هەر ماوەتـــە ڕەحمـــی زاتـــی بـــاری

بێتـــــوو نەزەری بکـــــا وەلامـــــان
ڕەحمـــێ بەوە وا لە ســـەر زەوی مـــان

هیـــوا کـــە نییـــە بە غەیـــری لای ئەو
ڕوونـــاکی نییـــە بەبـــێ چـــرای ئەو

هەرچەنـــدە کـــە خـــاوەنی گونـــاهین
شـــــەرمەندە و زار و ڕووســـــیاهین

یـــاڕەببی وەدەرخـــە ڕۆژی ڕەحـــمەت!
لابـــە لە ســـەر ئەم وڵاتـــە نەگـــبەت

ئەمنـــیش کـــە هـــۆنەرێکی پیـــرم
موســـــتەوجبی ڕەحمەتـــم، فەقیـــرم

هەر ســـــرووەیی بایـــە هەوری پێـــوە
ڕێژنێکـــــی دەکـــــاتەوە لەڕێـــــوە

قاقڵاوا، ١٣٤٧ی هەتاوی

سەفەری حەستەم

ئەو دەردەی ئەوساڵ لە من ڕووی داوە
ئەو کـــۆڵەی بـــە پشـــت مـــندا دراوە

ئاســـن بـــام دەپـــوام، کێـــو بـــام دەخـــزیم
پڵنـــگ و بەبـــر و شـــێر بـــام دەبەزیـــم

هەر هەڵدەســـــوورێم بـــــە دەم دەردەوە
دێوانــــە خـــــۆمم بـــــە ڕووی هەردەوە

بــــە پیـــــری دەڕۆم بە پیــــر مەرگەوە
بــــە ڕیشـــی ســـپی، بـــە ڕووی زەردەوە

مەڵـــێن پیـــاوێکی هـــیچ و سەرســـەریم
بـــۆ خـــزمەت کـــاکم دەڕۆم، ســـەفەریم

ســـەفەرێکی زۆر ســـەخت و حەســـتەمە
برســـیم و کەوتـــووم، تێشووشـــم کەمە

چۆن ڕێ تەی بکەم، بـگەم بـە مەنـزڵ
بـە چـاوی پـڕ ئـاو، بـە دڵـی بەکـوڵ

کـــاکم گیرفـــانی پـــڕ بـــوو لـــە تێشـــوو
بۆیـــــە وا ڕۆیـــــی، خێـــــرا زووبەزوو

بحر متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

پێشـــوازی هـــاتن ئەولیـــای قوبـــوور
بەڕێـــز گیرابـــوو لـــە نزیـــک، لـــە دوور

مـــن قوڕبەســـەر خـــۆم، بێتۆشـــە و زادم
زار و زەعیـــــف و بـــــازاڕ کەســـــادم

نـــە لێـــرە کەس بـــوو، ماڵئـــاواییم کـــا
نـــە لەوێـــش هەیـــە دڵنەوایـــیم کـــا

بەڵام هەر دەڕۆم، چـــــارم ناچـــــارە
دەچمـــە خـــزمەت ئەو شـــیرینســـوارە

قاقڵاوا، ١٣٥٣ی هەتاوی

بەهاری ناخۆش

شەماڵ هـات بـۆ لام، سـەربەقوڕ، عـاجز
هەناسـەسـارد و خەمبـار و دڵکـز

پێمکوت تۆ بۆ وای؟ جاران هەر بـە غـار
دەتهێنـا مـوژدەی فەسـڵی نەوبەهـار!

دەبوو زۆر بەشاش،ڕووخۆش و جوان بی
هێـنەری مـوژدەی خێڵـی گـوڵان بـی

وەڵامـی داوە شـەماڵ بـە دزە:
هـاتم بـۆ وڵات بـە شـنە و کـزە

کـە مـوژدەی نەورۆز بێـنم بـۆ هـۆزم
چەکوشـی گەردوون شـکاندی پـۆزم

دیـتم لـە شـیو و لاپـاڵ و تەلان
دەنگـی شـیوەنە و واوەیـلا و گریـان

لە سـەر چڵـی دار هەزاران بولبـول
وەک مەنـجەڵ دەکوڵن، دەدەن قوڵتوکوڵ

سەد مەجنـوونم دی، ڕووتەڵ لـە شـاخان
بـە واوەیـلا و شـین، بـە ئـاخ و داخـان

بحر متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

بولبـول بـۆ گـوڵ و مەجنـوون بـۆ لەیـلا
وێکـــڕا دەیـــانکرد شـــین و واوەیـــلا

لە بیـــــرم چـــــۆوە پەیـــــامی نەورۆز
بـــڵاوکەمەوە بـــۆ گەل و بـــۆ هـــۆز

شێت و شەیدا بووم هێندم خەم خـواردن
ناچـار جێمهێشـتن، بـە خـودام سـپاردن

قاقڵاوا، ۱۳۴۲ی هەتاوی

بەخشین

هەی هـــاوار هـــاوال! بـــارم گـــرانە
پشـــتم جـــدەو بـــوو، مـــالْم ویـێـــرانە

هەرچەن کـــە لـــوتفی خـــودا یـــارم بـــێ
گونـــاهم وەک کێـــو زل بـــێ و بـــارم بـــێ

ناترســـم، گەرچـــی دەرد بـــێدەرمـــانە
بەخشـــین خودایـــە! هەر لـــە تـــۆ جـــوانە

لێبـــوردن، لوتـــف و مەرحەمەت، کەرەم
بەخشـــین، چاوپۆشـــین، «یـــا مـــولی‌النعم»

خاوەن شـــەو و ڕۆژ، تـــاریکی و ڕوونـــی
ئاگـــــادار، زانـــــای ڕازی دەروونـــــی

ڕۆژم هەروەک ڕووم ڕەش و تـــــاریکە
ڕێـــــگەی نەجـــــاتم دوور و بـــــاریکە

ئەگەر تێـــــی‌کەوتم، قەت نایەمـــــە دەر
پـــردی ســـیڕاتە و ڕۆژەکەی مەحشـــەر

بۆخـــۆت فەرمووتـــە خـــاوەن شـــەفاعەت
ئەحـــمەدە، ئـــێمەش کرمـــان ئیتـــاعەت

بحر متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعِلن فعولن// فعِلن فعولن

هـاتووین تـا لە ژێـر چەتـری نەجـاتی
ڕزگـــار بـــین هەمـــوو، ڕۆژی نەهـــاتی

هەوراز و لێـــــژە، ڕژد و هەڵـــــدێرە
چاڵ و چۆڵ، نارێـک، گـۆل و ئەسـتێرە

گەردیگلان، ١٣٢١ی هەتاوی

شایی و شین

لایەک شـــــایی‌یە، لە لایەک شـــــینە
لایەک هەڵپەڕکـــــێ، لایەک گـــــرینە

لایەک جـــل دەبەن بـــۆ بـــووکی ســـاوا
لە لایەک کفـــــن دەبـــــڕن بـــــۆ زاوا

تەماشـــــای دنیـــــا و بێ‌وەفـــــایی ئەو
بـــــە یەک چەســـپان و لێک‌جیـــایی ئەو

بـــا بەس مـــن و تـــۆ بە تەمـــای ئەو بـــین
بـــا بەس بـــێ‌خەبەر، ئـــاوبردەی خەو بـــین

بـــا وەخەبەر بێـــین، فکـــری کـــارێ کەیـــن
بیـــر و باوەڕمـــان بـــۆ لای یـــارێ بەیـــن

ئەو یـــــارەش دیـــــارە تـــــاق و تەنیـــــایە
بـــــەوەفـــــا و کەرەم، زاتـــــی خـــــودایە

هەر خـــــــزمەت بەوە پاداشـــــــی زۆرە
بـــــە وتەی من‌کـــــە، دڵـــــت مەگـــــۆڕە

هەر ئەو دەژینـــــێ، هەر ئەو دەمرینـــــێ
ئـــــاخری بۆخـــــۆی تەنیـــــا دەمێنـــــێ

"ئیمـــــامی" ئەوا ڕووی کردۆتـــــە تـــــۆ
پێـــنج فەرزە ســـوجدەی هەر بردۆتـــە تـــۆ

قاقلاوا، ١٣٣٥ی هەتاوی

بحر متقارب مثمن اثلم (هجایی): فع‌لن فعولن// فع‌لن فعولن

گڕوو

کوانێ خورشیدی شەوی دەیجووری مــن؟
کــوانێ دەرمــانی دڵــی ڕەنجــووری مــن؟

ئەی فیــدات بــم، یــاری بێمێهــر و وەفــا!
وا منت کوشــت تــۆ بــە ســەد جەور و جەفـا

نەتــــــدەزانی عاشــــــقی باڵاتــــــە دڵ؟
نەتــــــدەزانی مشــــــتەری کاڵاتــــــە دڵ؟

ئــــاڵ‌وواڵات بــــۆ منــــە، مــــن مــــوبتەلام
مــــــن قەزاوەگێــــــڕی هەر دەرد و بەڵام

یاری تــۆ هەر تــۆی دەوێ، رۆژ و شــەوێ
گەر گــــڕوو بگــــرێ، بە کەس دانــــاکەوێ

عاشــــقی زارت مەکە بێــــزاری خــــۆت
بــــاش بناســــە مــــوبتەلای ئــــازاری خــــۆت

وا "ئیمــــــامی" تــــــووتیی گــــــوڵزارتە
چــــــاوەنۆڕی قەنــــــدی لێــــــو و زارتە

قاقڵاوا، هاوینی ١٣٤٥ی هەتاوی

بحر رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

تۆ ئاگاداری

له هه‌ست و خوست و خورپه و خه‌یاڵات
له نـــووره و نـــووزه‌ی حه‌یـــوان و مـــاڵات

له خشـــــه و مشـــــه و گـــــرمه و ناڵه‌نـــاڵ
له چـــوونی شـــه‌و و ڕۆژ و مانـــگ و ســـاڵ

له ســـه‌رما و گه‌رمـــای زســـتان و هـــاوین
له عاشـــق و مه‌عشـــووق، له تینـــی ئه‌ویـــن

له تـــاڵی و ســـوێری، له خـــراپ و چـــاک
ئـــازا و بێ‌غیـــره‌ت، له پـــاک و ناپـــاک

له زۆر و له که‌م، له خـــۆش و نـــاخۆش
له زانـــا و نه‌زان، به‌هـــۆش و بێ‌هـــۆش

له گـــوڵ و بولبـــول، بـــاغ و گـــوڵزاران
له شـــنه‌ی خۆشـــی کـــاتی به‌هـــاران

تـــۆ ئاگـــاداری، خـــوای تـــاق و ته‌نیـــا
خـــوای خـــاوه‌نکه‌ره‌م، بـــێ‌وێنه و هاوتـــا!

زه‌نبیل، ١٣١٦ی هه‌تاوی

بحر متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

هەرچی هەم

ئەی سـەگی دەرگـات لە مـن پـاکترا!
چـاکتر و چـالاکتر و بێبـاکتر

ئەو هەمـوو دەم کایـە دەکـات و گەمـە
سـاغ و سـەلیم، تێروپـڕ و بـێخەمە

مـن بە زگـی برسـیی و لات و کـزم
نـاگەمە دز، نـاوەڕم و نـاگەزم

ئەو نە خەمـی نـان و نە ئـاوی هەیە
هەرچـی کە پێویسـتە تەواوی هەیە

ئەو، لەشـی بۆنخۆشـی گـوڵاوە، گـوڵاو
مـن بەدەنـم پیسـە، گـڵاوە، گـڵاو

ئەو نە خەمـی کەس، نە خەمـی خـۆی هەیە
چـونکە هومێـدی کەرەمـی تـۆی هەیە

خـۆ منـیش ئەی خـاوەنی خـوانی کەرەم!
پیرەگەمـاڵی دەری تـۆم، هەرچـی هەم

مـن شـەل و پیـر و کەسـەل و ڕەنـجەڕۆ
ڕووم ئەوە کـردۆتەوە بەر دەرکـی تـۆ

گەرچـی ئەمـن زاهیـرەکەم "کامڵ"ـە
خـۆ بـە یەقـین بـاتینەکەم بـاتڵە

قاقڵاوا، ١٣٤٠ی هەتاوی

بحر سریع مسدس مطوی مکشوف: مفتعلن مفتعلن فاعلن

تاونەدیو

تەوژمی چەرخی کۆنی پیرەدنیا
هەتا کەنگێ لە سەرمانە بە سەرما؟

دەمێ مۆڵەت بدا تیشکی بەهاری
بڵا تینێک بداتە کوردەواری

لەمێژە چاوەنۆڕ و تاونەدیوین
هەموو بێ‌جلک و بەرگین، وەک هەتیوین

بڵێی جارێکی دیش شین بێ گوڵووکات؟
کوڕوکاڵیش بگەن ئەوچەل بە ئاوات؟

ئەوە "ئاوات" بەجێ‌ماوە لە هۆزی
وەدووی خێڵ کەوتووە و ناگا بە تۆزی

خودا! پێشەنگی ئەو خێڵە، سەعاتێ
بوەستێنە؛ هەتا "ئاوات" دەگاتێ

دەڵێن سووتاوە، ئێستا بۆتە زووخاڵ
بە هاواری نەهاتن قەت کوڕوکاڵ

قاقڵاوا، ١٣٤٧ی هەتاوی

بحر هزج مسدس محذوف: مفاعیلن مفاعیلن فعولن

هاتەوە بۆ بۆکانێ*

وەک دەڵـــێن هـــاتەوە بـــۆ بۆکـــانێ
پێـــی بڵـــێن پـــێ لـــە دوو چـــاوم دانـــێ

دار و پەردووی کـــە لـــە ئـــاودا بـــوو ڕزی
قەدەمـــت بێنـــە بـــە ســـەبر و بـــە دزی

نەوەکـــوو پێـــت لە ســـەری بـــێ و بشـــکێ
ئـــــابڕووی عاشـــــقی زارت بتکـــــێ

بۆکان، ١٣٤٥ی هەتاوی

---

* بۆ «حاجی ڕەحمانئاغای موهتەدی»

بحر رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

ئینقلابی ئێران

ئینقلابـــــی کە لە ئێـــــران ڕووی دا
عالەمێــک کەوتــنە نێــو چـاڵی فەنــا

ئاڵوگۆڕێـــــک لە وڵاتــــی ئــێمە
هـــــاتەدی، دەردی گـــــرانە، پـــێمە

بۆت بەیان کەم بە تەواوی چۆن بــوو؟
پیاوەتی و خۆشی و چـاکی کـۆن بــوو

دوودڵـــی و لێــک لەکــوڵی و ئــاڵۆزی
بـــێ شـــتی و قـــاتیی نــان و ڕۆزی

کەژ و کــۆ پــڕ لە تەمــی دەرد و خەمە
پــڕ لە تــاڵی دەســی خــاوەن ســتەمە

دەر و دەشت چـۆڵ لە کوڕوکـاڵ مـاوە
شـــیو و دۆڵ تەرمە نەمـــاوی لاوە

چـاڵ و چـۆڵ تەرمــی جـوانی لێــیە
دەنگــی ئەشــکەوتێ هەواڵــی پێــیە

پێــو دەڵــێ ڕۆیــی زەمــانی خۆشـــی
مــافی خۆمــانە خەم و ڕەشپۆشـــی

بحر رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

تـــــازیەدارانی جوانـــــانی گەلـــــین
پاکمـــان مـــات و پەرۆش و کەســـەلین

ئاســـــــمانیش بە ڕواڵەت شـــــــینە
شـــین دەکـــا ئێســـتە هەور پـــڕچینە

قینـــی هەســـتاوە لە ئاکـــاری مـــرۆ
بانـــگ دەکـــاتە گەلـــی چەوســـاوە: بـــڕۆ

یـــارمەتی هەر لە خـــودا دەخـــوازین
هەرچـــی مەیلـــی ئەوە، تێکـــڕا رازیـــن

قارەمانی نەبەزی کوردستان

قارەمـــــانی نەبەزی کوردســــتان
نە هەدادانــی هەبــوو قەت، نە وچــان

نەبەزیــــی و نەتەزیــــی و نەکەوت
نە وەڕەز بوو، نە سرەوت و نە خەوت

تــــاوەکوو گـــرتیە بـــاوەش پەرچەم
پەرچەمــی دوژمنــی هەر زۆر و ستەم

خــاڵە ئەو شەخســە دەزانــی کێــیە؟
پەرچەمـــی ڕۆژی نەجــاتی پێــیە؟

وەک دەڵــێن ڕۆڵەیــی بــارزانە یەقــین
بۆ هەمــوو دەردی مە دەرمــانە بە تــین

هەلە هەل، کاتی خەباتە، گەلی کــورد!
دوژمنــی کــورد بە هەلە گەردنــی ورد

تۆ نەبی، کورد لە هەموو جــێ پەستە
دەیــخەنە ســـوورەقەڵا دەس‌بەســـتە

لەوێ نینـــۆکی هەمـــوو دەردێـــنن
سەر و دەســتی هەمــوو تێک‌دەشــکێنن

وای لە ڕووحیــیە دەدەن تــا دەمــرێ
ســەری نەبزێــوێ بەوەی لێــی دەکــرێ

بحر رمل مسدس مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلن

بۆ محەمەدساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)

شــەپۆل بــە نــامەت "ئــاوات" ژیــاوە
گرێـــی چەندســـاڵەی دڵـــی کـــراوە

شەپۆلی ژین بوو، یـا ڕێـژنەی بـاران؟
یـا شــنە و کـزەی مەیـلەکەی یـاران؟

یــا بــۆنی خۆشـــی گـــوڵی بەهـــاران
نەســـیم هێناویـــە لـــە کۆهســـاران؟

بـــارانی ئەوســـاڵ بـــە ئەمـــری بـــاری
هەموو ڕەحمەت بوو بـۆ کـوردەواری

نەرزێ ئەو دەسـتەی نـامەی نووسـیوە
"ئـاوات" سـەربەرزە کـە لێت‌پرسـیوە

بحر متقارب مثمن اثلم (هجایی): فعلن فعولن// فعلن فعولن

چـوارینـه

نایێتـــــــه زمـــــــان و قەڵەم و بیـــــــر و را
تـــاریفی خودایيـــت، چ بـــکەم مـــن ئەی خـــوا!
هەر هێنـــدە بەســـە بڵـــێم کـــە تـــاق و تەنیـــای
هەر بـــووی و دەبـــی، هەتـــا هەتـــا بـــێ دنیـــا

هەر تۆ لە نەبـوون ئەمەت دروسـت کـرد خـوایە!
هەرکەس کـــە شـــکێ بکـــا لـــە تـــۆ، گـــومڕایە
هەر تۆشـــی لـــە بـــوونەوە دەمانخەیتـــە نەبـــوون
ئەم بـــوون و نەبوونـــە گشـــت لـــە دەس تـــۆدایە

هەر تۆشـــــی هەڵتبـــژارد لـــــە عـــالەم پیـــاوێ
دوای نێـــوی ئەتـــۆ ئەوە، ئیتـــر پێـــی نـــاوێ
تـــــاریفی بـــــکەم کـــــە پاڵەوانـــــانی جیهـــــان
دەشـــکان لـــە بەرامـــبەری، نەوێستـــان تـــاوێ

ئەوکاتـــە بـــە لەشـــکر و ســـپا ســـەردار بـــوو
لێـــــزان و بەبـــــێ یاریـــــدەدان زوردار بـــــوو
نەیتـــوانی کـــــە پشـــــتی لێبســـێنی دوژمـــــن
کـاتی شەڕوشـوورِ و جەنـگ، گەلـێ وشـیار بـوو

"کامیـــل" ســـەری ســـورِماوە لـــە ئاکـــاری تـــۆ
ئاســـمان و زەوی و گوڵشـــەن و گـــوڵزاری تـــۆ
هەرکەس کـــە گرفتـــاری بەڵا بێـــت و خەمـــێ
یـــارەببی بـــە لوتـــف و مەرحەمەت یـــاری تـــۆ!

دڵ بۆچییــــە لام نییـــە، نـــە ڕۆژ و نـــە شـــەویَ
بۆچیمـــــە کـــە دەخـــــولێتەوە هەر لێـــر و لەویَ
ئـــــازیزا! وەرە دانیشـــــە لە لای مـــــن تـــــاویَ
دەیـــدەم بـــە تـــۆ ئەو دڵـــە ئەگەر تـــۆ بـــتەویَ

مـــاوێکی لەمێـــژ ژیـــام، تەمەن دوایـــی هـــات
کـــاتی ســـــەفەرم هـــــاتووە، دەڕوا "ئـــاوات"
جـوان بـووم و جحێـڵ و ئێسـتە پیـر و زورهـان
بەو حاڵەشــــــەوە دەڕۆم و نیمـــــە ســــــەوقات

ڕیشـــــت ســـــپییە، ددان نەمـــــاویی و نەمـــــای
تـــا کەی لـــە جیهـــانی فانییـــا هەر بە تەمـــای؟
کـــاتیَ وەخەبەر هـــاتی لـــە گـــۆڕا خەوتـــووی
"کامیـل" ئەوە تـۆی بـوویەوە خـاک! ئەلحەمـلای

هەر ئـــاخری هـــات تەمەن دەســـەوجیَ دەمـــرین
ڕیَ دوورە، کەچـــی بـــاری گـــران هەڵـــدەگرین
ئێســـتاکە کـــە زینـــدووین، بـــە ژیـــان پێـــدەکەنین
ئەوســـا کـــە نزیکـــی مـــردنین، بـــۆی دەگـــرین

جوانچـــــاک! وەرە لام، کەمـــــیَ لە لام ڕۆنیشـــــە
تۆخـــوا مەڵـــیَ هیچـــە؛ پیـــرە، خـــاوەن ڕیشـــە
وەبزانـــــە گـــــوڵم! کـــــە کـــــۆلکەداری پیـــــرم
تـــۆش بـــازی، وەرە لە ســـەر ســـەرم هەڵنیشـــە

هاکـــا تەمەنـــت بگاتـــە ســـەد ســـاڵی تەواو
ئەوکاتــە کــە خــۆت دەبینــی وەک لانکــی شــکاو
لەولاوە کەســـێ دەســـی بـــە پیلـــت دەگـــرێ
لەملا یەکـــی دی، مـــاوی، بەڵام مـــاوی نەمـــاو

گەر ژیـــــری، ئەگەر شـــــێتی، نەمانـــــت لەبەرە
زانـــا بـــی وەیـــا نەزان، هەمـــوو دەردیسەرە
هەرچەنـــدە بـــژی بـــە خۆشـــی یـــا ناخۆشـــی
تێشـــوو بەرە، زۆر حەســـتەمە، دوامـــین ســـەفەرە

دەخـــــولێمەوە لەم جیهـــــانەدا بێئامـــــانج
دیـتم کـە نەمـان خـاوەنی سـەد تەخـت و تـانج
ئێسـتا بـە ژیـانی خـۆم گەشـەم دێ، پاشـان
دەگـریم کـە ئەوەنـدە بـۆ ژیـام بێقـازانج؟!

بولبـول! وەرە بـا پـێکەوە بگـرین تکـتک
بـا هەردوو بسـووڕێینەوە بـۆ گـوڵ لکلـک
تـۆ دەگـری کـە خونچـە بـۆچی بـۆت پێنەکەنـی؟
مـن بـۆ گەلـە فرمێسـکێ دەڕێـژم چکچـک

شـەو هەسـتە کـە عاشـقان بـە شـەو ڕادەپەڕن
چلکـی دەموچـاو بـە ئـاوی دەسـنوێژ دەسـڕن
ئەو تاقمـە وا بـە شـەو دەکەن ڕاز و نیـاز
مەعلوومـە ئەوانـە ڕەسـتگار بـوون و کـوڕن

ئێوه که له خەودان و هەڵستانوو نییه
دایم بە گوناح دەڕۆن و وەستانوو نییه
مەعشووقەیی ئێوه هەر گژ و گیا و دڕکه
بێ‌هیممەتن و فکری گوڵستانوو نییه

دەڵێی بەفری سەرانه پرچ و ڕیشم
کەچی هەر چارەڕەش، هەر پیسه ئیشم
که لەم دنیایه بێ‌بەش مام و ڕووڕەش
خوا باقڵ نییه دنیایی دیشم

له کاتی نۆجوانی خۆش بوو ژینم
بەڵام ئێستاکه پیرم، خۆشه شینم
له مەشقی عیشقبازی‌دا کوڵیبووم
ئەوێستا بۆ بزەی لێو خۆشەچینم

ئەی چەرخی زەمانه! هاتوچۆ ئەمنی کوشت
بەردەرکی خەڵک، شەرم و شکۆ ئەمنی کوشت
بەو مەینەتی ڕۆژگاره ماوم به مەنەت
ئەی مەرگ! وەره که دووری تۆ ئەمنی کوشت*

---

* شاعیری ئەم شێعره ناوی «عەلی اشتری»یه و له لاپەڕەی ۳۰ی کتێبی «گنجواره سهیلی»دا چاومان پێی کەوت.

در خدمت خلق، بندگی ما را کشت — وندر پی نان دوندگی ما را کشت
هم محنت روزگار و هم منت خلق — ای مرگ! بیا که زندگی ما را کشت

مامۆستا هەژاریش ئەم شێعرەی وەرگێڕاوه:

چەپگەردی گەردوون! گەڕان کوشتمی — نەزانپەرستی بۆ نان کوشتمی
هەر چەوسانەوەی بێ‌حەسانەوه — ئەی مردن له کوێی؟ ژیان کوشتمی

ئەوشـــۆ وەرە لام گـــوڵم! جحـــێڵم کەرەوە
هەرچـــی خەم و تاڵییـــە لە بیـــرم بەرەوە
زانیومـــە بەشـــم ئـــاخری هەر دار و پەتە
لەم خـــوارەوە جـێم نییـــە دەڕۆم بـــۆ ســـەرەوە

هەر چاوەچاومــە بە تەمــام یــاری مــن کــە بــێ
خــۆم ســەربڕم لــە پێشــی، گیــان ڕەســتگار ئەبــێ
جارێــک دەســم دەســووتێ و مەحــتەل دەمێــنمەوە
جارێکی پێم لەجێدەچــێ، کەوتوومــە دەســتوپێ

ئەوەنـــدەی ڕوورەش و خـــاوەن گونـــاهم
ئەوەنـــدەش خـــاوەنی فەریـــاد و ئـــاهم
بـــە ئـــاهم بەخشـــە یـــارەبی گونـــاهم
ســـپیکە تـــۆو خوداییـــت ڕووی ســـیاهم

قاقڵاوا، ١٣٥٨ی هەتاوی

لـــە نزیـــک بەهـــار تـــین بـــو لەشـــم هـــات
کـــۆرپەی خۆشەویســـت بـــۆ باوەشـــم هـــات
ئەو کۆرپـــە چ بـــوو؟ نـــامەی کـــوڕی چـــاک
زۆر خۆشەویســـت بـــوو کـــە هـــات بـــۆ "ئـــاوات"

نـــــامەکەت هـــــات و دل گەشـــــایەوە
ئـــــاگری دەروونـــــم بەو کـــــوژایەوە
یەکجـــار گرنـــگ بـــوو گرێپـــووچکەی دڵ
بـــە وتەی خۆشـــی تـــۆ کـــرایەوە

یاخوا هەر بژی ئەی ڕۆڵەی بەڕێز
نامە دەنووسی بۆ لام بە پارێز
کوا دایک و بابت لە تۆ نارازین؟
لە تاو تۆ گیانە نەیانماوە هێز

یاخوا هەر دڵێک لە تۆ کلابێ
لە ژێر چەپۆکەی دەستوپلا بێ
قەت لە دنیادا نەحەسێتەوە
هەر لە کەشاکەش، تلاوتلا بێ

چاوی دڵ و هۆشی لە ڕێگای تۆیە "ئیمامی"
دووبارە فیدای میهر و وەفای تۆیە "ئیمامی"
دووریت وەکوو تیغێکە لەتی کردووە جەرگم
ئەمما بەوە چابوو دڵی لای تۆیە "ئیمامی"

بە لوتفی خۆت لە حاڵم گەر دەپرسی
دەزانی پیرە، تێرە یا نە برسی
ئەمن برسی لە لێپرسینی ئێوەم
نە برسیی نان و ئاوم کاک ئەنیسی!

ئەو کەسەی ئەمنی بەجێهێشت بێخەتا، یادی بەخێر!
ئەو کەسەی ئەمنی بە خەم کرد موبتەلا، یادی بەخێر!
ئەو کوڕەی جەرگ و دڵی بابی کەباب کرد و هەڵات
وا بە ئاوری دووری برژاندی کوا؟ یادی بەخێر!

کەلاوەی مەیــنەت و دەردم ئەوا ڕووخــا بە ســەر دڵدا
دڵـی مەینەتـزەدەم وا کەوتـووە جەرگـی بە ســەر چـڵدا
بـە تەنیـا چـاو بـوو وا چـاوەڕێی پرسـیاری یـاری بـوو
کـە بـرژۆڵ ڕێ بـدا تـا پێـی نەچـێ یـارم بـە پێکـوڵدا

یــاخوا کــوێر بــم، لەمەولا گەر بــە خۆشــی وەرکەوم
یــا بــە ڕۆژ ســاتێ بەبــێ یــادی شــەوانت بســرەوم
ڕۆژ هەڵات هەڵدێم وەکـوو دێوانـە، چونکـە ڕۆژی مـن
موددەتێکــە ون بــووە لــێم، ئێســتە مەمنــوونی شــەوم

بۆخوالێخۆشبوو حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی

هــاتن و چــوونەکەت، هــاتن و چــوونێکی دیــیە
گیانەکەم! هــاتنەکەت بــۆ مــە شــەپۆلێکی گــوڵە*
ڕۆینەوەت هەروەکوو گیانە لە بەدەن دەچتە دەرێ
بۆیە دڵ هێندە لە دووت وێڵە، بە سۆز و بەکـوڵە

---

* شێعری عەبدولقادری بیدل:

رفتن و آمدنت، آمد و رفت دگر است   موج گل می‌روی و آب بقا می‌آیی

تاک

ویستا بە تەرزی سەروی، لەرزی بە بـای هەناسـە
دەڕژا لە بەژنـی بەرزی، عیشـوە بـە جـام و کاسـە

بحر مضارع مثمن اخرب: مفعول فاعلاتن// مفعول فاعلاتن

بەشی فارسی

رشتەی مهر

رشـــتەی مهـــر بـــه هـــر بی‌ســـر و پـــا نتـــوان بســـت
دل بهـــر دلبـــر بـــی مهـــر و وفـــا نتـــوان بســـت

دل چو یک مرغک وحشی است به هر کوی و دری
بـــه دو ســـه دانـــه و دام بـــه ریـــا نتـــوان بســـت

هـــیچکس بـــر نفـــس بـــاد صـــبا تکیـــه نکـــرد
تکیـــه بـــر دلبـــر پـــر جـــور و جفـــا نتـــوان بســـت

داد و بیـــداد ز دســـت فلـــک کـــج‌رفتـــار
همه لغـو اسـت و غلـط، دسـت قضـا نتـوان بسـت

"کاملا" عهـد و وفـا نیسـت ز کـس، دسـت بکـش!
تکیـه بـر عهـد و وفـا جـز بـه خـدا نتـوان بسـت

قاقلاوا، ١٣٦٣ شمسی

بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

شفا

تــو دانــی بــا تــو مــرا عهــد و مــاجرایی هســت
ز خــاکِپــای تــو بــر خــاطرم صــفایی هســت

بــه چــاک ســینه نگــر دلســتان! کــه اهــل دلــی
بــدان ز بــوی گــل روی تــو دوایــی هســت

بتــرس جــان مــن! از آه ســینه‌ی عشّــاق
مــرو بــه نــاز عزیــزم! بــدان خــدایی هســت

بــه ســان ســاز و دف و تــار و نــی ز ســینه‌ی مــن
به عشــق روی خوشــت گــوش کــن، نــوایی هســت

بــه ســوز ســینه همــین بیــت گفــته‌ای "کامــل"!
بــرای درد دلــم از لــبش شــفایی هســت

قاقلاوا، ۱۳۵۲ شمسی

بحر مجتث مثمن مخبون محذوف: مفاعلن فعلاتن مفاعلن فعلن

در وفات رهی معیری

"رهی" راه فرار از خیل ابنای زمان بگرفت
ز داغ حسرت آنان همی چشم از جهان بگرفت

چو دید از این و آن جز خوردن خون جگر نبود
به ناچاری دل پر محنتش از این و آن بگرفت

جهان خود با هنرمندان بجز جور و جفا نبود
وداع از دار فانی کرد و منزل در جنان بگرفت

"رهی" استاد فکر بکر بود و مونس یاران
اسف بار سفر بست و امید از دوستان بگرفت

دمی با قلب فارغ باز کردم رادیو اما
به‌جای ذوق دل از سر ره داد و فغان بگرفت

"رهی" سرقافله در کاروان و شاعران دنبال
رسید آخر اجل ناگه زمام کاروان بگرفت

ز مرگ نابهنگامش "امامی" گشت پژمرده
در شور و شعف بر من اجل هم ناگهان بگرفت

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

هوشیار نیست

تو بمان ای چون تو کس غم‌خوار نیست!
چون تو کـس بـا مسـتمندان یـار نیسـت

جــز تــو ای قربــان تــو جــان و تــنم
در ولایـــت ســـرور و ســـردار نیســـت

هــر کــه مــی‌بینم دوروی اســت و دغــل
بهــر کــس، کــس محــرم اســرار نیسـت

مونســـم، روز و شـــبم محنـــت دهـــد
همـــدمم جـــز در پـــی آزار نیســـت

امتحـــان کـــردم همـــه ابنـــای دون
بـا کسـم دیگـر سـر و هـم کـار نیسـت

گـــر قبـــولم می‌کنـــی ور رانـــیم
بـــر درت زاری کنـــانم، چـــار نیســـت

لطــف و رحــم تــو بــود داروی مــن
از دل گم‌گشـــــته‌ام آثـــــار نیســـــت

رفـــت دیگـــر از کجـــا بـــاز آرمـــش
از چـــه رو آرم کـــه بـــا او کـــار نیســـت

بحر رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

هــر کجــا رفتەســت، گــو یــارت خــدا
هــر کســی بردســت، گــو هشــیار نیســت

مســـت شــد از جرعــەی خــون جگــر
پســت شــد چــون بهــر او دلــدار نیســت

ســـخت سرســـختم هـــم از بی‌طـــالعی
رفتـــه در خـــواب ابـــد بیـــدار نیســـت

آشـــــکارا و نهـــــان در ضـــــیقتم
همچــو مــن در دهــر یــک بیمــار نیســت

پـــس ســـزاوار اســـت نالیـــدن ز مـــن
هســـت بیمـــار و ولـــی تیمـــار نیســـت

قاقلاوا، ۱۳۴۵ شمسی

زخم مژه

باغبــانی کــه بــه گلــزار تــو محــرم نشــود
خاطرش تـا بـه قیامـت خـوش و خـرم نشـود

آن کســـی را کـــه ببوســـد رخ گنـــدمگونت
بـــه بهشـــت ار بـــرود لیـــک چـــو آدم نشـــود

هــر کــه بـا غمزدگــان همــدل و همــراه نشــد
عشـــق در خـــاطر او نبـــود و همـــدم نشـــود

هرکـــه در دام ســـر زلـــف پـــر و بـــال نـــزد
همچو من روز و شـبش درهـم و بـرهم نشـود

ســـرو آزاد ندیـــدم کـــه بـــه پـــیش قـــد تـــو
خوار و بی‌قدر و سرافکنده به خود خـم نشـود

گــر کنـــی میـــل بـــه مـــا شـــیفتگان ای دلـــدار!
هـــیچ از قـــدر تـــو و منزلـــت کـــم نشـــود

به "امـامی" نظـر افکـن کـه ز پـا افتـاده اسـت
گرچـــه زخـــم مـــژه‌ی تیـــز تـــو مـــرهم نشـــود

قاقلاوا، ۱۳۵۵ شمسی

بحر رمل مثمن مخبون محذوف: فعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن

مردمان خدا

صـــوفیان وردشـــان (انـــا الحـــق) بـــود
گرچـــــه منصــــوروار بـــــر دارنـــــد

روز و شـــب بـــا خـــدا بـــه امـــر خـــدای
پـــــرده از روی کـــــار بردارنـــــد

ظـــاهرا گرچـــه مفلســـند و فقیـــر
لیـــک انـــدر خفـــا چـــو ســـردارند

زیـــن جهـــان گـــر تـــو بینـــی زار و نـــزار
زان جهـــان بـــین مقـــیم دربارنـــد

گـــر ندارنـــد ملـــک و ثـــروت و مـــال
قـــــوچ قربانیانـــــد و ســـــردارند

جـــز خـــدا را بـــه دل نمی‌بیننـــد
از همـــــه کائنـــــات بیزارنـــــد

جـــز "امـــامی" کـــه پیـــر و افتـــاده اســـت
مردمـــــان خـــــدای درکارنـــــد

قاقڵاوا، ۱۳۵۰ شمسی

بحر خفیف مسدس مخبون محذوف: فاعلاتن مفاعلن فعلن

گل جامه درید

شب آمد و رفت و نوبت صبح امید
بر هر در و بام عاشق و دوست دمید

هنگام گل و سنبل و عیش و طرب است
شد فصل گل و نسیم بر سبزه وزید

یاران همه جمعند و نهان شد اغیار
صد شکر که منکر است در چاه خزید

آواز نی و بربط و تارست امشب
ساقی به خود آ جام می و باده رسید!

ای جان "امامی"! تو نگنجی در جام
ای کاش بگویند که گل جامه درید!

قاقڵاوا، ۱۳۴۰ شمسی

بحر هزج مثمن اخرب مکفوف مجبوب (وزن رباعی): **مفعول مفاعیل مفاعیل فعل**

دوران مهر*

با دل شوریده گیرم بعد از این دامان مهر
خوش بود با عشق جانان طی شود دوران مهر

شاهد مهر و وفایش بس که گوید مهتدی
بستری گردید اکنون در بیمارستان مهر

آن مدبّر خواند درس مهر و میل دوستان
زان سبب بگرفته مدرک در دبیرستان مهر

آنقدر با لطف و مهر است و وفا گویی که او
در زمان کودکی خورده است از پستان مهر

گوی چوگان وفا گردد بر هر آشنا
جان فدای آشنا اینک سر و میدان مهر

تا بود جان در بدن تا هستم و هست آن رفیق
دارمش چون جان عزیز و گوش بر فرمان مهر

هر کسی گوید برون شد دوست از بیمارگاه
دامنش بوسم ز شادی تا لب خندان مهر

"کاملا" دیگر تو و مهر و وفا، صدق و صفا!
باش سخت و ثابت و صادق تو و پیمان مهر

* برای مرحوم حاج‌رحمان آقا که در بیمارستان مهر تهران بستری بودند
بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

از کارزار افتاده‌ام

قطـــره‌ای از آب دریـــایم، کنـــار افتـــاده‌ام
بـــی‌نگین و همـــدم و غـــواص و یـــار افتـــاده‌ام

گاه چون لاله بـه کـف در بـاغ، جـامی داشـتم
حالیـــا بـــی جـــام و بـــاغ و لاله‌زار افتـــاده‌ام

هـــر شـــبی را روز می‌پنداشـــتم بـــا دوســـتان
حـــال مـــن بـــی‌روز در شـــب‌های تـــار افتـــاده‌ام

گویی اندر غربتم، هـم نیسـت یـک‌دم همـدمی
ای اجـــل زود آ کـــه بی‌یـــار و دیـــار افتـــاده‌ام!

بـــا تـــن فـــولاد و آهـــن مـــن بُـــدم روز نبـــرد
بـــا تـــن لاغـــر کنـــون از کـــارزار افتـــاده‌ام

با سر و ریش سفید آخر چـه سـود از مانـدنم؟
انـــدرین دنیـــای دون در انتظـــار افتـــاده‌ام

بار سنگین گنه بر دوشـم و دسـتم تهـی اسـت
توشـــه‌ای آخـــر نـــدارم شرمســـار افتـــاده‌ام

گفت "کامـل" مفسـلم، جـز رحمـت پروردگـار
نیســـت امیـــدی، بـــه روز حشـــر زار افتـــاده‌ام

قاقلاوا، ۱۳۴۵شمسی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

صید حرم

مـــن بیچـــاره بـــر گـــرد رخ جانانـــه می‌گـــردم
به عشـق سـوختن او شـمع و مـن پروانـه می‌گـردم

به یاد چشـم مسـتش شیشـه‌ی دل پـر ز مـی کـردم
بـــه تیـــر غمـــزه بشکســـت و در میخانـــه می‌گـــردم

ندانم من چه هسـتم کیسـتم، چـون زیسـتم بـا غـم
چنـــان ســـرگرم درد دل شـــدم، دیوانـــه می‌گـــردم

نه مستم من، نه مدهوشم، عجب بی‌فکر و بی‌هوشـم
کـه سـر از پـای نشناسـم، همـی مسـتانه می‌گـردم

سـر زلفـش بـود چوگـان، سـر مـن گـوی میـدانش
ببـین مردانـه در میـدان، چـه سرسـختانه می‌گـردم

بـرای مـن ز هجـر دوسـت دنیـا گشـت ویرانـه
چو بومم ز آنکـه روز و شـب پـی ویرانـه می‌گـردم

"امـامی" را بکشـت و گفـتمش: صـید حـرم هسـتم
بگفتـا: مـن پـی صـید حـرم در خانـه می‌گـردم

قاقلاوا، ۱۳۳۵ شمسی

بحر هزج مثمن سالم: مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

متاع محبت

چـو آفتـاب سراسـیمه شـرق و غـرب دویـدم
ز هر دو سوی به شـکل جمـال دوسـت ندیـدم

هــزار در بــزدم مــن، هــزار بادیــه رفــتم
هــزار جــور بــه امیــد وصــل یــار کشــیدم

به عشـق نـرگس مسـتش بـه زلـف او گرویـدم
چــو مــرغ خانــه خــرابم ز آشــیانه پریــدم

بــه روز شــبپره هسـتم ز زرق و بـرق هراسـم
به شب به یـاد دو زلـف چـو مـار یـار خزیـدم

شــب فــراق بــه امیــد بامــداد شــدم مــن
چــو بامــداد رســید آفتــاب خــود طلبیــدم

بــه روزگــار خــودم زار زار گریــه کــنم مــن
که روز و شب همه در خون خویشـتن غلطیـدم

ز طفلـی تـا بـه کهولـت دریـغ هـیچ نکـردم
هــر آنچــه ســعی نمــودم بــه آرزو نرســیدم

بحر مجتث مثمن مخبون: مفاعلن فعلاتن// مفاعلن فعلاتن

بــه شــهر مهــر رســیدم متــاع دهــر بدیــدم
بــەجز متــاع محبــت بــه نقــد جــان نخریــدم

بـەجای آنکـه چـو رنـدان بـه شـوق و ذوق درآیـم
ز تــرس طعنەزنــان جهــان بــه چــاه خزیــدم

قاقلاوا، ۱۳۴۰ شمسی

پر بسته

سـر ز پـا نشناسـم و پـا از سـر سـوداگرم
وای گـه بـر پـای پـرآزار و گـه دردسـرم

گه دلم گرم است از وصل و گهی سـرد از فـراق
گه چو یخچالم همـی بینـی و گـه چـون مجمـرم

گـاه گـویم، گـاه سـوزم، گـاه خشـک و گـاه تـر
گـاه در صـحرا گیـاهم، گـاه چـون نیلـوفرم

پـرّ و بـالی مـی‌زنـد مرغـی کـه در دام اوفتـاد
بال و پر یا دست و پایی چـون زنـم؟ بسـته پـرم

قاقلاوا، ۱۳۴۷ شمسی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

شمع شبستان

می‌گـریم و می‌خنـدم چـون شـمع شبسـتانم
کوتـه‌نظر و فکـرم، چـون طفـل دبسـتانم

گـه لاغـرم و زردم، چـون خـار مغـیلانم
گاهی خوش و سرخم من چون گل به گلستانم

گـاهی سـرحالم مـن فهمیـده و دانـایم
گـه بی‌خـود و نـادانم در حالـت مسـتانم

گـاهی چـو ولـیّ‌الـله در وادی وحـدت مـن
می‌گـردم و گـه فاسـق، چـون باده‌پرسـتانم

با این همه جوراجـور بـا ایـن همـه رنگارنـگ
یک‌رنـگ و خـداجویم در زمـره‌ی رسـتانم

قاقلاوا، ١٣٤٥ شمسی

بحر هزج مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

هیچ و هیچ

جانـــا بیـــا کـــه درد دل خـــود دوا کنـــیم!
خـــود را ز قیـــد و بنـــد تکلّـــف رهـــا کنـــیم

آن نسیه جان که هست به صاحب طلب دهیم
آنگـــاه روی خـــویش بـــه ســـوی خـــدا کنـــیم

آنچـــه ســـزای ماســـت همـــان می‌کنـــد خـــدای
تـــا کـــی در ایـــن ســـرا عمـــل ناســـزا کنـــیم

دنیـــا متـــاع عاریـــت اســـت و امـــانتی
تـــا کـــی متـــاع عـــاریتی را قبـــا کنـــیم

کی این محبـت اسـت کـه بـا نفـس مـی‌کنیم
بـــا هرچـــه ناسزاســـت بـــدان آشـــنا کنـــیم

هیچ است جمله ملک جهان، هیچ هـیچ هـیچ
پس بهر هیچ و پـوچ چـرا دسـت و پـا کنـیم

قاقلاوا، ۱۳۳۴ شمسی

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

مناجات

یـا رب بـه کـرم رحمـی! دیـوانه‌ی هـر کـویم
پـروانه‌ی هـر نـوری، می‌سـوزم و می‌گـویم

از بـار گنـه پشـتم، خـم گشـته چـو چوگـانم
بـا مـوی سـفیدم بـین، هرچنـد سـیه‌رویم

از نکبـت و معصـیت، افکنـده سـرم هـر دم
بـا هـر کـه درآویـزم، بـدحالت و بـدخویم

در روز خجـل هسـتم، چـون شـبپره پنهـانم
بیننـد بـه تـاریکی، شـب‌ها بـه تکـاپویم

بـا ایـن همـه بـدبختی، بـا ایـن همـه سرسـختی
چـرک گنـه خـود را، از روی نمی‌شـویم

عفـو تـو ز عصـیانم، بـیش اسـت نمی‌ترسـم
هرچنـد ز بـیم آن، آواره بـه هـر سـویم

نومیـد نمی‌گـردد، هـرکس کـه بـه درگاهـت
رو کـرده و می‌گویـد: غیـر از تـو نمی‌جـویم

دربـار خـدا باشـد، "کامـل" ز چـه می‌ترسـی؟
رو بـر در بـاز او، گـو مـن سـگ ایـن کـویم

قاقلاوا، ١٣٣٩ شمسی

بحر مضارع مثمن اخرب: مفعول مفاعیلن// مفعول مفاعیلن

روزگار من

دانی چه‌سان گذشت به من روزگار من؟
روزم چو شب، شبم چو دل تنگ و تار من

اوقات من چو زلف بتان پیچ و خم‌به‌خم
گویی همه گره به گره بسته کار من

شهری است ملک دل که همه مرز و بوم او
مشروب از دو دیده چون آبشار من

مژگان و ابروان چو تیر و کمان یار
تا کی زند به سینه چاک و فگار من

دربند وی فتادم و افتادن آرزوست
تا کی رسد به بام و در من بهار من

از آب چشم خویش دهم آب گلستان
شاید بروید از لب جو گلعذار من

"کامل" ز بسکه قافله‌ام کند می‌رود!
مشکل رسد به منزل جانان قطار من

قاقلاوا، ۱۳۳۸ شمسی

بحر مضارع مثمن اخرب مکفوف محذوف: مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

معراج

از بلنـــــدا جـــای بـــالا آمـــدی
وه چـــه محبـــوب و دلارا آمـــدی

رفتـــی و بـــاز آمـــدی زیبنـــده‌تر
از همـــه نقصـــی مبـــرّا آمـــدی

چـــون بدیـــدی لطـــف صـــاحبخانه را
مطمـــئن بی‌تـــرس و پـــروا آمـــدی

شـــهر مکـــه چشـــم در راه تـــو بـــود
تـــا تـــو بـــاز از عـــرش اعـــلا آمـــدی

ای کـــه پایـــت بـــر ســـر چشـــم همـــه!
خـــوش مقـــامی داشـــتی تـــا آمـــدی

در میـــان جملگـــی خیـــل ملـــک
ای سپهســـالار! زیبـــا آمـــدی

خیرمقـــدم از "امـــامی" کـــن قبـــول
تـــو کـــه بـــس پـــاک و مصـــفّا آمـــدی

کانی‌بەن، ۱۳۳۱ شمسی

بحر رمل مسدس محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

ستایش

چـه شـود اگـر بـه رحمـت، مـن بینـوا نـوازی؟
مــن اگــر نیازمنـــدم تــو کــریم و بی‌نیــازی

مـن اگـر کسـی نـدارم تـو کـس منـی و عـالم
مـنم ار فقیـر و بـی‌کس، تـو رحـیم و دلنـوازی

شب قدر من همان شب کـه بـه وقـت صـبحگاهی
بنـوازی عبـد مـذنب، تـو کـه درب خانـه بـازی

بـه چـه رو روم بـه درگـه؟ کـه بسـی گناهکـارم
مـن مبـتلا و ناچـار، تـو و عفـو و چاره‌سـازی

بـه‌جز از در تـو یـارب در سـرفراز نبـود
بـه هـزار تـرس آیـم بـه امیـد سـرفرازی

بـه درت بـرد "امـامی" سـر خـود بـه شرمسـاری
مگـر آرد و گـذارد سـر و رو بـه خاکبـازی

قاقلاوا، ۱۳۴۸ شمسی

بحر رمل مثمن مشکول: فعلات فاعلاتن// فعلات فاعلاتن

فشار زندگی

سـخت بیـزارم ز جـانم از فشـار زنـدگی
وای بـر جنـگ‌آوران کـارزار زنـدگی

مـن نمی‌ترسـم اگـر آیـد اجـل سـویم شـبی
می‌گریـزد از غـم فـردای تـار زنـدگی

نـی بـه آواز حـزین خـویش می‌گویـد به گـوش
هـوش‌دار ای بی‌خبـر! آواز تـار زنـدگی

از نیسـتان تـا مـرا ببریده‌انـد اهـل زمـان
در فشـارم از فـراق گلعـذار زنـدگی

تـر شـود از گریـه‌ی مـن دامـن صـحرای دل
بنگریـد از تنگنـای آبشـار زنـدگی

"کـاملا" تـا زنـده‌ای از مردگـان بی‌حسـتری!
گـر بمیـری راه یـابی بـر دیـار زنـدگی

قاقلاوا، ۱۳۴۵ شمسی

بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

راز و نیاز

رفتی و پیش چشم من حاضر و ناز می‌کنی
با دل صید خویشتن راز و نیاز می‌کنی

مردنم آرزوست چون زنده شوم به مقدمت
بر تن مردگان خود چون تو نماز می‌کنی

زلف تو مار و هر شبی دور تو حلقه می‌زند
از آن به سوی خویشتن راه دراز می‌کنی

خوبی و حسن روی تو دست به دست هم دهد
زان سبب است این همه عربده ساز می‌کنی

حسن تو گنج غزنوی زیبد اگر بگویمت
صد چو من خراب دل همچو ایاز می‌کنی

"کامل" اگر به کعبه‌ی حضرت دوست عاشقی!
مژده دهم که عاقبت عزم حجاز می‌کنی

قاقلاوا، ۱۳۴۹ شمسی

بحر رجز مثمن مطوی مخبون: مفتعلن مفاعلن// مفتعلن مفاعلن

بر درگه تو

ای در نظـــرت جهـــان چـــو پـــرّ کـــاهی!
رحـــم و کرمـــت شـــامل هـــر گمراهـــی

آری کـــه مـــنم اســـیر نفـــس و شـــیطان
از بهـــر نجـــات مـــن کـــرم کـــن راهـــی

بـــر درگـــه تـــو شـــاه نهـــد روی بـــه خـــاک
زان در چـــه گـــدایی و چـــه شاهنشـــاهی

غیـــر تـــو و آنکـــه او فرســـتادەی توســـت
در هـــر دو جهـــان نیســـت شـــفاعت‌خواهی

قاقلاوا، ۱۳۴۹ شمسی

بحر هزج مثمن اخرب مکفوف مجبوب (وزن رباعی): مفعول مفاعیل مفاعیل فعل

بخت بی‌وفا*

ای کــه نــالانی ز بخــت بــی‌وفــای خویشــتن!
ای کــه می‌نــالی ز ســاز نارســای خویشــتن!
شــکوه داری از زمــان پــر بــلای خویشــتن!
"ای کــه مــی‌رنجــی ز درد بــی‌دوای خویشــتن"!
"نــی مگــر نالــد ز کــس جــز از نــوای خویشتن"؟

در میــان عشــقبازان، مــا نجــاتی خواســتیم
مــا ز یــاران یــک‌دمــی عهــد و ثبــاتی خواســتیم
چشــم یــاری داشــتیم و التفــاتی خواســتیم
"مــا در ایــن محنت‌ســرا حــق حیــاتی خواســتیم"
"زان ســبب بایســتی دیــدن هــم ســزای خویشــتن"

از حیــات خــویش بــی‌مــورد چــرا آزرده‌ایــم
تــا بــه میــل ناکســان درهــای غــم بگشــوده‌ایم
بهــر ذوق اجنبــی فکــر عبــث بنمــوده‌ایم
"تــا بــه بانــگ دیگــران راه غلــط پیمــوده‌ایم"
"گــوش مــا نشــنفته بــود آخــر نــوای خویشــتن"

---

* تخمیس بر غزل سید قادر سیادت "سید"
بحر رمل مثمن محذوف: فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

کـــس بـــرای مســـتیم نـــاورد جـــامی از ازل
کـــس نبـــرده از مـــن بیچـــاره نـــامی از ازل
کـــس بـــه روز مـــن نیاوردســـت شـــامی از ازل
"کـــس بـــه پـــای مـــن نمی‌بسته‌ســـت دامـــی از ازل"
"چـــون بـــه دام دیگـــران رفـــتم بـــه پـــای خویشـــتن"

زان جهت از تیره‌روزی مـی‌کشـم مـن جـور خـویش
مـن کـه از ابـر کسـان خـواهم جمـال بـدر خـویش
ساده‌لوحی بین که نفـع از غیـر خـواهم بهـر خـویش
"تیره‌بختی بین که من از غیـر خـواهم قـدر خـویش"
"خـــود نمـــی‌دانـــم ولـــی قـــدر و بهـــای خویشـــتن"

قاقلاوا، ۱۳۳۹ شمسی

در وفات محمدخان بداقی "حەمەخان"

در فصـــل بهـــار کـــی خـــزان اســـت؟
کـــی موســـم نالـــه و فغـــان اســـت

نـــاقوس اجـــل زنـــد نـــوایی
دم زد ز وفـــــات آشـــــنایی

ناکـــام و جـــوان، عزیـــز یـــاران
چـــون لالەی فصـــل نوبهـــاران

آن کیســـت، محمـــد بـــداقی
رحمـــت کنـــدش خـــدای بـــاقی

دنیـــا نبـــود مجـــال آنـــان
رفتنـــد یکـــی یکـــی جوانـــان

اللـــه معـــک بـــرادر مـــن
قربـــان و تصـــدقت ســـر مـــن

آن ســر کــه نــه در ره حبیــب اســت
یک کاسـەی پـوچ و بی‌نصـیب اسـت

یـــاران تـــو در فغـــان و زاری
محـــروم ز موســـم بهـــاری

بحر هزج مسدس اخرب مقبوض محذوف: مفعول مفاعلن فعولن

تـــو رفتـــی بـــه دار جـــاودانی
مـــا مانـــده در دیـــار فـــانی

ای خـــاک ســیه! عزیـــز دل‌هاســـت
آن کس که تو بـردی زیـب گل‌هاست

رونـــق نبـــود اگـــر گلســـتان
زینـــت بگرفـــت مقبرســـتان

زیـــن پـــس مـــن و یـــاد یـــار بـــاقی
آن یـــــار، محمـــــد بـــــداقی

رباعی و دوبیتی

برخیـز "امامیـا" کـه وقـت سـحر اسـت!
هنگـام گشـایش دل و قفـل در اسـت
فرصـت مـده از دسـت اگـر هشـیاری
بیـدار شـو ایـن دم، دم فـتح و ظفـر اسـت

***

جناب دوست نگاهی بـه مـن نمـود و برفـت
در گشایش و شـادی ز مـن گشـود و برفـت
بگفـتمش کـه دلـم مبـتلای قامـت توسـت
نکـرد رحـم و تفقّـد، دلـم ربـود و برفـت

***

یـارب بـه کـرم ذلیـل راهـم نکنیـد!
نزیـک غـم و نالـه و آهـم نکنیـد
مسـتوجب رحـم خلـق دنیـا نشـوم
محـروم ز لطـف صـبحگاهم نکنیـد

***

مـا و بلبـل بـا گـل و سـنبل قـراری داشـتیم
بـا خـزان عمـر، آخـر لالەزاری داشـتیم
در نهان زندگی خـود بـرگ و بـاری داشـتیم
بـا دلارامـان خـود بـوس و کنـاری داشـتیم

قاقلاوا، ۱۳۵۹ شمسی

پاشکۆ:
نامەگۆڕینەوە، شیوەن

نامەگۆڕینەوە

جواب حقیقی به آوات

نــامه‌ی نامیــت ای ســیّد فرخنــده تبــار!
آمـد و دیـدم و بوسـیدم و خوانـدم صد بـار

سپری شد غم و هـم رنـج و الـم پایـان یافـت
رخــت بربســت محــن زامــدن مــژده‌ی یـار

همچو روح‌القـدس انـدر تـن مـن جـان بدمیـد
نفــس گــرم تــو ای شــاعر شــیرین گفتــار

مــن مهجــور ز یادآوریــت شــاد شــدم
خاصـه یـادی کـه دهـد وعـده ز قـرب دیـدار

بــوی پیراهنــی از مصــر بــه کنعــان آمــد
گــرد ره شــد ســبب روشــنی دیــده‌ی تــار

رنــج می‌بــرد دل از دوری دیــدار عزیــز
نوشـداروی تـو شـد مـرهم ایـن قلـب فگـار

دیــدن یــار و دیــار اســت مزایــای حیــات
آرزوی دل مــن دیــدن یــار اســت و دیــار

گرچه دورم ز تــو ای دوســت! بــه جـان تـو قســم
نیســـت در خـــاطر مـــن جـــز دل و دلبـــر، دیّـــار

یـــاد آن روز و مـــه و ســـال کـــه بـــا هـــم بـــودیم
بـــی تـــو آن عمـــر کـــه بگذشـــت نیـــارم به‌شـــمار

پایـــه‌ی مهـــر تـــو بـــر دل نپـــذیرد خللـــی
چـــه تـــوان کـــرد خـــرابش فلـــک کـــج رفتـــار

گویمـــت حـــال دل خـــویش چـــو پرســـیدی حـــال
کـــه نـــه زیباســـت ز دلـــدار نهفـــتن اســـرار

فکـــر می‌کـــردم از آن روز کـــه حســـب قـــانون
شصـــت یـــا ســـی کنـــدم بازنشســـت و بیکـــار

داخـــل محفـــل یـــاران شـــوم و خـــوش باشـــم
چنـــد روزی کـــه بمـــانیم در ایـــن راه‌گـــذار

ســـی نیامـــد کـــه دچـــار خطـــر شصـــت شـــدم
خدمتم ناقص و سن شصـت شـد و پایـه دو چـار

حـــال مـــن بـــا رفقـــا بـــا تـــو بگـــویم چـــون شـــد
همچـو از گـرگ رمـد میش و نهـد پـا بـه فـرار

تـــا ســـرکار بـــدم جملـــه کنـــارم بودنـــد
چـــو کنـــار آمـــدم از مـــن بگرفتنـــد کنـــار

بـــه ســـرت خانه‌نشـــین تـــا شـــده‌ام مـــن، شـــده‌اند
دوســـتانم همگـــی دشـــمن و خویشـــان بیـــزار

بــذر پاشــیدم و خشــکید و جَــوی ســبز نشــد
بــه زمینــی کــه بــود شــوره، در او بــذر مکــار

چــه بســا ریشــه کــه در بــاغ امــل بنشــاندم
لیــک نــاورد بــری جــز ثمــر تلــخ بــه بــار

نــه مــن و تــو، همــه داننــد کــه دنیــای دنــی
هســـت دون‌پـــرور و غـــدّار و هنرمنـــدآزار

خــاطر آزرده شــود، درد دلــم بســیار اســت
خــورده‌ام کاســه‌ی خــون از خــم گــردون بســیار

بــیم دارم کــه مکــدّر شــوی از مــن ورنــه
هســت ایــن قافلــه را قافیــه تــا مــرز هــزار

دهمــت پنــدی اگــر بشــنوی از مــن "کامــل"
چــو "حقیقــی" بــه کسـان خــاطر خــود را مســپار

نامەی آوات به حقیقی

دیــری اســت کــه از دوســت پیــامی نرســیده
گـــویی کـــه ز حـــالم خبـــری را نشـــنیده

در آتـــش هجـــر تـــو همـــی ســـوزم و گـــریم
بـــی تـــو دل افســـردەی مـــن زهـــر چشـــیده

زان روز میـــان مـــن و تـــو فاصـــله افتـــاد
غـــم در رگ و پـــوی مـــن بیچـــاره خزیـــده

بیـــرون نـــرود از دل زارم غـــم هجـــرت
عمـــری اســـت دلـــم بـــار فـــراق تـــو کشـــیده

هر کــس کــه بــه لطــف و کرمــت انــس گرفتــه
از جمـــلەی ابنـــای جهـــان، مهـــر بریـــده

پیـــری نبـــود باعـــث خـــم گشـــتن قـــدم
از بـــار غـــم توســـت چنـــین زار خمیـــده

مســـتوجب لطـــف اســـت دل زار "امـــامی"
دیوانــه شــد از حســرت تــو، جامــه دریــده

قاقڵاوا، ۱۳۶۲/۸/۱۷ی شمسی

جواب حقیقی به آوات

روشـــن شـــد از آن نـــامه‌ی نـــامی دل و دیـــده
ای بـــاد فـــدایش غـــزل و بیـــت و قصـــیده!

از ســـوی "امـــامی" بـــه "حقیقـــی" اســـت پیـــامی
چـــون قـــوت روان، مـــرهم دل، ســـرمه‌ی دیـــده

گـــویی بـــه شـــب تـــار عیـــان شـــد مـــه تابـــان
یـــا در دل شـــب می‌دمـــد از صـــبح ســـپیده

بـــا مهـــر و مـــه و مشـــتری و تـــوده‌ی پـــروین
یـــا زهـــره بـــه ســـوی کـــره‌ی خـــاک خزیـــده

چـــون مـــرغ شـــباهنگ همـــی نالـــه دهـــد ســـر
چـــون بلبلـــی از عشـــق گلـــی جامـــه دریـــده

ای ســـید والاگهـــر ای فاضـــل "کامـــل"!
ای مـــرغ همـــا از زغـــن و زاغ رمیـــده!

پروانـــه همـــی ســـوزد و شـــمع اســـت فـــروزان
ایـــن شـــیوه‌ی بیـــداد ز عشـــق اســـت پدیـــده

کشـــکول ارادت بـــود انباشـــته از مهـــر
درویـــش و مریـــد تـــوام از روی عقیـــده

در رابطــه بــا قلــب تــوام روز و مــه و ســال
در فکــر تــو هســتم همــه اوقــات عدیــده

از هجــر رخــت اشــک مــن زار چــو شــبنم
هــر صــبح و مســا بــر گــل و گلــزار چکیــده

بــاری ز "حقیقــی" دل و جــان بــاد فــدایت
ای قامــت و بــالای تــو چــون ســرو کشــیده!

بوکان، ۱۳۶۲/۸/۲۵ شمسی

نامەی ئاوات بۆ حەقیقی (٢)

گەر دەپرسی چۆنە کامیل؟ کاکە! دەردی کارییە
برسییە، بێهێزە، گێژوویژە، کاری زارییە

ڕۆژ حەواسی پێ نییە، شەو خەستە وو تەنبەڵ دەڵێی:
کۆڵەکێشی کردووە، تاکوو سەحەر هاوارییە

وا بڵاو و دەرهەم و لەتلەت بوو وەک زولفی بوتان
فکر و ئەحواڵ و حەواسی، عەینی تۆوی شارییە

غەیری کوندی ماڵخراپ و وشکەسۆفی ڕیشدرێژ
کێ دەڵێ ئەم وەختە خۆشە؟ گەرچی ئەمری بارییە

مامەلاش ڕەببی کوتوپڕ بێ، هەدادانی نییە
کاری هەر قوولە و هەرایە، ئەم سەرە و ئەو خوارییە

خۆشییە لەو، چونکە مانگی خێرە، سەرفترەی هەیە
دەک بە زووخاوی ڕەشی بێ، هەر بە فکری زارییە

نان دەخۆم ئەمنیش بە قوززەڵقورتە، چا زووخاومە
گەر دەپرسی چۆن دەژی "کامیل"؟ برا! بێعارییە

وەڵامی حەقیقی

"کامیل"! ئەو مـانگی موبـارەک فەڕز و ئەمـری بـارییە
مـــانگی نـــوێژ و تـــاعەت و ســـەرفترە وو دینـــدارییە

لەززەتـــی ڕۆژوو ئەتـــۆ تێفکـــرە عەینـــی ڕەحـــمەتە
خـــواردنی ڕۆژێ ئەتـــۆ بڕوانـــە زەهـــری مـــارییە

دەنگی قورئـان خوینـدن و ئەڵڵاهـوئەکبەر دێ مـودام
کەی لە مانگی دیکەدا تـۆ گوێـت لـە دەنگـی قـارییە

بیســـتوحەوتەم حـــامیلی قورئـــانە جەبریلـــی ئەمـــین
حـــامیلی وەحیـــی مـــوبین بـــۆ ئەحـــمەدی موختـــارییە

لەیلەتـولقەدرێ کەوا سەفسـەف مەلاییـک دێنەخـوار
دەرکی ڕەحمەت بازە، عاسی! وەختی گریـە و زاریـیە

دەرکـــی دۆزەخ داخـــرا دەرکـــی بەهەشـــت ئاواڵـــەیە
مـوژدە بـێ ڕەحـمەت دەبـارێ بـاری عـامی بـارییە

سـەیقەڵی ژەنگـی مسـی سـاڵێکە سـەرفترە و زەکـات
مشـــتوماڵی نەفـــس و ماڵـــە ســـوننەتێکی جـــارییە

مـــاممەلای بێچـــارە، کاروبـــارێکی دیـــکەی نیـــیە
یازدە مانگـان خەوتـووە و ئەو مانگـە وەختـی کـارییە

کاکەگیـان ئێسـتا "حەقیقـی" زەوقـی جـارانی نیـیە!
تەبعـی تـۆ سەرشـارە، ئەمما شـێعری مـن بێعـارییە

بۆکان، ۱۳۴۷ی هەتاوی

نامەی ئاوات بۆ حەقیقی(٣)

چ خۆش‌بـوو قاسـیدی یـار شـێعری ئـاودار و تەڕی هێنـا
ژیـــاوە بـــاغی هیـــواکەم، ئەوا بەرگ و بەری هێنـــا

هەزار ئەحسـەن "حەقیقـی" عەنبەرئەفشـانی دەکـا شـێعرت!
فیـدات بـم، قاسـیدت مـوژدە و نەویـدی خۆشـتری هێنـا

خەریک بووم من نسـاری ڕێـت بـکەم هەرچـی مەڕ و مـاڵە
کەچـی ڕۆح هاتـە پـێش، مـاڵ و مەڕی لادا، سـەری هێنـا

لـە جـوابی شـێعری ئـاودار و تەڕ و پـاراوی تـۆ "شـاعیر"
بچووکی خۆت بە سەد زەحمەت دووسێ شیعری شڕی هێنا

بە عەزمی کوشتنی ئەو شەخسە ئەمنـی دوور لـە یـاران کـرد
بـرۆی تـۆ خەنـجەری کێشـا، مـوژەی مـن نەشـتەری هێنـا

لـە دووریـت مردبـووم، ئەممـا نەسـیمی لـوتفی تـۆ دیسـان
مەسیح‌ئاســا دەگەڵ خــۆی نەشــئەیی ڕۆح‌پەروەری هێنــا

کەوا پـارچەی غەزەل دەبـڕین لــە دیـوانی مـوحەببەت‌دا
ئەتــۆ پشــتی غەزەل دێنــی، "ئیمــامی" ئەســتەڕی هێنــا

کانی‌بەن، ١٣٣٢ی هەتاوی

وەڵامی حەقیقی

ئەوا ســـۆزەی بەیـــان دیســـان پەیـــامی دڵـــبەری هێنـــا
نەســـیمی ڕوحپەروەر عەتـــری عـــوود و عەنـــبەری هێنـــا

شنەی بای مەرحەمەت دیســان لەلای کوێســتانی "کـانیبەن"
چ خـۆش بـۆنی هەڵاڵـە و سوێســنە و سۆســەنبەری هێنـا

نە زینـدوو بـووم نـە مـردوو نـامەکەت ئـاوی حەیـاتی دام
نـە قاسـید بـوو نـە کـاغەز سـاقی ئـاوی کەوسـەری هێنـا

لە وێنەی سونبول و لالە و گوڵ و گوڵئەتڵەسـی و شـەوبۆ
حەریر و ئەتـڵەس و جەرسـە و قەنەوز و مەخـمەری هێنـا

لە ڕووی نەخـش و نیگـاری پیرەکوێسـتانی تەبـیعەت بـوو
موهەنـدیس چـوو نمـوونەی ڕامسـەر و بابولسـەری هێنـا

ســـزد گـــر زنـــدە گـــردد مـــردە از نامـــت مسیحئاســـا
کەوا بـــۆ مەســـکەنی "ســـەردار" نـــامەی ســـەروەری هێنـــا

عەزیزم شەرحی دووری تۆم شەوێکی تـاکوو ڕۆژ نووسـی
ســـبەینێ زوو قەڵەم ئیعلانـــی خەتمـــی دەفـــتەری هێنـــا

قیـــامی قامەتـــت بـــۆ ئەهلـــی دڵ قـــامی قیـــامەت بـــوو
قەتـاری کـۆچ و بـارت بـۆ موکریـان مەحشـەری هێنـا

گـــری دڵ زۆر بەتینـــە وا زوو نـــاکووژێتەوە "کامیـــل"!
"حەقیقـــی" دەســـتەچیلەی دڵ، "ئیمـــامی" ئـــاگری هێنـــا

بۆکان، ١٣٣٢ی هەتاوی

نامەی ئاوات بۆ حەقیقی (٤)

لــە ئەحــواڵی "ئیمــامی" گەر دەپرســن چۆنــە بــێ ئێــوە!
ســەری ســوورڕماوە، لەم کوێســتانەدا بێ‌هەمــدەم و نێــوە

بــکەن ڕەحمــێ بــە حــاڵی، هەر بەحــاڵ هێــزی لەبەردایە
عەجایــب گیــری کــرد لەم ســەرزەمینەی پــڕ کەژ و کێــوە

مەڵــێن: کوێســتانە جێگــای، لێــی گەڕێن قشــلاغ و بــژوێنە
بە ئینسان چی، کە حەیوان تێر دەخوات و خەڵکی بێ‌شــێوە!

ئەگەرچــی گیــاوگژی ئەم ســەرزەمینە ســەوز و تێــراوە
بەڵام بــۆ مــن لــە دووری ئێــوە وشــک و پــڕ چــڵ‌وچێوە

فیــداتان بــم، وەرن لوتفــوو هەبــێ، ڕۆژی هــیلاکەتمە
نەیەن بێ‌نێونیشــــانم، بینــــە لام هەر "کامیــــل"م نێــــوە

کانی‌بەن، ١٣٣٢ی هەتاوی

وەڵامی حەقیقی

قاسید پەیامی دلبەری دا، دڵ نەما خەمی
بەهبەهـ چ قاسیدێکی مەسیحادەمە، دەمی

"تاهیر" کە نووری دیدەیی تۆو سەرووەری منە
بۆ چاوی من میسالی کلە، خاکی مەقدەمی

مەنزوومەکەی گەیاند و برینم کولایەوە
ئاخر بە فکری چارە بە، لای تۆیە مەرهەمی

فەرمووتە بۆ نەهاتی، نەهاتی منە مەگەر؟
قوربان زەمانە هات و نەهاتە هەموو دەمی

کوا دیتەجێ لە زیندەگیا ئارەزووی دڵ؟
چونکە هەزار ساڵە دەڵێن موددەتی کەمی

حاشا لە شایەتی کە گەدا بم لە دەرکی تۆ
نایدەم بە مڵک و ماڵی جیهان، عومری ئەدهەمی

"کامیل" دەمێ لە یادی "حەقیقی" هەتا هەیە
ناچێتە دەر، هەمیشە لە بەرچاو و سەر دەمی

نامەی ئاوات بۆ حەقیقی (٥)

ئەوا بـاکەی شـەماڵ هێنـای لـە خـزمەت یـارەکەم کـاغەز
بەخێـر بـێ ڕۆحـی شـیرینم گـوڵی بێخـارەکەم کـاغەز

بە قوربـانی وەفـات بـم چـاوەکەم، مەمنـوونی ئەلتـافم
کـە لێـت پرسـیم و نـاردت بـۆ دڵەی ئـاوارەکەم کـاغەز

هەمـوو لەتلەت ببـوو بەنـدی دڵـم بێلـوتفەکەی یـارم
دەوای کـرد نـاردی بـۆ "کـانیبەن"ی دڵـدارەکەم کـاغەز

لەبەر ڕۆژوو نییـــە، بێهێـــزی تـــۆم و دەردەداری تـــۆ
هەنـــاوم هاتـــە بەر، بوویـــە دەوای ئـــازارەکەم کـــاغەز

لـە بۆکـانێ کـە کـانی گەورەکانـە تـۆش لەوێـی بـۆیە
سەرم بەرز و بڵیند بوو هات لەجێی "سـەردار"ەکەم کـاغەز

"حەقیقی" تـۆش حەقـیقەت سـەربڵیند و بەرز و مـاقووڵی!
کە کردتە پەیکی ڕەحـمەت بـۆ دڵەی خەمبـارەکەم کـاغەز

ئەگەر دووره "ئیمـامی" گوفتوگـۆی بۆنـاکرێ جـا چـش
نییـە فەرقـی نزیـک و دوور لەجێـی گوفتـارەکەم کـاغەز

کانیبەن، ١٣٣١ی هەتاوی

وەڵامی حەقیقی

"ئیمـامی"! نـامەکەی نـامی گەیشـت و نامـە سـەرچاوم
لـە دووری تـۆ دەبـاری داییمـا فرمێسـکی خوێنـاوم

بەبێ مـانگی موبـارەک لـێم حەرامـە چـاوەکەم بێ تـۆ
پڵاو و گۆشت و دۆڵمە و مەشـکەفی و فرنـی و هەلیمـاوم

لەبەر ڕۆژوو نییـە، دووری لـە دینـی تۆیـە گەر مـردووم
ئەجەل دەورم دەدات، هیـوای ویسـالی تۆیـە گەر مـاوم

ڕەفیقانـت لـە هیجرانـت بەجـارێکی هەمـوو سـووتان
بـە نـاری عیشـقی پـاکی تـۆ، بـە تەنیـا مـن نەسـووتاوم

کـە فەرمووتـە: فیـداتان بـم، وەرن ڕۆژی هـیلاکەتمە
چ حـاجەت هـاتوچـۆ بەینـی مـن و تـۆ، بۆیـە دامـاوم

لـە قـوللەی قەلبـی یـاران خەیمەیـی نـازت وەهـا هەڵـدا
لـە خـانەخوێ و لـە میـوان، غەیـری تـۆ نایێتـە بەرچـاوم

لـە ڕێگـای عەشـقی تـۆدا ڕەهرەوانـت هیچـی ناوەسـتن
هەموویان "کامیـل"ن وەک تـۆن و هەر مـن سـەر لەپێنـاوم

ئەگەر وابێ ئەوەی دۆسـتی "حەقیقـی" بێ لەبیـر نـاچێ
بـە قەولـی "کـاعەزیز": بێـت و نەیـە، پـێڵاوی سـەرچاوم

نامەی حەقیقی بۆ "ئاوات" (٦)

دەمێکـــە دڵ لـــە دووریـــت ئـــاگرینە
خەمـــی هیجـــرت گرێکـــی زۆر بەتیـــنە

دەمێکـــە دڵ بـــە ئاواتـــت "ئیمـــامی"
خەفەتبـــــار و برینـــــداری ئەویـــــنە

ژیـــان، بـــاوەڕ کە لای مـــن ژانـــە بێتـــۆ
ژیـــــانی وا بەژان کەی نێـــوی ژیـــــنە؟

ئەوا ڕۆژی تەمەنمـــــان گەییـــــە ئاســـــۆ
دەمـــــی پـــــاڕانەوە و تۆبـــــە و گـــــرینە

نامەی سەیید بۆ غالیب* و ئاوات(١)

"غالیب" و "ئـاوات" دوو شـەم بـوون و دڵـم پەروانەیەک
هەردەمــە دوو جــار دەســووتام مــن بەبــێ پەروانەیەک

جــــارێ ئەو دەیبـــــرد دڵـــم ئەو جــــارێ دەیهێنـــایەوە
دوو تەنــاف بــوو بــۆ دڵـی تەنیـام کـە کردبوویانــە یەک

دەســـت و پێــی دڵ بەســـتراوە، تــابی زنجیــری نیـــیە
تاقــە هەودایەک بەســـە بــۆ دەســت و پێــی دێــوانەیەک

بۆیــە دوو ســاقی بــە دوو جـام دێنـە سـەر ئاسـۆی دڵـم
دیــارە بـــۆ مەســتێک کەمــە یەک ســاقی و مەیخــانەیەک

ڕەمزی عەشـقە وا بـە دوو سـەیاد بە دووی سـەیدێکەوەن
گەر نـــە تەیــری دڵ ئەســـیر نـــابێ بـــە داو و دانەیەک

من لەگەڵ خـۆم و خـودای خـۆم عەهـد و پەیمـانم هەیە
بچمـــە ســـەر کەوســـەر بەبـــێوان نـــامەوێ پەیمـــانەیەک

"غالیـــب" و "ئـــاوات" دوو جانـــانەی مـــنن، دڵ پێمدەڵـــێ:
تـۆش دوو جـار بمـرە "سـەید"! هەرجـارە بـۆ جانـانەیەک

---

* حاجی سەید محەممەدی نوورانی، شێخی زەنبیل

نامەی سەیید بۆ ئاوات (۲)

وەرنە سەر سەرچاوەکەی چاوم کە سەیرانی هەیە
ڕوون و لێڵە جاربەجارە حاڵی سیروانی هەیە

گەرچی باریکە مژۆڵ بۆ بەردەبازی ڕێگەتان
کۆلکەداری ئاوەسووی من تاقەت و توانی هەیە

ماڵەکەم کۆن و بچووکە لایەقی ئێوەش نەبێ
ماڵی دڵ ئاوا هەراوە، جێی هەمووتانی هەیە

گەرچی وێرانە وەکوو "جەمیان" دڵم ئاو و هەوای
زۆر لەتیفە وەک قەریحەم تەبعی جەمیانی هەیە

گەر تراکتۆرێک هەبێ مەزرای دڵی من شێو بکا
لەم چیا سەرسەوزەدا مەودا وو مەیدانی هەیە

شین دەبێ تۆوی مراد ئاخر لە مەزرای ئارەزوو
ئاسمان ئەمڕۆکە مەیلی تاوەبارانی هەیە

"سەیید" ئەمڕۆ ئیمتیحانی شانس و بەختی خۆی دەکا
تا بزانێ کاکە "کامیل" لوتفی جارانی هەیە؟

وەڵامی ئاوات بۆ سەیید

هــۆنەرێکی پیـری وەک مـن، کـوا وتەی جـوانی هەیە؟
کـــوا گـــوڕ و تـــین و توانـــای جاری‌جـــارانی هەیە؟

گوێم خەریکە گـوێ نەداتـە بەنـد و بـاو، چـاویش ئەوا
کەم‌کەمـــە بێ‌نـــوور دەبێـــت و حـــاڵی بـــوحرانی هەیە

هەرکـــە بیســـتم مـــاڵەکەت هـــاتۆتەوە جەمیـــان، کـــوتم:
ســـەد شـــوکر وا هەوری ڕەحـمەت مەیلـی بـارانی هەیە

هـــاتیەوە بـــۆ خانەقـــای پیـــرۆزی بـــابی گەورەمـــان
ئـــاوەدان بـــێ زۆر هەراوە جێـــی هەمووەمـــانی هەیـــە

گەرچی هەروەک مۆتەکە سەر سینگی گـرتم پیـاوەکەت
ڕۆژوەوان بۆخـــۆت دەزانـــی ڕۆژ و شـــەو ژانـــی هەیە

خۆ بەڵام چونکـە لەلایەن تـۆوە بـوو، پێـی سـەر سـەرە
ڕۆژوەوانـــیش کـــاتی ئێوارانـــە دەرمـــانی هەیـــە

تێروپـــڕ دەخـــوا، هەتـــا تێرتێـــر نەبـــێ ناکشـــێتەوە
جرت‌وفرتـــی لـــێ پەیـــا بـــێ، جـــا وچـــان‌دانی هەیە

بـــۆ تراکتـــۆر نـــاردبووت "ســـەیید"! ئەوا پێشـکەش کـرا
پیـاوەکەت دەیگـوت کـە ڕۆژێـک کـاری کێڵانـی هەیە

گیانــە "ئــاوات" برســییە و بێ‌هێــز، دەنــا بــۆ خزمەتــت
حـــازرە بـــێ، چـــاو دەگێـــڕێ داخـــۆ کـــێ نـــانی هەیە

وەڵامی سەیید بۆ ئاوات (٣)

ئەی مەنبەعــی فەیــز و جــوود! ئەی شــاعیری پڕمــایە!
تـــۆ مەرکەزی ئیحســـانی، تـــۆ کـــانی کەمـــاڵاتی

مــن بەنــدەیی تــۆم قوربــان! تــۆ ســەروەر و ســەرداری
شایســـتەیی تەعزیمـــی، جێـــی فەخـــر و موباهـــاتی

ئەســـتێرەیی شـــەوتابی، هـــاتم بـــە هومێـــدی ڕووت
تا شــەو کــە مــوعەتتەل بــووم، مــن ڕۆیــیم و تــۆ هــاتی

وەڵامی ئاوات بۆ سەیید

"قــادر" بەخــودا ئەلــحەق ئوســتادی بەیانــاتی!
تــۆ مەزهەری هەڵبەســت و ئەشــعار و مەقــالاتی

ئەمڕۆ نییــە هەر بێشــک هەمڕەنــگ و هەمئــاوەردت
قائــانی بڵێــی ئەمــڕۆ بێمــۆدە غەزەلیــاتی

"فێردەوســی" و "قائــانی" نــاگەن بــە غوبــاری مە
مــن پەســتی خەیــاڵاتم تــۆ مەســتی کەمــاڵاتی

با باسی نەکەین باشــە چــون مــن بــە مەســەل زیــاتر
دەرکەوتــووە لــێم پیــری، ئوفتــادەگیی و لاتــی

فەرمایشــی تــۆ "قــادر"! زۆر جوانــە وەکــوو قەنــدە
حاشــا کــە نــە مــن لــۆتیم، حاشــا کــە نــە تــۆ لاتــی

نامەی ئاوات بۆ سەیید (٤)

مــن هــاتم و تــۆ ڕۆیــی، تــۆ ڕۆیــی و مــن هــاتم
زانیوتــە بــە قەولــی وان تــۆ لــۆتیی و مــن لاتــم

گــاهێ کــز و گەه مــاتین، گەه لـۆتیی و گەه لاتـین
ڕووکەینــە دەر و دەشــتان، تــۆ هــار و ئەمــن مــاتم

تۆ ڕاوچیی و مـن هەوچـی، بـا پـێکەوە حـازر بـین
گوێ مەگرە قسەی خەڵکی، وەک من بە؛ کە ڕاهـاتم

ســـەرلەوحەیی گۆڤـــارە باســـی منـــی بێچـــارە
یـــا شـــوهرەیی ئافـــاقم، یـــا تـــوعمەیی ئافـــاتم

کەوتوومە سەری ئەوسـەر، هەرکەس چ دەڵـێ بیڵـێ
دەرحەق بــە قســەی خەڵکــی بێقەیــد و موبــالاتم

بــا هەر بــە خەیــاڵ یــارۆ، ئێمــە بــە فەقیــر دانــێ
تــۆ خوســـرەوی خووبـــانی، شاهەنشـــەهی شـــاماتم

شایی دەوێ ئەو، سـەیرە؛ دەس بگـرە، مەڵـێ لەنگـم
هەڵپەڕکەیەکـی بگـرین، تـۆ دەس گـرە، مـن پـاتم

گەر چا بێ کەلامی مـن، سـینەش کـە سـەماوەر بـێ
شـــیرینە وەکـــوو قەنـــدە، هەڵبەســـت و مەقـــالاتم

قوربـــانی وەفـــاتم مـــن، "قـــادر" قەدەمـــت بێـــنە
سـەر چـاوی حەزینـی مـن، حـازر لـە گوزەرگـاتم

قاقڵاوا، ١٣٣٩ی هەتاوی

نامەی سەیید بۆ ئاوات (٥)

ژیـانی مـن بـە دەرد و داخ و ژانـە، هەر بـە نێـو ژیـنە
کەسـێ نەیچێشـتبێ ئەم تاڵییـە لای وایـە شـیرینە

لەمێژە دەنگـی تـۆ نایێتـە گـوێ، "کامیـل"! چ قەومـاوە؟
ئەتۆ لاڵ بووی؟ زمانم لاڵ بێ یا گوێی ئێمـە سـەنگینە؟

بـراکەم! شـێعری تـۆ نـاڵەی دڵـە، هەر دڵ دەلاوێنـێ
بەڵـێ بـۆ دەردەداران لایەلایـە دەنگـی نـاڵینە

زەمانێ بولبولی دەنگ‌خۆشی ئەم گـوڵزارە بـووی، ئێسـتا
نـە دەنگـی نـاڵە وو نایـە، نـە ڕەنگـی جوانی نەسـرینە

هەچـی دەنگێکـی دەیبیسـتم دڵـم دێنێتـە ژان ئەمـڕۆ
سـکاڵای مـل بەکوێنـە هەر سـەدای ڕۆڕۆیـە، یـا شـینە

بـە سـەرما هێنـدە گریـاوە مژۆڵـی پێ‌نەمـا چـاوم
لە باخچە و باخی بێ‌خاوەن دەچێ بـێ‌هەژگ و پەرژینە

لەسـەر چـۆم و شـەتان فێنکـایی ئـاوێکم نەدی کـاکە!
هەمووی خوێناوی جەرگـی لەت‌لەتـە، لـێلاوی ئەسـرینە

لەبـاتی قاسپەقاسـپی کەو، پەپـوو دەخـوێنێ لەم هەردە
لەبـاتی لالـە و سـونبوول لـە باخـان هەر دڕوو شـینە

ئەمن بۆخۆم کە خەمبـارم دەڵـێم هەرووەک منـە "سـەیید"
لـە چـاوی لالەوە هەرکەس دڵـی داخێکـی خـوێنینە

نامەی سەیید بۆ ئاوات (٦)

دەمێکــە زەمــزەمەی شــێعرێکی تــۆم کاکــە! لــە گــوێ نــایە
لــە کوێســتان و چیــا سەرســەوزەکان قاســپەی کەوێ نــایە

گوڵی باخی ئەدەب گەر تۆ نەبی، من بچمە کـام گوڵشـەن؟
کە هیچ باخ و گوڵێـک ئەو بۆنــە خۆشــەی خــۆتی لێنـایە

هەمــوو ســەرچاوەیەک کــوێر بێــتەوە خــۆ ئــاوی نــامێنێ
کەچــی ســەرچاوەکەی چــاوم دەبــوو وشــکایی بــێ، نــایە

لــە نــاخی ســینەوە هاســان هەناســەم نــایەت و نــاچێ
کزەی بای وەعـدەکەی خۆمـە، دەمـێ دێ، ســەردەمێ نــایە

لــە هەرلا دڵ بەجــێ دێڵـم بحەجمــێ و بگــرێ ئــارامێ
لــە هــیچ لاینکــی‌دی، لای تــۆ نەبــێ، خــۆ دڵ بەجێنــایە

نەخۆشی دەست و پێی بەستووم و دەنگیشم بــە کەس ناگـا
خــڕەی زەنجیــر و دەســبەندی کەســی بێ‌دەســتوپێ نــایە

دڵــی ناردۆتــە لات "ســەیید" کــە نەیتوانیــوە بۆخــۆی بــێ
درەنگــی پێ‌دەچــێ ئــاخر بــە ســەر دێ، خــۆ بە پــێ نــایە

نامەی ئاوات بۆ سەیید (٧)

قادرا! ئەمن ـ دەزانــی ـ عەسـام گــرت بـە دەسـتەوە
کەوتـــووم لەپـــێ بفەرمـــوو دە "کامیـــل" هەڵســـتەوە

هەســـتانی مـــن بـــرا! بـــە عەســـای زولفـــی یـــارمە
گەر بـێ بـە لارولەنجـە، بـە دوو چـاوی مەسـتەوە

بـــاری دەکەم ئەگەرچـــی گرانـــە بـــە دەرد و خەم
بەو حـــاڵەوە بـــە مـــوویێکی زولفـــی دەبەســـتەوە

خـــۆ گەر پســـا دڵـــم، دەکەوێ، دەشـــکێ، ناســـکە
ئەوچەل چ چـــارەکەم بـــە دڵێکـــی شکەســـتەوە

"ئـــاوات"ە قەت نەهاتـــە جـــێ ئـــاواتی "ســـەییدا" !
هیـــوام نەمـــاوە کاکـــە! بـــە ڕۆحێکـــی خەســـتەوە

نامەی سەیید بۆ ئاوات (٨)

چوومـــە "قـــاقلاوا" مـــالّی "ئیمـــامی"
دەردەدارێـــک چـــوو بـــۆ دەوای زامـــی

مامۆســـتای گەورە و بەڕێـــز و زانـــا
وێـــنەی کەم مـــاوە لـــە موکریانـــا

ئەســـتێرە گەشـــەی بەریبەیـــانە
بەجێمـــاو لـــە ڕێـــی شـــەوی ژیـــانە

هەرچەن جێگـــاکەی چـــۆڵ و کەنـــارە
مانـــگ لـــە هەرلایەک هەڵبـــێ دیـــارە

مـــاوە لەو دێیـــە ئەو زانـــای نـــامی
"قـــاقلاوا" جامـــە و "ئیمـــامی"ش جـــامی

کـــابەی ئامالـــــە ئەو بارەگـــــایە
جێـــی ڕاز و نیـــاز لەگەڵ خـــودایە

دەنگـــی تەهلـــیلەی ســـۆفی شـــەوانە
عەرشـــی خودایـــان دێنـــا جـــۆلانە

لـــە خانەقـــادا گەلـــی دەروێشـــان
ســـەریان شـــۆریدە، دڵیـــان پەرێشـــان

لـــه وەختـــی زیکـــرا دەرویشـــی دڵڕێـــش
پرچـــی وەک دڵـــی پەرێشـــان دەروێـــش

هەرکەس ســـەری خـــۆی هەڵگـــرت و ڕۆیـــی
دەروێـــــش و ســـــۆفی زەوار و خـــــۆیی

ئەوەی بەوەفـــا و خـــاوەن کەڕەم بـــوون
هەر کۆترەکـــانی دەوری حەڕەم بـــوون

ئەوانـــیش فـــڕین ڕوو بـــە هەوا بـــوون
ئەوانـــیش وەک مـــن ســـەربەهەوا بـــوون

لـــه دۆســـتەکانی خـــودا کەس نەمـــا
خـــودا خـــۆی مـــاوه بەتـــاقی تەنیـــا

چ جێـــیەک بچـــم دڵ لێـــی بە جـــێ بـــێ
مـــن بچمـــه کـــوێ دی بـــۆنی وی لـــێ بـــێ

وەڵامی شێعری ئاغا سەید قادری سەیادەت

بـــۆ وەڵام هـــۆنەر دەڵـــێ: مـــن قـــامەتی یـــارم دەوێ
یاری زانا و شۆخ و شەنگ، خۆش کار و ڕەفتـارم دەوێ

نـــامەوێ وەک بـــووکی شـــاران خـــۆ بـــڕازێنێتەوە
بـــێ بەر و بەرمـــوور و بـــازن، یـــاری ســـاکارم دەوێ

هەروەکوو لاولاو نەپشـکووتوو، وەکـوو بـووکی بەخـت
دڵـــــبەری باڵابلـنــــد، شــــیرین و عەیــــارم دەوێ

زولفەکەی گەستوومی وەک دووپشکی ڕەش، بەو حاڵەوە
بەژن و بـاڵا و لار و لەنـجە و زولفـی ڕەشـمارم دەوێ

گەر نەخۆش بم بێتە لام پێم خۆشـە، بـا هەر کەوتـبم
ڕۆژ و شـــەو داوا دەکەم مـــن: گیـــانی بیمـــارم دەوێ

گیان بە عەشقی یار نەسووتێ، سەر لە ڕێی وی‌دا نەچـێ
هەر دوو دەفرۆشـــم بە پووڵێـــک و خەریـــدارم دەوێ

کـاکی "ئـاوات"! هەڵگـرە دەسـتت لە شـێعر و بەنـدوباو
تۆ کە پیـر بـووی هەر بڵـێ: مـن ڕەحمـی دادارم دەوێ

قاقڵاوا، ١٣٦٠ی هەتاوی

وەڵامی سوارە ئێلخانیزادە بۆ ئاوات*

نامەکەی نامی کە حاکی لوتفی سەرشار بوو گەیی
شێعری ڕێکت مەرهەمی قەلبی بریندار بوو گەیی

داری پڕ بەرگ و لقی دڵ زەرد و زار و وشک و ڕووت
شێعری ئاوداری جەنابت ئاوی جۆبار بوو گەیی

بۆ منی بەدبەخت و بێچارە و زەلیل و پڕ لە غەم
نامەکەت دەسکێک گوڵی بۆنخۆش و بێخار بوو گەیی

واسیتەی قاسید لە وەختی فکر و ئەندێشە و خەیاڵ
کاغەزت بۆ من چەکیدەی فکری ئەحرار بوو گەیی

لوتفی بێحەدد و حیسابت قووەتی ئیخلاسمە
شێعرەکانت باعیسی فرمێسکی خوێنبار بوو گەیی

من وەکوو حەزرەت لە شێعرا "کامیل" و بێعەیب نیم
شێعری بێعەیبت کە مایەی عوجبی حوززار بوو گەیی

---

* ئیمامی لە کاتی نەخۆشیی کاک سوارەدا نامەیەکی لێپرسینی بە شێعر بۆ دەنووسێ کە بەداخەوە دەقەکەی نەماوە و وەدەستیش نەکەوتووە.

وەڵامی ئاوات بۆ مستەفا ئێلخانیزادە

چلـــۆن ســـارێژ دەبـــێ زامـــی ئەوینـــدار
عیلاجـــی نـــایە خـــاوەن یـــار و دڵـــدار

کەســـێکی مفـــتەلای دەردی ئەویـــن بـــێ
دەبـــێ بەو دەردەوە بـــڕواتە کۆســـار

بەجـــاری شـــێتوێت بـــێ ئەو کەســـی بـــوو
گرفتـــاری بەر و خـــاڵ و خەتـــی یـــار

عەشـــق خـــۆی دەســـتەچیلەی ئـــاوری مەرگە
چـــووە هەر مـــاڵێ، هەر هـــاوارە، هـــاوار

کەســـــێکی کەوتە داوی گوڵعـــــوزاران
دەبـــێ وێڵـــی بـــکەن خەڵکـــی بە ناچـــار

لە مەکتەبخـــــانەیی شـــــێعر و ئەدەبدا
ئەتـــۆ نووســـرای بە زانـــاینکی وشـــیار

بە شـــاگردیت قەبـــووڵ ناکـــا "ئیمـــامی"
ئەتـــۆ خـــۆت هـــۆنەری، کـــاکی هـــونەردار

نامەی ئاوات بۆ نووری*

نـووری! ئەی مـایەیی ژیـن و گـوڕ و تینـی ئـاوات!
ئەی وتەی شیرن و جوانت هەموو وەک نوقڵ و نەبات

مـن بە ئـاواتی دڵـی خـۆم نەگەیشـتم، پیـر بـووم
چـاکە بێمیننەتـی پـێ هـاتمە ڕێـی هـات و نەهـات

زۆر لەمێـــژە وتوویـــژت کە لەگەڵ مـــن نەبـــووە
گێژوویـژم، کـڕ و کـاس، غەم لە دڵـم بـۆتە قەڵات

مەلـــی دڵ ئێســـتە لەلای تـــۆ نیـــیە، لێـــت تـــۆراوە
بە دوو ســێ شــێعری بلاوێــنەوە، بــا بێــتەوە لات

دەڵـــێ مـــاوێکە هەواڵێکـــی نەپرســـیوە لە مـــن
چـــاکە ئـــاوارە بـــبم، بچـــمە کەژ و کێـــوی وڵات

* محەمەدی نووری، شاعیری هەستناسکی "بستووی زیان".

وەڵامی نووری بۆ ئاوات (۱)

ئەی بە سەربەرزی ژیاوی لە هەموو کاتی حەیات!
ئەی نەوەستاوی لە هەنگاوی بەرەو بەرزی وڵات!

ئەی لە گولزاری ئەدەبدا گوڵی تێراوی بەیان!
ئەی لە ئاسمانی هونەردا دەشەکێ نێو و نەوات!

هیممەتی پیرە دەپێوێ هەموو مەودایی زەمان
پێ چیە بێت و نەبێ، ڕێگە چیە هاتونەهات؟

بەخودا مەستی هەواتە ئەوی هەستێکی هەیە
سەرە پێبازە لە بەر پێت و دڵە پڕ لە هەوات

ویشکەڕۆ ماوە دەروون و کپە مەڵبەندی وتار
قۆرغی قاڵاوە هەرێم چینە لە چی کا عەنقات

ئەو دڵەی کانگەیی هیوا بوو بە ئاوات دەژیا
لەتکە خوێنێکە لە خۆیدا دەتەپێ کات و سەعات

شەمی بێ«نووری» کوژاوەی شەوی تاریک و تەمم
وەرە ڕوونمکەوە ئەمجارە بە ئەنفاس و دوعات

بۆکان، بەفرانباری ۱۳۶۲ی هەتاوی

نامەی ئاوات بۆ نووری (۲)

تەیری دڵ بێ‌پەڕوپۆ، تەپکە شکاوێکی بەسە
چاوەڕێی تۆیە کە بێی، گەرمەسڵاوێکی بەسە

مەڵێ زستانە، جلی پیر و فەقیر پارە بووە
ڕۆژی ڕووت دەرخە، هەتیو تۆزە هەتاوێکی بەسە

پاییزە، فەرموو تەماشا بکە لانەوخوارم
پیرەکەرویشکێ لە گوڕ کەوتبێ، ڕاوێکی بەسە

ئەو هەموو زولفە بە زەنجیری مەکە بۆ ملی من
تەیرێ وا بێ‌پەڕوباڵ کەوتبێ، داوێکی بەسە

سەیید و پیر و فەقیرم، وەرە لێم قەومـاوە
بۆ منە ئەو مەسەلە: «باوەڵێ باوێکی بەسە»

وا بە سەرڕووتیی و پێخاوسی هاتۆتەوە لات
"کامیل"ت جووتە کڵاشێک و کڵاوێکی بەسە

هێندە هەر هاتم و چووم، خۆزگە بە دۆم دەخوازم
پیرەدۆمێکی هەژار جاوە دڕاوێکی بەسە

بۆکان ۱۳۶۳ی هەتاوی

وەڵامی نووری بۆ ئاوات

هەستی نێژراوی دەرێناوە لە ناو گۆڕی سکووت
مەسەلەی کۆنی دەڵێن «باوەڵێ باوێکی بەسە»

باوەڵێ، دیارە کە شەمزاوی بە باوی گەردوون!
خۆ دەنا زوقمە حەریف خۆی بزەتاوێکی بەسە

باوەڵێ، بادەوە سەر باو و گوڕی کاتی کوڕی!
شیر هەتا کۆن بێ دەڵێن هەر لەپەساوێکی بەسە

گێژی گێژاوی بەڵا بێ ئەوی دەشکێنێ دڵت
لای خودا دەستی دوعا قەلبی شکاوێکی بەسە

بە چەکی شیری برۆ و تیری بژانگ هەڵمەکە دڵ
شیر و تیر بۆچی دەسووی سیلەیی چاوێکی بەسە

نەتەوی بۆچی بزانێ بە هەموو هەستی دەروون
دڵ بە دڵ ڕێی بێ هەرای بۆچیە قاوێکی بەسە

بۆکان، ١٣٦٣ی هەتاوی

نامەی ئاوات بۆ نووری (۳)

بـــۆ نەهـــاتی گیـــانەکەم، دەعـــوەت کـــرای
خـــۆ لەگەڵ "ئـــاوات" لەمێـــژە تـــۆ بـــرای

هێنـــدە شـــیرینن بـــرام! خـــۆت و وتەت
هەروەکـوو قەنـد، هەربینـا ڕۆژێـک خـورای

زوو بە تەنیـــا شـــاعیرێک بـــووی و بەڵام
ئێســـــتە مامۆســـــتایەکی داستانســـــورای

بەو هەمـــوو تەبـــع و قەریـــحە جـــوانەوە
کـــاکە! بۆچـــت کـــردووە، بێدەنـــگ کـــرای؟

خـــۆ لە نـــاو کـــۆڕی ئەدیبـــانی زەمـــان
زۆر بە زانـــــا وو بلـــــیمەت ناســـــرای

"نـــووری"! تـــۆ وەک نـــووری ڕۆژی ڕۆشـــنی
سەد چەلیش خـۆ ون بـکەی، هەر ئاشـکرای

بـــۆ شـــەوی شـــیعریش ئەگەر ناردیـــان، بچـــۆ
چـــونکە بـــۆ ئەو مەجلیســـە تـــۆ شـــەوچرای

قاقڵاوا، ۱۳۶۲ی هەتاوی

وەڵامی نووری بۆ ئاوات

سـەروەرم وا هەڵـکەوت ئەوڕۆژە وا دەعـوەت کـرام!
لەش‌بەبـاری بـاری خسـتم بـۆ نەخۆشـخانەی بـرام

کـۆڕی گەرمـی هـونەرانی ڕێ‌نەدام جەوری زەمـان
بەختی نوستوو کاری خۆی کرد وا لە «ئاوات» هەڵبـڕام

داری ویشـکی بێ‌بەروبـارم لـە کێوپـارەی ژیـان
بـۆ مەلـی ڕێبـواری شـەو بێ‌جـێ وەبەر بیـوران درام

هەوری غەم تاریک دەکا ڕۆژێ کە «نـووری» دەرکەوێ
کەی لـە نێـو تەیمـان و تـانەی ڕێگـران‌دا ئاشـکرام؟

تـۆی لـە مەیـدانی ئەدەب‌دا شاسـواری بێ‌نەزیـر
بۆ شنەی شەوگاری شێعریش تـۆ چـرای، مـن پـاچرام

دەست و پێیان لێک‌دەدەم بۆوەی کە "ئاوات" سەرکەوێ
ڕۆژی ڕەش مەودای نەدامـێ هەر بـە زینـدوویی مـرام

دەرکـی داوام داخـراوە گـوێچکەیی گەردوون کەڕە
خـۆ دەنـا ئاسـانە ببیـە ئاسـمان دەنـگ و هەرام

بۆکان، ساڵی ۱۳۶۲ی هەتاوی

نامەی ئاوات بۆ خاڵەمینی بەرزەنجی (١)

هەروەکـــوو ماســـی لە نیـــو گـــۆلاوی لـــێلاوم ئەمـــن
هەڵدەســـوورێم بـــێ‌دەس و پـــێ، تـــازە شـــێواوم ئەمـــن

تـــۆ بـــبە غەوواس، دەرمبێـــنە لە ئـــاو تۆخـــوا، کەســـم!
خـــاڵە گیـــان فریـــاکەوە، تـــاکوو نەخنکـــاوم ئەمـــن!

هەم‌قەتـــار بـــووم خـــۆ لەگەڵ یـــاران لە مزڵێکـــی ژیـــان
کـــاروان ڕۆیشـــت و نەمزانـــی، بەجێ‌مـــاوم ئەمـــن

من کە پیر بووم و لە قیس چـووم، خـۆ بەڵام بەو حـاڵەوە
جـاری واشـــە دێـــمە ڕیـــزی جـــوان دەڵـــێم لاوم ئەمـــن

خـاڵە گیـان! چاوێـک لە ئەنـدامی لەبەریەک چـووم بـکە
هەروەکـــوو لانکەشـــکاوێکم کە چـــــڕژاوم ئەمـــــن

دار و پەردووی لەش دەس و پێیە، ئەویشم چوو لە دەست
لانـــکە نـــا، ئەم‌جـــارە هەروەک مـــاڵە ڕووخـــاوم ئەمـــن

نـــایەتە جـــێ تـــازە خـــاڵە ئـــارەزووی "ئـــاوات"ی پیـــر!
هەر دەبـــێ بانـــگ کـــا، بڵـــێ خـــۆ تـــازە فەوتـــاوم ئەمـــن

قاقڵاوا، ١٣۶۵ی هەتاوی

نامەی خاڵەمین بۆ ئاوات

هەســـتە نـــاقیس! بنووســـە بـــۆ "کامیـــل"
شـــێعری تـــازە و تەڕ و بەتـــام و خـــوێ

دوای ســـڵاو و دەســـی لە ســـەر ســـینگت
بڵـــێ بـــۆ زیـــارەتێکی بـــیمە کـــوێ؟

دڵـــی مـــن ڕۆژ و شـــەو لە بیـــری ئەوا
دڵ و گیـــانم بە یـــادی تـــۆ دەدوێ

هەر مـــنم دڵ دەداوی تـــۆ کەوتـــوو
هەر ئەتـــۆی ڕاگـــری منـــی بە مـــوێ

دڵـــی وێـــران و شـــێعرەکانی تـــۆش
هەروەکـــوو جەرگـــی خـــۆمە، توێبەتـــوێ

باشـــە چیـــدی ســـەرت نەیێشـــێنم
هەر بـــژی بەو زووە لەشـــت نەپـــوێ

"خـــاڵە" بـــۆ دۆســـتیت هەتـــا مـــاوە
وەکـــوو کێـــوە، لە جێیخـــۆ نـــابزوێ

نەغەدە، ۱۳۶۰ی هەتاوی

وەڵامی ئاوات بۆ خاڵەمین

هەســــتە کامیــــل! کە خـــاڵەمین دەدوێ
جـــوان دواوە، لە ڕۆحـــی ئەمنـــی کەوێ

بیـــر و هۆشـــت وەکـــۆکە بشـــزانە
خـــاڵە داخـــۆ ســـەری لە چـــی دەســـوێ

خاڵەگیـــان! پـــێش ئەوەی کە نـــامەت بـــێ
پـــاکی جەرگ و دڵـــم ببـــوو توێ‌تـــوێ

هـــۆنراوەت بە ڕێـــک‌وپێکی گەیشـــت
مردبـــووم مـــن، ژیـــامەوە لە نـــوێ

یـــا خـــودا هەر بـــژی بە بیـــروڕا
پێـــت لە ڕێـــگەی خەبـــاتی گەل نەسـوێ

هەر بـــژی تـــا دەگەی بە ئاواتـــت
بەرهەڵســـتت نەبـــێ هەتـــا ســـەر ســـوێ

خەم نەبـــێ خـــاڵی مـــن بە خەم هەرگیـــز!
بەژنە بەرز و بەرێـــــزەکەت نەنـــــوێ

تـــۆ دەفەرمـــووی کەســـێ بچـــێ بـــۆ نـــوێژ
جێ‌بەجـــێ خـــۆ بە گـــوللەیەک دەنگـــوێ

خۆ ئەوی ناچتە دەر لە ماڵی خۆی
بە خەم و دەردی وانەوە دەپوێ

مردنە، کوشتنە بەشی کوردان
تەرمەکەش تووڕ دەدا و بۆی دەلوێ

کەژ و کێوی مە بۆتە قەبرستان
گوڵی هیوا بە خوێنی گەل دەڕوێ

قاقڵاوا، ١٣٦٠ی هەتاوی

نامەی ئاوات بۆ خاڵەمین (۲)

هاوین بوو، گەرم بوو، ساڵی شەســت و ســێ بــوو
نــامەی گــوڵی دڵ گەیشــت، دەزانــی کــێ بــوو؟

خــاڵێکی عەزیــز بــوو، نــاردی هــۆنراوەی جــوان
جــوان بــوومەوە بەو نــامە، ژیــانی پــێ بــوو

یــا خــوا قەڵەم و دەســت و دڵــی بــاقی بــێ
خــاڵ بــوو لە دڵــم خەیــاڵی نیشــتەجێ بــوو

پــــێش هـــاتنی شــــێعرەکانی ڕێکوپێکــــت
جەرگ و دڵی "کامیل"ت هەمــوو تــوێ‌تــوێ بــوو

ئەو نــامە کە قــووتی ڕۆحــی مــن بــوو خــاڵە!
زۆر خۆش بوو لە لام، چونکی بە تام‌وخــوێ بــوو

فەرمــــووتە لە کـــویی کە بـــێمە لات تـــاوێکی
بـــۆ هـــاتنی تـــو دڵـــم ســـەری لە ســـوێ بـــوو

هەرچەنـــــدە کە خوێنمــــــان حەڵاڵە لای وان
هەرلایە دەچـــووی تەرمـــی جـــوانی لـــێ بـــوو

بـــــڕوانە بەڵام شـــــوکور بە ئـــــازادی دەبەن
نێـــوی گەلـــی کـــورد لە شـــاری یـــا لادێ بـــوو

هەروا نەبەزیـــــوە قارەمـــــانی گەلـــــی کـــــورد
بەو باســـە ژیـــا کـــوردێ ئەگەر گـــوێی لـــێ بـــوو

تـــۆی خـــاڵە! کە بـــوویە هـــۆی وتـــاری "کامیـــل"
تەبـــع و غەزەل و فکـــری دەنـــا لە کـــوێ بـــوو؟

قاقڵاوا، هاوینی ١٣٦٣ی هەتاوی

نامەی سەلاحەددین ئاشتی بۆ ئاوات*

سـەیدی پیـرۆزی ئـازیز! یـادی تـۆ دەمـدا دنە
دڵ وەکوو پولوویە قوربان! تۆش کە لێم بوویە شنە

ڕێی ئەوین ئاورینگە، دێت و زیڕوەشانی لێ دەکا
خۆشەویستی ئارەزوویە بێ‌سنوور و گوڵچنە

من شەوم دایم بە دەوری خورشیدی خاوەردا دەڕۆم
ئەی هەتاو! ڕاوەستە تاوێ، شەو خەریکی سووتنە

هەر بە دووتا دێم هەزاران جار بەجێم‌ێڵی و بڕۆی
شەم پەپوولەی چون نەوێ، ئەو وا مەبەستی دیتنە

پال وەلاشیپانی دەرگاکەت دەدەم ئەوسا دەڵێم
پێک‌گەیشتنمان بە مەرگیشم تەواو بێ شیرنە

ئەو وتەی لێوتی بە نێوی نیشتمانی کردەوە
زەردەیی ڕوونـاکییە، مـوژدەی لە کەل سەرکەوتنە

قەف‌قەفی کێو و چیا کوا بەرگری بیرم دەکا
ئاخری هەر پێ‌دەگەم ڕۆژێکی، ئاسۆ ئی منە

---

* نامەی "سەلاحەددین ئاشتی"، خۆشەویستی ئاوات لە کاتی سەربازی‌دا کە لە شاری بووشیهرەوە ئەو شیعرانەی لەگەڵ نامەیەکی چەند لاپەڕەیی بۆ "ئیمامی" نووسیوە.
١٣٦٥/١٠/١٠ شمسی

وەڵامی ئاوات بۆ ئاشتی

هـــۆنەری زانـــا و بەڕێـــزم! یـــادی تـــو یـــاری منـــە
گەرچـــی وێـــنە جـــوانەکەت ئێســـتا. لە بەرچـــاوم ونە

وا پەرێشـــان و هەراســـانم، بە مەرگـــی تـــۆ ســـەلاح!
بـــا بزانـــی مەرگـــی مـــن گیـــانە لە تـــو دوورکەوتـــنە

تـــۆ کە نووســـیوتە ئەوا لێـــرە بەهـــارە و خۆشـــییە
بـــای شـــەماڵ دەشـــنێ لە مەڵبەنـــدی هەڵاڵە و سوێســـنە

هەروەکوو فەرمووتە دیـــارە شـــین بـــووە ســـەحرا لەوێ
ڕۆژی ســـەیرانە و پیاســـە، کـــاتی گـــوڵ پشـــکووتنە

شاد و خۆشحاڵم کە مـــوژدەی خـــاکەلیوەت دا بە مـــن
بەو هەواڵە بولبـــــولی تەبعـــــم ئەوا کەوتە قـــــنە

بـــۆچی ناشـــوکری نەبـــی، لێـــرە هەوا ســـارد و ســـڕە
بای شەماڵ ساردە، کوژەی منـــداڵ و ســـەد پیـــاو و ژنە

زوو، کە من ئاورم بەتـــین بـــوو، عـــالەمی ســـووتاندبوو
ئێســـتە ئـــاگردانەکەم هێنـــد ســـاردە جیـــی لـــێ نووســـتنە

تا تەنوورم گەرموگـــوڕ بـــوو، نـــانی گەرمـــم هەر نەدی
ئەو نەوا دامـــــردووە، خۆشـــــم ئەوا بـــــوومە پـــــنە

کـــاکی "ئـــاوات"ە لە ســـەرمان هەڵـــدەلەرزێت و دەڵـــێ:
بۆچی خۆری گەرمی گەڵ هەروا لە سووچ و قوژبنە؟

قاقڵاوا، ١٣٦٥/١٠/٢٠ی هەتاوی

نامەی هێدی* به آوات

بــه کویــت آیــم و گریــانم و روی تــو می‌جــویم
تــو را گــم کــرده‌ام، دیــوانه‌ام، خــاک تــو می‌بــویم

جــــوانمردا! بیـــا، قربـــان بـــازوی توانایـــت!
در ایــن مــاتم مــرا دریــاب و خــود برگیــر بــازویم

بمیرم گر ز هجرانــت، ازیــن شــادی بــه رقــص آیــم
که بعد از مرگ، چــون لالــه بــه بــالین تــو مــی‌رویم

قلــم زان رنــج بی‌حاصــل فغــان ســر داده، می‌نالــد
چــو مــن اوراق گویــایش بــه آب دیــده می‌شــویم

ملامــــت‌گوی پنــــدم می‌دهــــد، لــــیکن نمی‌دانــــد
که من خود بی‌خبر از خویشــم و از آنچــه می‌گــویم

نــه چــون پــروانه‌ام بوســه ز روی شــمع بــردارم
غریقــــی هســــتم و بهــــر نجــــاتم در تکــــاپویم

بســوزم در تبــت، امــا جــز ایــن جرمــی نمــی‌دانم
چــرا پیــدا نه‌ای، آخــر تــرا خــواهم، تــرا جــویم

بیــا جــان "حســامی" بــاد قربانــت! کجــا رفتــی؟
که با دست تو خواهم پــاک کــردن، اشــک از رویــم

مهاباد، ۱۳۴۰ شمسی

---

* خالید حیسامی (هێدی)، شاعیری هەستناسکی "کاروانی خەیاڵ"ە.

جواب آوات به هێدی

رسید آن نامه‌ی پر مهر تو من نیز می‌گویم:
خدایا شاد کن از فیض خود آن یار خوش‌خویم

چنان در قلب من هستی که بیرون رفتنت "خالد"!
محال است از دل تنگم، تو می‌خواهم، تو می‌جویم

ز بخت بد چه حاصل مردن از غم زانکه می‌دانم
چو لاله نیز بر بالین یار خود نمی‌رویم

به باغ داغداران محبت بنگری دانی
که من یک چوب خشک و کهنه و بی‌برگ و خودرویم

چو مجنون در بیابان جنون در جستجوی او
چو او بنشسته رنگ مرگ بر جان و سر و رویم

ز هجر دلبرم از جان خود چندان هراسانم
که مرگم نیز نتواند نشیند یک‌دمی سویم

بیا جان "امامی" باد قربان وفای تو!
که از آب شراب مهر تو چرک جفا شویم

قاقلاوا، ۱۳۴۰ شمسی

زەماوەندی بەهار*

وەرن سۆفی! وەکوو دەروێش بکەونە گاڵەگاڵ ئەوشۆ
وەرە نێو باغی عیشرەت، ئەی نەمامی چاردەساڵ! ئەوشۆ
بدە جام و مەزەی ماچت لە کوڵم و لێوی ئاڵ ئەوشۆ
بە سروەت پێدەڵێم چاوم! کزەی دێ بای شەماڵ ئەوشۆ
چزەی دێ جەرگی برژاوم بەبێ پۆلوو و زوخاڵ ئەوشۆ

دەری پیری موغان ئاوایە، قاپی مەیکەدە وازن
جحێڵ و پیر و منداڵ مەیگوسار و بادەپەردازن
سوراحی کەیل و موتریب مەست و ساقی سادە وو سازن
کوڕوکاڵ دەمبەخەندەن، کیژوکاڵ پڕ عیشوە وو نازن
بزەی دێ غەمزە وو ڕەمز و ئیشارەی چاوی کاڵ ئەوشۆ

زەماوەندی بەهارە، کاتی سەیران و شەق و گۆیە
سەبا بەربووکە، زاوا عەندەلیب، پەردە کەنار جۆیە
دەسا بولبول لە پێشوازا بخوێنە، داوەتی تۆیە!
سەراسەر فەرشە چیمەن، بۆ قودوومی بووکی گوڵ، بۆیە
زمانی گرتووە هەر چەشنی تووتی، کوندە لاڵ ئەوشۆ

---

* پێنج‌خشتەکیی خوالێخۆشبوو "قازی کاکەحەمەی قزڵجی" لە سەر غەزەلی "ئاوات".

لـــە خەڵوەتخـــانەیی خـــاڵوبەڵەکدا خاســـەکەو جـــووتن
لە سەر سفرەی چەمەن، شـەونم مەیـە، گـوڵ جـامی یـاقووتن
شـنە و سـروەی بەیـان تـێکەڵ هەناسـەم بـوون و ئەنگـووتن
بـە تەشـریفی نەسـیم، شـەوبۆ و نێـرگس پـاکی پشـکووتن
لە خۆشـیان بولبـول و قـومری دەکەونـە قیـلوقـاڵ ئەوشـۆ

وەنەوشـــە لارەمـــل، دامـــا لـــە مەیـــدانا بـــە تەنیـــایی
ئەوا نەســـرین ســـەری بـــۆ پردەبـــاز ڕۆنـــا، بە تەنیـــایی
ئەوا ڕۆژی لە قـیس چـوو عاشـقی شـەیدا بـە تەنیـایی
ئەوا هەر چاوەڕێیـــە نێرگســـی شـــەهلا بـــە تەنیـــایی
بە جـارێ بـوو سـپی چـاوی بـە ئومێـدی ویسـاڵ ئەوشـۆ

شـــکۆفە پێکەنـــی ڕووی کـــردە سوێســـن یانیهـــا بگـــری
نەمـا ئەهریمەنـی زسـتان، وەلاچـوو شـیددەت و قەهـری
هەزار قەوس و قەزەح ڕابـوو بـە ڕەنگـی تـاووس و چەتـری
بـە دەنگـی بولبـول و قـومری، تەماشـا دڵ چلـۆن دەگـری!
دەڵـێ بگـرن بـە دڵ قەدری، جەمـاڵی کیژوکـاڵ ئەوشـۆ

چنـــار گەییـــە چنـــوور، پێچـــرا ســـنەوبەر پەرچەم و ســـونبوڵ
ئەوی نەختـــێ لە کـــارا بـــوو گەیشـــتە مەقســـەد و مەنـــزڵ
بـــەتەنیـــا هەر "قزڵجـــی" کەوتـــە دووی خێـــڵ و نەگەییـــە دڵ
"ئیمـــامی"ش هەروەکـــوو بولبـــول بە هیـــوای پێکەنینـــی گـــوڵ
دەنـــاڵێنێ لە ســـەر هەر چـــڵ، بە یـــادی خەتـــتوخـــاڵ ئەوشـــۆ[1]

بۆکان ۱۳۳۶ شمسی

---

[1] خوالێخۆشبوو ئاوات لە دەفتەرەکەی و لە ژێر غەزەلەکەی خۆیدا نووسیویەتی: «یک شعر تخمیس نشده». (جەعفەر ئیمامزەنبیلی)

شیوەن

بۆ کۆچی دوایی ئاوات

شینی ئاوات

حەقیقی

تەم بە سەر چاوم کشاوە، یا نە ڕۆژ ئاوا بووە؟
شەو بە بەژنی ڕۆژ بڕاوە یا قیامەت ڕابووە؟

مانگی خەرمانانە بولبول بۆ نەناڵێ پێشەکی؟
باغی گوڵ خاڵی دەبینێ بۆیە وا شەیدا بووە

خاسەکەو چیدیکە ناخوێنێ لە کوێستانی وڵات
خاڵی سوور و ڕەش لە کوێ وەک شێعری تۆ ئینشا بووە

داخەکەم بۆ شۆڕەسوارێکی لە مەیدانی شەڕەف
داری تەقڵەی ڕووی لە پشتی قەیسەر و دارا بووە

تۆی کە زیندووت کردەوە نێوبانگی ئالی بەرمەکی
ئەو شنەوتوومانە، تۆمان دیوە، ئەی کەی وابووە؟

شاعیر و دەنگخۆش و تیرئەنداز و سوارچاک و سەخی
چی ڕەوشتی چاکی ئینسانین، لە باڵ تۆدا بووە

شا نەبووی و لافی شاییت لێنەدا، وەک شا ژیای
بۆیە نێوبانگی شیاو، شایانی "کامیل شا" بووە

گەرچــی زۆر پــاڕامەوە مەرگــم وەپــێش مەرگــت کەوێ
تــۆ کــە "ئــاوات"ی بڵــێ ئــاواتی کــێ ئیجــرا بــووە

شێســـت و حەوت ســـاڵە ڕەفیقــی گیــانی‌گیــانین پــێکەوە
خوشەویســـتیمان لەلای یەک ئێســـتە هەر ســـاوا بـــووە

"خانەقای زەمبیل" و دەرسی مەدرەسەی "باخچەی گوڵان"
ئەودەمی خـۆش بـوون کـە حاڵوقـاڵی تـۆی تێـدا بـووە

بولبــولی بــاغی ئەدەب ڕۆیــی لە نێــو بــاغی گــوڵان
گوڵ وەری ئێستا، لە جێگەی سووری، شـین بەرپـا بـووە

بــۆ مەگەر پــاش تــۆ چەلێکــی دی قیــامەت ڕادەبــێ؟
بــۆ مەگەر ئەو مەحشـــەرە جــارێکی دیــکەش ڕابــووە؟

بۆ مەگەر ڕۆڵێکـی دی وەک تـۆی دەبـێ دایکـی وەتەن؟
یــا یەکــی وەک تــۆ لــە خــاکی نیشــتمان پەیــدا بــووە؟

بــۆ مەگەر ڕۆژێکــی دی هەڵــدێ لــە مەڵبەنــدی وڵات؟
تــا بڵــێم ڕۆژێکــی دیــش ڕۆڵێکــی دی ئــاوا بــووە!

غەیــری تــۆ ئەی بولبــولی بــاغی گوڵســـتانی ئەدەب!
کەی لـــە ڕۆژاوای مەدا ڕۆژێکـــی وا ئـــاوا بـــووە؟

وا "حەقیقــی" شــینی مەرگــی تــۆ دەگێــڕێ "کــامیلا"!
داخەکەم خـــانووی ژیـــانی تـــا بـــووە شـــینگا بـــووە

بۆ وەفاتی ئاوات

حەقیقی

کامیـــــل! ئـــاورِ دەوە، بروانـــە دڵــم
تـــاووتینی دڵ و جەرگـــی لــە کــوڵم

شەست و حەوت ساڵی رِەفیقـی یەک بـووین
هــاودەم و دۆســتی حەقیقــی یەک بــووین

نێشــــی دوور بـــوونەوە ئێشـــی زۆرە
تەشــــەنی کــــردووە ئەو ناســـۆرە

لــە خەمــت جەرگ و دڵــی لالــە، رِەشــە
کام گــوڵێکی گەشــە، بــۆت سـەر بـە هەشـە

خــونچەگــوڵ نــایەتە ســەر لێــوی بــزە
بۆیــە بولبــول وەکــوو مــن مــات و کــزە

خاســـەکەو تـــازە لە کـــوێ دەخـــوێنێ
بــە دڵــی پــرِ لــە پەژارە و خــوێنێ؟

دڵ لـــە دڵ دەیگـــوت و نـــاڵی و گریـــا
کـــۆچی مـــن بـــا لەبـــری تـــۆ، بریـــا

بــە گــرِی ئــاوری خەمــت دڵ دەکــوڵێ
چاوەکـــان ژێـــنەوە ئـــاو هەڵـــدەقوڵێ

کێـــو و کەژ مـــات و کـــز و بێهۆشـــە
شـــەو سیاپۆشـــە، کەوی خامۆشـــە

پـــاییزە و کـــاتی گەڵاڕێـــزانە
ســـەفەرە و دەس لەمـــل ئـــاوێزانە

ســـەری کێـــوان بەتەمـــە و هەور و هەڵا
دەوەرێنـــــێ کزەبـــــا، زەردەگەڵا

شـــەوە فەرمووتـــە قەڵای مێـــردانە
لـــە نەدینـــت ســـڵ و ســـەرگەردانە

ئەی چ داخێکـــی گـــران بـــوو کۆچـــت
چ برینێکـــی بەژان بـــوو کۆچـــت

داخەکەم بـــۆ دڵەکەی گەرموگـــوڕت
ئـــاخ لـــە دەســـتی گـــڵەکەی مەیـــلبڕت

گـــوڵ چ قەومـــاوە کەوا بـــێڕەنگە
بولبـــولی بـــاغی ئەدەب بـــێدەنگە

دەردی دووریـــت ســـەر و ســـامانی نیـــیە
کـــوڵی ئەو ژێـــر گڵـــە ئامـــانی نیـــیە

گەر لـە پـاش تـۆ هەمـوو ڕۆژ ئـاوا بـوون
کاکـــە! ئەی چۆنـــە قیـــامەت ڕابـــوون؟

خەم دڵـــی گـــرتم و چـــاو بێنـــوورە
چـــاو و دڵ زیـــز و کـــزن بمبـــوورە

کـــــۆڕی شــــێعرانە وەرە نێـــــو یــــاران
دۆســـــتان جەمـــــن و نەیــــاران تــــاران

لـــــە خەوێ هەســـــتە بــــڕۆ ڕاوەکەوێ
وەختــــی خەوتــــن نییــــە هەســـتە لــــە خەوێ

تـــــۆ بەنێوبــــــانگی بــــــە میوانـــــداری
لاکەوە، لامەدە، تـــــــۆو حاشـــــــــاری؟

ئەســـپی بەخـــت ئەودەمە هـــاتی تـــۆ بـــوو
شـــا بـــە خـــۆ و فـــیلەوە مـــاتی تـــۆ بـــوو

کەس لــــە پشـــت ئەســـپی ئەمەل دانەبەزی
تـــــا ببینــــــێ لـــــــە ئەجەلدا نەبەزی

گیانـــــە گەر فانییــــە دنیـــــای دیمـــــان
ژینــــــی هەرمانەیــــــە دنیـــــای دیمــــان

ڕۆحــــی پاکـــت کــــە لە نێـــو چاکـــانە
بـــــۆ منـــیش ڕەنگـــــە بکـــا پاکـــانە

کـــاتی مـــردن کــــە هەمـــوو دەیچێـــژن
لـــــە پەنـــــا تـــــۆوە دەڵـــــێم بمنێـــــژن

تـــا بڵـــێن هەرکەســـێ بـــۆ فاتیحـــە هـــات
پـــێکەوەن گـــۆڕی "حەقیقـــی" و "ئـــاوات"

بۆ چلەی ئاوات

سەیدعەبدولقادر سەیادەت "سەید"

کاکە لە دوای تۆ نەما تین و گڕ و هاناوەکەم!
هێندەم ئەسرین ڕشتووە سۆمای نەماوە چاوەکەم

سارد و گەرمی ڕۆژگارم من کە زۆر دیوە بەڵام
قەت نەبوو وەک ئاهی سەرد و جەرگە هەڵقرچاوەکەم

من ئەوەندەم ژین دەوێ بێ تۆ کە بۆ تۆ شین بکەم
گەرنە ژینم ژانە بێ تۆ مردنە ژیناوەکەم

ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ ئەسرینی چاو گەرچی دەبوو
ئاوی کانیاوی وشک بێ چون نەما سەرچاوەکەم

بۆ چلەت چل ساڵ ئەگەر ماوەم ببێ شێوەن بکەم
ئێستە هەر دەرد و پەژارەم زۆرترە تا ماوەکەم

باسی دڵ ئەمڕۆکە چاو بە زمانی ئەسرین پێم دەڵێ
بوونە ئاوێنەی دەروون چاو و دڵ و زاراوەکەم

"کامیل" ئەی شاسواری مەیدانی ئەدەب! کێ بێ بڵێ
گۆ لە مەیدان دەردەکەم ئەمنیش ئەگەر بێباوەکەم

کەس نییە ئەمڕۆ لە دوای تۆ لێم بپرسێ داخودا
چی بە سەر هات یارە لێقەوماوە دڵ سووتاوەکەم؟

ئارەزووی دیداری تۆ کەوتە قیامەت "کامیلا"!
زوو بە "ئاوات"ی دەگا "سەید"! دڵە سووتاوەکەم

دەردی گران

عەبدوڵڵا ئەفراز*

مەیگێـــــڕ بگەیـــــە دەردم گـــــرانە
ســـــەرم شـــــێواوە دڵـــــم پـــــرژانە

مەیگێـــــڕ دەزانـــــی چەنـــــد مـــــاڵویرانم
دەروون پـــــڕ خەم و جـــــگەر بریـــــانم

بـــــە مەی تـــــۆ نەبـــــێ عیلاجـــــی نـــــایە
ئەو ژانەی ئەمـــــڕۆ لـــــە جەرگـــــمدایە

ســـــاقیا! نـــــوقمی دەریـــــای مەیـــــنەتم
مەرگـــــی "ئیمـــــامی" بـــــڕی تـــــاقەتم

ســـــەبر و ئـــــارام و هێـــــزم لێبـــــڕا
جەرگـــــم لـــــە دووری "ئیمـــــامی" بـــــڕا

ئەســـــرین لـــــە چـــــاوم ڕژا وەک بـــــاران
مـــــاتەمم گێـــــڕا لـــــە کـــــۆڕی یـــــاران

کـــــاتێ "ســـــەیادەت" هەواڵـــــی پێـــــدام
"کامیـــــل" بـــــە مەرگـــــت بـــــۆ مەرگـــــت گریـــــام

---

* خوالێخۆشبوو مەلا عەبدوڵڵای ئەفراز، ڕۆشنبیر بووە و خەڵکی شنۆ.

فرمێسکی چاوم بەخوڕ هاتە خوار
لە کۆڕی شەوی شێعری "پیرانشار"

ڕاستە نەمدیبووی، بەڵام یارم بووی
مەرهەمی دڵی بریندارم بووی

ئێستێ لە دونیا کە تۆ چوویە دەر
بەجێتهێشت کوێری مات و قەلەندەر

ئەولادی عەلی نەوەی پێغەمبەر
لەبۆ تۆ زوو بوو بچی بۆ سەفەر

"کامیل"! وەفاتت پشتی شکاندم
دڵ و دەروون و مێشکی تاساندم

ڕەشەبای مەرگ تۆی پێچایەوە
بردی لەگەڵ خۆی، گلی دایەوە

هەر دەڵێی گەردوون قینیەتی لێمان
هەر ڕۆژ زانایێ ناهێڵێ پێمان

بۆ "هێمن" چاوم وشک نەبۆوە
شینی ئەتۆشم بۆ تازە بۆوە

خۆزگە "ئەفزار"یش نۆرەی هاتبا
تا بە کاروانی سەرووەران گەیبا

١٨/٩/٨١ی هەتاوی

شین بۆ ئاوات

نافیع عەلایی

بەرەو وەرزی خـــەزانە و هـــەوری مـــاتەم
ڕژانـــی دەمبـــەدەم بەفـــری تـــەم و خـــەم

زرەی خســـتە جیهـــان، زەنگێکـــی نـــاخۆش
هەزاران عاشـــــقی بەســـــتە ســـــیاپۆش

پەپـوولەی شـەمعی شـێعری خۆشـی کـوردی
درێغـــا خـــاکی ڕەش ئەســـتاندی، بـــردی

دە بولبـــول شـــیوەنت لابە لە ســـەر چـــڵ
بەرەو گـــڵ بـــی، بەرەو گـــڵ بـــی، بەرەو گـــڵ

لەگەڵ ئـــێمە دە هەڵـــکە ئـــاه و نـــاڵە
بە شـــیوەن زوو بە تـــۆش، زوو بێـــرە گـــاڵە

ئەدا کـــوڵ مەنجەڵـــی دڵ بـــۆ پەڕی گـــوڵ
لە ژێـــری‌دا وەجـــاخە، ســـکڵە یـــا کـــڵ؟

ئەســـــەف بـــۆ بـــاخەوانێکی بەئەزمـــوون
ئەسەف بـۆ بـابی نـوکتە و شـێعر و مەزمـوون

ئەمـــن ئیمـــڕۆکە شـــینم ســـوورە، گەش‌گەش
لە چـــاوم دادەبـــارێ قەتـــرە بـــێ‌غەش

ئەگەر بێن گوێ بدەن بۆ ئاه و ناڵەم
نە سەنتوورە، نە نەی سازی سکاڵەم

لەگەڵ مندا دەگرین چەرخی گەردوون
لە گریانە ئەگەر بەرزە، ئەگەر دوون

گوڵێ ئێمەی ببین پێ مەست و سەرخۆش
مەگەر سەرپۆش ببین، بیکەین فەرامۆش

بەرۆکت بدڕە هەی گوڵ، خۆ بنێ گڵ!
وەکوو خونچە ببە پڕخوێنوخوڕ، دڵ!

چەمەن لاکوڵمی ڕووشاوە، بزانە
کە جێی نینۆکی پڕژانی خەزانە

کە بیستم مەرگی چیمەن، کەوتمە ناڵین
گەییبوو، ئێمە هەروا کرچوکاڵین

پسا بەندی دڵی هونەر، هەواڵە
وەکوو خۆراکی ژارە، تورت و تاڵە

نەسیم! دەستت بنێرە چۆک و ئەژنۆت
بە دەمیا دە ئەگەر گوڵ پێکەنی بۆت

فەلەک! ڕەشپۆشە، پڕ شین و خورۆشە
کورەی خورشیدە وەک دڵ من لەجۆشە

لە خەرمانان بەجێما غەم بە خەرمان
بە مەرگی "کامیل"ی ئایین و ئیمان

ئەسەف تۆ بیری بەرزت بردە ژێر خاک
منی غەمباری سینە و دڵ لەت و چاک

بە شێعری نزمی خۆم شینت دەگێڕم
هەموو نارێکە ڕستە و بەند و دێڕم

دەڵێم بگریم بە هاوار و بڕێژم
بە دەریا خوێنی دڵ، خۆی لێ بنێژم

خودایا بەزمی گوڵشەن بۆ خەمۆشە!
چییە ساقی! دەروونت وا لەجۆشە؟

ئەرێ موتریب! مەگەر دەستت شکاوە؟
کە سازی بەزم و شادیت نایە لاوە

ئەوێستێ کۆڕی ماتەم وا لە گۆڕێ
دیارە دەنگی سازی مەش دەگۆڕێ

تەواوی ڕەگ‌ڕەگی جەستەم بە ئەستەم
دەسی لێ‌دەی دەگێڕێ شینی ماتەم

لە داخی هەڵوەرینی گوڵ لەجۆشم
وەکوو بولبول لە ناڵین و خرۆشم

شەرارەی غەم دەکا ئەنجن دڵی من
دڵم دەریایەکە پڕخوێن و بێ‌بن

تەنی خاکی نە جێگەی ڕۆحی تۆ بوو
بەرەو بەرزی، بەرەو ئاسۆ دەچوو، چوو

دریـــغ ئەی دڵ! لە بـــن گـــڵدایە ئـــاوات
بە مەرگـی شـاهی شـادی بـوو کـش و مـات

شـێعر ڕەشپۆشــە، یەکســەر بەحــری شــینە
غەزەل شــــێواوە، دڵناخۆشـــــی ژیــــنە

لە تـــاوا قـــافیە خـــۆی کـــرد بە دارا
ڕەدیـــف ئێســـتاکە بـــێ‌نەزمە و مـــودارا

لەف و نەشـری مـوڕەتتەب بـوو موشـەووەش
کە بیســـتی ئیســـتیعارە، کـــردی زوو غەش

جینـاس ئەجناسـی خـۆی گشـت دا بە تـاڵان
ئەدی خـــۆ نـــاکرێتۆ بـــۆی بە ســـاڵان

"وەفـــایی" هـــاتە پێشـــواز، کەوتە ڕێـــگە
کە "نـــالی" بیســـتی، نـــاڵی دەس‌بەجـــێگە

ئەڵـێ "هـێمن" بە "مەحـوی": کـاکە! وا هـات
چــرای ڕوونـاکی کـۆڕی ئـێمە، "ئـاوات"

بە "تـــاهیربەگ" دەڵـــێ "نـــاری": هەڵێـــنە
ســـەرت، دەی‌دەی، دە پەی‌پەی مەی بهێـــنە

کە بیســـتی "مەولەوی" تەبعـــی خورۆشـــی
لە مەیخـــانەی غەیـــب، جـــامێکی نۆشـــی

کە "حاجی‌قـــادری کـــۆیی" بە بەســـتە
دەکـــا خێرهـــاتنی ئەو پیـــرە خەســـتە

دەڵێ "قانیع": قەناعەت بەسیە ئیدی
لە تەنیایی بەدەر بێ، بەسیە چیدی

بە کوردی کاکی "کوردی" دێتە ئاواز
"حەریق" و "سالم"ن پێشەنگی ڕێباز

دەڵێن خۆش هاتە نێو ئەم بەزمی ئێمە
لەبۆ ئەنگوشتەری ئێمە نقێمە

ئەرێ ئیلهامی شێعری تەڕ بە مەولا!
لە تۆ شێواوە جێگەژوان لەمەولا

کە وەک "کامیل" گلاوە تاکەسواری
لە خامەی کێوە تکتک دێتە خواری

غەمێکت "نافیعا" وت لە هەزاران
ئەوی دیکەی بڵێ بۆ غەمگوساران

سەقز، ۱۳۶۸/۶/۶ی هەتاوی

بۆ وەفاتی ئاوات

حاجی سەیدجەمیل هاشمی

بــۆ خوداناســی گەلــی پیــر و جەوان، بــا بگــریم
بـــۆ ســـکاڵای دڵەکەی نیوەشـــەوان، بـــا بگـــریم

هــۆنەران بــوونە پەپــوولەی شــەمەکەی دیــوانی
بــۆ وتەی خــاوەنی ئەو تەبعــی ڕەوان، بــا بگــریم

خــواری کــرد توولەنەمــامی مــوژەکەم ئەســرینم
تاکوو تیر دەشــکێ لە نێــو مــاڵی کەوان، بــا بگــریم

ڕەش بووە چەشــنی گلێــنەم لە خەمــی، ڕۆژی مــن
چــاکە ئەســتێرە لە عاســمان و حەوان، بــا بگــریم

پێشکەشــت شــینی دڵــم، حــاتەمەکەی کوردســتان!
چیــیە بــۆ هــۆنەرەکەی خاســەکەوان، بــا بگــریم

بـــۆچمە ژینـــی لەمەولا، کە نەمـــا "ئـــاوات"م
تــا دەمێنــێ لە لەشــم تــین و تەوان، بــا بگــریم

"هاشمی" هەروەکوو تۆ خەڵکی هەموو بۆی دەگرین
مــافیە، جێیەتــی بــۆ خــۆم و ئەوان بــا بگــریم

بۆ مەرگی ئاوات

مامۆستا مەلا کەریم ڕاوچی

فەلەک نەیهێشـــــتەوە بۆمـــــان پشــــوویەک
لە دڵ دەچزێنـــێ هەر ســـاڵێ چـــزوویەک

گوڵـــووکی گوڵشـــەنی هـــێمن و هەژاران
بە ســـــاوایی لە پـــای دەخـــرێ دڕوویەک

بـــزەی ســـەر لێـــوی خـــونچەی پێگەیشـــتوو
دەخــــــاتە ژێـــــر پەلامـــــاری کەڕوویەک

ســـــتێرەی ڕۆشـــــنی کــــوردم بـــــوێژن
ئەوانـــــیش ڕوو لە ڕۆچـــــوونن بە دوویەک

نە "هـــێمن" مـــا لە ئـــارادا، نە "ئـــاوات"
خـــودا! بـــۆ کـــوردی بـــێ ئـــارا دەروویەک!

شـــەمی شـــانازی کـــۆمەڵ بـــوو شـــنەی ئەو
ئەویشــــــت کــــردە قوربـــانی بە فـــوویەک

بە کـــۆچی ئەو هونەرمەنـــدە، گەلـــی کـــورد
دەڵێـــی بـــوونە مەکـــۆی شـــین و گـــڕوویەک

پزیشـــکی شـــیوەنی خەڵکـــی، دەترســـم
بســـووتێنێ هەمـــوو خـــوار و ســـەروویەک

بەرەو بابـــا و شـــێخمەحموودە کۆچـــت
لەمەولا بـــۆت نیـــیە تـــرس و تەزوویەک

بە شێخمەحموودی خـۆت بێـژە: هەڵەبـجەی
بەبێ‌هـــۆ چـــۆتە نێـــو زاری زەرووویەک

کە لاوێـــکە ســـکەی «داری کەلـــی» ئەو
بەعـس بـردوویە هەر بـوون و نەبـوویەک

لە بەرزایـــی ژیـــانی تـــۆ "ئیمـــامی"!
نەبینـــراوە خەل و خەوش و گولـــوویەک

قوبـوول نەکـراوە "ڕاوچـی" بـۆ بەلاگێـر
دەنـــا بـــاریکترە گەردن لە مـــوویەک

خەرمانانی ۱۳۶۸ی هەتاوی

تۆزی خەمێ

محەمەدسەعید نەجاری (ئاسۆ)

تـــۆزی خەمـــێ لەم گەلە وا نیشـــتووە
چـــاوی خەم و دەردی بە جـــووت ڕشـــتووە

شـــاعیر و نووســـەر هەمـــوو چـــاو پـــڕ نەمـــن
عـــارف و عـــامی هەمـــوو دڵ پـــڕخەمن

دەشـــت و دەمەن هـــاتنە گریـــان هەمـــوو
ورد و درشـــت خـــاکی موکریـــان هەمـــوو

بـــۆ چیـــیە وا خەنـــدە لە لێـــو مـــردووە؟
دەســـتی ئەجەل کـــێهە کەســـی بـــردووە؟

ئەو دڵـــی ئـــاواتە کە قەت نەســـرەوت
بەو هەمـــوو ئیحساســـە لە لێـــدان کەوت؟

دەک نەفەســـت تاســـێ بە تاســـەم ئەجەل!
بێـــتە ملـــت دەینـــی هەناســـەم ئەجەل!

خـــۆ ئەوە کـــامیلە لەمەت ســـاندەوە
نەزم و نیزامـــــی کەلـــــیمە هەر بەوە

نـــایەتە ســـەر زاری شـــێعر یەکنەفەس
چەشـــنی بـــزەی لێـــوی هەمـــوو قەوم و کەس

مـــن چ بڵـــێم ئێســـتە لە شـــەرحی فیـــراق
لاڵە زمـــانی قەڵەمـــی ئیشـــتیاق

مــن لە خەمــت چــۆن بە دوو چــاوم چەمــێ
چــاری دەکــا ســۆزی دەروونــم کەمــێ

شــاهمی، ئــاواتمی، شەمســی منــی
تــازە بە یەکجــاری لە ئاســۆ ونــی

جــا مەگە مــن بــبمە گەدای مەولەوی
تێکەڵــی نەی کەم گــڕی شــێعرێ لەوی:

«جــان جهــان دوش کجــا بــودەای؟
نــی غلطــم در دل مــا بــودەای»

مــدفن تــو تک‌تــک دل‌هــای ماســت
کــی تــو بمــردی کــه نمــردن تراســت

کــوا دەمــرێ ئەو کەســە بــۆ گەل ژیــا؟
دســتی ئەجەل بــا لە گەلــی کــا جیــا

مــن غەمــی تــۆ کــاکە بە چــی دەربــڕم!
هێنــدە لەبەر کــۆچی ئەتــۆ دڵپــڕم

هەروەکــوو زەنبیلــی ئەتــۆ مــاڵی دڵ
تێکچــووە، ڕووخــاوە، کەچــی دێــتە کــوڵ

هێنــد لە کــوڵە وەک دڵــی "جەعــفەر"* لەبــۆت
گــوێگرە ئاســۆکەتە، شــاگردی خــۆت

دیــدەنی دیــداری مە ڕۆژی حەشــر
شــاد بــێ ڕوحــت شــاعیری پیــری نەمــر!

---

* جەعفەر کوڕی بچووکی "ئاوات"ـە..

وێنەکان


ساڵی ١٣٠٣ی هەتاوی


ساڵی ١٣١٢ی هەتاوی


ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی


ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی


ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی



لە ڕاستەوە: ١. ئاوات ٢. سەید عەبدولقادر گەیلانیزادە ٣. حاجی سەید عەبدوڵلا گەیلانیزادە ٤. حاجی محەمەدڕەسووڵ کەبوودی
ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی ـ مهاباد، ماڵی کەبوودی



لە ڕاستەوە: ١. ئاغا سەید عەزیزی سەیادەت ٢. ئاوات ٣. مەلا حەسەنی ئەبووبەکری شیلاناوی ٤. حەبیبوڵلاخانی بوداقی ٥. ؟
ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی ـ گوندی تورجان



لە ڕاستەوە: ١. سەید محەمەد تەهازادە ٢. ئاوات
١٣٢٦ی هەتاوی ـ زیندانی ورمێ



لە ڕاستەوە: ١. عەزیز سەدیقی ٢. ئاوات ٣. سەید مستەفا سەیدی
ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی ـ زیندانی قەزوین



لە ڕاستەوە: ١. حاجی ڕەحمان‌ئاغا موهتەدی ٢. ئاوات
ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی ـ بۆکان



ئاوات (ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی ـ قاقڵاوا)



له ڕاسته‌وه: ۱. ئاوات ۲. کاک حه‌مه‌ساڵه‌ی خاڵه‌مینه
ساڵی ۱۳۵۷ی هه‌تاوی ـ بۆکان



له ڕاسته‌وه: ۱. حه‌قیقی ۲. ئاوات ۳. خاڵه‌مین به‌رزنجی
ساڵی ۱۳۵۸ی هه‌تاوی ـ مهاباد



لە ڕاستەوە: ١. هەمزەئاغا حەمیدی ٢. حەقیقی ٣. ئاوات ٤. هەژار
٥. سەید تاهیر ئیمامزەنبیلی ساڵی (١٣٦٤ی هەتاوی ـ بۆکان)



لە ڕاستەوە: ١. حەقیقی ٢. ئاوات ٣. هەژار
ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی ـ بۆکان



له ڕاسته‌وه: ۱. حه‌سه‌ن‌ئاغا حیسام‌قازی ۲. حاجی سه‌ید عومه‌ر هاشمی ۳. حاجی سه‌ید ئه‌نوه‌ر هاشمی ٤. مه‌نسوور هاشمی ٥. قاسم‌ئاغا موهته‌دی ٦. ئاوات ۷. محه‌مه‌د نووری ۸. مامۆستا سه‌ید ئه‌حمه‌د شه‌مسی ۹. سه‌ید حه‌مید ئیمام‌زه‌نبیلی (ساڵی ۱۳٦۸ی هه‌تاوی ـ قاقلاوا)



له ڕاسته‌وه: ۱. ئه‌حمه‌د مه‌ولانی ۲. سه‌لاحه‌ددین ئاشتی ۳. حه‌قیقی ٤. ئاوات ساڵی ۱۳٦۸ی هه‌تاوی ــ سه‌قز



لە ڕاستەوە: ١. مستەفا ئیلخانیزادە ٢. ئەحمەد مەولانی ٣. حەقیقی ٤. ئاوات
٥. سەید تاهیر ئیمامزەنبیلی (ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی ـ سەقز)



لە ڕاستەوە: ١. حەقیقی ٢. ئاوات ٣. سەلاحەددین ئاشتی
ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی ـ سەقز



لە ڕاستەوە: ١. ئەحمەد مەولانی ٢. حەقیقی ٣. ئاوات
ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی ـ سەقز



لە ڕاستەوە: ١. حەقیقی ٢. ئاوات
ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی ـ سەقز